# بەرزاییەکانی وەزرینگ

منتدى إقرأ الثقافي

EMILY BRONTË'S

www.iqra.ahlamontada.com

# Wuthering Heights



ئەمیلی برۆنتی

ڕۆمان

و/ موحسین چینی



ئەمیلی برۆنتی

# بەرزاییەکانی ویزرینگ

## رۆمان

و/ موحسین چینی

# بەرزاییەکانی ویزرینگ


| | |
|---|---|
| بابەت | : رۆمان |
| نوسینی | : ئەمیلی برۆنتی |
| وەرگێڕانی | : موحسین چینی |
| چاپخانە | : چاپخانەی شەهاب |
| دیزاین | : مریوان عبدالرحمن |
| تیراژ | : ۱۰۰۰ دانە |
| نۆرەی چاپ | : یەکەم |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ٧٥٥ ) ی ساڵی( ٢٠٠٩ )ی دراوەتێ



مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە


نرخی ( ٥٠٠٠ ) دینارە

# پێشەکی

خوێنەری ئازیز:

زۆر سەیرە کە سێ خوشك لە نێو یەك خێزان نزیکەی لە هەموو شتێکدا وێکبچن، وێکچوونیان لە گەیشتنییان بۆ پۆپەی ئەدەب ، لە لاوازی و بنێسی ئاکار و هەندامیان ، هەمیشە وێکچوونیان لە نەمریان دوای مردنیان ، بەم شێوەیە ناوی هەر یەك لەم سێ خوشکانە بە نەمری لەسەر رۆمانەکانی خۆیان مایەوە کە لە بواری ئەدەبی مرۆڤایەتی بە جوانترین شاکاری ئەدەبی دەژمێردرێن.

لەمەش بەشی بچووکەکەیان — ئان برۆنتی — رۆمانی —ئەجنسی جای— ە کە بەرهەمێکی ئێجگار مەزنە و تێیدا چیرۆکی پەروەردیارێکی منداڵان دەگێڕێتەوە، ئەگەرچی بەختی ئەم رۆمانە لە بەختی (جین ئێر) و (بەرزاییەکانی ویزرینگ) یش کەمتر بوو بەڵام لە رووی وردەکاری دارشتنی رۆمانەکە بە شاکارێکی سەرکەوتووی گرنگ لە قەڵەم دەدرێت.

ئەم سێ خوشکە بەسەزمانانە کە ژیانیان بە گشتی هەژاری و کۆیلەیی بووە ، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەکو فیلمێك بووە کە لە سەر سیدی چەند جار کۆپی بکرێتەوە . لە بە بێ هێزی و بێ تەندورستییان وێکچوون ، هەروەها لە کورتی تەمەن و بەڵکو لە تووشبوونیشیان بە نەخۆشی — دەردە پیسەکە — سیل - . (شارلۆت ) لە تەمەنی سی و نۆساڵیدا (١٨١٦ — ١٨٥٥) مردووە ، (ئەمیلی) لە تەمەنی سی ساڵیدا (١٨١٨- ١٨٤٨) مردووە ، ئینجا (ئان) یش لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا (١٨٢٠- ١٨٤٩) مردووە ، کەواتە هەرسێکیان

یەك لە دوای یەك بە نەخۆشی سیل دەمرن و بە سەربەرزی مالئاوایی لە دنیای ئەدەب دەکەن . ئەوەی راستی بێت مەرگەساتی بنەمالەی – برۆنتی- لەم ستوورە بە یەکجاری راوەدەستێت. لەوانەیە ئەم ژیانە پڕ لە کۆلەمەرگییە هۆی رەنگدانەوەی ئەم هەموو غەم و پەژارە و رەشبینییەی نێو گشت رۆمانەکانیان بێت.

خێزانەکەی – برۆنتی- لە بنەچەدا لە هەشت کەس پێکدەهات: باوك: لە ئینگلتەرا قەشەی کلیسای (هارووس) بوو و خێزانەکەی و ئینجا هەر شەش مندالەکانیان کە پێنج کچ و کورێك بوون . ئەوانیش یەك لە دوای یەك (ماریا) و ، (ئەلیزابێس) و ، (شارلۆت) و ، (برانویل -- تاقە کوڕ) و ، ئینجا (ئەمیلی) و، (ئان).

ماوەی نێوان هەر مندالێك و ئەوەی لە دوایدا هاتووە تەنیا یەك سالَ بووە، کاتێ دایکیان دەمرێت کچە گەورەکەی (ماریا) تەمەنی حەوت سالأن دەبێت و (ئان)یش هێشتا شیرخۆر دەبێت. بەم شێوەیە (ماریا) کە هێشتا حەوت سالأنە بۆ هەر پێنج مندالە بچووکەکانی دی رۆلّی دایك دەبینێت. دوای چوار سالّ باوکەکەیان هەردوو کچە گەورەکانی خۆی (ماریا) و (ئەلیزابێس) دەخاتە قوتابخانەیەکی ناوخۆ.. هەلّبەتە ئەویش ئەو قوتابخانە فەرمە تۆقێنەرە دەبێت کە (شارلۆت) لە رۆمانی (جین ئێر) دا بە لوود ناوی دێنێت.

**موحسین چینی**

# بەشی یەکەم

## یەکەمین سەردان

گەیشتمە کێڵگەی بەڕێز هیسکلیف، کە لە یۆرکشید کەوتووەتە ناوچەیەکی لابەلا، کاتێ من لە نزیك دەرگایە سەرەکییەکە چاوەڕێم دەکرد، بە دووچاوە ڕەشەکانی لە ژێرەوە تا سەرەوە سەیری منی دەکرد، منیش پرسیم:

– بەڕێز هیسکلیف؟

سەری خۆی لەقاندەوە، ئیدی گوتم:

– من بەڕێز لوکوودم، کرێگرتەی نوێ لە سراشکرۆس گرانج گەورەم، منیش هاتووم سەر لە بەڕێزتان بدەم.

بۆ دەست لە نێو دەستنانم نەهاتە پێش، بەڵکو ماوەیەك بێدەنگ بوو. ئینجا دەرگای کردەوە و لە ڕێرەوە بەردینەکە بە پێشم کەوت، بە دەنگ بانگی کرد:

– جۆزێف، ئەسپەکەی بەڕێز لوکوود وەرگرە و هەندێ مەی ئامادە بکە!

جۆزێفم واهاتە بەرچاو، کە پیرەپیاوێکی چاك بێت، بەتایبەتی کاتێ بە دەنگە ناخۆشەکەی منگەمنگی کرد و گوتی:

– خوایە بەتەمای تۆ!

"بەرزاییەکانی ویزرینگ" ئەو ناوەیە، کە کێڵگەی بەڕێز هیسکلیفی پێدەناسرێت، کەچی "ویزرینگ"یش وشەیەکی ناوچەییە بۆ وەسفی کەشوهەوای باوبڕی لەو بەشە بەرزاییە لە ئینگلتەرە بەکاری دەهێنن، کە بایە باکوورییەکان بە توندی لە کاتی باوبڕییەکانی سەر شاخە بەرزەکان هەڵدەکات. نێوان دارۆچکە دڕکاوییەکان

دەبڕێت، کە لقەکانیان بە یەك لا دا لاربوونەتەوە، وەکو بڵێی بەری تینی خۆر بگرن.

لە پێش خانووەکە وەستام کە لە نێوەندی کێڵگەکە بە مەحکەمی قیت وەستابوو، ئیدی بە سەرسامی سەیری بەردێکم کرد نەخشی سەیری لەسەر بوو و ئەم بەروارەشی لەسەر هەڵکەنرابوو: "١٥٠٠" و ناوی "هاریتۆن ئێرنشۆ"

دەربارەی هەندێ زانیاری لەسەر شوێنەکە خەریکبوو پرسیار بکەم، کەچی خاوەن ماڵەکە ئارامی لێ بڕا... گەیشتینە ژووری دانیشتن، لە لایەك لە دیوارەکە ڕیز لە دوای ڕیز لە قاپوقاچاغی کانزایی و لوولەکی زیوینی تێدابوون، لە لایەکی دی، لەسەر ڕەفی ئاگردانەکە، چەند تفەنگی دیمەن ناشرینی لەسەربوو، کەچی زەوییەکە بە بەردی سپی ڕێزکراو ڕووپۆش کرابوو. لەسەریشیدا کەرەوێتی جوان دانرابوون و بە کوتاڵی سەوز بەرگ کرابوون، نزیك کەروێتێك لە سووچێکی ژوورەکە سەگێکی دڕ لێوەرکەوتبوو، چەند سەگێکی دیکەش لە سووچەکانی دیکە پاڵیاندابووەوە.

بەڕێز هیسکلیفم لە ماڵەکەی خۆی و چۆنییەتی ژیانی بە نامۆ هاتە بەرچاو، سەر و سیما قەرەجانە و قژ ڕەش بوو، بەڵام بە هەڵسوکەوت جلوبەرگەکانی بە پیاوە ماقووڵەکان دەچوو!

بە شێوەیەکی دی، ئەوە وەکو زۆربەی خاوەن موڵکەکان لە خەڵکی لادێ پیاوی ماقووڵ بوو، لەوانە بوو تاکو ڕادەیەك گرنگی بە جلوبەرگی خۆی نەدەدا، بەڵام سەرەڕای سیما و دەموچاوی، کە توندوتیژ و بێ زەردەخەنە بوو، شان و شەوکەتێکی بەرچاوی هەبوو.

لەسەر کەروێتێك نزیك ئاگرە هەڵایساوەکە دانیشتم، چەند دەقیقەیەك بە

بێدەنگی مامەوە، گەمەم لەگەڵ دێڵە سەگەکە دەکرد و هەوڵمدا لەگەڵیدا ئاشنا بم، کەچی هیسکلیف بە تووڕەیی سەگەکەی لە من دوور خستەوە و گوتی:

- "واچاکە وازی لێبێنیت"

بانگی کرد "جۆزێف" کە ئەو پیاوە ئەو کاتە بە بەردەرگایەکی تەنیشتەوە تێدەپەڕی.

جۆزێف لە ژوورەکەی خوارەوە منگەمنگێکی لێوە هات، بەڵام هیچ هێمایەکی بۆ ڕەتدانەوە لێ بەدیار نەکەوت. خانەوادەکەی بە شوێنیدا چووە خوارەوە، ڕووبەڕوو لەگەڵ دێڵە سەگەکە و سەگەکانی دی بەجێی هێشتم، بە بێ جوولە دانیشتم، بەڵام نەمتوانی بەرانبەر گیانەوەرەکان بەرگری لە بێزاری خۆم بکەم، هێندەی پێ نەچوو گەورەکەیان بازیدایە سەر چۆکم، گرتم و تووڕم هەڵدا، هەڵسوکەوتەکەم گشت سەگەکانی دیکەی هار کرد، هیچم پێ نەکرا و داوای یارمەتیم کرد.

بەڕێز هیسکلیف و پیاوەکانی لە بەهاناهاتنم ساردبوون، لە بەخت چاکی خۆم ئافرەتێکی بەهێز لە چێشتخانە دەرپەڕی و بە تاو هێرشبەرەکانی دەرکرد، لێرە هیسکلیف بە ژوور کەوتەوە و پرسی:

- "توخوا چ بوو؟"

دەربارەی سەگەکانی رای خۆم دەربڕی، ئەویش پێکەنی و گوتی:

- "قەپی خۆی نەگرت، وا نییە؟"

- "ئەگەر ئەمە ڕووی بدایە، شوێنەواری دەمایەوە"

هیسکلیف دووبارە پێکەنی و گوتی:

- " هیچت لینەهاتووە، بەڕێز لوکوود تۆ بێزاریت، هەندێ مەی بخۆرەوە، میوانمان لەم ماڵە زۆر کەمە بە ڕادەیەك من و سەگەکانم، دانت بۆ پێدادەنێم، کەم دەزانین چۆن پێشوازییان لێ بکەین... گەورەم، لە تەندروسیت! "

کەمێك لە مەیم نۆشی، هەستم کرد کە لە دەبەنگییە ئەوەی لە سەگە بەدکارەکان بێزار بێت، هەمیشە هەستم کرد لە من ناوەشێتەوە بەرگەی خۆم پێ نەگیرێت و لەگەڵ خانەخۆیەکەم ڕابوێرم لە لایەکی دیکەوە، خانەخۆیەکەشم هەستی بەوە کرد، کە بۆ ئەویش جوان نییە کرێگرتە نوێیەکەی خۆی بێزار بکات. ئیدی دەربارەی بابەتێك وایزانی، کە لە لای من زۆر گرنگە بەرەو شتێکی زۆر جوان دەستی بە قسان کرد، سەیرم کرد بە ڕادەیەك زیرەکە، پێش گەرانەوەم بۆ سراشکرۆس گرانج، سووربووم لەسەر ئەوەی کە لە ڕۆژی پاشتر سەردانێکی دیکە بکەمەوە.

## بەشی دووەم
### گەردەلوولی بەفر

دوای نیوەڕۆی دوێنێ سارد و پڕ تەمومژ بوو، بڕیارم دا ماوەیەك لە تەنیشت ئاگردان لە ژووری دانیشتن رابووێرم، بەڵام کاتێ لە نانخواردنی نیوەڕۆ بوومەوە، خزمەتکارەکەم بینی هێشتا هەوڵی خۆشکردنی ئاگرەکەی دەدا. منیش شەبقەکەی خۆم دەستدایێ و بۆ ئەوەی خۆم لە یەکەمین تەوژمی پرژێنەکانی بەفر بپارێزم، دوای بە پێیان رۆیشتنی چوار میل، لە کاتێکی چاك گەیشتمە بەر دەرگای باخچەی ماڵی هیسکلیف.

لەسەر پۆپەی ئەم شاخە ساردە زەوی بە توندی بەستووبووی، ئیدی لەبەر بای سارد و سەخت هەموو گیانم لەرزی تێکەوت، بە نائومێدی لە دەرگای پێشەوەم دا، سەگەکان دەستیان بە وەڕین کرد. دووبارە لە دەرگام دایەوە، سەری جۆرێفی رووناخۆش لە پەنجەرەیەکی خڕ لە کۆگایەك بە دیارکەوت و هاواری کرد:

- "چیت دەوێ؟ خانەوادە لە کێڵگەیە"

بانگم کرد:

- "ئەی لێرە کەس نییە دەرگا بکاتەوە؟"
- "جگە لە خانم کەس لێرە نییە، ئەویش مەگەر تاکو شەوێ هاوار بکەیت دەرگات لێ ناکاتەوە."
- "بۆچی؟ ئەی ناتوانیت ئاگاداری بکەیتەوە من کێم؟"
- "ئەوە کاری من نییە". ئینجا سەری بزربوو.

ئیدی بەفر بە لێشاو دەباری، من خەریکبوو بۆ جاری سێیەمین لە دەرگا بدەم، کەچی گەنجێکم لە حەوشەی دواوە بینی پاڵتۆی لەبەر نەبوو و پێمەڕەیەکی هەلگرتبوو و بۆلای من دەهات، بانگی کردم تاکو بەدوای بکەوم، دوای ڕۆیشتن بە نێو شۆرینگەیەك ئینجا گۆڕەپانێك، کە کۆگایەکی بۆ خەڵووز و ترومپا و خانووچکەیەکی بۆ گەرماو تێدابوو، لە ئاکامدا گەیشتینە ژوورێکی گەورەی گەرم و خۆش کە لەوێ پێشتر پێشوازی لێکردبووم.

تێیدا ئاگرێکی گەورە لرپەلرپی بوو، لە نزیك مێزێك کە نانخواردنێکی شێوانی خۆشم خوارد، بینینی "خانمێك" سەرسامی کردم.

بەرێزەوە سەری خۆم دانواند و چاوەڕێم کرد. وامزانی ئێستا داوای دانیشتنم لێ دەکات.

لە من ڕاما و لەسەر کورسییەکەی خۆی بۆ دواوە خۆی لار کردەوە، بەلام من خۆم بە بێ جوولە و بێدەنگی ڕاگرت، گوتم:

– خاتوو هیسکلیف، کەشوهەوا ناخۆشە، زۆر هەوڵم دا تاکو خزمەتکارەکەم دەنگم ببیسێت.

هەرگیز دەمی خۆی نەکردەوە، بەلام بە شێوەیەکی سارد و زۆر ناشیرین چاوی لە من نەتروکاند. گەنجەکەش بە ڕەقی گوتی:

– دانیشە، ئێستاکە دێت.

بە گوێم کرد. ئینجا یەکێك لە سەگەکان بە هەنگاوی دۆستانەتر لە جاری پێشوو هات. منیش گوتم:

– خاتوو هیسکلیف، ئەمە گیانلەبەرێکی جوانە، ئایا نیازت وایە بێچووەکەشی گەورە بکەیت؟

خانمە خانەخۆیەکەم بە شێوە ناشیرینییەك، کە لە شێوە ناشیرینییەی هیسکلیفیشی تێپەڕاند گوتی:

– ئەمە هی من نییە.

سەرنجەکەی خۆم دەربارەی کەشوهەوا دووبارە کردەوە، خانمەکەش هەڵسایەوە لە ڕەفی سەر ئاگردانەکە دوو کووپی ڕەنگاوڕەنگی چایەی دەستدایێ و لەگەڵیدا گوتی:

– نەهاتنە دەرەوە بۆ تۆ چاکتر بوو.

دانیشتنی پێشتر بەری خۆری گرتبوو، کەچی ئێستا شێوە و سیمای دەموچاوی بە چاکی لە من بەدیار کەوت، لە کچێك جوانتر بوو، ئاکارێکی ڕووخۆش و دەموچاوێکی بچووکی زۆر نەرم پتر لە هەموو دەموچاوێك، کە پێشتر بە بینینی سەرسەرمت بووبم.

کووپەکان لەبەردەستمان دوور بوون، منیش بۆ یارمەتیدانی خانمەکە خۆم جووڵاندەوە، بەڵام ڕووی بۆ لای من وەرگێڕا و بە توندی گوتی:

– پێویستم بە یارمەتی تۆ نییە.

خێرا خۆم کشاندەوە ، ڕاوەستا و کەوچکێکی چای لەسەر چاپەزەکە ڕاگرت و لەگەڵیدا پرسی:

– ئایا بۆ چاخواردنەوە بانهێشت کراویت؟

بە نیوە زەردەخەنەیەك گوتم:

– نەخێر، تۆ شایانی بانگێشتنی منی.

چاو کەوچك و هەموو شتێکی دانایەوە، دووبارە بۆ نێو کورسییەکەی خۆی گەڕایەوە و دانیشتەوە، لچی خوارەوەی، وەکو لچی منداڵ کە لەسەر گریان بێت بۆ پێشەوە شۆڕبووەوە.

هەر لەو کاتە، گەنجەکە پاڵتۆیەکی لەبەر کرد، ئیدی لە پێش ئاگرەکە ڕاوەستا بە چاولێکردنی تیژ چاودێری دەکردم. دەستم پێکرد گومان لەوە بکەمەوە، کە ئەوە لە خزمەتکارەکان بێت. جلوبەرگی ئەستوور و نارێکە، قسەکانی ڕەقن، قژی شۆڕ و درێژە، دەستی وەکو دەستەکانی وەرزێر ڕەشن، بەلاّم هەڵسوکەوتی یاخیبووانەیە و هەندێ لەخۆبایی بوونی پێوەدیارە ، چ شتێکی لەم بابەتەی لێ بەدیار نەکەوت، کە وەکو خزمەتکاری خانمێکی ماڵەوە هەڵسوکەوت بکات.

دوای پێنج دەقیقە، هیسکلیف گەیشت. ورتکە بەفری سپی لە جلوبەرگی خۆی داتەکاند و لەگەڵیدا گوتی:

- سەیرم پێدێت چۆن ڕۆژی گەردەلوولی بەفری خەستت هەڵبژاردووە، کە لە ماڵەوە بێیتە دەرەوە، ئایا تۆ دەزانیت هەڵەشەیی بە گومبوونی ڕێگا دەکەیت، بە ڕادەیەك ئەوانەی لەسەر ئەم دەستەوانانەش ڕاهاتوون لە ئێوارەیەکی، وەکو ئیمرۆ ڕێگا بزر دەکەن.
- لەوانەیە یەکێك لە خزمەتکارەکانی لای تۆ ڕابەریم بکات! ئایا دەتوانیت یەکێکیانم بەگەڵ بدەیت؟
- نەخێر، ناتوانم.

ئینجا گەنجەکە لە خانمەکە ڕاما و گوتی:

- چا لێدەنێیت؟

ئەویش ئاوڕی لای هیسکلیفی دایەوە و پرسی:

- ئەوە هیچ کامەیەکیانی بە چەنگ دەکەوێت؟
- چایەکە بێنە، دەی تێتکرد؟

وەڵامەکە هێندە توندوتیژ بوو، بە ڕادەیەك من لە سەرسامییا لە شوێنی خۆم هەژامەوە. کاتێ چایەکە تێکرا، پێی گوتم:

- گەورەم، ئێستا کورسییەکەت بێنە پێشەوە.

هەموومان بە دەوری مێزەکە ئالقەمان بەست، ئیدی بێ ئەوەی چ قسەی دیکەی پتر بکرێت، نانخواردنی شێوان دەستی پێکرد.

# بەشی سێیەم

## خێزانێکی سەیر

وا پێدەچوو ئەوانە مەحاڵ بوو هەموو ڕۆژێك بە بێ شەڕ و گێچەڵ و بێدەنگی پێکەوە دابنیشن. بیرم لەوە کردەوە، ئەگەر من بووبمە هۆی ئەم پەردەپۆشییە، کە باڵی بەسەر دانیشتنەکەدا کێشابوو، بۆیە بە ئەرکی خۆم زانی کە پەردەی بێدەنگییەکە دادڕم، دەستم پێکرد و گوتم:

– زۆر کەس هەنە ناتوانن ژیانی بەختەوەری دوور لە کۆمەڵ بێننە بەرچاوی خۆیان.

بەڵام بەڕێز هیسکلیف، تۆ لەگەڵ خێزانت و ماڵ و منداڵەکانت....

– گەورەم، خێزانم لە ژیاندا نەماوە.

هەستم کرد هەڵەیەکی گەورەم کرد، سەیری گەنجەکەشم کرد.

– خاتوو هیسکلیف ئەوە خێزانی کوڕمە. ئەمەی دەگوت و هیسکلیف بە چاوێکی پڕ لە بوغزی سەیر لە لای خانمەکە ڕادەما.

– ئەی ئەو گەنجە؟

– کوڕی من نییە، کوڕەکەی من مردووە.

دەموچاوی گەنجەکە سوور هەڵگەڕا و بە ڕەقی گوتی:

– ناوم هاریتۆن ئێرنشۆیە و ئامۆژگاریت دەکەم ڕێزی لێبگریت!

دیداری خۆی بە شێوەی هەڕەشە لەسەر من چەسپاند، هەستم کرد من لە لایەن ئەم خێزانە جێی دڵخۆشی نیم، بڕیارم لەسەر ئەمە دا، کە هۆشیار بم و لە قسەی

خۆم چیدی سەرەڕۆیی نەکەم. بە ئامادەبوونم بۆ جاری سێیەم لێرە ئامادە نەبمەوە.

دوای تەواوبوونی خواردن، لە پەنجەرە نزیکبومەوە و سەرنجمدایێ تاریکییەکی ئەنگوستەچاو بەسەر ناوچەکە دەکشا، کەچی ئاسمان و شاخەکان لەبەر گێژەلووکەی بەفر و بای بەتین بزر ببوون، گوتم:

– بڕوا ناکەم ئێستا بە بێ ڕابەر بتوانم بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە.

هیسکلیفیش لەگەڵ هەڵسانەوە گوتی:

– هاریتۆن! مەڕەکان ببە نێو پشتیرەکەوە، ئەگەر بە درێژایی شەو لە دەرەوە بیانهێڵیتەوە هەموو گیانیان دەبێتە بەفر.

منیش گوتم:

– ئەی من دەبێ چی بکەم؟

هیچ وەڵامێك نەدرایەوە، کاتێ سەیری دەوروبەری خۆم کرد، هیچم بەرچاو نەکەوت جگە لە جۆزێف نەبێت، کە خواردنی سەگەکانی هێنابوو، خاتوو هیسکلیفیش خۆی بەسەر ئاگردا چەماندبووەوە. منیش بە دەنگێکی نیمچە توند گوتم:

– خاتوو هیسکلیف، ببوورە کە بێزارم کردوویت، ئایا دەکرێ هەندێ ڕێنماییم بکەیت، بەڵکو ڕێگایەکە پێبناسم و بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە.

خۆی لەسەر کورسی لەگەڵ کتێب و مۆمەکە ڕاست کردەوە و لە وەڵامدا گوتی:

– ئەو ڕێگایە بگرە، کە لێیەوە هاتوویت، ناتوانم بۆ ڕێگا ڕابەریت بکەم، ئەوانە لێناگەڕێن من تاکو پشت دیواری باخچەکەوە بچم.

– ئەی باشە چ گەنج لە کێڵگەدا نییە؟

- نەخێر، لێرە جگە لە هیسکلیف و ئێرنشۆ و زیللا و جۆزێف و من کەسی دی لێ نییە.

هیسکلیف لە چێشتخانەوە بە دەنگ گوتی:

- ئومێدەوارم ئەمە بۆ تۆ وانەیەك بێت، تاکو چیدی لەو شاخانە گەشتی بێ عەقڵانە نەکەیت، بەڵام دەربارەی لێرە مانەوەت، چ ژوورم بۆ میوانان بەدەستەوە نیە، دەبێ لەگەڵ هاریتۆن یا جۆزێف لە پێخەفەکەیاندا بەشداری بکەیت.
- قەیناکە، دەتوانم لەم ژوورە لەسەر کورسییەك بنووم.
- نا... نا. مرۆڤی غەریب هەر غەریبە، ئەگەر دەوڵەمەند بێت یا هەژار. لە من ناوەشێتەوە کەسێك جگە لە پاسەوانی من لێرە لەم شوێنە هاتوچۆ بکات.

بەم سووکایەتییە ئارامم لەبەر برا، بە پێش دەمیدا بەرەو حەوشە پێم هەڵێنا، دنیا زۆر تاریك بوو، بە ڕادەیەك نەمتوانی ڕێی خۆم بۆ دەرەوە ببینم. جۆزێف لەبەر تیشکی فانوسێك مانگایەکانی دەدۆشی، فانوسەکەم بەدەست گرت و گوتم، کە من بۆ ڕۆژی پاشتر دەیگەڕێنمەوە، ئینجا بۆ نزیکترین دەرگا بەتاو ڕۆیشتم. پیاوە پیرەکەش بەدەنگ گوتی:

- گەورەم، گەورەم، ئەوە فانۆسەکە دەدزێت، بیگرن. سەگەکان، بیگرن!

گیانەوەرە موو درێژەکان بۆ سەر قرقراگەم بازیان دا، بە زەویمیان دادا و ئاگرەکە کوژایەوە. ئیدی لەتاو توورەیی و سووکایەتی پێکردنم هیسکلیف و هاریتۆن پێکەنینێکی ناشیرین پێکەنین.

ئیدی ناچاربووم لەویٚ ڕاکشام، تاکو بانگی سەگەکانیان کرد، کە لە من دوور بکەونەوە. لەبەر ئەوەی زۆر توورە ببووم، خوێن لە لووتمدا پژا، کەچی هیسکلیف هێشتا لە پێکەنینەکەی خۆی بەردەوام بوو. منیش لە سەرزەنشتکردنی خۆم بەردەوام بووم، لە کۆتاییدا زیللای کارەکەری بە قەڵافەت هاتە دەرەوە، تاکو ئەوەی ڕوویدا بە چاوی خۆی ببینێت.

– ئایا دەکریٚ لە پێش قەمتەرەی ماڵی خۆمان خەڵك بکوژین؟ سەیری ئەو گەنجە بەسەزمانە بکە، هەر ئەوەتا هەناسەی ماوە! وەرە ژوورەوە، من بەخۆم چارەی دەکەم.

لەگەڵ ئەو قسانە، هەندیٚ ئاوی بەفرینی بە ملدا کردم و بۆ نێو چێشتخانە ڕایکێشام. هەستم بە لاوازی و داهێزان کرد، هیسکلیف داوای لە زیللا کرد کووپێك خواردنەوەم بداتیٚ، تاکو هێز بە بەرمەوە بێتەوە، بەمە هەستم بەنەختیٚ چاکبوونەوە کرد، ئینجا لێیگەڕا بۆ نێو پێخەفی خۆم بمبات.

# بەشی چوارم

تارمایی کاسرین

زیللا لە ڕێگای خۆماندا لەسەر پەیژە ئامۆژگاری کردم، کە هیچ دەنگە دەنگ نەکەم، چونکە خانەوادە دەربارەی ئەو ژوورەی منی بۆ دەبات بیرۆکەی سەیری هەیە، چونکە ئەگەر ناچار نەکرێت لێناگەڕێت کەس تێیدا بنوێت.

دەرگام پێوەدا و لە دەورووبەری خۆم ڕامام، کەلوپەلەکان بە گشتی بریتی بوون لە کورسی و سەندووقێکی درێژی بە سەنگ بۆ جلوبەرگەکان، سەندووقێکی دارینی گەورەش، کە لە ڕووی سەرەوە وەکو پەنجەرەکانی گالیسکە چوار گۆشەی لێهەڵکەندرابوو. سەیری کەلوپەلەکانی نێوم کرد، سەیرم کرد ئەوە قەروێلەیەکە لە جۆری قەروێلە کۆنە سەیرەکان. لە نزیك پەنجەرەکەوە شوێنێکی زۆری گرتبوو، لایەکی بەرینیشی هەبوو دەکرا وەکو مێز بە ئاسانی بەکار بهێندرێت. هەردوو لاتەنیشتم لێك کردەوە، فانۆسەکەم بردە ژوورەوە، ئینجا هەردوو سەندووقەکانم بە یەکەوە نووساند. لەسەر ڕەفەکە، کە مۆمەکەی خۆم لەوێ دانا، ژمارەیەك لە کتێبە کۆنەکانی لێبوو، کە لە یەك گۆشەدا ڕیز کرابوون، ڕەفەکە پڕ هەندێ نووسین بوون، کە بە چەوری هەڵکەندرابوون. ئەمە تەنیا ناوی "کاسرین لینیتۆن" بوو، کە چەندجار دووبارە ببووەوە.

هەندێ جار بۆ "کاسرین هیسکلیف" و ئینجا بۆ " کاسرین لینتۆن" دەگۆڕا. سەری خۆم لە پێش پەنجەرە شۆڕ کردەوە و دەستم بە خوێندنەوەی ناوەکان کرد، تاکو چاوی خۆم لێکنا، بەڵام پێنج دەقیقە نەحەسامەوە، کە زانیم مۆمەکە

بەربووەتەوە سەر یەکێك لە کتێبەکان، کە بۆنی ئاگری لێوە دەهات، دانیشتمەوە و کتێبەکەم لێککردەوە سەیرم کرد، ناوی "کاسرین ئیرنشو" لەسەر یەکەمین لاپەرە نووسراوە و بەروارێکیشی لەسەر تۆمار کراوە، کە بۆ دەوروبەری چارێکە سەدەیەك دەگەڕێتەوە. ئیدی پێم وەدایەوە و کتێبێکی دیکەم بەدەستەوە گرت، ئینجا یەکێکی دیکە و تاکو هەمووم سەیر کرد. کتێبەکان بە شێوەیەکی زۆر بەکار هێندرابوون. ئەگەر چی بەردەوام بۆ مەبەستی ئاسایی بەکار نەهێندرابوون، هەر بۆشاییەك تێیدا پڕ نووسینی منداڵانە بوو، هەندێکیان شێوەی لیستی ڕووداوە ڕۆژانەییەکانی وەرگرتبوو. لە سەرەوەی لاپەڕەیەکی زیادە کاتێ چاوم بە ڕەسمێکی جوانی جۆزێف کەوت، زۆر دڵخۆش بووم، هەستم کرد کە دەستاودەست گرنگی بە کارسینی نەناسراو دەدەم، ئیدی یەکسەر دەستم بە حینجەکردنی وشە سپی هەڵگەڕاوەکان کرد.

"ڕۆژێکی یەك شەممەی ناخۆش، خۆزگە باوکم دووبارە لە ژیاندا دەبوو، کە هیندلی زۆر خراپە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ هیسکلیفدا سووکایەتی و ڕسواکردنە"

هێشتا باران بە درێژایی ڕۆژێ بە خوڕەم دەبارێت، نەمانتوانی بۆ کلیسا بچین، لە کاتێکدا کە هیندلی و خێزانەکەی لە پێش ئاگردانێکی خۆش دانیشتبوون، داوای لێکردین کتێبی نوێژ هەڵبگرین و بۆ نهۆمی سەرەوە بچین، تاکو گوێ لە جۆزێف بگرین، کە نوێژی دەکرد و وتاری ئایینی دەدا. لەوێ سێ کاتژمێر ماینەوە و سەرەڕای ئەمەش برام وایزانی، کە ئێمە پێش کاتی خۆی گەڕاینەوە، گوتیشی:

بە بیرتان بێت کە ئێوە لێرە گەورەیەکتان هەیە، ئەی هەرزەکار، ئەوەی یەکەمین کەس تووڕەم بکات، دەیکوژم. ئایا ئەمە تۆ بوویت؟ فرانسیس کاتێ بە تەکیدا تێپەڕیت قژی ڕاکێشە.

خاتوو فرانسیس ئەمەی کرد، ئینجا لەگەڵ مێردی خۆی چوو دانیشت، هەردووکیان وەکو منداڵان لە شتی پڕوپووچ دەدوان. خۆمان لە سووچێك حەشاردا، کەچی جۆزێف خێرا دەریکردین کە گوتی ئێوە شەڕفرۆشن، ئیدی ڕۆژی یەك شەممە دەستمان بە یاری کردەوە. حبردانێکم دۆزییەوە، لەم کتێبە ماوەی بیست دەقیقە نووسینم تێدا کرد، بەڵام هاوڕێم ئارامی لێ بڕا و پێشنیاری کرد، کە خۆمان ئامادە بکەین و بچین لە چۆڵەوانی غاردانێ بکەین. لەشیشمان لەمە پتر لەبەر باران تەر نابێت و ساردیمان نابێت. وابزانم ئەمەیان کردبوو، چونکە برگەکەی پاشتر بابەتێکی دی بەخۆوە گرتبوو.

"هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم، کە هندلی بەم شێوەیە تووشی گریانم بکاتەوە. سەرم ئازارم دەدات، ئەی هیسکلیفی بەسەزمان ناتوانم سەرم لەسەر بالیف دابنێم، هندلی بە قەرەج ناوی دەبات، ئیدی لەمەودوا ناهێڵێت لەگەڵ ئێمە دانیشێت یا نانی خۆی لەگەڵ ئێمە بخوات. برام دەڵێت، کە هیسکلیف و من نابێت پێکەوە یاری بکەین، هەڕەشەی دەرکردنی لێدەکات، ئەگەر ئەو بە پێچەوانەی فەرمایشتەکانی بجوولێتەوە، بە ڕادەیەك کار گەیشتە ئەوەی سەرزەنشتی باوکم بکاتەوە لەبەر ئەوەی هەڵسەوکەوتی لەگەڵ هیسکلیفدا بە سۆز بوو، سوێندیش دەخوات لەمەودوا بە چاوێکی ئاسایی سەیری بکات و بە گوێرەی سەنگی خۆی لەگەڵیدا بجوولێتەوە.

سەرم لەسەر لاپەڕەیەکی بێ تێبینی خەریکبوو بەلادا دەچوو... چاوەکانم لە ماندووبوونیا مەلەیان دەکرد، کەچی خێرا لە نێو پێخەفەکەی خۆمدا ڕاکشام و خەوم لێکەوت.

ئای لەبەر هۆکاری چای خراپ و میزاجی بەد! چ شتێك هەیە، کە لەوانە بێت ئەم شەوە ناخۆشەی پێ بەسەر بەرم؟

ئیدی خەونە ناخۆشەکان یەك بەدوای یەکدا هاتن... جۆزێف بەرەو ماڵەکە بە پێشم کەوتبوو. لە جیاتی ئەمە بۆ کلیسا بڕۆم، کە پێشتر بەڕێوە بۆ بەرزاییەکانی ویزرینگ دەهاتم بە لایدا تێپەریم وتاری وتاربێژەکە بۆ چوارسەد و نەوەت بەش لقی لێ جیابووەوە. ماندووبوون و نیگەرانی بێهێزی کردم، سەرم بە لادا دەچوو، دەنگێك وەکو بروسك بانگی گشت بیسەرانی خۆی کرد، لەسەر گوناحەکانم سزا بدرێم نوێژکەرەکان بە گشتی بەدار بەرزکردنەوەوە تاویان دا من، کەچی من بێ چەك بووم. ئیدی بەرانبەر یەکەمین هێرشبەر، کە جۆزێف بوو گەیشتە لام، بەرگرییەکی چاکم لەخۆم کرد. لە نێو کلیسایەکەدا دەنگی لێدانەکان بەرزبووەوە، ئەمە سەدایەکی گەورەی تێکەوتەوە، تاکو من لە خەو ڕاپەڕیم.

تۆ بڵێی هۆی ئەم هەراوهۆریایە چی بووبێت؟ تەنیا لقە دارێك بوو، کە بە پەنجەرەکەم کەوتبوو. لە قەروێلەکەی خۆم، خۆم وەرگێڕا و دووبارە نووستمەوە. ئەم جارە بە بیرم هاتەوە، کە من لە کوێ نووستووم، دەنگە ناخۆشەکەی با و لقە دارەکەم بیستەوە. ئەمە لەبەر دڵم زۆر گران بوو، تاکو بڕیارم دا کە بێدەنگی بکەمەوە. هەڵسامەوە و هەوڵم دا پەنجەرەکە بکەمەوە، بەڵام هەوڵەکەم بێ سوود بوو.

منگەمنگێکم کرد و گوتم: "سەرەڕای ئەمەش دەبێ ئەمە ڕاگرم!" ئیتر شووشەی پەنجەرەکەم بە دەستی شکاند و دەستم بۆ گرتنی لقە بێزارکەرەکە درێژ کرد. لە جیاتی ئەوە پەنجەکانم کەوتە سەر پەنجەکانی دەستێکی بچووکی ساردوسڕ.

ترسێکی بێ شومار هەموو لەشی هەژاندمەوە و هەوڵی ڕاکێشانەوەی باسکی خۆم دا، بەلآم دەستەکە گرتمی، کەچی بە دەنگێکی غەمگین بانگی دەکرد و دەیگوت:

– لێمگەڕێ بێمە ژوورەوە! لێمگەڕێ بێمە ژوورەوە.

خۆم لە دەستی ڕزگار کرد و پرسیم:

– تۆ کێیت؟

– کاسرین لینتۆن.

لەبەرچی لینتۆن هاتە بیرت، کەچی تۆ بە بەراورد لەگەڵ لینتۆندا بیست کەڕەت –ئێرنشۆ–ت خوێندەوە. بۆ ماڵەوە گەڕامەوە، لە چۆڵەوانی ڕێگای خۆم لێ گومبوو.

کاتێ دەنگەکە قسەی کرد، دەموچاوێکی کزی کچێکی بچکۆلآنەم بینی لە پەنجەرەکەوە سەیری دەکرد. لەو کاتەی دەستەکە هێشتا دەستی منی گرتبوو، دەنگەکەم دووبارە بیستەوە کە دەیگوت: لێمگەڕێ بێمە ژوورەوە. بە ڕادەیەك زەندەقم چووبوو خەریکبوو شێت بم. لە کۆتاییدا گوتم:

– چۆن ئەمە بتوانم؟ ئەگەر بتەوێت بتهێنمە ژوورەوە، من بەردە!

پەنجەکان شلێ بوونەوە، پەنجەکانی خۆم خێرا لە کونی پەنجەرەکەوە کێشایەوە و شوێنەکەم بە کۆمەڵە کتێبێك گرت و گوێی خۆشم لە دەنگەکە کەڕ کرد.

وا دیاربوو ماوەی پتر لە چارێکە کاتژمێرێك بوو گوێی خۆم بە تەواوی داخستبوو، ئیدی لەگەڵ ئەمەشدا هەر کە گوێی خۆم کردەوە، دەنگە غەمگینەکە دووبارە بووەوە، جارێکی دیکەش بیستمەوە، وای لێکردم ترسەکە پتر زەندەقم بچوێنێت و هاوارم کرد:

- لێم دوورکەوە، لێت ناگەڕێم بێیتە ژوورەوە، تاکو ئەگەر بیست ساڵ بپارێیتەوە.

دەنگەکەش گوتی:

- ئەمە بیست ساڵە، بیست ساڵە، ماوەی بیست ساڵە گەڕاوم!

جووڵانەوەییێکی وەکو خشان لە دەرەوە دەستی پێکرد و کۆمەڵە کتێبە کۆکراوەکانی سەر یەکدی جووڵانەوە، وەکو ئەوەی بڵێیت بۆ پێشەوە پاڵیاندابێت. هەوڵمدا بازدەم، بەڵام لە جێی خۆم نەمتوانی بجوولێمەوە. بە شێوەیەکی زۆر ترسناك بەقایم هاوارم کرد.

# بەشی پێنجەم

## گەڕانەوەی لۆکوود

دەنگی چەند هەنگاوێکی خێرام بیست لە پشت دەرگاکەم نزیك دەبووەوە، سەیرم کرد یەکێك بە دەستی بە توندی دەرگاکە پاڵ دەدات، ئینجا ڕووناکییەك بەدیار کەوت، منیش بە ترس و لەرزەوە هەڵسامەوە. دەنگێك وەکو بڵێی لەو بڕوایە نەبێت وەڵام بدرێتەوە، بە چرپە گوتی:

– کەس لێرە هەیە؟

خۆم خزاندە پشت لادەرگای ژووری حەسانەوەم، ئەو ئاکامە لەبیر ناکەم، کە لەو هەڵسوکەوتە تووشم بوو. هیسکلیف لەبەر دەرگا بە کراس و پانتۆڵەوە ڕاوەستابوو، مۆمێکی بەدەستەوە گرتبوو و دەموچاوە سپییەکەشی، وەکو ئەو دیوارە بوو کە لە دواوەی بوو. جووڵانەوەی یەکەمم، وەکو زەبری کارەبا ڕایتەکاند، ڕووناکییەکە لە دەستی بەربووەوە، بانگم کرد و گوتم:

– گەورەم تەنیا میوانەکەتە، لە بەدبەختی خۆم، بە هۆی خەونێکی ترسناك لە خەوما قیژاندم.

بە نەفرەتەوە بۆڵەبۆڵێکی لێوە هات، ئینجا دوای ئەوەی کە بینی مەحاڵە بە توندی بیگرێت، مۆمەکەی لەسەر کورسییەك دانا، ئینجا پرسی:

– ئەی کێ تۆی بۆ ئەم ژوورە هێناوە؟

لە وەڵامدا گوتم:

- زیللای کارەکەرت، وابزانم ئەوە دەیویست ئەم بەڵگەیە بەدەست بکەوێت، کە ئەم شوێنە ئاوەدانە. باشە ئەمە وایە و تۆش پاساوی داخستنیت بەدەستەوەیە.

هیسکلیف پرسی:

- مەبەستت چییە؟ هیچ شتێك نابێتە پاساوی ئەو دەنگەدەنگەی کە تۆ ناوتەوە، مەگەر تەنیا ئەگەر ئەوان سکوردتیان شکاندبێت!

لە وەڵامدا گوتم:

- ئەگەر ئەو تارماییە بچووکە لە پەنجەرەوە دەهاتە ژوورەوە، لە دەستی دەهات کە بمکوژێت، بەڵام دەربارەی کاسرین لینتۆن یا ئێرنشۆ یا ناوی هەرکێ بێت، ئەو کچە پێی گوتم، کە هێشتا ماوەی بیس ساڵە لە نێو زەویدا دەگەڕێم.

هێشتا ئەو وشانەم نەدرکاندبوو، کە بە بیرم هاتەوە ناوی هیسکلیف کاسرین بە نووسینەکانەوە پێوەندی هەیە، کە لە کتێبەکەدا خوێندبوومەوە. هیسکلیف بە سەرمدا نەڕاندی:

- پێم بڵێ تۆ لەم قسانە مەبەستت چییە؟ چۆن دەوێریت لەنێو ماڵی مندا ئەم جۆرە قسانە بکەیت، ئینجا بە تووڕەیی مستێکی نەرمی لە نێوچەوانی خۆی دا.

دەستم بە لەبەرکردنی جلوبەرگەکانی خۆم کرد، کەچی هیسکلیف لەسەر قەروێلەکە دانیشت، لە سەروسیمایە شێواوەکەیدا ئەوەم لێکدایەوە، کە ئەم پیاوە لە دژی هەستێکی بەهێزی نێو خۆدی خۆی ململانێ دەکات.

ئینجا لە کۆتاییدا گوتی: بەڕێز لوکوود، دەتوانیت بۆ ژوورەکەی من بچیت. ئەو

هاوارە منداڵانەییەت نەیهێشت من ئەمشەو بنووم. لە وەڵامدا گوتم:

– هەمیشە منیش نەنووستم، لە حەوشەکە تاکو ڕۆژ دەردێت پیاسە دەکەم، ئینجا دەڕۆم.

ژوورەکەم بەجێهێشت، لەبەر ئەوەی شارەزای ڕێگا نەبووم کە بچمە خوارەوە، ئاوڕی دواوەی خۆم دایەوە، تاکو پرسیاری لێبکەم. بێ ئەوەی هیچ نیازم هەبێت هەڵسوکەوتێکی زۆر سەیرم لە میوانداره‌کەی خۆم بینی، سەیرم کرد لەسەر قەروێلە هەڵسایەوە و پەنجەرەکەی کردەوە، ئینجا لە پرمەی گریانێکی بەتینیدا و بە دەنگ گوتی:

– وەرە ژوورەوە! وەرە ژوورەوە، کاسی وەرە! هەر بۆ یەکجار ئەمەت بکردایە! ئۆی، ئەی لە هەموو کەس خۆشەویسترم.هەر بۆیە ئەم جارە کاسرین بۆ دوایین جار گوێت لە من بێت!

لە ڕۆحەکە هیچ بەڵگەیەك بۆ بوونی بەدیار نەکەوت، کەچی بەفرو باش بە توندی تەوژمیان بۆ ژوورەوە هێنا. لەو قسە سەیرانە هەستم بە ئازارچێشتنێکی ناخۆش کرد، تا وایلێهات بەزەیی پێ بکەمەوە، بە هێدی چوومە چێشتخانەکەی دواوە، لەنێو ئاگردانەکە هەندێ ئاگرم دۆزییەوە، هەستم بە نیمچە ساردییەك کرد، لەسەر کەروێتێك تاکو بەیانی ڕاکشام، شوێنەکەم تاکو توانیم لە زووترین وەخت بەجێهێشت. هەوا وەکو بەفر ساف و سارد بوو، بەر لەوەی بگەمە کۆتایی باخچە، میوانداره‌کەم بەدوامدا هات و بە پێشم کەوت، تاکو بە نێو چۆڵەوانییە کاکی بەکاکییەکەدا بەرێم بکات. ئەمە کارێکی چاك بوو، کە ئەمەی کرد. نشێوی تەنیشت شاخەکە، وەکو دەریایەکی سپی بە بەفر پڕ ببووەوە، بە ڕادەیەك نەتدەتوانی ڕێی بەرچاوی خۆت ببینیت. هەندێ قسەی کورتمان کرد، لە بەردەم

سراشکرۆس پارکدا لە یەکدی دابڕاین. دواى ئەوەی لە نێوان درەختەکان ڕێگام بزر کرد، تاکو گەردنم لە بەفردا نقووم بووم، ئیدی لەدواى هەندێ وەختى دیکە گەیشتمە سراشکرۆس غرانج. بەمەش خاتوو"دین"ى کارەکەرەکەم دڵنیا بووەوە، چونکە وایزانی من لە چۆڵەوانیدا مردووم.

# بەشی شەشەم

بێوەژنە جوانەکە

من لەو کاتە لە حاڵەتێکی، وەکو بەستوودا بووم. خۆم گەیاندە نهۆمی سەرەوە و جلوبەرگی وشکم لەبەر کرد، ئینجا لە ژووری دانیشتنی خۆم دانیشتم. من هێندە ماندوو بووم نەمتوانی چێژ لە ئاگرە خۆشەکە و قاوە شیرتێنەکە وەرگرم، کە کارەکەرەکە بۆ هەناو گەرمکردنەوەم ئامادەی کرد. بە بیرم هاتەوە، کە من ئەم شوێنەم لەبەر دوورە ئاوەدانییەکەی هەڵبژاردووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمەی ئادەمیزاد لە مێشکی خۆماندا زۆر کەمزانین! ئایا دەبێ ڕاست بێت، کە من دەمەوێت لێرە بژیم؟ بۆ ئێوارە من هێندە ماندوو و بێهێز بووم، بە ڕادەیەك لە خودی خۆیشم بێزار بووم. خاتوو دین پاش ئەوەی نانی شێوانی ئامادە کرد، داوام لێکرد لە ماوەی نانخواردنم بمینێتەوە. ئیدی لەگەڵیدا دەستم بە قسان کرد و گوتم:

– وا دیارە ماوەیەکە لێرە دەژیت.

– گەورەم ماوەی هەژدە ساڵە، کاتێ خانم مێردی کرد ، هاتم تاکو خزمەتی بکەم. دوای ئەوەی مرد، خانەخۆ، وەکو هەڵسووڕێنەری ماڵەکە هێشتمیەوە.

لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە: قسەکە بگۆڕمە سەر باسی خێزانی هیسکلیف.

– ئەی ئەو بێوەژنە جوانە، حەز دەکەم کە مێژووی ژیانی بزانم.

بەو مەبەستە پرسیم کە لەبەرچی هیسکلیف وازی لە سراشکرۆس هێناوە و حەزی کردووە لە شوێنێکدا بژیت، کە هێندە خۆش و دڵگر نییە !

– ئەی بۆی چاکتر نەبوو پارێزگاری لە موڵك و سامانی خۆی بکات؟

لە وەڵامدا گوتی:

– گەورەم، دەوڵەمەند، بەڵی زۆریش دەوڵەمەندە بە ڕادەیەك شایستەی ئەوەیە لە شوێنێکی خۆشتر لێرە بژیت، بەڵام دەربارەی موڵك و سامانەکانی خۆی زۆر هۆشیارە.

– وا دیارە کوڕی هەبووە؟

– بەڵی، کوڕی هەبوو، بەڵام مرد.

– ئەی ئەو خانمە جحێڵە، مەبەستم خاتوو هیسکلیف، بێوەژنی کوڕەکەی، ئەو ژنە یەکەمین جار لە کوێ هات؟

– نۆی، ئەوە کچی خانەخۆی پێشووم بوو، بەرلەوەی مێرد بکات، ناوی کاسرین لینتۆن بوو. منیش پەروەردیاری بووم، ئای لەو بوونەوەرە بەسەزمانە !

منیش گوتم:

– چی؟ کاسرین لینتۆن، کەچی بیرکردنەوەیەکی کورت وایلێکردم، کە بێمە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەوە کاسرینی تارمایی نەبوو و ئەی ئەو ئێرنشۆیە کێیە، هاریتۆن ئێرنشۆ، کە لەگەڵ بەڕێز هیسکلیفدا دەژیت؟ ئایا ئەوانە خزمی یەکترن؟

– نەخێر، ئەوە کوڕی برای خاتوو لینتۆنی پێشووە، کوڕی خاڵی خانمە جحێڵەکەیە. هاریتۆن دواترین نەوەیە، کە لە خێزانی ئێرنشۆ ماوە،

ئەوانیش بنەماڵەیەکی کۆن بوون و لە کاتی خۆیدا خاوەنی "بەرزاییەکانی ویزرینگ" بوون. ئەو کچەش "کاسرین" تەنیا کچ بوو، کە لە خێزانی لینتۆن مابووەوە و لە سراشکرۆسدا نیشتەجێ بوو. گەورەم تۆ بۆ "بەرزاییەکانی ویزرینگ" چوویت؟ حەز دەکەم بزانم حاڵی کچە بچکۆلانەکە چۆن بوو؟

- خاتوو هیسکلیف؟ وا پێدەچوو لە بارودۆخێکی باشدا بوو و زۆریش جوان بوو، بەلاَم وەکو تێبگەم زۆر دڵخۆش نەبوو.
- ئۆی... باشە، من ئەمەم پێ سەیر نییە، ئەی خانەخۆیەکەت چۆن بینی؟
- خاتوو وین، کابرایەکی دڵڕەق بوو، ئایا دەربارەی ڕابردووی چ دەزانیت؟
- گەورەم هەموو شتێك دەزانم، تەنیا ئەوە نەبێت، کە نازانم لە کوێ لە دایکبووە و دایك و باوکی کێن، چۆن ئەو ماڵ و سامانەی لە سەرەتاوە پەیدا کردووە، هاریتۆن هەموو مافی خۆی دۆڕاند، ئەو هەرزەکارە بێبەخت و کەساسە، نازانێت چۆن لە ماڵ و سامانەکەی فرۆفێڵێکی لێکرا!
- باشە خاتوو دین، من بچمە نێو پێخەفی خۆم دڵڕەحەت نابم، ژنێکی چاك بە بمینێوە و دەربارەی دراوسێیەکانم هەندێ شتکم بۆ باس بکە.
- ئۆی... بەڵێ، بەڵێ گەورەم! هەندێ درومان دێنم و ئینجا، تاکو ئەوەی پێت خۆش بێت دادەنیشم.

خێرا بۆ دەرەوە ڕۆیشت، منیش پتر خۆم لە ئاگر نزیك کردەوە، سەرم گەرم داهاتبوو، بەلاَم هێشتا هەموو لەشم سارد بوو، ڕووداوەکانی ئەو دوو ڕۆژەی

ڕابردوو هەستی وورووژاندبووم، خەریکبوو لەوە بترسێم، کە کاریگەری لەسەر تەندروستیم خراپ بێت. ترسەکانم ڕاستی خۆیان سەلماند، کە دوو هەفتەی لەسەر یەك لەنێو قەروێڵەکەی خۆم کەوتم. زۆر جاریش لەو کاتانەی، کە حاڵم تەواو ناخۆش دەبوو، خاتوو دین دەهات و دادەنیش ، لە لامدا دەمایەوە. لەو کاتانەی ئەو ئافرەتە بەم شتانەوە خەریکبوو، ئیدی وردەوردە چیرۆکی باشتری بۆ دەگێڕامەوە.

# بەشی حەوتەم

## هەنیوە بەسەزمانەکە

بەرزاییەکانی ویزرینگ نزیکەی ماوەی سێ سەدە دەبوو بە هۆی خێزانی ئێرنشۆوە دروست کرابوو، تاکو ئەو ماوە نزیکانە خانووەکە، وەکو ماڵێکی خێزان مابووەوە، بەرلەوەی بێم لێرە لە "غرانج"دا بژیم، من هەموو جارێك لەوەتەی منداڵ بووم سەرم لە "بەرزاییەکان" دەدا. دایکم پەروەریاری هندلی ئێرنشۆ بوو، کە دەکاتە باوکی هاریتۆن، لەبەر ئەوەی تەمەنم بچووك بوو، وا لێراهاتبووم لەگەڵ هەردوو منداڵەکان هیندلی و کاسرین یاری بکەم، هەروەها من هەندێ ئیشوکاری ئاسانم جێبەجێ دەکرد، لە وشککردنەوەی گیاش یارمەتیم دەدان؛ لە کێڵگەکە ئامادەبووم هەر چییان بویستایە دەمکرد .

لە بەیانییەکی خۆش لە ڕۆژانی هاوین، بەڕێز ئێرنشۆ "خاوەنی کۆن" لە پەیژە دابەزییە خوارەوە، کە خۆی بۆ گەشتێك ئامادە بکات. دوای ئەوەی جۆرێفی ئاگادار کردەوە، کە لە ماوەی ئەو ڕۆژەدا پێویستە چ ئیشوکارێك بکات، رووی لە هەردوو منداڵەکانی خۆی کرد و لێیانی پرسی، کە لە بەندەری لیفربۆل چییان بۆ بێنێت، بە مەرجێك شتێکی بچووك بێت، چونکە ئەو بە پێیان دەچێت و دەگەڕێتەوە، ماوەکەش بە هەر لایەکدا بڕوات شێست میلە. هیندلی کەمانێکی داوا کرد و کاسیش قامچی هەڵبژارد، کەچی سەرەڕای ئەوەی لە تەمەندا شەش ساڵان بوو، بەڵام لەنێو تەویلەدا دەیتوانی سواری هەموو ولاغێك ببێت. لەدوای ئەمە هەردوو منداڵەکانی خۆی ماچ کرد و دەرچوو.

لەو سێ ڕۆژەی بزر بوو هەستمان بە ماوەیەکی زۆر دووروودرێژ کرد، خاتوو ئێرنشۆ مەزندەی ئەوەی کرد لە شەوی سێیەم لە کاتی چێشتی شێوان بگەڕێتەوە. ئیدی سەعات لەدوای سەعات ژەمە خواردەمەنییەکەی خۆی دوا دەخست، بەڵام بۆ هاتنەوەی هیچ نیشانەیەك بەدیار نەکەوت. تاریکی داهات، خانم دەیویست هەردوو منداڵەکان بۆ پێخەفی خۆیان ڕەوان بکات، بەڵام بۆ مانەوەیان بە گەرمی پێی ناورانەوە.

دەورووبەری یانزە، دەرگا بە هێدی کرایەوە و بەڕێز هاتە ژوورەوە. بە پێکەنین و ناڵاندنەوە خۆی بەسەر کورسییەك دادا ئینجا پاڵتۆیە فش و فۆڵەکەی خۆی لێککردەوە، کە لە ژێرەوە پێچراوێکی لەبن باسکی خۆی نابوو.

- ئافرەت سەیرکە! دەبێ ئەمە وەربگریت، ئەمە بەخشینێکە لە لایەن خواوەندەوە، ئەگەرچی ڕەشیشەو وەکو ئەوەی لە لایەن ئەگریسەوە هاتبێت.

بە دەوریدا کۆبووینەوە، بە سەر سەری کاسریندا روانیم منداڵێکی قژ ڕەشی پیسم بینی. جلوبەرگی کۆنەی لەبەردابوو. تەمەنی لەوەدابوو، کە بتوانێت بڕوات و قسە بکات. بەڕاستیش دەموچاوی دیاربوو، کە لە دەموچاوی کاسرین گەورەتر بوو. لەگەڵ ئەمەشدا کاتێ لەسەر پێیان ڕاوەستێندرا، تەنیا لە دەورووبەری خۆی ڕاما. هەندێ دەنگی لێوە هات، کە کەس تێی نەگەیشت، من ترسام. خاتوو ئێرنشۆ خەریکبوو بۆ دەرەوە فڕێی بدات.

بەڕێز ئێرنشۆ لە شەقامەکانی لیفربۆل دۆزیبوویەوە، کە لە برسان و بێ داڵدەیی دەیناڵاند. نەیدەزانی بە ئینگلیزی بدوێت، کەس نەبوو بزانێت منداڵی کێیە. بڕیاری دا وازی لێ نەهێنێت، چونکە ئەو دۆزیبوویەوە، ئیدی لەبەر ئەوەی هێندە

ماوەی نەبوو و پارە و پوولیشی هێندە پێنەبوو، بۆیە وا بە چاکی زانی یەکسەر لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵەوە بیهێنێتەوە. داوای لە من کرد بیشۆرم و جلوبەرگی خاوێنی بدەمێ و لێیگەڕێم لەگەڵ هەردوو منداڵەکان بنووێت.

هیندلی و کاسی دڵنیابوون و سەیریان دەکرد و گوێیان لە قسەکان گرتبوو، تاکو ئەوەی دەستیان بە پشکنینەوەی گیرفانەکانی باوکیان کرد. بەدوای ئەو دوو دیارییەدا گەڕان، کە بەڵێنی پێدابوون. ئەوەی یەکەمیان مێردمنداڵێك بوو لە تەمەنی چواردەساڵی، کەچی کاتێ شتەکەی لەنێو پێچراوەکە ڕاکێشا سەیری کرد کەمانەکە لەنێو پاڵتۆیەکەدا تێکشکابوو، ئیدی دەستی بە گریانێکی بە کوڵ کرد. کاتێ کاسیش زانی بەڕێز بە هۆی گرنگیدان بە منداڵە نامۆیەکە دیارییەکی ئەوی بزر کردووە، تووڕەبوو و تفی لە منداڵە بچکۆلانەکە کرد و ڕووی خۆی لێ گرژ کردەوە و لە باوکی خۆی لێدانێکی پێکەوت، تاکو فێری ڕەوشتی چاکتر ببێت. هەردووکیان ڕەتیان کردەوە، کە منداڵەکە لەگەڵیاندا لەنێو پێخەف بنووێت، یا هەر قایل نەبوون لە ژوورەکەشیاندا بنووێت. بەم شێوەیە لەسەر پەیژەم دانا، بەو ئومێدەی بۆ بەیانی بڕوات، بەڵام منداڵەکە بۆ بەردەرگای بەڕێز ئێرنشۆ خشی و ئەویش چاوی پێکەوت و لە سزای ئەو توندوتیژییەشم، لە ماڵەکە دەرکرام.

پاش چەند ڕۆژێکی کەم، کە گەڕامەوە، سەیرم کرد ناوی "هیسکلیف"یان لە منداڵە ناوە، ئەمەش ناوی کوڕێکی خێزانی ئێرنشۆ بوو، کە لە کچکەییەوە مردبوو. ئیدی لەو کاتەوە ناوی یەکەمین و دواییەمینی ماوە. ئیدی هێندەی نەبرد منداڵەکە لەگەڵ کاسی خاندا بوونە دوو هاوڕێی خۆشەویست، بەڵام هیندلی هەمیشە دەیبوغزاند. کچەکە هێشتا دەمی خۆی نەدەکردەوە، کە هەڵسوکەوتی

خراپی لەگەڵدا دەکرد. منداڵەکە هێمن و بێ بزە بوو، وا پێدەچوو لەسەر توندوتیژی ڕاهاتبوو. هەموو جارێك لە لایەن هیندلییەوە لێی دەدرا بێ ئەوەی هیچ سکاڵایەك دەرببڕێت. کاتێ بۆ بەڕێز ئێرنشۆ ئاشکرا بوو، کە کوڕەکەی لە منداڵە هەتیوە بەسەزمانەکە دەدات، تووڕە بوو پتر چاودێری کرد. هێندەی پێنەچوو بە شێوەیەکی سەیر متووی بە هیسکلیفەوە گرت و دەیلاواندەوە و نازی هەڵدەگرت. ئیدی ئەو لاواندنەوە و ناز هەڵگرتنە گەیشتە ئەو ڕادەیەی لە کاسرینی لووت بەرز و هەڵەپاسی زۆر پتر خۆش دەویست.

بەم شێوەیە هەر لە سەرەتاوە، هیسکلیف بووە هۆی کانگەی هەستێکی خراپ لەنێو ماڵەکەدا. دوای دوو ساڵ، کە بەڕێز ئێرنشۆ مرد، ڕێزدارە بچکۆڵەکە زانی بیر لەوە بکاتەوە، کە باوکی پیاوێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی بوو، هیسکلیفیش ئەو دزە بوو، کە سۆزی باوکی لێ دزی.

زۆر جار سەیرم پێدەهات، کە خانەوادەم لەبەرچی بەو مێردمنداڵە پیسە سەرمەستە، کە بە بیرم نایێتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕوویەکی خۆش بەرامبەر ئەو چاکە و پیاوەتییانە دەربڕێت، کە ئەو خێزانە لەگەڵیدا دەیانکرد. بە کورتی بڵێم ئەو مێردمنداڵە سەرەڕای ئەوەی چاك دەیزانی خانەخۆی نوێ لە بەرانبەر ئەو چی لە دڵدایە، کەچی ئەویش بەرانبەر ئەو ڕاسپێردە نوێیە هیچ هەستی نەدەبزووت.

بە بیرم دێتەوە جارێکیان، کە بەڕێز ئێرنشۆ جووتە ئەسپێکی بۆ هەردوو مێردمنداڵەکان کڕی، کەچی هیسکلیف ئەسپە چاکەکەی بە بەرکەوت، بەڵام ئەسپەکە زوو شتێکی نائاسایی لە قاچی پەیدا بوو. کاتێ بەمەی زانی، بە هیندلی گوت:

- دەبێ ئەسپەکەی خۆت لەگەڵ من بگۆڕیتەوە، ئەگەر نا ئەو سێ لێدانانەی ئەو هەفتەیە بە باوکت دەڵێم، کە تۆ لە منت داوە.

هیندلی بە قورساییەکی ئاسنین هەڕەشەی لێکرد. هیسکلیفیش گوتی:

- فرێی دە، ئەویشی پێدەڵێم، کە تۆ خۆت وا بەدیار خستووە هەر کە بمرێت لە ماڵەوە دەرم دەکەیت، ئینجا سەیرکە هەر ئێستا چۆن دەرت دەکات.

هیندلی قورساییەکەی دانا و ئیدی بە لێدان کەوتە سەر سنگ و بەرۆکی، تاکو خستیە سەر زەوی. بە هەناسەبڕکێ و ڕووزەردی دووبارە هەڵسایەوە سەر پێیان و من ڕێگام پێ گرت و نەمهێشت، ئەگەر نا بەتاو بۆ لای بەڕێز غاری دەدا. ئەویش یەکسەر تۆڵەی لێدەکرایەوە. هیندلی بچکۆڵ گوتی:

- ها، ئەسپەکەی من ببە ئەی قەرەجی بەدفەر، ئومێدوارم کە ملت بشکێنێت.

کاتێ هیندلی قسەکەی خۆی بە لەقە لێدانێکی قاچی تەواو کرد، هیسکلیف چوو گیانەوەرەکە وەربگرێت و منیش بە هەڵسانەوە هێمنانەکەی منداڵەکە سەرسام بووم، کە یەکسەر قیت بووەوە سەر پێیان و چوو زینەکانی گۆڕی. پێم گوت هۆی ئەو لەکانەی دەموچاوی، کە هیندلی لێیدابوو بخاتە ئەستۆی گیانەوەرەکەوە، بەڵام ئەو هێندە گوێی نەدایە ئەو قسانەی بۆی دەکرا، چونکە ئەوەی نیازی بوو، بە چنگی هێنا.

# بەشی هەشتەم

## مردنی بەڕێز ئێرنشۆ

لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار، تەندروستی بەڕێز ئێرنشۆ دەستی بە ڕوو لە خراپبوون کرد. لە ناکاو هێز و توانای خاو بووەوە و وایلێهات زوو تووڕە ببێت، بیروکەیەکی بە خەیاڵدا هات، کە بە هۆی خۆشەویستی بۆ هیسکلیف، هەموویان مێردمنداڵەکەیان دەبوغزاند و حەزیان لە ئازاردانی دەکرد. هەڵبەتە ئەمەش لە بەرژەوەندی هیسکلیفی هەرزەکار نەبوو. بۆیە لەبەر ئەوەی ئێمە حەزمان نەدەکرد بەڕێز بێزار بکەین، هەموومان فەرمایشتەکانمان جێبەجێ دەکرد و بە پێی ڕێنماییەکانی دەجووڵاینەوە، تەنیا کوڕەکەی نەبێت. ئەمەش بۆ گەنجەکە بووە مایەی میزاجی خراپ و پتر لە خۆبایی بوون. قسە سووك و ڕسواکردنەوەکانی ئەو گەنجە لە لایەن هیندلییەوە باوکەکەی تووڕە کرد. وایلێهات بەڕێز ئێرنشۆ داردەستەکەی خۆی بەدەستەوە بگرێت و لە کوڕەکەی خۆی بدات، ئینجا کە نەشی دەتوانی، تووڕە دەبوو و هەڵدەچوو. لە کۆتاییدا ئەو قەشەیەی، کە هەندێ پارەی پتری لە فێرکردنی منداڵەکانی هەردوو خێزانی لینتۆن و ئێرنشۆ دەست دەکەوت بە پێویستی زانی، کە گەنجەکە بۆ کولێژ ڕەوانە بکرێت. بەڕێز ئێرنشۆش قایلبوو ئەگەرچی بەدڵێکی غەمگینیش بوو. ئیدی پێشبینی ئەوەم کرد، کە ئێستا بە خۆشی و هێمنی بژین. خەریکبوو ئەو پێشبینییەمان جێبەجێ ببێت ئەگەر خاتوو کاسی و جۆزێف نەبوونایە. شەو لەدوای شەو خزمەتکارەکە زەنجیرەیەك لە سکاڵای دەرهەق بە هیسکلیف و

کاسی هەبوو. دەربارەی کاسی، بێگومان هەندێ شێواز هەبوون، کە ئێمە پێشتر لەو کچە بچکۆلانەیە لێی ڕانەهاتبووین.

ئێمە ڕۆژێ پتر لە پەنجا کەڕەت ئاراممان لێدەبڕا، هەر لەو کاتەوە کە لە پەیژە دادەبەزییە خوارەوە، تاکو ئەو کاتەی کە بۆ نێو پێخەفەکەی خۆی بەسەر دەکەوتەوە، یەك دەقیقە لە دەست جەربەزەیی و شەڕپێ فرۆشتنی ئەو کچە ئاراممان نەبوو.

زۆر هەڵپاس و هەمیشە زماندرێژ بوو، گۆرانی دەگوت، پێدەکەنی، هەموو کەسێك ئەگەر وەکو ئەوی نەکردایە بێزاری دەکرد. کچەکە بوونەوەرێکی بچکۆلانەی سەیری بەدکار بوو؛ بەڵکو ئەو کچە لە ناوچەکەی خۆمان جوانترین نیگا و شیرینترین زەردەخەنە و سووکترین پێ هەڵێنانی هەبوو، بە هەرحاڵ بڕوا ناکەم مەبەستی زەرەر و زیان لێدانی خەڵك بووبێت، زۆریش متووی بە هیسکلیفەوە گرتبوو و توندترین سزا، کە ئێمە دەمانویست سزای بدەین، دوورخستنەوەی بوو لەو گەنجە. سەرەڕای ئەوەی بە هۆی ئەو کوڕە پتر لە هەموو کەسێك سەرکۆنە دەکرا. لە کۆتاییدا ئەو وەختە داهات، کە سنوورێك بۆ ئێش و مەینەتییەکانی بەڕێز ئێرنشۆ لە دنیادا دابنرێت. ئیتر ئەوە بوو لە یەکێك لە ئێوارەکانی ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەم، بە هێمنی لەسەر کورسییەکەی خۆی مرد. بەڕێز هیندلی هاتەماڵەوە بۆ ئەوەی لە ڕێورەسمی نێشتنی تەرمەکە ئامادە ببێت، ئەوە بووە مایەی قسەوقسەلۆکی ڕاست و چەپی دراوسێیەکان. ئەوە بوو، کە خێزانێکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. بە ئێمەی نەگوت ئەو ئافرەتە کێیە و لە کوێ لە دایکبووە. لەوانەیە لەو دەوڵەمەندانە یا پایە بەڕێزانە نەبوو، ئەگەرنا لەبەرچی بە نهێنی باوکی خۆی ژنی خواستبوو.

ئافرەتەکە یەکجار باریك و ڕەقەلە بوو، بەلاّم جحێلێکی پێگەیشتوو و بەرچاو بوو، چاوەکانی وەکو ئەڵماس دەتریسکانەوە، بەڕاستیش سەرنجم دایێ، کە بەسەر پەیژە کەوت، خێرا هەناسەی دەدا و هەندێ جاریش زوو تووشی کۆخەی توند دەبووەوە.

ئێرنشۆی گەنج لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی لەوێ دوورکەوتبووەوە گۆڕابوو، شێوە و قسەکردنی وەکو جاران نەبوو، ژنەکەی زۆر بەختەوەر بوو، کە کاسی ببێتە خۆشکێکی خۆی. ماچی کرد و چەندین دیاری پێشکەش کرد، بەلاّم خۆشویستنەکەی هێندە درێژەی نەدا، بەڵکو هەندێ وشەی درکاند، کە بەرانبەر هیسکلیف بۆنی بوغزی لێوە دەهات. ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی ڕق و کینە کۆنەکەی مێردی خۆی بەرانبەر گەنجەکە بوروژێنێت. لەگەڵ خۆیاندا نەیهێشت و دەریکردە لای خزمەتکارەکان، خوێندنەکەی لەگەڵ قەشەدا ڕاگرت. وایلێکرد، وەکو هەر کرێکارێکی دی لە کێڵگە ئیش بکات و ڕەنج بدات.

هیسکلیف لە سەرەتادا زۆر بەرگەی ئەو هەڵسوکەوتەی گرت، چونکە ئەمە کاسی هەموو ئەو شتانەی، کە بە خۆی دەیزانی ئەویشی فێر کردبوو، لەگەڵیدا ئیشی دەکرد یا لە کێڵگە یاری دەکرد. هەردووکیان گەورە بوون، تاکو بوونە دوو سەرکێشی چەقاوەسوو. بەڕێزە گەنجەکەش هێندە گوێی بە شێوازی هەڵسوکەوت و جووڵانەوەیانی نەدا، چونکە هەردەم لێی دوور دەکەوتەوە.

ڕابواردنیان ئەوە بوو، کە بەیانیان لە چۆڵەوانی بە پێیان بڕۆن، لەوێدا بە درێژایی ڕۆژێ بمێننەوە، کەچی ئەو سزایەی لەدوای ئەمەوە دەدران چ شتێکی وا نەبوو. مەگەر پێی پێبکەنیت، هەر کە سەرلەنوێ دەگەیشتنەوە یەکدی هەموو شتێکیان لەبیر دەچووەوە.

# بەشی نۆیەم

کاسرین خان لە کوێیە

وا ڕێکەوت لە ڕۆژێکی یەك شەممە بوو، کە کاسرین و هیسکلیف لە ژووری میوانان بە هۆی ژاوەژاویان دوور خرانەوە، کاتێ چووم بۆ نانخواردنی شێوان بانگیان بکەم، شوێنەواریانم نەبینییەوە. لە کۆتاییدا هیندلی بە تووڕەیی تێی گەیاندین، کە دەرگاکان دابخەین و سوێندیشی خوارد، کە لەو شەوە نابێت کەس لێبگەڕێت بێنە ژوورەوە.

هەموویان بۆ نێو پێخەفی خۆیان ڕۆیشتن، بەڵام من تەنگاو ببووم، نەمتوانی بنووم. پەنجەرەی خۆم واڵا کرد و سەری خۆم دەرهێنا، تاکو گوێم لە شتێك ببێت، دوای ماوەیەك خشپەخشپێکی سووکی پێیانم بیست لەسەر ڕێگاوە دەهات. ئەویش تەنیا هیسکلیف بە خۆی بوو. منیش بانگم کرد:

– کاسرین خان لە کوێیە؟ خوا نەکات، چ ڕووی داوە؟

لە وەڵامدا گوتی:

– لە سراشکرۆس غرانجە. لێمگەڕێ با جلە تەڕەکانم دابکەنم، ئینجا هەموو شتێکت پێ دەڵێم.

داوام لێکرد هۆشیار بێت نەوەك بەڕێز بەئاگا بێت، لەدوای ئەمە جلەکانی خۆی لەبەر دەکردەوە و قسەکانی خۆیشی دەکرد و گوتی:

– لەگەڵ کاسی لە ماڵەوە ڕامانکرد، تاکو کاتژمێرێك یا دوو کاتژمێر سەربەستی خۆمان وەربگرین، کاتێ ڕووناکی "غرانج"مان بینی،

ویستمان بچین خێزانی لینتۆن ببینین، تاکو بزانین ئێوارانی شەممە چۆن ڕادەبووێرن. لە پۆپەی "بەرزاییەکان"ەوە بۆ "بارک" بە بێ وەستان غارمان دا. کاسرین لە پێشبرکێیەکەدا بە تەواوی بەزی، چونکە پێخواس بوو، دەبێ سبەی لە گۆمەکە لە پێڵاوەکەی خۆی بگەڕێت. بەسەر شوورە مەزنەکەدا خشاین لە گوڵدانۆگەیەکی ژێر پەنجەرە وەستاین، خۆمان لە پەردەی سەرەوەی پەنجەرەکە، تاکو لای خوارەوە بەرز کردەوە و توانیمان ژوورێکی زۆر خۆش ببینین. ئای کە چەند خۆشبوو، کورسییەکان بە سوور پەردەپۆش کرابوون. چەند مێز و ڕایەخێکی سووری تێدابوو. ساپیتەیەکی ئێجگار سپی بە ئاڵتوون نەخش کرابوو، چلچرایەك بە دانکەی شووشەیی بە زنجیرێکی لە زیو پێوە هەڵواسرابوو، بە ڕووناکییەکی کەم و هێمن دەترووسکایەوە. ئەدغار و خوشکەکەی بە تەنیا بوون، ئەی نابێ ئەوانە بەختەوەر بن؟ بە مەزندەی تۆ دەبێ ئەوانە چییان دەکرد؟ ئیزابێللا –وابزانم ئەمە یانزە ساڵانە– ئەو کچە لە لایەکی ژوورەکە ڕاوەستابوو و دادوفیغانی بوو و ئەدغاریش لە نزیك ئاگر ڕاوەستابوو و دەگریا. لە ناوەندی مێزەکەش سەگێکی بچووك وەرکەوتبوو. وادیاربوو، وەکو ئەوەی بڵێی لەوانەبوو دوو کەرت کرابوو. ئەمە خۆشییەکەمان بوو، لەسەر شتە تێکوپێك شکاوەکان پێکەنین، ئایا تۆ لەو بڕوایەیت، کە ئەوەی کاسرین دەیەوێت من حەز بکەم بەدەستی بهێنم؟ من بارودۆخی خۆم لێرە بە بارودۆخی ئەدغار لینتۆن لە سراشکرۆس غرانج ناگۆڕمەوە، تاکو ئەگەر بەرانبەر هەزار ژیانیش بێت.

منیش قسەم پێ بڕی و گوتم:

- بە هێمنی قسە بکە! تۆ تاکو ئێستا بە منت نەگوت کاسرین چۆن لەوێ مایەوە؟

لە وەڵامدا گوتی:

- پێم گوتی ئێمە تێر پێکەنین، هەردوو کوڕەکانی لینتۆن دەنگمانیان بیست و دەستیان بە بانگکردنی دایك و باوکیان کرد و ئیدی بۆ ئەوەی پتر بیانترسێنین، دەنگەدەنگی سەیر و ترسناکمان لە خۆمانەوە دێنا. ئینجا لە لایەکی پەنجەرەکە دابەزینە خوارەوە، چونکە یەکێك بۆ دەرەوە هات، دەستی کاسیم گرت و هانمدا پەلە بکات. ئیدی لە ناکاو بەربووەوە. ئەوانیش سەگی پاسەوانیان بەڕەڵلاّ کرد و پاژنەی کاسی گرت. هاواری نەکرد، نەخێر، بەڵکو گاڵتەی پێهات وا بکات، بەردێکم دەستدایێ و بۆ نێوان هەردوو شەوێلاکم پاڵدا، بەڵام مایەوە و پێیەوە نووسابوو. یەکێك لە خزمەتکارەکان دەرچوو سەگەکەی دوورخستەوە، ئینجا کاسی هەڵگرت، حاڵی پەریشان بوو، لە ترسان نا، بەڵکو دڵنیابووم لەبەر ئێش و ئازاری پاژنەی بوو. بەڕێز لینتۆن لە ژوورەوە بانگی کرد:

- رۆبێرت کێت گرت؟

ئەویش گوتی:

- گەورەم کچێکی بچکۆلانەیە، هەرزەکارێکیش لێرەیە بە دزان دەچێت.

دوای ئەوەی منیشی گرت، گوتی:

- گەورەم، بەڕێز لینتۆن، تکام وایە تفەنگەکەت بە سواری بهێڵیتەوە.

بۆ ژێر ڕووناکی ڕایکێشام، خاتوو لینتۆن چاوێلکەکەی لەسەر لووتی خۆی دانا و لە ترسان هەردوو دەستەکانی خۆی بەرز کردەوە. هەردوو منداڵە ترسنۆکەکان بۆ نزیک ئێمە خشان و ئیزابێللا هاواری کرد: باوکە بەندی کە، ئەوە تەواو پێدەچێت کوڕە قەرەجەکە بێت، کە چۆلەکەکەی منی دزی. لەو ساتە کاسی بە هۆش خۆی هاتەوە، قسەکەی دوایی بیست و پێکەنی، ئەو کاتیش ئەدغار ناسییەوە. بە ئەسپایی بە دایکی خۆی گوت:

- ئەمە ئێرنشۆ خانە.

- ئێرنشۆ خان، قسەی قۆڕ. ئێرنشۆ خان لە چۆڵ و بەڕیا، وەکو کچە قەرەج دەگەڕێت! ڕاست دەکەیت، بە تاکید خۆیەتی، قاچی خوێنی لێدێت.

بەڕێز لینتۆن هێمای بۆ کرد و گوتی:

- ئەی ماڵت نەڕمێ، چ برایەکی کەمتەرخەمی هەیە. چۆن لێدەگەڕێت بەم شێوەیە پەروەردە ببێت، ئەی ئەم هاوڕێیەت لە کوێ دۆزیوەتەوە. کوڕێکی بلح و قەڵپ، کە هەرگیز لەگەڵ خێزانی خانەدان ناگونجێت. خۆ گوێتان لە قسە سووک و چرووکەکانی بوو!

دووبارە دەستم بە جوێندان کردەوە. فرمانی بە خزمەتکارەکەدا دەرمبکات. پەردەی پەنجەرە هەندێك بۆ لایەك ڕاکێشرابوو، ڕاوەستام سەیرم کرد، ئەگەر کاسرین حەزی بکردایە بگەڕێتەوە و ئەوان نەیانهێشتبایە دەربچێت، هەڵبەتە شووشەی پەنجەرەکەم دەشکاند. بە هێمنی لەسەر کورسییەك دانیشت، کارەکەرەکەشی تەشتە ئاوێکی شیرتێنی ئامادە کرد و هەردوو پێیەکانی شۆری. ئینجا بەڕێز لینتۆن خواردنەوەیەکی گەرمی پێشکەش کرد و ئیزابێللاش قاپێکی

پڕ پسکویتی بۆ لەسەر هەردوو چۆکەکانی دانا، لەدوای ئەمە قژە جوانەکەیان بۆ وشك کردەوە و ڕێکیان خستەوە و لە نزیك ئاگردان دایان نیشاند. لەو پەری خۆشییەوە وازم لێهێنا، کە بلێسەیەك لە ژیان لە چاوە شینە غەمگینەکەی بنەماڵەی لینتۆن هەڵگیرسا. سەرنجم دایی، کەچ هەستێکی گەوجانە بەسەر ئەوانەدا سەپا، چونکە ئەو کچە لەوانە زۆر جوانتر و دلگرتر بوو، لە هەموو کەسێکی سەر ڕووی زەوی جوانتر و خوێن شیرینتر بوو، وا نییە؟

منیش گوتم:

– کاك هیسکلیف، کاتێ بەڕێز هیندلی بەمە دەزانێت گیروگرفتمان بۆ دروست دەبێت.

ئەو قسانەی من لەوەی مەزندەم بۆ دەکرد کاریگەرتر بوو، هیندلی زۆر تووڕە بوو، بۆ ڕۆژی پاشتر بەڕێز هیندلی سەردانی کردین و قسەی بۆ بەڕێز گەنجەکە کرد، کە بەرانبەر خوشکەکەی چ بەرپرسێتی لە ئەستۆدایە. لە ئەنجامی ئەمەدا، هیسکلیف ئاگادار کرایەوە، کە ئەگەر جاریکی دی لەگەڵ کاسریندا بدوێت، دەردەکرێت.

# بەشی دەیەم

## شکۆدارییەکی نابڕووچوو

کاسرین ماوەی پێنج هەفتە، تاکو جەژنی لە دایکبوون لە سراشکرۆس غرانج مایەوە. لەو ماوەیە پاژنەی چاك بیووەوە و خوڕەوشتیشی باش ببوو. فێری لەبەرکردنی جلوبەرگی جوان و ڕێزلێنان ببوو. لە جیاتی منداڵێکی سەرکێش و بێ ڕەوشت، کە شەبقەی لەسەر نەدەکرد و بۆ ماڵەوە ڕووە و ئێمە بەتاو غاری دەدا، لەسەر ئەسپێکی ڕەشی بچووك بە نازداری دابەزی، جلوبەرگێکی ڕێك و جوانی لەبەر کردبوو، وا دیاربوو گرنگییەکی ئێجگار زۆری بە شێوە و هەندامی خۆی دابوو. هیندلی لەسەر ئەسپەکە بڵندی کرد و بە دڵخۆشییەوە گوتی:

– کاسی ئەمە چییە؟ تۆ نیشانەیەکی ئەوپەڕی جوانیت! ئێستا بە خانمان دەچیت.

سەگەکان بۆ پێشوازی بە بازدان هاتن، بەڵام نەوێران لەپی دەستی خۆیانی بدەنێ لە ترسی ئەوەی، نەوەکو کراسە گرانبەهایەکەی پیس ببێت. بە هۆشیارییەوە ماچی کردم، چونکە من لەبەر ئامادەکردنی کێکی جەژنی لە دایکبوون هەموو دەست و پەلم بە ئارد پیس ببوو. ئینجا بەدوای هیسکلیفدا دەستی بە گەڕان و سووڕان کرد.

لە سەرەتادا نەیتوانی بیدۆزێتەوە، لەوەتەی کاسی بزر ببوو، لە جاران زۆر پتر پشت گوێ خرابوو. جگە لە من کەسی دی نەبوو تاکو داوای خۆشۆرینیشی لێبکات. جلوبەرگەکانی بەری ماوەیەکی دووروودرێژ بوو لەنێو قوڕ و تۆزدا پیس

ببوون، قژی بە تۆزوخۆڵ بوو و دەموچاو و هەردوو دەستەکانی پێویستیان بە ئاو و سابوون هەبوو.

ئیتر، هۆیەکی گەورە و گرنگی بۆ خۆشاردنەوەکە بەدەستەوەبوو، بەڕێز هیندلی بۆ ئەوەی چێژ لە سووکایەتی پێکردنەکەی وەربگرێت، بە دەنگی بەرز بانگی کرد:

– هیسکلیف، دەتوانیت ئامادە بیت. دەتوانیت بێیت و وەکو گشت خزمەتکارەکان بەخێرهاتن لە خاتوو کاسرین بکەیت.

کاسی خێرا چوو حەوت یا هەشت جار گۆنای هاوڕێیەکەی خۆی ماچ کرد و یەك دوو هەنگاو لێی دوورکەوتەوە و لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی:

– تۆ زۆر ڕەش و پیس دیاریت! لەوانەیە هۆی ئەمە لە لایەن ئەدغار و ئیزابێللا ئاسایی بێت.

هیندلی بە دەنگێکی قەڵەوی خۆزلکردنەوە گوتی:

– ئەی هیسکلیف تۆقەی لەگەڵ بکە.

بەڵام شەرم و خودبەرزی هەرزەکارەکە بە بێ جووڵە هێشتییەوە، ئینجا لە کۆتاییدا گوتی:

– ڕاوەناستم، تاکو ببمە مایەی پێکەنین.

خەریکبوو لە بازنەکە دەکشایەوە ئەگەر خاتوو کاسی دووبارە نەیگرتایە و گوتی:

– مەبەستم نەبوو گاڵتەت پێبکەم، شتەکە هەمووی ئەوە بوو، کە تۆ زۆر سەیر دیاریت، تۆ ئێجگار پیس و پۆخڵیت!

ئینجا بە نیگەرانییەوە لە جلوبەرگەکەی خۆی ڕاما، لەوە ترسا، نەوەکو پیسی کردبێت... ئەویش لە نیگای چاوی ڕاما و لە وەڵامدا گوتی:

- تۆ پێویست بە دەستلێدانی من نیت، من بەخۆم حەز دەکەم پیس و پۆخڵ بم.

لە دوای ئەمە لە ژوورەکە دەرپەڕی خانەوادەم و خانمەکەم بەدواییدا پێکەنین. کاسی زۆر بێزار بوو و نەیتوانی لە هەڵسوکەوتە ناشیرینەکەی تێبگات.

ئێمە لە شەوی پێش جەژنی لە دایکبووندا بووین، جۆزێف بۆ نوێژکردن ڕۆیشت. بەتەنیا لە چێشتخانە دانیشتم بیرم لە خانەوادە کۆنەکەی خۆم دەکردەوە، کە چۆن بەزەیی بە من دەهاتەوە و لەو بیرکردنەوانە هاتمە سەر ئەوەی، کە ئەو پیاوە بۆ هیسکلیف چەند بە پەرۆش بوو، لەوە دەترسا، کە ئەو مێردمنداڵە لەدوای مردنی پشتگوێ بخرێت.

کاسرین لە ژووری میوانان لەگەڵ براکەی و براژنەکەی خۆی دانیشتبوو، سەیری ئەو دیارییانەی دەکرد، کە براکەی بۆی کڕیبوو، تاکو پێشکەش بە خێزانی لینتۆن بکات. لە تەویلە چاوم بە هیسکلیف کەوت، منیش پێم گوت:

- هیسکلیف خێراکە، لێم گەڕێ بەر لەوەی خاتوو کاسی دەرچێت با جلوبەرگ و شێوەت ڕێکبخەم. دەتوانن پێکەوە لە نزیک ئاگردان لە چێشتخانە دانیشن، تاکو وەختی نووستن بۆ خۆتان زۆر قسە بکەن.

بەڵام کوڕەکە لە ئیشەکەی خۆی بەردەوام بوو و سەری خۆی قیت نەکردەوە، کاسی تاکو درەنگی شەو لەبەر هاوڕێیە نوێیەکانی مایەوە ئەوانەی بۆ ڕۆژی پاشتر سەردانیان دەکرد، جارێك بۆ چێشتخانە هات، تاکو قسە لەگەڵ هاوڕێیە کۆنەکەی خۆی بکات، بەڵام کوڕە لاوەکە لەوێ نەبوو.

# بەشی یانزەهەم

## دەعوەتکاری

هیسکلیف بۆ ڕۆژی پاشتر زوو لە خەوهەڵسا و لەبەر ئەوەی ڕۆژی پشوو بوو، بە میزاجە خراپەکەی خۆی بۆ چۆڵوبەڕیا ڕۆیشت، تاکو لەوێ کاتی خۆی بەسەر بەرێت و بە دیارنەکەوتەوە تەنیا دوای ئەوە نەبێت کە ئەندامانی خێزانەکە بۆ کلیسا ڕۆیشتن. لەدوای ئەمە وا دیاربوو بارودۆخی چاکتر ببوو. ماوەیەك لە تەنیشتم ڕاوەستا، ئینجا دوای ئەوە خۆی گرد کردەوە و گوتی:

- نیلی، خاوێنم بکەوە، باش دەبم.

گوتم:

- ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بە چاکی بجوولێیتەوە، تۆ هەستی کاسرینت بریندار کرد. تۆ زۆر لەخۆباییت، ئەگەر شەرم لە هەڵسوکەوتی خۆت دەکەیت، پێویستە داوای لێبووردن بکەیت. ئەگەرچی من دەبێ خۆراکیش ئامادە بکەم، بەڵام بۆ ڕێکوپێك کردنت ماوەم هەر دەبێت، کە وا لە ئەدغار لینتۆن بکەم لە پێشت وەکو منداڵی لێبێت. تۆ لەوی بچووکتری، بەڵام درێژتری و شانەکانت دووهێندە لەوی بەرینترە. هەمیشە تۆ دەتوانیت بە چاونرووقانێك بەسەریدا زاڵ بیت.

سیمای هیسکلیف دەمێك گەشایەوە، ئینجا دووبارە ڕوو گرژومۆن بووەوە.

- بەڵام نیلی ئەمە وای لێناکات لە من جوانتر نەبێت، خۆزگە قژێکی سووك و سیمایەکی جوانم دەبوو، خۆزگە وەکو ئەویش دەوڵەمەند و قیت و قۆز دەبووم.

منیش لە درێژەی قسەکەی ئەودا گوتم:

- بانگی دایەم دەکرد و بە درێژایی ڕۆژێ لە ماڵەوە پاڵم دەدایەوە و خۆم لە باران دەپاراست! ئۆی هیسکلیف، تۆ وا دیارە بە جاریك ورەت ڕووخاوە. ئێستا سەیری ئاوێنە بکە و پێم بڵێ ئەگەر خۆت بە جوانی نابینیت، دوای ئەوەی خۆت شۆری و قژت داهێنا و سنوورت بۆ میزاجی خراپی خۆت دانا، هەموو ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەوەیە، کە باوکت لە وڵاتە دوورەکاندا پاشا بوو، دایکیشت شازادە بوو. دەریاوانە جەربەزەکان تۆیان گرت و بۆ ئینگلتەرەیان هێناویت.

بەم شێوەیە قسەم بۆ کرد، ئیدی هیسکلیف بە دیارکەوت کە زۆر دڵخۆش بوو، لەو وەختەش لە ناکاو دەنگی چەند پێچکەیەك قسەی ئێمەی بڕی، کە بە ڕێگاوە دەهات و لە حەوشە دەهاتە ژوورەوە. لە پەنجەرەوە بەڕێز و خاتوو لینتۆنمان بینی لە گالیسکەکەی خێزان دادەبەزین. خۆیان بە کەوڵ پێچابوو، بەڕێز ئێرنشۆ و خێزانەکەی لە ئەسپەکانی خۆیان دابەزین. کاسرینیش دەستی هەر یەك لە منداڵەکانی گرت و لە ماڵەکە بردنیانە ژوورەوە.

هاوڕێیەکەی خۆم هاندا، کە بچێت و هەڵسوکەوتە چاکەکانی خۆی نیشان بدات، بەڵام لە بەدبەختی خۆی، کاتێ ئەو دەرگایەی کردەوە کە لە چێشتخانەوە بۆ دەرەوە دەچوو، هیندلیش لە دیوەکەی دی دەیکردەوە، ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە. کاتێ بەڕێز چاوی بە خاوێنی و پوختەییەکەی کەوت، قێزی لێکردەوە یا لەوانەبوو قسەکانی بەڕێز لینتۆنی بە بیر هاتەوە، بۆ دواوە بە توندی پاڵی پێوەنا و فرمانی بە جۆزێف دا بۆ نهۆمی سەرەوە بینێرێت، تاکو نانخواردن تەواو دەبێت، ئینجا دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

– ئەی قەرەج دوورکەوە! ئەمە چییە؟ دەتەوێت خۆت وەکو ئەوانە لێ بکەیت، کە لە تۆ ماقوولترن؟ ڕاوەستە تاکو قژە داهێنراوەکەت بگرم و سەیرکە ئەگەر گرێی لێنەدەم چۆن درێژتر دەبێتەوە!

ئەدغار لینتۆن لە باهۆی دەرگا گوتی:

– ئەوە تەواو درێژە، وەکو مووی ولاغ.

سروشتە توند و تیژەکەی هیسکلیف لەوەدا نەبوو بەو سووکایەتی پێکردنە لە کەسێك بە خۆی ببۆغزێنێت خۆی لێ بێدەنگ بکات، بە تایبەتیش کە ئێستا دوژمنیەتی، قاپێك لە سەلاتەی سێوی گەرمی دەستدایێ و یەکسەر بە دەموچاوی قسەکەری دا. ئەدغار دەستی بە گریان کرد، ئیزابیللا و کاسرین بۆ ژوورەوە غاریان دا. بەرێز هیندلی هیسکلیفی بۆ دەرەوە ڕاکێشا. ئیدی پەشتەماڵێکم لە چێشتخانە دەستدایێ و دەم و لوتی ئەدغارم بە توندی سڕییەوە، کاسی ڕاوەستا و لەوەی ڕوویدا شێواو و ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، ئینجا بە ئەدغاری گوت:

– تۆ نەدەبوایە قسەی پێ بڵێیت، چونکە ئێستا لێدانی پێدەکەوێت. منیش بەرگەی ئەمە ناگرم! ناتوانم نانەکەم بخۆم.

گەنجەکەش بە گریانەوە گوتی:

– قسەم پێ نەگوت، بەڵێنم بە دایە دابوو، کە هیچ قسەیەکی لەگەڵدا نەکەم.

کاسرین بە گاڵتە پێکردنەوە گوتی:

– باشە مەگری، خۆ نەیکوشتی، بیرەوە، ئا ئەوە برام هاتەوە.

هەردوو میوانە بچکۆلەکان کاتێ داوەتکارییەکەیان بینی، میزاجە خۆشەکەیان گەڕایەوە. هەردووکیان لەدوای گەشتەکە ماندوو ببوون، چ ئازارێکی بەڕاستیشی پێ نەگەیبوو، لە لای مێزەکە لە دواوەی کورسی خاتوو چاوەڕێم کرد، کاسی پارووێیکی بۆ دەمی خۆی بڵند کرد، هێندەی نەبرد دووبارە گەڕاندییەوە. ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕابوون و فرمێسك بە سەریاندا دەهاتە خوارەوە. کەوچکەکەی خێرا هەڵدایە سەر زەوی و خۆی چەماندەوە ژێر ڕووپۆشی مێزەکە، تاکو هەستی خۆی بشارێتەوە، ئیدی بە درێژایی ئەو ڕۆژە بە غەمگینی مایەوە.

بۆ ئێوارێ سەمامان کرد، کاسی بۆ بەرەڵڵاکردنی هیسکلیف پاڕایەوە، کە بەڕێز زیندانی کردبوو. کەچی ئیزابێللا کەسی بەدەستەوە نەبوو سەمای پێ بکات، بەڵام قسەکەی بە فیڕۆ چوو، دەبوایە من شوێنەکە پڕ بکەمەوە. بە گشتی تیپێك لە پانزە بژەن و هەندێ لە بێژەن خۆشییەکەمانیان بەچۆشتر کردبوو - خاتوو ئێرنشۆ کچە جحێڵە مۆسیقا ژەنەکەی زۆر بەدڵ بوو. ئەوانیش زۆر گۆرانیان بۆ گوتین و زۆر مۆسیقاشیان بۆ ژەندین.

هەمیشە کاسرینیش پێی خۆش بوو، بەڵام گوتی لە سەرەوەی پەیژە دەنگەکان خۆشتر دێنە بەرگوێ. بە تاریکی بەسەرکەوت و منیش بەدواییدا چووم. ئینجا بێ ئەوەی هەست بە بزربوونی ئێمە بکەن، دەرگایان لە خوارەوە داخست. کاسی لە سەرەوەی پەیژەکە ڕانەوەستا، بەڵکو بۆ سەرەوەی خانووەکە بەسەرکەوت بۆ ئەو شوێنەی هیسکلیفی تێدابوو، ئیدی لەودیو دەرگاوە قسەی بۆ دەکرد.

کاتێ گۆرانی بێژەکان تەواو بوون، چووم هۆشیاری بکەمەوە، لە جیاتی ئەوەی لە دەرەوە بیبینم، دەنگیم لە ژوورەوە بیست. ئەو کچە منداڵە ئاژاوەچییە بە پەنجەرەیەکی بچووك لە ساپیتەوە خۆی خزاندبوو، ئینجا بە درێژایی پەیژەکەی

دەرەوەشدا هاتبوو، لەو دیوەش لە پەنجەرەی بۆ زیندانەکەی هیسکلیف دەچوو، چووبووە ژوورەوە، زۆر بەزەحمەت توانیم دڵی نەرم بکەم، کە بێتە دەرەوە. کاتێ هاتە دەرەوە، هیسکلیفیشی لەگەڵدابوو.

پێم گوتن، کە من نامەوێت هانی فرۆفێڵەکەیان بدەم، بەڵام لەبەر ئەوەی هیسکلیف لەوەتەی نانی شێوانی دوێنێوە هەرگیز خواردەمەنی بەدەم نەکەوتبوو، بۆیە بۆ یەك جار چاو لەوە دەپۆشم، کە فێڵێ لە بەڕێز هیندلی بکات. هیسکلیف بۆ خوارەوە دابەزی، منیش لە چێشتخانە لە نزیك ئاگردان کورسییەکم بۆ دانا. ئەو لەرولاواز و چروساوەیە نەیتوانی هێندە خواردەمەنی بخوات، تەنیا برێکی کەم نەبێت.

دانیشت و سەری خۆی خستە نێو لەپی هەردوو دەستەکانی خۆی و بە بێدەنگی مایەوە. کاتێ لێم پرسی بیر لە چی دەکاتەوە، لە وەڵامدا گوتی:

- بیر لەوە دەکەمەوە چۆن دەتوانم تۆڵە لە هیندلی بکەمەوە. گرنگ نییە چاوەڕوانی من چەند درێژە دەکێشێت، چونکە من هەرگیز لە کۆتاییدا ئەم تۆڵەیەی لێدەکەمەوە.

# بەشی دوانزەهەم

## کەسێکی دوانە

لە بەیانی ڕۆژێکی ڕەوشەن لە مانگی حوزەیران/ یۆنیۆی ساڵی ١٧٧٨، هاریتۆنی دواترین ئەندام لە بنەماڵەی ڕەسەنی ئێرنشۆ لە دایکبوو. کوڕێکی ژیکەلە بوو، بەڵام دکتۆر گوتی کە دایکی ماوەی چەند مانگێکی دوورودرێژە لە سییەکانییەوە تووشی نەخۆشییەك بووە، ماوەیەکی زۆر ناژیت. بەڕێز هیندلی ڕەتی دایەوە، کە ئەمە بڕوا بکات، بەڵام شەوێکیان کاتێ ئەو ژنە لەسەر شانی مێردەکەی پاڵی دابووەوە، تووشی کارەساتێك لە کۆخە بوو، لە نێوان هەردوو باسکی بلّندی کرد و هەردوو دەستەکانی خستە دەوری ملی خۆی و سیمای دەموچاوی تێکچوو، ئینجا گیانی لە دەست دا.

واز لە هاریتۆنی منداڵ هێندرا، کە بە تەواوی لە لای من بمێنێتەوە، کەچی باوکەکەی ئەمەی پێخۆش بوو، چونکە تەندروستییەکی چاکی هەبوو و گوێی لە گریانەکەشی نەدەبوو. کەچی دەربارەی ئەو پیاوە، ئەویش غەمگین بوو. لەنێو دڵیدا چ تروسکاییەك نەبوو، تەنیا بۆ خێزانەکەی و خودی خۆی نەبێت. نەشیتوانی بەرگەی زەرەرەکە بگرێت. هەرگیز دڵۆپی فرمێسکی نەڕشت، بەڵکو ژیانێکی سەختی بۆ خۆی هەڵبژارد.

خزمەتکارەکان بە گشتی بەجێیان هێشت و کەس نەما جگە لە من و جۆزێف نەبێت. قەشەش سەردانەکانی خۆی بۆ ئێمە ڕاگرت، لە کۆتاییدا کەس لەوانەی

خانەدان بوون لە ئێمە نزیك نەبوونەوە، جگە لە ئەدغار لینتۆن نەبێت، کە ئەویش بۆ ڕێزلێنانی کاسی دەهات.

هێندەی پێنەچوو کاسی لە تەمەنی پانزە ساڵیدا بەسەر خەڵکی ناوچەکە لە گوندی بووە شازادە. کچێکی لەخۆبایی و ویست بەهێز بوو، بەڵام زۆر دڵسۆز و بە ئەمەك بوو. هیسکلیف خۆی بەسەر هەست و دەروونیدا سەپاندبوو، بەڵام بێ ئەوەی هەستی ڕاستەقینەی خۆی بگۆڕێت، کەچی لینتۆن سەرەڕای خاوەن دەسەڵاتییەکەی خۆی ، بەڵام زەحمەت بوو بۆی کە وەکو ئەو بتوانێت بەرانبەر کچەکە هەستێکی بەهێز دەربڕێت.

هەڵبەتە کاسی کاتێ ئامادەبوونی بنەماڵەی لینتۆن هەستە توندوتیژەکەی خۆی بەدیار نەدەخست، بەڵام لەو کاتانەی بە ڕووخۆشییەکی پتر پێشوازی دەکرا لە کارە بەدەکانی خۆی هەستی بە شەرمەزاری دەکرد. هەمیشە هەوڵی بەرزخوازی دەدا، هەر ئەمەش بوو وای لێکردبوو، کە بۆ خودی خۆی کەسێتییەکی دوانە وەرگرێت. خانم و بەڕێز لینتۆن بە شێوازە ناسکەکانی لە خشتە چوون، خۆشیانویست، هەروەها وایکرد ئیزابێللاش پێی سەرمەست بێت، دڵ و دەرونی برایەکەشی بۆ خۆی ڕاکێشا.

بەڕێز هیندلی دوای نێوەڕۆی ڕۆژێکیان لە ماڵەوە دەرچوو، هیسکلیفیش پشوویەکی لە ئیشێی بەخۆی دا. ئەو کاتەش تەمەنی گەیشتبووە شانزە ساڵان. ئەو کاتەش هەڵبەتە خوێندنی ساڵە زووەکانی لەبیر چووبووەوە. ئەو هەستە بە تەوژمەی منداڵێتیشی لەدەستدابوو، کە لەو بەختەی لەدەست بەڕێز ئێرنشۆی باوك بەدەستی کەوتبوو. هەوڵێکی زۆری دا لە وانەکانی لە تەك کاسریندا بێت و بەدوا نەکەوێت، بەڵام هێندەی نەبرد بە تەواوی ملی خۆی بۆ پەشیمانی شۆڕ

کرد، کە خۆی بینیەوە دەبێ بە ناچاری لە ئاستی جارانی پتر دابەزێت. ئینجا دیمەنی ڕەنگدانەوەی بارودۆخە فیکرییەکەی تێکەوت. هەڵسان و پێ هەڵێنانی سست و بێهێز بوو و باوەڕی بەخود لاواز ببوو. مەگەر بە دەگمەن نەبووایە، ئەگینا نەدەدوا، ئیدی وای لێهات چێژ لە وروژاندنی ڕك و کینەی ئەوەی بەرانبەر خۆی وەربگرێت.

دوای تەواوبوونی لە ئیش و کارەکەی خۆی لەگەڵ کاسریندا، وەکو دوو هاوڕێی دڵسۆز مایەوە، هەمیشە لەو بۆنەیەشدا، هاتەوەماڵەوە بەدوایدا گەڕا. من لە گژ کچەکەدا بووم کراسەکەم بۆ ڕێکدەخست، کە وایزانی ماڵەکە چۆڵە و تەنیا بۆ ئەو بەجێ هێڵدراوە. بە ئەدغار لینتۆنیشی گوتبوو، کە ئەو وەختە براکەی لە ماڵەوە نابێت. هیسکلیفیش لێی پرسی:

– ئەو کراسە حەریرییە بۆ لەبەر دەکەیت؟ ئومێدوارم کەس بۆ ئێرە نەیێت.

کاسرین بە شپرزەییەوە وەڵامی دایەوە:

– وەکو بزانم نا، بەڵام هیسکلیف ئێستا پێویستە تۆ لە کێڵگەدا بیت.

هەرزەکارەکە وەڵامی دایەوە:

– هیندلی کە لێرە دەبێت هەمیشە لێمان نابوورێت. لەمڕۆوە چی دی کار ناکەم، بەڵکو لەگەڵ تۆدا دەمینێمەوە.

پێیەکی هەڵێنا و ڕووی خۆی لە ئاگردانەکە کرد. کاسرین کاتێکی کەم دوودڵ بوو، ئینجا دوای بێدەنگییەکی کورت گوتی:

- ئیزابێللا و ئەدغار لینتۆن گوتیان هەردووکیان نیازیان وایە دوای نیوەڕۆی ئیمڕۆ سەردانیمان بکەن. بە هۆی ئەم بارانەوەش من پێشبینی هاتنیان ناکەم، بەلاّم لەوانەشە بێن.

گوتی:

- کاسی خان داوا لە ئیلین بکە، کە تۆ لە ماڵەوە نیت، لە پێناو هاوڕێیە کەساسە گەمژەکانت دوورم مەخەرەوە.

کچەکەش گوتی:

- بۆ! پێویست دەکات من هەمیشە لەگەڵ تۆ بمینێمەوە؟ چ قازانج دەکەم؟ تۆ وەکو منداڵێکیت ناتوانیت باسی شتێکم بۆ بکەیت پێی ڕابووێرم .

هیسکلیف بە تووڕەییەکی تەواو دەنگی خۆی هەڵبڕی:

- کاسی، تۆ پێشتر بە منت نەگوتووە، کە من کەمدووم، یا ئەوەتا حەز لە ئاشنایی من ناکەیت!

ئەویش بە بێزارییەوە گوتی:

- ئەمە تەنیا ئاشنابوون نییە، کە خەڵك هیچ شتێك نەزانن و باسی هیچ شتێکیش نەکەن.

هاوڕێکەی هەڵسایەوە سەر پێیان، بەلاّم بۆی نەلوا هەستی خۆی پتر دەربڕێت. لەو ساتە لە ڕێڕەوە بەردینەکە لە دەرەوە دەنگی لۆقەکانی ولاّغ هات، دوای لێدانێکی سووکی دەرگا، لینتۆنی لاو هاتە ژوورەوە. سیمای دەموچاوی لە خۆشییان ڕۆشنایی دەدا.

بێگومان کاسی دوای ئەوەی یەکیان هاتە ژوورەوە و ئەوی دی چووە دەرەوە هەستی بە جیاوازی نێوان هەردوو هاوڕێیەکانی خۆی کرد.

# بەشی سێزدەهەم

## میوانی ڕسواکراو

ئەدگار بە نیگایەك چاوی لە من بڕی و گوتی:

– خێرا ئەهاتم، جێبەجێت کرد؟

کاسرین وەلأمی دایەوە:

– نەخێر. نیلی لێرە چ دەکەیت؟

لە وەلأمدا گوتم:

– خانم ئەمە کاری خۆمە. بەڕێز هیندلی ڕایسپاردووم، کە من لە کاتی هەر سەردانێکی تایبەتی، کە لینتۆنی لاو دەیکات لێرە بم

لە دواوەم نزیك بووەوە و بە ئەسپایی گوتی:

– خۆت و ئیش و کارت بۆ دەرەوە!

بە دەنگێکی بەرز گوتم:

– ئەمە هەلێکی چاکە، کە بەڕێز لە دەرەوەی ماڵەوەیە، ئەم پیاوە کە لە ژوورەوە دەبێت هەڵبەتە پێی ناخۆشە منیش ئیش و کاری خۆم بکەم، بێگومان بەڕێز ئەدگار لێم دەبوورێت.

پەشتەماڵەکەی لە دەستم ڕاکێشا وایزانی کە ئەدگار نایبینێت. نقورچەیەکی توندی لە باسکم دا. زۆر ئازارمی دا، سەرەڕای ئەمەش بە سزادانی لوت بەرزییەکەی پێ خۆشحاڵ بووم. ئیدی لەسەر چۆکان هەڵسامەوە و قیژاندم:

– ئۆی خانم، ئەمە فێڵێکی چەپخوونانەیە! مافی ئەوەت نییە نقورچەم لێبدەیت.

پەنجەکانی خۆی بۆ دووبارەکردنەوەی کردەکە ئامادەکرد و هەردوو گوێیەکانیشی لە توورەییدا سوور هەڵگەڕا بوو و گوتی:

– ئای درۆزن، دەستم لێنەداویت.

قۆڵ و باسکی خۆم لێهەڵماڵی و شوێنەوارەکەم بۆ بەدەرخست و گوتم:

– ئەی ئەمە چییە؟

پێی خۆی لە زەوی دا، بە هاندەرێك کە لە ناخی رۆحە جەربەزەییەکەیدا بوو، زڵلەیەکی لە روومەتم دا. لەگەڵیدا هەردوو چاوم پڕ فرمێسك بوون. ئەدگار بە دووبارەکردنەوەی ئەو هەڵەیەو، درۆ و توندوتیژییەکە زۆر دڵتەنگ و بێزار بوو. هاواری کرد:

– کاسرین، کاسرین!

کەچی هاریتۆنی بچکۆل، کە بۆ هەر کوێیەك دەچووم بەدوام دەکوت و لەسەر زەوی لە نزیك من دادەنیشت، دەستی بە گریان کرد و قسەی بە "پوورە کاسی نەگریس" دەگوت. ئەمەش توورەیی پتر ورووژاند. هەردوو شانی ئەویشی گرت و ئیدی بە توندی هەژاندییەوە، تاکو منداڵەکە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. ئەدگار بە بێ بیرکردنەوە، دەستی گرت تاکو منداڵەکەی لەبەردەست قوتار بکات. ئیدی ساتێکی پێنەچوو دەستێکی بەربوو.

کوڕە لاوە واق وڕماوەکەش هەستی پێکرد ئەوەی بە گوێی خۆی بیستی، کە هیچ گومانی تێدا نەبوو، وەکو بڵێی بۆ گاڵتە پێکردن بوو. میوانە ڕسواکراوەکە بۆ ئەوێ چوو، کە شەبقەکەی خۆی لێ دانابوو، سیمای دەموچاوی پەڕی و هەردوو

لێوەکانی لەرزین. کاسرین بۆ لای دەرگا پێی هەڵێنا و گوتی:

– تۆ بۆ کوێ دەچیت؟

ئەدگاریش لێی پرسی:

– پاش ئەوەی لە منت دا، چۆن دەتوانم بمێنێمەوە

کاسرین بێدەنگ بوو، کوڕەش لە درێژەی قسەکەی خۆیدا گوتی:

– تۆ منت ترساند و وات لە من کرد لە تۆ شەرمەزار ببمەوە. جارێکی دی بۆ ئێرە نایێم.

فرمێسکەکانی کاسرین دەستیان بە بارین کرد. دیسانیش گوتی:

– هەروا تۆ درۆت کرد.

– باشە، ئەگەر دەتەوێت، بڕۆ! بڕۆ دەرەوە! ئێستاکەش دەگریم، دەگریم تاکو تووشی نەخۆشی دەبمەوە.

لە نزیك کورسییەك بەسەر چۆکەکانی خۆیدا کەوت. ئەدگار تاکو حەوشە لەسەر بڕیارەکەی خۆی مایەوە، ئینجا لە پەنجەرەوە لە دواوە ڕاما. ئەو بڕیارەی بۆ ڕۆیشتن، وەکو بڕیاری پشیلەیەکە بۆ دەرچوونی مشکێکی نیمچە کوژراو، یا چۆلەکەیەك هێشتا بە گەروویدا نەچووبێتە خوارەوە، ئاوڕێ دایەوە و دووبارە بۆ ماڵەکە بەتاو ڕۆیشت و دەرگاکەی لەدوای خۆی داخست. پاشان کاتێ چوومە ژوورەوە بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەمەوە، کە بەڕێز ئێرنشۆ خەریکە بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، لە سەرخۆشییا بولادا دەچوو و سەیرم کرد، کە ناکۆکییەکە لە یەکدی نزیك کردوونەتەوە، دیاردەی هاوڕێیەتی لەسەر لابردوون، تاکو دان بەوەدا بنێن، کە هەردووکیان خۆشەویستی یەکترن.

# بەشی چواردەهەم

خۆشەویستە کەسەکان

ئاگادارییەکەم بە گشتی بەڕێز هیندلی ئەدگاری هاندا کە ڕوو لە ولاّغەکەی خۆی بکات و کاسرینیش بۆ ژوورەکەی خۆی. پەلەم کرد، تاکو هاریتۆنی بچکۆل حەشاربدەم و گوللەش لە تفەنگی بەڕێز دەربهێنم، لە ترسی ئەو حاڵەتە ناهەموارەی کە نەوەکو ببێتە هۆی کارەساتێك.

ئێرنشۆ بە بۆڵەبۆڵ هاتە ژوورەوە و لەبەر خۆی جوێنی ناشیرینی دەدا، لەو کاتەی منداڵەکەیم هەڵگرتبوو و دەمویست لەبەرچاوی دوور بخەمەوە، لە ناکاو لێم پەیدا بوو. منداڵەکەی گرت لە ئامێزی کرد و چەند هەنگاوێك لە پەیژەکە بەسەرکەوت، ڕاوەستا و بە لاداچوو سەیری منی دەکرد، کە لە خوارەوە تکام لێدەکرد ئاگاداری خۆی بێت. ئینجا دەنگێك لە خوارەوە هات وایلێکرد بۆ پێشەوە خۆی بچەمێنێتەوە. هاریتۆن لە ناکاو بازی دا و خۆی لە گرتنێك قوتار کرد، کە خووی پێوە گرتبوو و کەوتە خوارەوە. هەر لەو ساتە هیسکلیف گەیشتە ئەوێ و بە جوولەیەکی سروشتی منداڵەکەی گرت و لەسەر پێیان ڕایوەستاند. کاتێ لەسەرەوە ڕاما و زانی، کە ئەوە وای لەخۆ کردووە، کە بەرپرس بێت لەوەی تۆڵەی لێوەرنەگیرێتەوە. هێندە توورەبوو ڕووی گرژ و مۆن هەڵگەڕا.

ئێرنشۆ بە شێوە شەرمێك بە هێدی دابەزییە خوارەوە و بە منی گوت:

- ئەوە هەڵەی تۆیە. دەبوایە تۆ لە چاوی من دووری بکەیتەوە. چ زیانی پێگەیشتووە؟

بە تووڕەیی هاوارم کرد:

- تووشی زیان بووە؟ دەڵێم چۆن دایکی لە گۆڕ هەڵناسێتەوە، تاکو ببینیت چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو منداڵە دەکەیت!

شووشەیەك شەرابی دەستدایێ و هەندێکی لێ لە پەرداخێك کرد، ئارامی لێ بڕا. ئینجا فرمانی پێداین کە بڕۆین.

منداڵەکەم بۆ چێشتخانە هەڵگرت، دانیشتم هێورم دەکردەوە، هەروا وامزانی هیسکلیف بۆ تەویلە چوو، کەچی لەدواییدا بۆم ئاشکرا بوو، کە نەڕۆیشتووە و چووتەوە ئەو دیوی کورسییە پشت بڵندەکەی چێشتخانە، لەوێ دانیشتووە، تاکو کەس نەیبینێت.

من لە کاتێ کاسی سەری خۆی لە دەرگاوە دەرهێنا، لەسەر چۆکی خۆم مەمکم بە هاریتۆن دەدا. چرپاندی و گوتی:

- نیلی تۆ بەتەنیایت؟
- بەڵێ خانم.
- هیسکلیف لە کوێیە؟
- لە تەویلە ئیش و کاری خۆی دەکات.

نەیگوت ئەم کارە ناکات. لەوانەبوو نیوەخەو بردبوویەوە. پاش ئەمە کپییەکی دووروودرێژ پەیدا بوو، دڵۆپە فرمێسکێك لەسەر ڕوومەتی کاسیدا ڕژا. ئینجا لە کۆتاییدا دەنگی خۆی هەڵبڕی و گوتی:

- ئای، من زۆر غەریب و کەساسم!

وەڵامم دایەوە:

- ئەمە جێی خەم و پەژارەیە. قایلکردنی تۆ زەحمەتە، هاورێیەکانت زۆرن و خەمیشت کەمە، لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانیت دڵی خۆت قایل بکەیت.

بە جوانترین شێوە خۆی بە تەنیشتم لار کردەوە و گوتی:

- نیلی، ئایا دەتوانیت نهێنییەکی بپارێزیت؟ دەمەوێت بزانم لەسەر من پێویستە چ بکەم، ئیمرۆ ئەدگار لینتۆن داوای لە من کرد مێردی پێبکەم. پێی قایل بووم، خێراکە و بڵێ ئەگەر من هەڵە بوویم.

- خۆشت دەوێت؟

- کێ دەتوانێت بەرگری ئەمە بکات؟ سروشتییە خۆشم دەوێت.

- کاسی خان، لەبەرچی خۆشت دەوێت؟

- باشە، لەبەر ئەوەی زۆر جوانە، یاوەریشی خۆشە.

- ئەمە خراپە.

- دەوڵەمەند دەبێت و دەمەوێت ببمە مەزنترین ئافرەت لەم ناوچەیە.

- کەواتە بۆچی تۆ غەمگین و مەلوولیت! براکەت بەمە دڵخۆش دەبێت و بڕواش ناکەم کە ئەو دوو پیرە خانم و بەڕێز ناقایل بن. هەمیشە تۆ لە ماڵێکی پڕ ئاژاوە و بێزاری ڕزگار دەبیت و بۆ ماڵێکی دەوڵەمەند و خانەدان دەچیت. ئەدی زەحمەتییەکەی لە کوێ دایە؟

کاسرین لە وەڵامدا گوتی: "لێرە و لێرە!" لەگەڵ قسەکردندا دەستێکی لەسەر نێوچەوانی خۆی دانا و ئەوی دیکەش لەسەر سنگی. هەمدیسان گوتی: " لە هەر کوێیەك ڕۆح خۆی حەشاردابێت، لە ڕۆحی منە لە دڵی منە، من دڵنیام کە من هەڵەم."

لە نزیك من دانیشت، سیمای دەموچاوی پتر غەمگینی تێکەوت و ئیدی دەستەکانی دەستیان بە لەرزین کرد.

– ماق ئەوەم نییە، کە مێرد بە ئەدگار لینتۆن بکەم، ئەگەر برایە بەدکارەکەم هیسکلیفی بۆ ئەو ئاستە نزمە دانەبەزاندایە هەرگیز بیرم بەمە نەدەکردەوە. ئێستا مێردکردنم بە هیسکلیف بۆ من ناشیرین دەبێت، بۆیە نازانێت چەند خۆشم دەوێت، ئەمەش نیلی لەبەر ئەوە نییە، کە جوانە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە لە خودی خۆم پترە.

پێش تەواوبوونی قسەکە سووکە جوولەیەکم بیست، سەری خۆم وەرسووڕاند هیسکلیفم بینی لە کورسییەکە هەڵدەستایەوە و بۆ دەرەوە دەخشا. ئەو کوڕە گوێی لە قسەکان گرتبوو، تاکو ئەوەی گوێی لە کاسرین ببوو کە دەیگوت مێردکردنی من بەو کوڕە ڕێز و لێهاتووییم کەم دەکاتەوە، ئیدی پتر نەمایەوە.

# بەشی پانزەهەم

وێژدانی ئەشکەنجەدراو

داوام لە خانمە یاوەرەکەی خۆم کرد، کە بە ئەسپایی بدووێت. بە تووڕەیی چاوی بەملاو بەولا گێڕا و پرسی:

– لەبەرچی؟

وەڵامم دایەوە:

– جۆزێف لێرەیە، وابزانم ئێستا هیسکلیفیش لەو تەنیشتانەیە.

گوتی:

– ئۆی، مەعقوول نییە لێرە گوێی لە من بووبێت. هاریتۆنم بدەرێ، چونکە تۆ نانی شێوان ئامادە دەکەیت و وازم لێ بێنە لەگەڵ تۆ نانی دەخۆم. دەمەوێت فێڵ لە ویژدانی ئەشکەنجەدراوی خۆم بکەم، بڕواکردن بەوەی، کە هیسکلیف دەربارەی هەستی من هیچ بیرۆکەیەکی نەبێت، هیچ بیرۆکەیەکی بەدەستەوە نەبێت... وا نییە؟ ئەوە نازانێت کەوتنە نێو ئەڤینی چییە؟

وەڵامم دایەوە:

– چ هۆیەك لە گۆڕێدا نییە، لەبەرچی لەسەری پێویست نییە کە بزانێت، هەمیشە دەربارەی تۆ ئەگەر تۆ بەڕاستی ئەو کچە بیت کە ئەو پیاوە هەڵیدەبژێرێت، ئەوە کەساسترین بوونەوەرەکانە لەسەر زەوی، هەر کە دەبیتە خاتوو لینتۆن، ئەو پیاوە خانمە یاوەر و خۆشەویست و هەموو شتێکی لە دەست دەڕوات. ئایا بیرت لەوە کردووەتەوە، کە بە خۆت

چۆن بەرگەی دەستلێکبەردان دەگریت و ئەویش کە لە دنیا بە بێ هاوڕێ بەجێ دەهێڵدرێت چۆن بەرگە دەگریت.

– بە بێ هاوڕێ دەمینێمەوە! ئێمە دەستمان لە یەکدی بەرداوە! نەخێر، تاوەکو من لە ژیاندا ماوم، دەبێ ئەدگار لەو ڕك و قینەیە ڕزگار بکەم، کە بەرانبەر ئەو کوڕە هەیەتی. نیلی، تۆ ئەوە لێکنادەیتەوە کە ئەگەر مێرد بە هیسکلیفیش بکەم ئێمە هەژار و دەستکورت دەبین، کەچی ئەگەر مێرد بە ئەدگار بکەم، دەتوانم یارمەتی هیسکلیف بدەم، کە لە ژیانی خۆیدا بە پێش بکەوێت. وای لێدەکەم لە ژێر دەسەڵاتی براکەم قوتار ببێت.

– بە پارە و پوولی مێردت؟ ئەمە تاکو ئێستا ناشیرینترین هۆیە پێشکەشت کرد، تاکو ببیتە خێزانی لینتۆنی لاو.

– وا نییە! بەڵکو لەوانەیە چاکتر بێت! ئەمە بۆ بەرژەوەندی کەسێکە.... دەربارەی ئەمە ناتوانم شتێك دەربڕم، بەڵام گومانی تێدا نییە، کە تۆ و هەر مرۆڤێك بیر لەوە دەکاتەوە، کە مرۆڤ بوونی هەیە و پێویستە لە سنووری بوونەکەی خۆی تێپەڕێنێت. خەم و پەژارەی هەرەگەورەی من لەو دنیایەدا لە نەداری و دەستکورتی هیسکلیف بوو، بیرکردنەوەی مەزنیشم لە خودی ئەو دایە. ئەگەر هەمو شتێك ورد و خاش ببێت و ئەو بمینێت، لە ژیاندا بەردەوام دەبم. ئەگەر هەموو شتێکیش ماوە و ئەو تێچوو، گەردوون لە من نامۆ دەبێت، خوشەویستی من بۆ ئەدگار وەکو پەلکەکانی دارستانە. ڕۆژگار دەیگۆڕێت، وەکو ئەوەی زستان ڕووەکەکان دەگۆڕێت. کەچی خۆشەویستیم بۆ هیسکلیف، وەکو نمونەی

تاوێره چەسپاوەکانە. سەرچاوەی سووکە خۆشییەکی ناتەواوە، بەڵام بۆ دەروونم پێویستە. نیلی، من هیسکلیفم! ئەوە هەموو ساتێك لە بیر و هۆشی مندایە، نەوەکو خۆشی خەیاڵ پلاوی، بەڵکو وەکو بەشێك لە خودی من.

– خانم ئەگەر بۆم بلوێت بیرۆکەیەك لەو قسە بەتاڵانەت هەڵێنجم، ئەمە وام لێدەکات بێمە سەر ئەو باوەڕەی، کە تۆ دەربارەی ئەو پەیوەستانە هیچ شتێك نازانیت کە دەبێت بەرانبەر بە مێردکردنی خۆت ڕەچاویان بکەیت، یا ئەوەتا تۆ کچێکی دەروون ڕەشیت.

ئیدی لێرە هاتنە ژوورەوەی جۆزێف وتوێژەکەمانی بڕی. چەند کاتژمێرێك بەسەرچوو و هیچ شوێنەوارێکی هیسکلیف بەدیار نەکەوت. نیگەرانی لە کاسرین بەدیارکەوت، بەتایبەتی کاتێ پێم گوت، کە هیسکلیف بەڕاستی بەشێکی زۆر لە قسەکان گوێ لێبووە... ئەویش گوتی:

– دەبێ لە کوێ بێت؟ من چیم پێ گوت؟ لە بیرم چوو. ئایا ئەو میزاجە خراپەی دوای نیوەڕۆی ئیمڕۆی من بێزاری کرد؟ ئای خۆزگە دەهاتەوە.

ئەو وەختە ئێوارێیەکی ئەنگوستەچاوی شەوەکانی کژی هاوین بوو، دەوروبەری نیوەشەو دەبوو، کاتێ هەردووکمان دانیشتبووین، بایەکی توند بەسەر بەرزاییەکاندا هات، بایەکە تا دەهات توندتر دەبوو. هەورگرمانی و بروسك ڕۆشناییدا درەختێك لە سووچی بینایەکە قلیشایەوە و بەشێکی لە دووکەڵهەڵکێشەکەی ڕۆژهەڵات ڕماند.

کاسرین لە دەرەوە لەبەر دەرگا مایەوە چاوەڕێی هیسکلیفی دەکرد، هەستی خۆی لێراگرتبوو و بێ ئەوەی گوێ بە کەشوهەوا بدات بانگی دەکرد، تاکو هەموو

گیانی تەڕ بوو. نەیویست شتومەکە تەڕبووەکانی خۆی داکەنێت، بۆ بەیانی بینیمەوە هێشتا لە نزیك ئاگردان دانیشتبوو. هەموو گیانی وەکو بیی نێو ئاو دەلەرزی بێ ئەوەی بتوانێت خودی خۆی پێ بگیرێت. هیندلی داوای لێکردم بۆ نێو چەرپا بیگوێزمەوە.

هەرگیز ئەو دیمەنەم لەبیر ناچێتەوە، کاتێ گەیشتینە ژوورەکەی ئەو کچە، زۆر ترساندمی، وامزانی عەقڵی خۆی لە دەست داوە، تکام لە جۆزێف کرد کە بە پەلە داوای دکتۆر بکات. ئەوە سەرەتای گرانەتایەکی توند بوو. دکتۆر تێی گەیاندین، کە نەخۆشییەکەی لە حاڵەتێکی مەترسیدایە، پێی گوتم شڵەی بدەمێ و ئاگادار بم نەوەکو خۆی لە پەنجەرەوە هەڵبدات. لەدوای ئەمە ڕۆیشت، چونکە زۆر ئیش و کاری لە ناوچەکەدا هەبوو، دەبوایە جێبەجێیان بکات. ماڵەکانی ناوچەکەش زۆر لە یەکدی دوور بوون.

نە من ئەو ئافرەتە نەخۆشەوانە ڕووخۆشە بووم، نەجۆزێف یا بەڕێزیش لە من چاکتر بوون. کاسی خان ماندوو بوو و زەحمەت بوو وەکو هەر کەسێکی نەخۆش لەگەڵیدا گوزەران بکەیت. خانم لینتۆنی پیرێژن چەند جار سەردانی کردین، کاتێ کاسرین خەریکبوو بەرەو چاکبوونەوە دەچوو، لەگەڵ خۆمدا بۆ سراشکرۆس غرانجم برد. ئەو خانمە بەسەزمانە ماف خۆی بوو، کە لەو دەستپێشخەرییە چاکەی ئێمە ڕووی پەشیمانی بنوێنێت، چونکە خۆی و مێردەکەی گرانەتایان گرت و هێندەی نەبرد، کە ماوەیەکی کەمیان لە نێواندا بوو هەردووکیان گیانیان لەدەست دا.

خانمە بچکۆلەکەمان بە لەخۆباییەکی پتر و بە مێزاجێکی توندتر لە جاران گەڕایەوە لامان. ئێمەش لەو ئێوارێیە بەو باو و هەورەتریشقەیە هەرگیز هیچمان

ـە هیسکلیف نەبیستبوو. ڕۆژێکیان لە بەدبەختی خۆم، لە بزربوونی ئەو کوڕە کچەکەم خەتابار کرد، ئینجا دەبوایە گلەیی و گازاندەی لێ بکرێت. ئیتر لەو ساتەوە بە درێژایی چەند مانگ قسەی لەگەڵ من نەدەکرد، تەنیا بە سیفەتی کارەکەر نەبێت.

ئێستا خۆی بە ئافرەت لە قەڵەم دەدا و لەسەر ئێمەش خانم. وا تێگەیی، کە نەخۆشییەکەی دوایی پێویست بوو کە ئێمە بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگی پێ بدەین. دکتۆر ئەوەی بۆ ئێمە ڕوون کردەوە، کە ئەو کچە بەرگەی ئەوانە ناگرێت، کە سەرپێچی ئارەزووەکانی دەکەن. پێویستە بە شێوازی تایبەتی خۆی بژیت. ئیدی لە هەر کار و کردەوەیەکدا کەس نەوێرا دەست درێژییەکی لەسەردا بکات. برایەکەی لەو هەڕەشە ترسناکانەی، کە هەندێ جار لە کاتی تووڕەبوونیدا تووشی دەبوو ترسێکی بێ شوماری لێ نیشتبوو, ئەویش ڕێگەی بە هەموو شتێك دا، کە دڵی ئەو کچەی خۆش دەکرد، تاکو خۆی لە وروژاندنی میزاجە توندوتیژەکەی بپارێزێت.

دوای مردنی باوکی بە سێ ساڵ، ئەدگار لینتۆن لەگەڵ خۆیدا بۆ کلیسا بردی و خواستی. وایزانی بە خۆی بەختەوەرترین مرۆڤە لە ژیاندا.

# بەشی شانزەهەم

## گەڕانەوەی هیسکلیف

بە پێچەوانەی تەواوی ئارەزووی من، من قایلکرام بەرزاییەکانی ویزرینگ بەجێ بهێڵم و لەگەڵ کاسیدا بۆ ماڵە نوێیەکەی بڕۆم. هاریتۆنی بچکۆڵ لە تەمەنی نزیکەی پێنج ساڵیدا بوو و منیش دەستم بە فێرکردنی ئەبجەدی کردبوو. جیابوونەوەمان کەشوهەوایەکی غەمگینی دروست کرد.

ئیدی کاسرین، کاتێ لە سراشکرۆس غرانج جێگیر بوو، هەڵسوکەوتێکی زۆر چاکتر لەوە دەکرد، کە من وێرام پێشبینی بۆ بکەم، بەوە دەستی پێکرد زۆر خولیای ئەدگار بوو، بۆ خوشکەکەشی سۆز و خۆشەویستییەکی گەورەی بەدیار خست.

سەرنجم دایێ بەڕێز ئەدگار زۆر لەوە دەترسا ئەو کچە تووشی خەمناکییەك بکاتەوە. منیش لەوە ترسام کە بۆ بەڕێزە بەسۆزەکە ببمە جێی خەم و پەژارە. بۆیە فێربووم کە پتر لە زوبانم هۆشیار بم، بۆ ماوەی شەش مانگ بارووتەکە، وەکو نمونەی لم بە بێ زیان مایەوە، چونکە بۆ تەقاندنەوەی ئاگر لێی نزیك نەبووەوە. کاسرین ناوبەناو چەند ڕۆژ تووشی دڵکوشین و خەم و پەژارە و کپبوون دەبووەوە، مێردەکەشی لە ئەنجامی نەخۆشییەکەی پێشتری پتر ڕێزی لێدەگرت، بەڵام وابزانم هەردووکیان بەڕاستی کەوتبوونە خۆشییەکی زۆر قووڵ. ئینجا هەموو شتێك کۆتایی هات.

لە ئێوارەیێیەکی زێڕیندا لە مانگی ئەیلول/ سپتەمبەر، من دەهاتمەوە زەمیلەیەك سێوم لە باخچە لێکردبووەوە، وەختەکە وێدەچوو نیمچە تاریك بوو، مانگیش

لەسەر ديوارى بەرزى گۆڕەپانەكە سەرى دەرهێنابوو. سێبەرى سەيرى لە لاى سووچەكانى بينايەكە داهێنابوو. لە كاتێكدا چاوەكانم بڕيبووە مانگ، لەدواوەى خۆم دەنگێكم بيست دەيگوت:

– نيلى، ئەمە تۆى؟

دەنگەكە لە هەڵبڕيندا زەق و سەير بوو، سەرەڕاى ئەمەش شێوەى دەربڕينى ناوەكەى من، شتێك بوو واى كرد شياو بێت. كەسێك لە نزيك دەرگاى ماڵەكە جووڵايەوە، كاتێ نزيك بوومەوە، پياوێكى كەڵەگەتم بينى جلى ڕەشى لەبەردابوو. لە دڵى خۆمدا پرسيم: تۆ بڵێى كێ بێت؟

تيشكێك لە ڕووناكى بەسەر ڕوويدا كەوت. ڕوومەت زەرد و قژ درێژ بوو. قژێكى زۆر نێوچەوانى گرتبوو. دەموچاوى سەير و جياوازى هەبوو. دوو چاوەكەم بە بيرهاتەوە. دەنگم هەڵبڕى و گوتم:

– چى! گەڕايتەوە؟ ئەمە بەڕاستى تۆى؟

چاوى خۆى لە من لادا و چاوى خۆى لە لاى پەنجەرەكان كرد و لە وڵامدا گوتى:

– بەڵێ، من هيسكليفم. هەردووكيان لە ماڵەوەن؟ ئەو كچە لە كوێيە؟ قسە بكە! دەمەوێت يەك قسە بە خانمەكەت بڵێم. بڕۆ و پێى بڵێ يەكێك لە گوندى غيمرتۆن هاتووە و حەز دەكات بتبينێت.

– چۆن ئەم هەواڵە وەردەگرێت؟ چەند گۆڕايت! ئايا تۆ لە سەربازيدا بوويت؟

قسەكەى پێ بڕى و گوتى:

– بڕۆ ئەوەى پێم گوتى بيگەێينە، تاكو ئەمە دەكەيت ئازار دەچێژم.

كاتێ لە ژوورى ميوانان چوومە ژوورەوە، بەڕێز لينتۆن و ژنەكەى پێكەوە لە

پێش پەنجەرە دانیشتبوون، ڕوویان لە دۆڵەکە و گوندی غیمرتۆندا بوو و سەیری دار و چیمەنەکانیان دەکرد. وا پێدەچوو هەمو شتێك لە حاڵەتێك لە دڵنیاییەکی جواندا بوو. منیش نەمتوانی خۆم بە هیچ قسەیەك ڕازی بکەم. لە ڕاستیدا خەریکبووم بە بێ قسەکردن دوور بکەومەوە، کەچی گەمژەیی خۆم هانیدام بگەڕێمەوە و قسەکەی پێ ڕابگەێینم.

– نیلی پەردەکان داخە و چای ئامادە بکە. هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.

ژوورەکەی بەجێهێشت، ئەدگاریش بە بێ گوێ پێدان دەربارەی کەسەکە پرسی.

– کەسێکە خانم مەزندەی بۆ ناچێت. گەورەم ئەوە هیسکلیفە، کە لێڕاهاتبوو لە ماڵی بەڕێز ئێرنشۆدا بژیت.

– چی! قەرەجەکە، ئەو جوتیارە؟

– گەورەم ئاگادار بە! پێویست ناکات بەم ناوانە پێیدا هەڵبدەیت، کاتێ ئەوە ڕایکرد ئەم خێزانەی تۆ هەندێکی مابوو دڵی لەتلەت بێتەوە.

هێندەی پێنەچوو، کاسرین تاوی دایە ژوورەوە و بە گەرمی و هەناسەبڕکێ هەردوو قۆڵی خۆی لە ملی ئالاَند و بە هاوار گوتی:

– ئۆی ئەدگار، ئەدگار ئەوە هیسکلیف گەڕایەوە!

مێردەکەی بە دەنگێکی خراپ گوتی:

– باشە، باشە، دڵنیا بە پێویست بەم هەڵچوونە ناکات!

لەگەڵ شاردنەوەی هەندێ دڵخۆشی خۆی لە وەڵامدا گوتی:

– من دەزانم تۆ خۆشت نەدەویست، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ڕێزلێنانی من، ئێستا دەبێ وەکو دوو هاوڕێ بن.

– پێی بڵێم بێتە ژوورەوە؟

گوتی:

- بۆ ئێرە؟ ئەی چێشتخانە شوێنێکی گونجاوتر نییە؟

لینتۆن خان بە نیمچە تووڕەییەك و نیمچە پێکەنینێکەوە تێی ڕاما، ئینجا دوای کەمێك وەڵامی دایەوە و گوتی:

- نەخێر، منیش ناتوانم لە چێشتخانە دانیشم.

خەریکبوو دووەمین جار غاربداتەوە دەرەوە، بەڵام ئەدگار ڕایگرت و ڕووی لە من کرد و گوتی:

- تۆ داوای لێبکە بێتە ژوورەوە، کاسرین خان پێویست ناکات خەڵکی ماڵەکە بە گشتی دیمەنی پێشوازیکردنی گەرمی تۆ بۆ خزمەتکارێکی هەڵاتوو، وەکو برا ببینن.

# بەشی هەڤدەهەم

## شادمانی راستی

هیسکلیف بێ قسەی پتر بەدوام کەوت، بردمە ژوورەوە بۆ لای بەڕێز و خانم، کە ڕوومەتە پەمەییەکانی هێمای ئارەزووی گفتوگۆیەکی گەرمی بەدیارخست. خانم بۆ پێشەوە دەرپەڕی و هەردوو دەستی گرت و بۆ لای لینتۆن بە پێشی کەوت، ئینجا پەنجەکانی لینتۆنی گرت و لە پەنجەکانی هیسکلیفی ئالآند.

ئێستاکەش دوای ئەوەی بڵیسەی ئاگر و ڕۆشنایی مۆم بە چاکی بەدیاری خست ئەو گۆڕانەی لە جاران پتر لە هیسکلیف ڕوویدابوو سەرسامی کردم. ببووە پیاوێکی کەڵەگەت بە چوستی و ڕێکوپێکی دەنازی، بە ڕادەیەك خاوەنە بەڕێزەکەم لە بەردەمیدا، وەکو تەنیا گەنجێکی بچووك دیاربوو. سەروسیمای وا پێدەچوو لە سوپا بوو. لە ئاکاری دەموچاویشیدا تەمەن گەورەیی دیاربوو. شێوەشی پتر بەجەرگ بوو. زیرەك هاتە بەرچاو، گشت هێمایە ڕووخاوەکانی پێشتری لەسەر لاچووبوو. لە چاوەکانیدا توندوتیژی نیمچە شارستانی پێوە دیار نەمابوو، بەڵام ڕەوشتەکەی بێ قسەی ڕەق و ناشیرین، تاکو ڕادەی ڕەوشتبەرزی و گفتی خۆش ڕاستگۆبوو.

سەرسامی بەڕێزەکەم هاوتا بوو یا لە سەرسامییەکەی منیشی ڕەت دا. ماوەیەکی چاك واقی وڕما، چۆن پێشوازی جوتیارێك بکات، هەروەکو بە خۆی ناوی بەمە برد. ئینجا لە کۆتاییدا گوتی:

- گەورەم، دانیشە. ئەمە ئارەزووی خانم لینتۆنە، کە لێرە پێشوازیت لێ بکریت، بێگومان بەختەوەریم ئەوەیە کە ئەم بەختەوەرییەی پێ ببەخشم.

**هیسکلیف** وەڵامی دایەوە:

- منیش بە هەر چۆنێك بێت، بە خۆشحاڵییەوە کاتژمێرێك یا دوو کاتژمێر دەمێنمەوە.

لە کورسییەکی بەرانبەر کاسرین دانیشت. کچەکە هێشتا سەیری دەکرد و چاوی خۆی لێ نەدەترووکاند. کوڕەکە هەمیشە چاوی خۆی بۆ لای ئەو بەرز نەدەکردەوە، بەڵام هەردووکیان هەمۆو جارێك بە پتر باوەڕبەخۆ بوون ئەو شادمانە ڕاستییەیان دەردەبڕی، کە بوونیان هەستی پێدەکرد.

**کاسرین گوتی:**

- سبەی وای لە قەڵەم دەدەم، کە ئەمە خەون بوو، لەگەڵ ئەمەش ئەی هیسکلیفی دڵرەق شایانی ئەم پێشوازییە نیت، کە بزر بوویت و ماوەی سێ ساڵ مایەوە بێ ئەوەی هەرگیز بیر لە من بکەیتەوە!

وەڵامی دایەوە:

- کەمێك پتر لەوەی تۆ بیرت لە من کردەوە. کاسی ماوەیەکی زۆر نابێت من هەواڵی مێردکردنی تۆم بیست، کاتێ من چاوەڕێم دەکرد، دیتنێکی لەپر بتبینم و تۆڵە لە هیندلی بکەمەوە. ئینجا لێگەڕێم یاسا هەڵێك بۆ ڕادەی ژیانم دابنێت. ئەم پێشوازیکردنەی تۆ ئەم بیرۆکانەی لە مێشکی من دەرهێنا. من لەو کاتەوە کە بۆ دواترین جار دەنگی تۆم بیست ژیانێکی سەختم بەسەر برد، دەبێ تۆ بمبوریت، چونکە من هەرگیز

هەولم نەداوە تەنیا لە پێناو تۆ نەبێت.

ئینتۆن قسەکەی پێ بڕی و هەولیدا بە دەنگە ئاساییەکەی خۆی بدوێت، بەلام لە بێزاریدا ڕەنگی پەڕیبوو، گوتی:

– کاسرین، تکایە بۆ سەر مێزی نانخواردن بێیت، مەگەر بتەوێت چا بە ساردی بخۆیتەوە؟

کاسرین شوێنی خۆی گرت. ئینجا خاتوو ئیزابێللا هاتە ژوورەوە، ژەمەکە لە ماوەی چەند دەقیقەیەکی کەم کۆتایی هات. فینجانی کاسرین هەرگیز پڕ نەکرا، بەڵکو نەیتوانی نە بخوات و نە بخواتەوە، ئەدگاریش بڕی پارووییەکی نەخوارد.

میوانەکەیان پتر لە کاتژمێرێك گیر نەبوو. لە کاتی ڕۆیشتنی لێم پرسی، کە بۆ غیمرتۆن دەچێت، ئەویش لە وەلامدا گوتی:

– نەخێر، بەڵکو بۆ بەرزاییەکانی ویرزینگ دەچم. بەیانی بۆ ئەوێ چووم، نیلی من مەزندەم دەکرد، کە تۆ لەوێ بیت، دەتوانیت دەربارەی کاسرین هەوالم بۆ بێنیت. چەند کەسانێك لەوێ بوون کاغەزیان یاری دەکرد. منیش چوومە نێویان، کاتێ بۆ هیندلی ئاشکرا بوو، کە من پارەیەکی ئێجگار زۆرم هەیە، داوای لێکردم دووبارە سەردانی بکەمەوە. هەولّ دەدەم لەوێ بمینێمەوە، تاکو ماوەی ڕۆیشتنێکی کەم لە کاسرین دوور بم. هیندلی زۆر چاوچنۆکە و هەرچەندی دەوێت دەیدەمێ.

بەڕێز ئێرنشۆ بەخۆی داوای کردووە! هەستێك لە ناخمدا بزووت، کە هیسکلیف شایانی ئەوەیە دوور بمینێتەوە.

# بەشی هەژدەهەم

## خانمە هاوڕێیەکی دەروون ڕەش

لە سەرەتا هیسکلیف، بەڵکو بەڕێز هیسکلیف کە دەبێ لە دواڕۆژدا وا بڵێم، بە هۆشیاری سەردانی سراشکرۆس غرانجی دەکرد، هەروەها کاسرینیش وای لێکدایەوە لە کاتی بە یەك گەیشتنیدا ژیری بەکار بهێنێت و لە بەدیارخستنی شادی خۆی مام ناوەنجی بێت. نیگەرانی خانەوادەی بەڕێزم وردەوردە کەم بووەوە و هێندەی پێ نەچوو بۆ ماوەیەك شتی دیکە گۆڕا.

هۆی نیگەرانییە نوێیەکە لە بەلایەکی چاوەڕوان نەکراو دەستی پێکرد. ئیزابێللا لینتۆن لە ناکاو دڵی بۆ میوانەکە لێیدا. ئەو کچە ئەو کاتە جحێڵێکی تەمەن هەژدە ساڵان بوو. سەرەڕای ئەوەی زوو لە شت دەگەیشت و ئەگەر تەنگاویان بکردایە زوو هەڵدەچوو، بەڵام هێشتا لە شێوەی منداڵان هەڵسوکەوتی دەکرد. براکەی زۆر خۆشی دەویست، لەگەڵ ئەو ڕسوابوونەش کە لەوانەبوو ڕووبدات کە ئەگەر مێرد بە پیاوێکی ڕەچەڵەك بزر بکات، بەڵام هەستی کرد، کە سروشتی هەڵسوکەوتی هیسکلیف سەرەڕای ئەو چاکبوونە پێوە دیاربوونەی شێوە و ئاکاری دەرەوەی لەوانەیە و بە تاکید دەگۆڕێت. ئێمە هەمووومان ماوەیەك سەرنجمان کرد، کە خاتوو لینتۆن ڕەنگی بزرکاوە و کەساس و مەلووڵ بووە و خۆشی خستنە نێو دڵی زەحمەت بووە، هەندێ جار بە هۆی ناڵەباری تەندروستییەوە، دڵمان دەدایەوە و دەمانبووری.

ڕۆژێکیان دوای ئەوەی بە تەواوی نەهاتە ڕایێ، بەڕێز لینتۆن هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە داوای پزیشك بکات، ئیزابێللاش ئەوەی ئاشکرا کرد، کە

تەندروستییەکەی زۆر باشە و خراپەکاری و توندوتیژی کاسی تووشی دڵتەنگی و گۆشەگیری کردووتەوە. خانم بە سەرسامییەوە بە توندی گوتی:

– چۆن دەتوانیت بڵێیت من خراپ و توندوتیژم؟ کەی من قسەی رەقم کردووە؟ پێم بڵێ.

ئیزابێللا بە گریانەوە وەڵامی دایەوە:

– دوێنێ.

– دوێنێ؟ بە چ بۆنەیەکەوە؟

– کاتێ لە چۆڵەوانی بەڕێوەبووین. داوات لە من کرد بۆ هەر شوێنێك بمەوێت پیاسە بکەم. کەچی تۆش لەگەڵ بەڕێز هیسکلیفدا ڕۆیشتیت.

کاسرین بە پێکەنینەوە گوتی:

– بۆ، مەبەستت لە خراپەکاری و توندوتیژی ئەمەیە؟

– حەزت کرد من دوور بخەیتەوە، چونکە دەمویست من....

دوای ئەوەی بینی دوودڵ دەبێت، کاسرین گوتی:

– باشە؟

– لەگەڵیدا بم، لەمەودوا دوور ناکەومەوە! کاسی تۆ خۆپەرستی، جگە لە خۆت ناتەوێت کەس ئەڤینی چنگ کەوێت.

– ئیزابێللا ئومێدەوارم لەوەی تێگەیشتوویت بە هەڵە داچوویت.

– نەخێر، وا ناکەیت. من حەزی لێدەکەم پتر لەوەی تۆ حەزت لە ئەدگار دەکرد، لەوانەیە ئەگەر بواری بدەیت منی خۆش دەوێت.

کاسرین گوتی:

– کەواتە هەرگیز حەز ناکەم وەکو حاڵی تۆم لێ بێت! تۆ هیچ بیرۆکەیەکت

دەربارەی خووڕەوشتە ڕاستییەکەی ئەم پیاوە نییە، کە هێشتووتە ئەم خەونە بچێتە نێو مێشکتەوە. وا خەیاڵ نەکەیت کە دڵێکی لە ئاڵتون هەیە، ئەمە پیاوێکی کەللەڕەق و تووڕە ؤ بێ بەزەییە. دەزانم ناتوانێت هیچ کەسێکی لە بنەماڵەی لینتۆن خۆش بوویت، لەگەڵ ئەمەشدا لەوانەیە لە پێناو ماڵ و سامانەکەت بتخوازێت. ئەمەیە دیمەنی ئەم پیاوە لە لای من. منیش هاوڕێی ئەم پیاوەم و زۆر چاك دەیناسم.

ئیزابێللا دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

– ئای لە شوورەیی و شەرمەزاری! ئای لە شوورەیی و شەرمەزاری! تۆ لە بیست دوژمن خراپتری، ئەی هاوڕێی دڵڕەش.

گوتم:

– خانم ئەمە لە مێشکی خۆت دەربێنە.

خاتوو لینتۆن بە توندی قسەی کرد، لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێ بڵێم بە هەڵەدا چووە. دڵی خۆی لە من یا لە هەر کەسێکی دی باشتر دەناسێت. بەڕێز و بە ئابڕووەکان کردەوەکانی خۆیان ناشارنەوە، چۆن دەژیاو؟ چۆن دەوڵەمەند بوو؟ لەبەرچی لە بەرزاییەکانی ویزرینگ لەگەڵ پیاوێك دەمێنێتەوە، کە دەیبوغزێنێت؟ دەڵێن هەر لەو کاتەوە، کە ئەم پیاوە هاتووە حاڵی بەڕێز هیندلی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو خراپی دەچێت. شەو تا بەیانی دەمێنێتەوە یاری کاغەز دەکەن و مەی دەخۆنەوە. ئا ئەوەتەش هیندلی دەبینین لە جیاتی زەوییەکانی خۆی پارە قەرز دەکات، تاکو قەرزەکانی خۆی پێ بداتەوە.

وەڵامی دامەوە و گوتی:

– تۆش وەکو ئەوان خراپ و بەدیت. گوێ لە چیرۆکەکانت ناگرم.

بۆ رۆژی پاشتر بەرێزم دەبوایە بۆ راپەراندنی هەندێ ئیش و کار بۆ شارێکی تەنیشتمان بچێت، کاتێ هیسکلیف بە رۆیشتنی زانی، ئەم جارە زوو سەردانی خۆی کرد. کاسرین و ئیزابێللا لە پەرتوکخانە دانیشتبوون، بێدەنگ بوون و دڵیان خۆش نەبوو. خانمە بچکۆل لە گەمژەییەکەی ئەو دواییەی خۆی هەستی دەروونی خۆی ئاشکرا کردبوو و کاسرینیش بەراستی بێزار ببوو و ئامادە بوو سزای دانیشتووەکەی لەگەڵ خۆی بدات. کاتێ لە پەنجەرەوە تێپەربوونی هیسکلیفی بینی، زەردەخەنەیەکی بۆ خۆی کرد، کەچی ئیزابێللا بە خوێندنەوەی کتێبێك خەریکبوو. مایەوە و بە نزیك کەوتنەوەی سەر لێدەرەکەی نەزانی، تاکو دەرگا کرایەوە، ئیدی بواری راکردنی نەما. سەرەرای ئەوەی کە جاران ئەمەی بە دڵخۆشییەوە دەکرد.

خاتوو بە روویەکی خۆش هێمای بۆ کرد و "فەرموو وەرە ژوورەوە" کورسییەکی نزیکیشی لە لای ئاگردانەکە راکێشا و گوتی:

- هیسکلیف تۆ ئەو کەسەیت، کە هەردووکمان بە هاورێی خۆمانمان هەڵبژاردووە. من زۆر سەرفرازم کە بۆ تۆ ئاشکرا بکەم، کە مرۆڤێك لە من پتر خولیای تۆ بووە. کچە بچکۆلە بەسەزمانەکەی مامم دڵی بۆ تۆ لەت بووە! نا، نا ئیزابێللا نابێت رابکەیت.

لەگەڵ هەڵسانەوەی سەرپێیان قسەی دەکرد و مەچەکی کچەکەشی توند گرتبوو. هیسکلیف نیشانەی هیچ بایەخییەکی لێ بەدیار نەکەوت. ئیزابێللاش بە ئەسپایی داوای دەستبەردانی خۆی کرد، خاتوو لینتۆنیش دیسان بە دەنگ هەڵبرینەوە گوتی:

- نا، نا. من قایل نابم جارێکی دی بە خۆپەرست ناو ببرێت. هیسکلیف

لەبەرچی دڵخۆش نابیت؟

هیسکلیف بە توندی لە ئیزابێللا ڕاما و گوتی:

– وا تێبگەم تۆ بە هەڵەدا چوویت، ئێستا ئەم کچە بە هەرحاڵ حەز دەکات خۆی لە من بە دوور بگرێت.

کچە بەسەزمانەکە نەیتوانی بەرگەی ئەمە بگرێت. دەموچاوی سپی هەڵگەڕا، ئینجا سوور بووەوە. کاسرین هێشتا گرتبووی و ڕێگای ڕۆیشتنی لێگرتبوو، تاکو کچەکە بۆ ڕزگاربوونی نینۆکەکانی خۆی بەکار هێنا. دوای ئەوەی کچەکە دەرگای لەدوای خۆی پێوەدا، هیسکلیف پرسی:

– تۆ لەم شێوە ئازاردانەی ئەم بەسەزمانە نیازت چییە؟ ڕاستییەکەم پێ ناڵێیت، وا نییە؟

وەڵامی دایەوە:

– دڵنیابە کە من بە بێ تۆش ئەمەم دەکرد.

دوای ماوەیەکی کەم پرسی:

– ئەم کچە وارسی براکەیەتی، وا نییە؟

هاودانیشتووەکەی وەڵامی دایەوە و گوتی:

– وا نابێت ئەگەر من کوڕێکم ببێت. واز لەمە بێنە، تۆ زۆر شەیدایت کە بیر لە ماڵ و سامانی خەڵکی دی بکەیتەوە.

ئیدی بابەتی قسەکەی خۆیان تەواو کرد، بەڵام من هیسکلیفم بینی، کە خاتوو لینتۆن لە ژوورەکە چووە دەرەوە. بە شێوەیەکی نەگریسانە لە پێش خۆی دەگرژییەوە.

# بەشی نۆزدەهەم

## هاریتۆنی بچکۆل

سەردانەکانی بەڕێز هیسکلیف نیگەرانی کردم، هەمیشە بەڕێزیشمی نیگەران کرد. مانەوە دووڕودرێژەکانی لە بەرزاییەکان پاساوێکی بێ چارەسەر بوون. هەندێ جار بیرم دەکردەوە، تاکو ببینم ئیش و کارەکان لە کێڵگە چۆن بەڕێوە دەچێت، کەچی هەر زوو خووڕەوشتە خراپەکانی بەڕێز هیندلیم بە بیر دەهاتەوە، کە هەرگیز ئومێدی چاکبوونەوەیان نەبوو. ئیدی دوودڵ بووم لەوەی دووبارە بچمەوە نێو ئەو ماڵە کەساس و غەمگینە.

جارێکیان دوای نیوەڕۆی ڕۆژێکی پاییزی سارد، کە خۆر لە تۆقەڵەی ئاسماندا بوو، لە کاتی گەشتێکم بۆ غیمرتۆن بەوێدا تێپەڕیم، بەڵام تیشکە زەردەکانی خۆر هاوینیان بەبیر هێنامەوە. گەیشتمە ئەو گاشەبەردەی کە هێما بۆ ڕێگای نێو چۆلەوانی دەکات. ئەوە شوێنە خۆشەکەی منی ڕۆژانی منداڵێتیم بوو، شوێنێك من و هیندلی پێش بیست ساڵ حەزمان لێدەکرد. کاتێ داهاتمەوە، چاڵێکی بچووکم لە خوارەوەی گاشەبەردەکە بینی، کە پێشتر وا ڕاهاتبووین گەنجینە بچووکەکانمان لەوێ بپارێزین، کەچی هێشتا تاکو ئێستا پڕ گوێ شەیتانۆکە و بەردە نەرمەکان بوو. ئیدی لەدوای ئەمە واهاتە بەرچاوم، وەکو بڵێی ڕاستی بێت. من هاوڕێی یاری پێشووی خۆم بینی لەسەر سەوزەگیا دانیشتبوو.

منداڵەکە ڕووی خۆی بەرز کردەوە و یەکڕاست لە من ڕاما. ئینجا لە ناکاو گوم بوو، بەڵام کاتێ گەیشتمە بەر دەرگای بەرزاییەکان سەیرم کرد لە چاوەڕێی مندا

بوو. شتێکی بەبیر هێنامەوە، کە هاریتۆن بێت. کەوا لەوەتەی پێش دە مانگ ئەوم بەجێهێشتبوو هێندە نەگۆڕابوو. منیش ترسە گەوجەکانی خۆم بەلاوە نا و دەنگم لێ هەڵبڕی:

- هاریتۆن، ئەی بچکۆڵە خۆشەویستەکەم، چۆنیت؟ من نیلیم، پەروەردیارت.

کشایەوە و بەردێکی گەورەی دەستدایێ. نەیناسیم، دەستم بە قسان کرد، بەڵام بەردەکە سەری پێکام. زەنجیرەیەك لە جوێنی پێدام. لە سیمای دەموچاوە منداڵییەکەی ئاکارە شەڕفرۆشییەکان بەدیار کەوتن، کە تەواو ترساندمی. من خەریکبوو بگریم. پرتەقاڵێکم لە گیرفانی خۆم دەرهێنا و بۆم ڕاگرت. دوودڵ بوو ئینجا لە دەستمی وەرگرت. لێم پرسی:

- کوڕی خۆم کێ ئەم وشە جوانانەی فێر کردوویت؟ قەشە؟

جوێنی پێدام، پرتقاڵێکی دیکەشم پێ دا، بەڵام دوور لە دستی ڕامگرت.

- پێم بڵێ ئەم قسانە کێ فێرت دەکات. ئەم پرتەقاڵەت دەدەمێ. مامۆستات کێیە؟

- باوکم.

- ئەی چی لێ فێر دەبیت؟

گوتی:

- هیچ، بەڵکو لێی دوور بکەومەوە باوکم بەرگەی من ناگرێت، چونکە جوێنی پێدەدەم.

- ئەی باشە، کێ جوێنت فێر دەکات؟

- هیسکلیف.

لێم پرسی کە ئەو هیسکلیفی خۆش دەوێت.

- بەڵێ.

هەوڵمدا هۆیەکە بزانم. توانیم تەنیا لەم ڕستانە تێبگەم: "نازانم" سزای باوکم دەدات لەوەی بە منی دەکات. هیسکلیف جوێنی پێدەدات و بە من دەڵێت دەبێ هەر شتێکی ئارەزووی دەکەیت بیکەیت. لە درێژەی قسەی خۆمدا گوتم:

- کەواتە ئەی قەشە فێری خوێندن و نووسینت ناکات؟

- نەخێر، هیسکلیف بەڵێنی پێدام ئەگەر هات ددانەکانی وردوخاش بکاتەوە.

پرتقاڵەکەم لە دەستی نا، داوام لێکرد کە باوکی خۆی ئاگادار بکاتەوە کەوا ئافرەتێك بە ناوی نیلی دین چاوەڕێ دەکات قسەی لەگەڵدا بکات.

لە ماڵەکە چووە ژوورەوە، هێشتا لەنێو دەرگا بوو، کەچی لە جیاتی هیندلی، هیسکلیف بەدیار کەوت. هەنگاوێك کشامەوە. ڕووی خۆم سووڕاند، تاکو توانام هەبوو بە خێرایی بە ڕێگا دا غارم دا. زۆر ترسام، وەکو ئەوەی بڵێی ڕۆحێکی ئەگریسانەم بینیوە.

# بەشی بیستەم
## شەڕی لە ناکاو

کاتێ هیسکلیف لە جاری دووەمدا هاتەوە، وا ڕێکەوت کە خانمە بچکۆڵەکەم هەندێ کۆتری لە حەوشە دان دەدا. ئەو پیاوە وا لێڕانەهاتبوو، کە گرنگییەکی تایبەتی بە کچەکە بدات. کەچی ئەم جارە هەر کە چاوی پێکەوت ئیدی بە هۆشیارییەوە سەیری بەر قاپی ماڵەکەی دەکرد. منیش ڕاوەستام و لەدواوەی پەنجەرەی چێشتخانە خۆم حەشاردا.

بۆ لای ئیزابێللا چوو و شتێکی پێگوت، کچەکە وا دیاربوو دەیویست دووربکەوێتەوە، بەڵام لە هەوڵێکدا بۆ ڕاگرتنی دەستی خۆی لەسەر قۆڵی دانا، کچە ڕووی خۆی لێ دوور کردەوە و بە تێڕامانێکی دیکەی خێرا بۆ لای ماڵەکە، هەردوو باسکی خۆی تێوەرنا وایزانی کە کەس چاودێری ناکات. هاوارم کرد:

– ئەکەی شوورەییە!

کاسرین لەدواوە دەنگی هات و گوتی:

– نیلی ئەوە کێیە؟

وەڵامم دایەوە:

– هاوڕێیە کەساسەت! تۆ بڵێی چ پاساوێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەڤینداری لەگەڵ خانمدا بکات.

دوای ئەوەی بە خۆی بە توندی گوتی ئەم کچەم خۆش ناوێت و دەیبوغزێنێت. خاتوو ئیزابێللای بینی، کە چۆن هەوڵی دەدا خۆی لە دەستی ڕزگار بکات و بۆ باخچە هەڵێت. پاش دەقەقەیەك هیسکلیف دەرگای کردەوە.

– هیسکلیف، ئەمە چ دەکەیت؟ پێم گوتی دەبێ واز لەم کچە بێنیت! تکات لێ دەکەم با نێوانمان وا بێت، تەنیا مەگەر من لێرە لە پێشوازیکردنی تۆ ماندوو بووم.

ئەویش بە تووڕەیی وەلامی دایەوە:

– ئینجا ئەمە چ پێوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟ مافی خۆمە ماچی بکەم ئەگەر ئەو حەز بکات. من مێردت نیم، بۆ تۆ نەهاتووە غیرەم لێ هەڵگریت، ئینجا کاسرین من هەندێ قسەی ڕوون و سانام هەیە ئێستا پێت دەڵێم. دەمەوێت تێم بگەیت، کە تۆ بە شێوەیەك لەگەڵ من جووڵایتەوە، کە پڕ ڕسوایی و شەرمەزاری بوو! تێدەگەیت؟ ئەگەر تۆ لەو باوەڕەیت کە من هەوڵ نادەم تۆڵەی ئەو هەموو ڕەنج بە خەسارییەم بکەمەوە، دڵنیا بە کە تۆ بە هەڵە چوویت. بەم بۆنەیەوەش سوپاست دەکەم، کە نهێنی کچە مامەکەی خۆت بە من گوت، چونکە بۆ ئەم مەبەستەی خۆم زۆر چاك بەکاری دەهێنم.

خاتوو لینتۆن بە سەرسامییەوە هێمایەکی کرد و گوتی:

– ئەمە چ لایەنێکی نوێیە لە کەسێتی ئەم پیاوە، کە تاکو ئێستا بۆم ئاشکرا نەبووە؟

ئینجا هیسکلیف بە دەنگێکی کەمتر لە توندی پێشتر درێژەی بە قسەی خۆی دا و گوتی:

– من ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەم لە تۆ نییە. تۆ لە پێناو ڕابواردنی خۆت، تاکو دەمکوژیت ئازارم بدە، بەڵام تەنیا لێگەڕێ با منیش نەختێك بە هەمان شێوە بۆ خۆم ڕابوێرم، هەرگیز لەو باوەڕەشدا نەبیت، کە دوای ئەوەی منت لە ژیان ڕەنجەڕۆ کرد من دەبمە پەری !

کاسرین بە توندی گوتی:

– ئۆی، دەتەوێت کە خەڵك خاکەسار و کوێرەوەر بێت، وا نییە؟ تۆ نیازی ئەمەت هەیە، ئا ئەوەتا لەبەر چاوم دەیسەلمێنیت! وا ئەدگار گەڕاوەتەوە سەر خووڕەوشتە نەرمەکانی جارانی، ئێستا خەریکە ژیانم خۆش دەبێت و هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکەم، بەڵام تۆ وا پێدەچێت رشتی لەسەر ئەوەی، کە ئاکۆکی دروست بکەیت. ئەگەر حەز دەکەیت لەگەڵ ئەدگاردا شەڕ بکە، خوشکەکەیشی هەڵبخەڵەتێنە، بەمەش تۆ باشترین شێوازی تۆڵەسەندنەوە هەڵدەبژێریت.

قسەکان تەواوبوون و کاسرین لە نزیك ئاگردانەکە بێزار و غەمگین دانیشت و میزاج و ئاکاری دەموچاوی لەوە ڕەتی دابوو، کە خۆی بە ئاسانی پێ هێور بکرێتەوە. هیسکلیف بە پێوە ڕاوەستابوو لچکی کراسی باسکێکی خۆی لوول دەدا، لەبیرو خەیاڵە گڵاوەکانی خۆی نقووم ببوو. لەسەر ئەم حاڵە بەجێم هێشتن، تاکو بچم پێشوازی لە بەڕێز بکەم. منیش پێم گوت:

– خاتوو لە چێشتخانەیە، لە هەڵسوکەوتی هیسکلیف زۆر تووڕە و بێزار بووە.

ئینجا ئەوەی وێرام کە پێی بڵێم دەربارەی ئەوەی ڕوویدا پێم گوت. ئەویش گوتی:

- من بەرگەی ئەم حاڵە ناگرم. ئیلین خان لە ژووری خزمەتکاران بانگی دوو پیاوانم بۆ بکە.

لە پەیژە دابەزییە خوارەوە، منیش بەدوایەوە بووم. لە چێشخانە چووە ژوورەوە، کاسرین و هیسکلیف دووبارە دەستیان بە ناکۆکییەکانی خۆیان کردبووەوە. هەردووکیان کاتێ بینییان بێدەنگ بوون. لینتۆنیش بە هیسکلیفی گوت:

- گەورەم من تاکو ئێستا لەگەڵ تۆ بە شێنەیی بووم. من گەمژە بووم، کە ڕێگام پێدایت لێرە بێیتە ژوورەوە، چونکە کاسرین حەزی لێبوو پارێزگاری پێوەندییەکە بکات. بوونی تۆ ژەهرێکی ڕەوشتییە ئازاری خاوێنترین ئافرەت دەدات. لەبەر ئەم هۆیە، تاکو شەڕ و گێچەڵی پتر ڕووی نەداوە، داوات لێ دەکەم لەم ماڵە هەر ئێستا بڕۆیتە دەرەوە، ئەمەش دوایین جار بێت.

هیسکلیف بە چاوی نزم تێی ڕاما و گوتی:

- کاسی ئەم بەرخەی تۆ، وەکو شێران هەڕەشە دەکات!

بەڕێز هێمایەکی بۆ من کرد، کە پیاوەکان ئامادە بکەم، بەڵام خاتوو لینتۆن گومانی لە شتێك کردەوە، ڕایکێشامە ئەملاو دەرگای ژوورەوەی داخست. ئینجا بە مێردی خۆی گوت:

- شێوازە ڕاستەکان بەکار بهێنە! ئەگەر بەخۆت ئازایەتیت تێدا نەبێت پەلاماری بدەیت، داوای لێبووردنی لێ بکە یا ئەوەتا خۆت بۆ لێدانێکی چاك ڕاگرە.

بەڕێز لینتۆن هەوڵیدا کلیلەکەی لێ وەربگرێت، بەلأم بۆ ئەوەی تەواو بێ ئومێد

بێت، کلیلەکەی خستە نێو ئاگرەوە. هێندەی پێ نەچوو ئەدگار تووشی هەڵچوونێکی دەروونی بووەوە و ڕەنگی وەکو مردوو زەرد هەڵگەڕا. هاوڕێی ژنەکەیشی گوتی:

- کاسی ئومێدەوارم لەم هەڵوێستە ترسنۆکییەی پیاوەکەت چێژ وەربگریت! هەر ئەم ئەژنۆ لەرزۆکە بوو، کە لە منت بە پیاوتر زانی! ئایا دەگری یا هۆشی خۆی لە ترسان لەدەست دەدات؟

ئینجا بەتاو ڕووی لەو کورسییە کرد، کە لینتۆن شانی خۆی پێدابوو. بەڕێزم بازێکی دا و مستێکی بەهێزی لە قورقوڕاگەی دا، بە ڕادەیەك هەناسەی ماوەی دەقیقەیەك گیرا. لینتۆن لە دەرگای دواوە بۆ حەوشە دەرچوو. ئینجا هاتەوە لای عەتەبەی پێشەوە. کاسرینیش هاواری کرد:

- ئەو هاتنەت ئەم شەڕ و بەزمەی لەنێوچەواندا بوو. دەبڕۆ دەی زووکە، ئەو پیاوە ئێستا بەچەکەوە دەگەڕێتەوە و شەش یاریدەدەریش لەگەڵ خۆیدا دێنێت. هیسکلیف تۆ فرۆفێڵێکی نەگریسانەت لەگەڵ من بەکار هێنا!

- ئایا لەو باوەڕەیت، کە من دەچم تۆڵەی ئەم لێدانەی لێ دەکەمەوە؟

باخچەوانەکان و مێردمنداڵەکەی تەویلە لەگەڵ لینتۆن لە حەوشەکە هاتنە ژوورەوە. دوای کەمێك لەبیرکردنەوە، هیسکلیف بڕیاریدا خۆی لە شەڕی بەرانبەر سێ خزمەتکاران دوور بخاتەوە. ئیدی قفڵی دەرگای ژوورەکەی شکاند و بە ڕاکردن ڕایکرد، بەڵام خاتوو لینتۆن کە حاڵی ئێجگار پەرێشان بوو، داوای لە من کرد لەگەڵیدا بۆ نهۆمی سەرەوە بچم. ئینجا گوتی:

- نیلی من وا خەریکە شێت دەبم، ئەختێ ماوە مێشکم بتەقێت. ئیزابێللا ئاگادار بکەوە، کە خۆی لە من نەگەیێنێت. ئەو کچە هۆی ئەم هەموو بەلآیە بوو. هەر کەسێك ئێستا کەمێکی دی تووڕەم بکات، یەکسەر شێت دەبم. نیلی ئەگەر ئیمشەو ئەدگارت بینی، پێی بڵێ کەوا من زۆر نەخۆشم. ئومێدم دەکرد وا بوومایە، چونکە دەمەوێت بیترسێنم. سەرەڕای ئەمەش، لەوانەیە دێت و دەست بە زنجیرەیەك لە گلەیی دەکات. دڵنیاشە لەوەی کە من وەلآمی دەدەمەوە، خواش دەزانێت لە کوێ تەواو دەبین! تۆ دەزانیت کەوا من لەم مەسەلەیە گوناحبار ناکرێمەوە. باشە، ئەگەر نەتوانم هیسکلیفی وەکو هاوڕێیەکی خۆم بپارێزم، ئەمە ئەگەر ئەدگار ئیرەیی پێ نەبات و خۆپەرست نەبێت، هەوڵ دەدەم دڵی هەردووکیان وەکو دڵی خۆم برەنجێنم و لە ژیاندا ڕەنج بەخەساریان بکەمەوە. نیلی ئومێدەوارم کە پتر ئاگاداری من بیت.

لە دڵی خۆمدا وامزانی، کە دەتوانێت جڵەوی خۆی بگرێتەوە، نەشم ویست مێردەکە بترسێنم. بۆیە کاتێ بینیم لە پەیژە بەسەر دەکەوت هیچ شتێکم پێ نەگوت، ئەویش بە دەنگێك کە تووڕەیی پێوە نەمابوو گوتی:

- ئایا واز لە هیسکلیف دێنیت یا واز لە من دێنیت؟

خاتوو قسەکەی پێ بڕی:

- ئای خوایە. ئێستا لێمانگەڕێ با پتر گوێمان لەم شتانە نەبێت! خوێنی ساردی تۆ هەرگیز گەرم دانایێت، بەڵکو لەوانەیە ئەمە لە خوێنی من ڕوودەدات!

بەڕێز لینتۆن درێژەی بە قسەی خۆی دا و گوتی:

- بۆ ئەوەی لە من ڕزگار بیت. وەڵامی پرسیارم بدەوە. هەر دەبێ وەڵامم بدەیتەوە، ئەم توندوتیژییەت نامترسێنێت. کەی ویستت دەتوانیت وەکو هەر کەسێکی دی هێمن و ئارام ببیتەوە.

کاسرین بە تووڕەیی هێمایەکی کرد:

- دەمەوێت بەتەنیا بم. ئەی نابینیت ناتوانم لەسەر پێیان ڕاوەستم؟ وازم لێبێنە.

دەستی لەزەنگ هەڵنەگرت، تاکو شکا. منیش لە دەرەوە چاوەڕێم دەکرد، بەڵام خێرا بۆ ژوورەوە نەچووم. تووڕەبوونەکەی بەس بوو، کە پەرییەك لە هۆش خۆی بچێت. لەوێ ڕاکشابوو سەری خۆی لە باسکی کەرەوێتێك دەدا و ددانەکانی لە یەکدی چیڕ کردبووەوە. بەڕێز لینتۆنیش ڕاوەستا و بە نیگەرانییەکی لە ناکاو سەیری دەکرد.

ئینجا لینتۆن داوای لە من کرد هەندێ ئاوی بۆ ئامادە بکەم. قایل نەبوو کە بخواتەوە، هەندێ دڵۆپە ئاوم بەسەر ڕوویدا پرژاند، دوای ساتێك دەست و پێیەکانی خۆی لێك ڕاکیشا و ڕەق هەڵگەڕا. نێوچاوەکانی سووڕا و هەردوو ڕوومەتەکانی، وەکو مردوو ڕەنگیان پەڕی. لینتۆن وا پێدەچوو زراوی ڕژابوو، بە ئەسپایی گوتم:

- کەس نییە لە دنیادا شایستەی ئەمە بێت.

من نەمدەویست ورەی بڕووخێنم، سەرەڕای ئەوە، کە من لە ناخی دڵمەوەش دەترسام. پێم گوت ئەو کچە بە تێکچوونی جارێکی باری دەروونی دەیویست بیترسێنێت، من دەمزانی باری تەندروستی باش بوو، کە قسەکانم ببیستێ و تێم بگات، چونکە یەکسەر بە دووچاوی ڕاست و دروست بازێکیدا و بەرەو ژوورێك

تاوی دا. بەڕێز داوای لە من کرد بەدوای خانمدا بچم، بەڵام لە ژووری نووستنی خۆی دەرگای لەسەر خۆی گاڵەدا، لەوێ سێ ڕۆژی لەسەر یەك مایەوە. نە نان و نە ئاوی نەخوارد، بەڵام دەربارەی بەڕێز لینتۆن، کاتی خۆی لە پەرتووکخانە بەسەر برد، لەگەڵ خاتوو ئیزابێللا ماوەی کاتژمێرێك وتوێژی تایبەتی کرد. هۆشیاری کردەوە، کە ئەگەر ئەمە وا بوو بێت، هیسکلیف هانبدات مانای وایە کارێکی ئیجگار خراپ و گەوج دەکات و ئەمەش هەموو پێوەندییەکی نێوانیان، وەکو خوشك و برایەك کۆتایی پێ دێنێت.

# بەشی بیست و یەکەم

## ئەخۆشکەوتنی کاسرین

خاتوو لینتۆن لە دەوروبەری چیمەنەکە بە بێدەنگی و هەمیشە چاوی پڕ لە فرمێسك دەخولایەوە، کەچی برایەکەشی خۆی لەنێو کتێبەکان ئاخنی بوو، کە پێشتر لێکینەکردبوونەوە. بە ئومێدێکی کەم، ئەگەرچی بەردەوامیش بوو کە خاتوو کاسرین لەسەر هەڵسوکەوتەکەی خۆی پەشیمان ببێتەوە و داوای لێبووردن بکات، بەڵام خاتوو لەسەر ڕەتکردنەوەی خواردمەنی مایەوە، وا تێگەیی بزربوونی لەسەر مێزی نانخواردن وا لە ئەدگار دەکات کڕنۆشی بۆ بەرێت. هەر لەو کاتیشدا، من ئیش و کارەکانی خۆم بە ئاسایی بەڕێوە دەبرد، وەکو بڵێی بە تەنیا لە ماڵەوە بم و ئیش و کار بە گشتی بەدەست من بێت. لە کۆتاییدا لە ڕۆژی سێیەم، یا بە تەواوی بڵێم لە کاتێکی درەنگ لە ئێواریێ، خاتوو لینتۆن بەڕوویەکی زەردی تەواو ماندوو، دەرگای کردەوە و داوای شتێك لە خواردەمەنی و ئاوی کرد، وا تێگەیی کە گیان دەدات، هەندێ چا و نان و پەنیرم بۆ هێنا چلێسانە خواردی. پرسی:

– ئەو پیاوە گەوجە چۆن بوو؟

لە وەڵامدا گوتم:

– ئەگەر تۆ مەبەستت بەڕێز لینتۆنە، ئەوە وەکو دەبیندرێت، هەموو دەمێك لەنێو پەرتووکەکانی خۆیەتی.

ئەگەر بارودۆخی ئەو ئافرەتەم بزانیایە، کە بەڕاستی نەخۆشە ئەم قسەیەم نەدەکرد، نەشم توانی خۆم لەو بیرۆکەیە قوتار بکەم، کە ئەو پیاوە بەشێك لە نەخۆشییەکەی بووە. هاواری کرد:

– لەنێو پەرتووکەکانییەتی! منیش وا لە ڕۆخ گۆڕم! ئای، ئایا دەزانیت من چەند گۆڕاوم؟

بە ئاوێنە هەڵواسراوەکەی سەر دیواری بەرانبەری سەیری دەموچاوی خۆی کرد. ئینجا درێژەی بە قسەی خۆیدا و گوتی:

– ئەگەر بتوانم دڵنیا بم، کە ئەمە دەیکوژێت، هەر ئێستا خۆم دەکوشت.

نەیتوانی بەرگەی ئەم بیرۆکەیە بگرێت، کە من دەربارەی کەم بایەخ پێدانی ئەدگارم لە مێشکی نا. ئیدی هەموو لەشی گەرم داهات و سوور هەڵگەڕا و خۆی لەسەر تەنیشت هەڵگێر و وەرگێر کرد، لە ناکاو لەگەڵ هەڵسانەوە سەرپێیان داوای لە من کرد پەنجەرە بکەمەوە. زستان لەنیوەیدا بوو، ڕەتی داواکارییەکەم دایەوە و گوڕانی ئاکاری دەموچاوی دەستی پێکرد، تا ڕادەیەك بمترسێنێت و نەخۆشییەکەی پێشتری بە بیر هێنامەوە، کە دکتۆر ئاگاداری کردینەوە نابێ کەس لە ڕووی ئارەزووکانی ڕکابەری بکات. ئیدی بە ددانەکانی خۆی دەستی بە دڕاندنی سەرینەکەی خۆی کرد. وا پێدەچوو چێژی لەمە وەردەگرت، کە بە ددانەکانی خۆی تووك لە کونەکانی سەرینەکە ڕابکێشێت، ئەو باڵندانە بناسێت کە تووکەکانیان لێوەرگیراوە. گوتم:

– ڕاکشێ و چاوەکانت بنووقێنە، نووستن بۆ تۆ باشە.

دەنگی هەڵبڕی:

– ئۆی، خۆزگە سەرلەنوێ دەبوومەوە کچ، خۆزگە ئێستا لە ماڵە کونەکەی

خۆمان لەسەر قەرویْلەکەی خۆم دەبووم و باش لە نزیك پەنجەرەوە بە نێو درەختەکان وژەوژی دەکرد، لێگەڕێ با هەستی پێبکەم، ئەمە یەکسەر لە چۆڵەوانییەوە هەڵیکردووە!

بۆ ئەوەی دڵی خۆش بکەم، پەنجەرەکەم چەند ساتێك بەوالآیی بەجێهێشت، بایەکی بەفرین تەوژمی هێنا، منیش جارێکی دی دامخستەوە. ئینجا لە ناکاو پرسی:

– ئەوە چەندە من خۆم لێرە زیندانی کردووە؟

وەلآمم دایەوە:

– چوار شەو و سێ ڕۆژ، ماوەکە بەشی ئەوەندە دەکات، کە لەسەر ئاوی سارد و میزاجی خراپ بژیت.

– وا پێدەچێت کاتێکی زۆر ناخۆش بووبێت، بە بیرم دێتەوە، کە دوای ئەوەی بەشەڕ هاتن من لە ژووری میوانان دانیشتبووم. ئینجا بە پەلە بەسەر پەیژە کەوتم، هەر کە دەرگام داخست دنیا لەبەر چاوم تاریك داهات. نەمتوانی ئەدگار تێبگەیێنم، کە ئەو بەلآیە دیسان گرتوومەتیەوە و ئەویش لە تەنگاوکردن و بێزار کردنم وازی نەهێنا.

ئینجا بە دەنگێکی شێوە فرمان گوتی:

– ئەم پەنجەرەیە دیسان بکەوە، ئەی ناتەوێت من بژیم، زۆر باشە، من بە خۆم دەیکەمەوە.

بەرلەوەی بیگەمێ، لەسەر قەرویْلە هاتە خوارەوە، چەند هەنگاوێکی بە شلی و نەرمی هەڵێنا و پەنجەرەکەی کردەوە بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو بایەی، کە وەکو دەمەچەقۆ ناخی مرۆڤی دەبڕی. تکام لێ کرد و لە کۆتاییدا هەوڵمدا ناچاری

بکەم کە بۆ سەر قەرویلەکەی خۆی بگەڕێنمەوە، بەڵام هێز و توانایە بە تەوژمەکەی بەرگری توانای منی کرد. من هەوڵمدەدا شتێکم بە بەردەست بکەوێت، کە تێی وەرێنم و لەنێو ئامێزیشم قوتار نەبێت. ئیدی لەو ساتە گوێم لە بادانی دەستەکی دەرگابوو، بەڕێز لینتۆن هاتە ژوورەوە، دەنگی خۆم بە توندی هەڵبڕی و هێمایەکم بۆ کرد بەرانبەر ئەو دیمەنەی لەبەرچاوی بوو، سەرسام نەبێت. گوتم:

- ئۆی، گەورەم، خانممان نەخۆشە. هەرگیز ناتوانم هێوری بکەمەوە. تکات لێدەکەم وەرە بەڵکو دڵی نەرم دەکەیتەوە و ڕازی دەکەیت کە بگەڕێتەوە سەر قەرویلەکەی خۆی.

ئەویش خێرا بۆ لامان هات و گوتی:

- کاسرین نەخۆشە! ئیلین پەنجەرەی دابخەوە!

پیاوەکە لەو گۆڕانکارییەی بەسەر دیمەنی سیمای خاتوو لینتۆندا هاتبوو، مەست و مەدهۆش بوو. پێم خۆش بوو، کە من لەباری دەروونی پێشترم نەدەزانی، کەچی هەستم کرد لەو ڕوونکردنەوەیە زوبانم تەتەڵە دەکات. خانەوادەکەم وا پێدەچوو لە قسەکانی من نەختێ دڵگیر و بێزار بوو. ئیدی خێزانەکەی خۆی لە ئامێز گرت، لە سەرەتا هیچ بەڵگەیەکی لێ بەدیار نەکەوت، کە مێردەکەی خۆی دەناسێت، بەڵام هێندەی پێ نەچوو وردەوردە سەرنجی خۆی لێدا. ئینجا بە دەنگی تووڕە گوتی:

- ئێ... ئێ... ئەوە هاتوویت! ئەدگار ئەمە تۆی... وا نییە. تۆ لەو شتانەیت کە لە کاتی پێویست بەدیار ناکەویت. زۆر سووت لە من دەبێتەوە، کە لەنێو گۆڕدا دەبم، چونکە بەهار تەواو نابێت دەمرم!

- کاسرین! چ سەنگم لە لای تۆ ماوە؟ ئایا ئەو بەدڕەوشتەت خۆش دەوێت، هیسک...
- ئەگەر باسی ئەم ناوە بکەیت، هەر ئێستا بە یەك هەڵدان لەم پەنجەرەوە خۆم تێدەچووێنم. بگەڕێوە نێو پەرتووکەکانی خۆت. ئێستا پێویستم بە تۆ نییە.

گوتم:

- گەورەم، زەینی لە لای خۆی نییە. ئەم ژنە بە درێژایی ئێواریێ هورێنەی دەکرد، پێویستە لە سەرمان هۆشیار بین، تاکو جارێکی دی بێزاری نەکەینەوە.

بەڕێز لینتۆن وەلامی دایەوە:

- من نامەوێت پتر گوێم لە ئامۆژگارییەکانی تۆ بێت. تۆ سروشتی هەڵسوکەوتی خانمەکەی خۆت دەزانی و هانتدام لە دژیدا هەڵسوکەوت بکەم و بە درێژایی ئەم سێ ڕۆژەش هیچ بیرۆکەیەکت لە باری دەرونی ئەم ژنە پێ نەگوتم! بەڕاستی کارێکی زۆر خراپت کرد!

دەستم بە بەرگری لەخۆکردن کرد، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ناکرێ بە هۆی هەڵەکانی خەڵکی دی من گوناهبار بکرێمەوە. لەدوای ئەمە، ژوورەکەم بەجێهێشت و مکوڕبووم کە بچم لەسەر بەرپرسێتی خۆم داوای یارمەتی دکتۆر بکەم.

# بەشی بیست و دووەم

راکردنی ئیزابێلا

کاتێ بەنێو باخچەدا دەڕۆیشتم، شتێکی ڕەنگ سپیم بینی بە مێخەکێك بە دیوارەوە توند هەڵواسرابوو. شتەکە سەگی ئیزابێللای بچکۆلّ بوو، کە بە دەسترۆکێك بەسترابووەوە و هەناسەی مەرگی دەدا. من لەو کاتەی خەریکی قوتارکردنی ئاژەڵەکە بووم، وەکو بڵێی چرپەی قاچەکانی ئیسترێکم بیست لە نزیکمەوە خێرا دەڕۆیشت، بەڵام هەر لەو کاتە بیر و لێکدانەوەیەکی زۆر بە خەیاڵمدا دەهات. ماوەی نەدام بیر لە سەمەرەیی نموونەی، وەکو ئەم ژاوەژاوەی کاتژمێری دووی بەیانی بکەمەوە. لە بەختچاکی خۆم، دکتۆر کینیس تازە لە ماڵەوە دەچووە دەرەوە، تاکو سەر لە نەخۆشێکی نێو گوندی بدات. لەگەڵ من یەکسەر گەڕایەوە و گوتی:

– نیلی وین من بەڕاستی وا تێدەگەم نەخۆشی ئەم کچە هۆیەکی دیکەی هەبێت. کچێکی بەهێز و لەشساغی وەکو کاسرین، هەڵبەتە بە بێ هۆ تووشی نەخۆشی نابێتەوە. ئەم نەخۆشییە چۆن لێی پەیدا بوو؟

بە هۆشیارییەوە وەڵامم دایەوە:

– ئێستا خانەوادەکەم هەموو شتێکت پێدەڵێت، بەڵام تۆ بەخۆت خووڕەوشتی توندوتیژی بنەماڵەی ئێرنشۆ دەزانیت و خاتوو لینتۆنیش خراپترینیانە.

کە تێڕوانینی حاڵەتی نەخۆشییەکەی دەکرد، بە ئومێدەوە قسەی بۆ بەڕێز لینتۆن دەکرد کە ئەگەر بتوانین هێمنی و ئارامییەکی بۆ دابین بکەین، ئەوا چاك دەبێتەوە. بە منی گوت، مەترسییەکە هێندە نییە و نەگەیشتووەتە ئاستی مردن، وەکو ئەوەی تووشی مێشکی ببێت.

ئەمشەوە چاوەکانی خۆم لێکنەنا، بەڕێز لینتۆنیش وەکو من نەنووست، بەڵکو هەرگیز نەچووینە سەر قەروێلەش. خزمەتکارەکان بە ماوەیەکی زۆر پێش وەختی خۆیان لەخەو هەڵسان. هەموویان هاتن تەنیا ئیزابێللا نەبێت. سەرنجمان دایی بزانین چەند کەوتووتە خەوێ، برایەکەشی پرسی، کە ئایا بۆچی ئیزابێللا لە خەو هەڵنەستاوە. ئیدی زۆر پێی ناخۆش بوو، کە خوشکەکەی هێندە گرنگی بە براژنەکەی خۆی نادات. یەکێك لە کارەکەرەکان هات، کە کچێکی کەمزان بوو، لەسەر پەیژەکەوە دەمی خۆی بەش کردبووەوە و پڕ بەدەم هاواری دەکرد:

– ئای، ئای، گەورەم، گەورەم، ئەمە دیسان چیمان بەسەر هات. خانمە بچکۆڵەکەمان....

خێرا هیمام بۆ کرد:

– دەنگت نزم کەوە!

بەڕێز لینتۆن گوتی:

– ماری، هێشتا دەنگت نزم کەوە. چ بووە؟

کچەکە دیسان دەنگی خۆی لێهەڵبڕی و گوتی:

– ڕۆیشت! ڕۆیشت! لەگەڵ هیسکلیفدا ڕایکرد!

کچەکە چووبووە گوندی و لەوێ ئەو کوڕە هەرزەکارەی بینیبوو، کە هەموو جارێك شیرمان بۆ دێنێت. پێی گوتبوو ژن و پیاوێك لەدوایی دوو میل لە غیمرتۆن

هەر لەدوای نێوەشەوەوە ڕاوەستاون قاچی ولاغەکەیان سم دەکەن. هیسکلیف هەڵەی نەکردووە، هەروەها ئافرەتەکە کاتیێ قومێك لە ئاوی خواردەوە پۆشمینی سەری بەربووەوە و بەمەش دەموچاوی بە چاکی بەدیار کەوت. پرسیم:

– ئایا دەکریێ بەدوایدا بگەڕێین؟ چ بکەین؟

بەڕێز لە وەلامدا گوتی:

– ئەم کچە بە ئارەزووی خۆی ڕۆیشتووە. بەم مەسەلەیە پتر ماندووم مەکەن، لە ئایندە تەنیا بەناو خوشکم دەبێت.

لەدوای ئەمە چی دی بەناو ناوی خوشکەکەی خۆی نەهێنا، بەڵکو هێمای بۆ کەلوپەلەکانی نێو ماڵەوە دەکرد، کە بۆی ببەمەوە بۆ ماڵە نوێیەکەی. ئەمەش ئەو کاتەی، کە زانیمان لە کوێیە و لە کویێ ئۆقرەی گرتووە.

هەردوو مشکەکان ماوەی دوو مانگ خۆیان بزر کرد، لەو ماوەیەش خاتوو لینتۆن لە ناخۆشترین نەخۆشی، کە ئاشکرابوو تای مێشکی گرتبوو وردەوردە چاکبووەوە. ئەدگاریش شەو و ڕۆژ دەیلاواندەوە، زۆر بە ئارامی بەرگەی ئەو هەموو خووڕەوشتە ناشیرینانەی دەگرت، کە لە نەخۆشی لەش و مێشکەوە هەردووکیان پێکەوە تووشی هاتبوو. دکتۆریش ئاگاداری کردەوە، کە تەندروستی خۆی لەدەست دەدات و خزمەتی نەخۆشێك دەکات، کە هیچ جێی ئومێد نییە. خێزانەکەی، وەکو جاران نایێتەوە سەر هێز و توانای خۆی، بەڵام دڵخۆشییەکی لە سنوور دەرچوو، کە زانی خێزانەکەی لە مەترسی دەرچووە، چونکە ژیانی ئەم ئافرەتە پێوەندی بە ژیانێکی دیکەوە هەبوو. ئیدی هەموومان بە ئومێد بووین، کە بەڕێز لینتۆن لەدوای ماوەیەکی کەم شاد و دڵخۆش بێت، زەوییەکانی خۆی لەدەست بێگانە دەربێنێت، ئەمەش بەوەی کە وارسێکی بۆ لە دایك دەبێت. ئەم ئافرەتە بۆ یەکەمین جار لە سەرەتای مانگی ئادار/مارس لە ژوورەکەی خۆی چووە دەرەوە. بەڕێز لینتۆنیش ئەو بەیانییە چەپکێك لە گوڵەکانی بۆ لەسەر سەرین دانابوو.

کاتی لە نێو پێخەفەکەی خۆی ڕاست بووەوە، چاوەکانی شەوقیان دەدایەوە و لە خۆشییان دەگەشایەوە و گوتی:

- ئەمە یەکەمین گوڵی بەرزاییەکانە، بای خۆش و ڕۆژی فێنک و توانەوەی بەفرەکانم بەبیر دێنێتەوە.

مێردەکەی گوتی:

- خۆشەویستەکەم بەفر نەماوە. لە بەهاری ڕابردوو، کاسرین خان زۆر حەزم دەکرد لە ژێر سێبەری ئەم ساپیتەیە بتبینم، ئێستاکەش ئومێدوارم ئەگەر لەسەر ئەم لووتکەشاخانە میلێك یان دووان دوور بکەویتەوە، بایەکی زۆر خۆشی هەڵکردووە و هەست دەکەم بۆ تەندروستی تۆ باش بێت.

بەڕێز داوای لە من کرد لە ژووری میوانان ئاگرێك داگیرسێنم و کورسییەکیش لەبەر تیشکی خۆر دابنێم. لەدوای ئەمە هێنایە خوارەوە و خانمیش ماوەیەکی دورودرێژ خۆی دایە بەر تیشکی خۆر. لە ئێوارێ سەرەڕای ماندووبوونی نەیویست بۆ نهۆمی سەرەوە بگەڕێتەوە. ئیدی بەم شێوەیە ژوورێکی دیکەی بۆ لە هەمان نهۆم ئامادە کرا، هێندەی پێنەچوو هێندە هێز و توانای بەبەرەوە هاتەوە، کە بتوانێت بە هۆی داردەستەکەی ئەدگار لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی دی هاتووچۆ بکات.

لە دوای شەش هەفتە بەسەر ڕۆیشتنی ئیزابێللا، نامەیەکی کورتی بۆ برایەکەی خۆی ڕەوانە کرد، تێیدا مێردکردنی خۆی بە هیسکلیف ئاشکرا کرد. نامەکە سارد و وشك بوو، بەڵام لە خوارەوە دێڕێك بە پێنووسی ڕەساس نووسرابوو، تێیدا لەوەی کردبووی پەشیمانی خۆی دەردەبڕی و ئارەزووی لێبووردنی دەکرد. لینتۆن وەڵامی نەدایەوە، لەدوای دوو هەفتە نامەیەکم لە کچە کەساسەکە پێگەیشت، تاکو ئێستا لە لای خۆم پاراستوومە، بەمەی خوارەوە دەستی

پێکردبوو:

"خۆشەویستەکەم ئیلین، من شەوی ڕابردوو بۆ بەرزاییەکانی ویزرینگ هاتم، بۆ یەکەمین جار ئاگاداری کردمەوە، کە کاسرین هێشتا زۆر نەخۆشە، بڕوا ناکەم پێویست بکات نامەی بۆ بنووسم، لەوانەیە برام زۆر تووڕە بێت، یا خەفەت لەوە بخوات، کە وەڵامی نامەکەم بدرێتەوە.

بە ئەدگار بڵێ دڵی من دوای بیست و چوار سەعات پاش ڕۆیشتنم بۆ گەرانج لێی دەدا، بەڵام چ بکەم نەمتوانی بگەڕێمەوە. لە خۆم دەپرسم لەو کاتەی تۆ لێرە نیشتەجێ بوویت، چۆن توانیت بەو دڵنەرمییەی خۆت بمینێیتەوە. ئایا هیسکلیف شێت بوو یا نەگریس بوو؟ خۆزگە ئەگەر بتتوانیایە ئەمەت بۆ ڕوون دەکردمەوە، من مێردم بە کێ کرد؟

دوای خۆرئاوابوون گەیشتینە ئێرە. خزمەتکارە پیرە هاوڕێیەکەت چرایەکی بۆ هێناین، زۆر بە ناشیرینی لە من ڕاما. ئینجا ولاغەکانی دوورخستەوە. هیسکلیف مایەوە قسەی لەگەڵدا دەکرد، کەچی من لە چێشتخانە چوومە ژوورەوە و ژوورەکەم بە نارێکی و پیس و پۆخڵی بینی. گرەوت لەگەڵدا دەکەم ئەگەر چاوت بە چێشتخانەکە بکەوتایە نەتدەناسییەوە. هەموو شتێك گۆڕاوە، وەکو سەردەمی تۆ نەماوە، لە تەنیشت ئاگردان منداڵێکی ئێسك گران ڕاوەستابوو، لە چاوەکان و دەوروبەری دەمی لە کاسرینی دەکرد، زانیم ئەوە هاریتۆنە، هەوڵمدا ئاشنایەتی بکەم، کەچی سەرەتا دەستی بە جوێندان کرد، ئینجا سەگێکی تێبەردام.

هەندێ لە حەوشە گەڕام و لە دەرگایەکم دا، پیاوێکی بەژن درێژی جلوبەرگ پیس و قژ تێکقژقژا و دەرگای کردەوە، ئەویش لە کاسرینی دەکرد، کە برای بوو،

بردمیە ژوورەوە و دەرگای داخست. خۆم لە ژوورێکی گەورە بینییەوە، کە چەند ساڵێك پێشتر سەردانی ئێرەم کردبوو و ئەم ژوورەم زۆر بە جوانی و ڕێکوپێکی بینیبوو. کەچی ئێستا تۆزوخۆڵی لێ باریوە و پشتگوێ خراوە.
پرسیم ئەگەر بتوانم بانگی کارەکەر بکەم، تاکو ژووری نووستنم پێ نیشان بدات. بەڕێز ئێرنشۆ وەڵامی نەدایەوە، وا پێدەچوو بوونی منی لەبیر کردبوو، ڕێزلێنەنانی خۆم وا هاتە بەرچاو بە ڕادەیەك دوودڵ بووم، کە جارێکی دی پرسیاری لێ بکەمەوە و بێزاری بکەم.
بە بیرم هاتەوە، کە لەدوورایی چوار میل ماڵە خۆشەکەی ئێمە لێیە و ئەو خەڵکە چاك و بەسۆزانەشی تێدایە، کە لە دنیادا خۆشم دەوێن. ئیدی ئەو بارودۆخەم وا هاتە بەرچاو، وەکو بڵێی ئۆقیانووسێك نێوانمان بکات! لە کۆتاییدا پرسیارەکەی خۆم دووبارە کردەوە، بەڕێز ئێرنشۆش گوتی:

- ئێمە کارەکەرمان نییە. دەبێ بەخۆت خزمەتی خۆت بکەیت.
- ئەی کەواتە دەبێ لە کوێ بنووم.

گریام، زۆر ماندوو و بێهێز بووم. ئەویش وەڵامی دایەوە:

- ئێستا جۆزێف ژووری هیسکلیفت پێ نیشان دەدات. ئاگاداربە لەدوای خۆت دەرگاکە جوان داخە.

پرسیم:

- بەڕێز ئێرنشۆ، بەڵام بۆچی؟

گوتی:

- سەیری ئێرە بکە.

لە گیرفانی خۆی دەمانچەیەکی بچووکی شێوە سەیری دەرهێنا، چەقۆیەکی

دووسەری لەسەر قایم کرابوو.

- من ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم هەموو شەوێك بەسەر نهۆمی سەرەوە بکەوم و دەرگای بۆ دابخەم، ئەگەر یەك جار بینیم والآبوو، ئەو پیاوە بە مردوویی دەبینییەوە.

پرسیم:

- باشە هیسکلیف چی لە تۆ کردووە؟ چاکتر نییە پێی بڵێی ماڵەکە بەجێ بهێڵێت؟

ئێرنشۆ دەنگی لێهەڵبڕی و گوتی:

- نەخێر! هەموو پارە و پوولم لەدەست بچێت و هەڵێکم بەدەستەوە نەمێنێت، کە پارەکانی خۆم بگەڕێنمەوە؟ دەتەوێت هاریتۆن ببێتە سواڵکەر؟ پارە و سامانەکەم دەگەڕێنمەوە و هەمیشە زیرەکانیشی لێ دەبەمەوە و خوێنەکەشی دەبەم!

ئیلێن تۆ خووڕەوشتی خانەوادە کۆنەکەی خۆت دەزانیت. بێگومان خەریکە شێت دەبێت، منیش دەترسم لێی نزیك بکەومەوە. ژوورەکەی هیسکلیف کلیل درابوو. چووم لە ژووری میوانان لەسەر کورسییەك بنووم، تاکو هەواڵی نەخۆشی کاسرینی هێنا، لەمەشدا برایەکەمی تاوانبار کردەوە و پەیمانیدا لەجیاتی ئەو سزام بدات، تاکو ئەو ڕۆژەی دەتوانێت دەستی بگاتێ.

من زۆر کەساس و غەمگینم، بێعەقڵییەکی گەورەم کرد! لەمە چ شتێك بە خەڵکی غرانج نەڵێیت. ئیلێن خێراکە وەرە بمبینە. هەموو ڕۆژێك چاوەڕێی هاتنتم. بێئومێدم مەکەوە!"

"ئیزابێللا"

# بەشی بیست و چوارەم

## من دەمەوێت ببینم

هەر کە لە نامەکەی ئیزابێللا بوومەوە، چوومە لای بەڕێز و هەواڵی خوشکەکەیم پێشکەش کرد و بە زاریش پێم گوت، کە خوشکەکەی ئارەزووی لێیە لێی ببووریت، ئەویش وەڵامەکەی:

– ئیلین من چ شتێکم لەگەڵیدا نییە لێی ببوورم، دەتوانیت ئیمرۆ لەدوای نێوەڕۆ سەری لێ بدەیت و پێی بڵێیت من سووم لە ڕۆیشتنی بووەتەوە. ئێستا ئێمە هەتاهەتایی لە یەکدی جیابووینەوە.

ساردی بەڕێز ئەدگار زۆر غەمگینی کردم و بە درێژایی ماوەی ئەو ڕێگایەی بۆ بەرزاییەکان دەچوو من زەینم لەوەدابوو کە چۆن بتوانم ئەم وەڵامە وا ڕێکبخەم کە دڵی کچەکە زۆر نەڕەنجێت.

من بە درێژایی ژیانی خۆم دیمەنی لەمە ناخۆشتر و مەلوولتری وەکو ئەم خانووەم نەبینیبوو، کە پێشتر جێی شادی و خۆشی بوو، خانمە بچکۆڵەکەش لەم دیمەنە کەساسییەکەی دەوروبەری خۆی هاوکاربوو. سیمای دەموچاوێکی زەردی بێ بزە، قژ دانەهێنراو ، هەندێکی شۆڕ ببووەوە و هەندێکیشی بە دەوری سەری بە پێچەوانە هەڵدرابووەوە. لەوانەبوو لەوەتەی شەوی پێشتر دەستی ڕێکخستنی پێنەکەوتبوو.

کاك هیندلی لەوێ نەبوو، بەڵام بەڕێز هیسکلیف لە پێش مێزێك دانیشتبوو. هەڵسایەوە و بە شێوەیەکی دۆستانەبەخێرهاتنی لێ کردم و کورسییەکی بۆ دانام. ئەو تەنیا کەس بوو لەو ماڵە، کە ڕێزی گرتم و وا هاتە بەرچاوم، کە پێشتر

هەرگیز لەمە پیاو چاکتر نەبووە. سەیریش لەمەدابوو وا تێدەگەیی بەخۆی بە پیاوماقووڵ لە دایکبووە و خێزانەکەی لە بنەچەیەکی ناکەس بەچەیە.

کچەکەش هاتە ژوورەوە و یەك دوو هەنگاو لە من نزیك کەوتەوە، وێدەچوو وەکو ئەوەی لە من چاوەڕێی نامەیەك بکات، کە دەبوایە من هەواڵی براکەی بە چەند وشەیەك تێبگەیێنم. لێوەکانی لەرزین و گەڕایەوە و لەسەر کورسییەك دانیشت.

ئیدی مێردەکەی دەربارەی کاسرین قسەی بۆ کردم. پێم گوت:

- خاتوو لینتۆن ئێستا خەریکە چاك دەبێتەوە، بەڵام تەندروستی جارانی ناگەڕێتەوە و ژیانیشی لە مەترسی دەرچووە، هەندامی زۆر گۆڕاوە و خوورەوشتیشی زۆر گۆڕاوە. ئەو کەسەی پێویستە یاوەری بکات و لەگەڵیدا دابنیشێت و ڕۆژانی ڕابردووی بەبیر بینێتەوە و سۆز و ئەرکی خۆی بەرانبەری بەدیار بخات، هەڵبەتە ئەو کەسە دەبێ خۆشەویستی لە دڵدا بێت.

هیسکلیف دەمێك خۆی هێمن و بێدەنگ کرد. ئینجا گوتی :

- بۆ؟... نیلی تۆ وا تێدەگەیت من واز لە کاسرین دێنم، تاکو خانەوادەکەت بەزەیی پێ بێتەوە و هەستی ئەرکی خۆی بەرانبەری جێبەجێ بکات؟ نا، نا. من دەبێ بەڵێنێك لە تۆ وەرگرم، کە چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ ئەم ئافرەتە بۆ ڕێك بخەیت. قایل بێت یا قایل نەبێت، من دەیبینم! چ دەڵێیت؟

لە وەڵامدا گوتم:

- دەڵێم بینینێکی دیکە و شەڕێکی دیکەی نێوان تۆ و بەڕێز لینتۆن ئەم ئافرەتە بە یەك جاری دەکوژێت.

گوتی:

- بە هاوکاری و یارمەتی تۆ دەکرێ ئەمە ڕوو نەدات. ترسی من لەوەی مێردەکەی خۆی لەدەست دەچێت، هەڵبەتە ناهێڵێت دەستی منیش بۆ کاری بەدتر درێژ بکرێت. تۆش جیاوازی نێوان هەستمان دەبینیت. ئەگەر من لە شوێنی ئەم پیاوە دەبووم و ئەویش لە شوێنی مندا دەبوو، هەرگیز دەستم لێی بەرز نەدەکردەوە، ئەگەر بمزانیایە ئافرەتەکە دەیەوێت لەگەڵ ئەودا بمینێتەوە، ئەوەش بزانە ئەو کاتەی هەستی ژنەکە کۆتایی پێ دێت، مانای ئەوەیە من دڵی مێردەکەیم ڕەنجاندووە، بەلاّم تاکو ئەو کاتە بەرلەوەی دەست بۆ کەڵە مووێکی سەری ئەم پیاوە بەرم، خۆم لە هەموو شەڕ و دەمەقاڵێ و ڕووبەڕووبوونەوەیەك دەپارێزم...

قسەم پێ بڕی و گوتم:

- لەگەڵ ئەمەشدا خۆت لەمە ناپارێزیت، کە لێی گەڕێیت تەندروستی باش ببێت، کە ئێستا دوای ئەوەی خەریکبوو تۆی لەبیر چووبووەوە، دەتەوێت دڵناڕەحەت و بێزاری بکەیتەوە.
- ئۆی... نیلی! تۆ بەخۆشت دەزانیت شتی لەم بابەتە ناکات! وەکو من تەواو دەزانیت بەرانبەر هەر هەنگاوێك، کە بۆ لینتۆن دەچێتە پێش، بۆ من هەزارە! لەوەتەی لە هاوینی ڕابردوو گەڕاومەتەوە ئەگەری ئەم بیرۆکەیە لە مێشکمدا دەخولێتەوە، بەلاّم چ بکەم قسەکانی وام لێ دەکات سەرلەنوێ دان بەو بیرۆکە ترسناکە بهێنم. ئەو کاتەش لینتۆن

هێندە گرنگی نابێت، یا هیندلی کە بەرانبەر گشت خەونەکانی دیکەی تۆڵەسەندنەوە خۆیان پیێ بگیرێت.

دوا ڕۆژی من لە دوو وشە خۆی دەنوێنێت، مردن و دۆزەخ، کەچی کاسرین وەکو من دڵێکی هەست ناسکی هەیە، بەڵام لینتۆن سەگ و ئەسپەکەی خۆی لیێ لە ژنەکەی خۆی نزیکترە. ئەو پیاوە وەکو من دڵی بۆ خۆشەویستی لیێ نادات، ئینجا ئەم ئافرەتەش چۆن دەتوانێت شتێکی خۆش بووێت، کە بەخۆی زۆر چاك دەزانێت ئەم شتە موڵکی خۆی نییە؟

ئینجا ئیزابێللا لە ناکاو دەنگی لێهەڵبڕی:

- کاسرین و ئەدگار، وەکو دوو کەسانێك خوویان بە یەکدییەوە گرتووە! من قایل نابم برام بەم سووکایەتییە بێت!

هیسکلیف لچێکی لیێ بادا و گوتی:

- هەمیشە براکەت خووی بە تۆوەش گرتووە، وا نییە؟

منیش گوتم:

- خانمە بچکۆڵەکەم وا دیارە زۆر غەمگین بێت، چونکە بارودۆخی لیێ گۆڕاوە. تۆش دەبێت ئەمە لەبەرچاو بگریت، کە ئەم ئافرەتە وا ڕاهاتووە کە چاودێری بکرێتن و گرنگی بە کاروباری بدرێت. بۆیە پێویستە کارەکەرێکی بۆ دابین بکەیت و بەرانبەر بەڕێز ئەدگاریش بیروڕات هەرچۆنێك بێت، ناکرێت گومان لە بێگەردی سۆزی ئەم ئافرەتە بکەیتەوە، ئەگەرنا وازی لەو خۆشی و بەختەوەرییەی ماڵەکەی خۆی نەدەهێنا، تاکو لەم شوێنە چۆلەوانییە لەگەڵ تۆدا بژیت.

وەڵامی دایەوە:

- واز لێهێنان لەبەر بیرۆکەیەکی هەڵە لەسەر من، کە گوایە من ئەو پیاوە ڕێکوپێکەم کە لە ڕۆمانەکاندا دەربارەی قارەمانێتی خوێندراوەتەوە. من ناتوانم وەکو مرۆڤێکی تیرعەقڵ سەیری بکەم. ئەو بیرۆکەیەی لەسەر کەسێتی لە مێشکیدا چەسپاوە ئیدی گۆڕانی بۆ نییە، بەڵام وا تێبگەم لەم دواییانە دەستی پێ کردووە خەریکە دەمناسێت، لە لای منیشەوە گرنگ نییە ئەگەر خۆشەویستی لە یەك لایەندا بێت. کاتێ لە غرانج دەرچووم یەکەمین شت کە کردم ئەوە بوو سەگە بچووکەکەیم لە سێدارە دا، ئەم کچە بەمەش هەستی نەورووژا و ناڕەزایی دەرنەبڕی. نیلی بە خانەوادە بەڕێزەکەی خۆت بڵێ من لە هەموو ژیانی خۆم کەر و بێعەقلی، وەکو ئەم کچەم نەبینیوە. ئەمە شوورەییەکی تەواوە، بە ڕادەیەك ناوی لینتۆنیشی زڕاندووە.

ئیزابێللا بەدەنگ گوتی:

- دەڵێ منی خواستووە بەو ئامانجەی بەسەر ئەدگاردا زاڵ بێت، بەڵام نابێ بگاتە ئامانجی خۆی. هەموو ئەوەی ئومێدی بۆ دەکەم ئەوەیە، کە بە ئاگابوونە ئەگریسەکەی خۆی لەبیر بکات و بمکوژێت! تەنیا خۆشی و بەختەوەری من لەوەدایە، کە من بتوانم بیری لێ بکەمەوە ئەوەیە کە من بمرم یا ئەوەتا بە مردوویی بیبینم!

هیسکلیفیش بە ساردی گوتی:

- نیلی ئەگەر لەبەردەم دەستەی دادگە بانگ کرابیت، شێوازی قسەکانیت بە بیر بێتەوە. چاك سەیری سیمای دەموچاوی بکە، ئێستا ئیزابێللا تۆ لە قسە و هەڵسوکەوتەکانی خۆت بەرپرس نیت، تۆ لەو ئاستە نزیکیت،

که شایانی من بیت، پێویسته لەسەر من به سیفەتی مێردی شەرعی تۆم، پارێزگاری له ئاسوودەیی و جوولانەوەکانت بکەم. بۆ سەرەوە بەسەرکەوە، شتێکی تایبەتیم هەیە به ئیلین دەڵێم.

له ژوورەکه پاڵی پێوەنا، ئینجا منگەیەکی کرد:

– من هیچ بەزەییم به تۆ نایێتەوە. ئەوەی بەزەیی بێت له لای مندا نییە، بەڵکو هەرچەند مێروو به ئازار بێت پتر ئارەزووی سەر پانکردنەوەی دەکەم.

هەڵسام تاکو برۆم، ئەویش گوتی:

– نیلی ڕاوەستە! وەرەئێرە. من دەبێ یا ڕازیت بکەم، یا ناچارت بکەم که دەبێ له به یەکگەیشتنی کاسریندا یارمەتیم بدەیت. من هەرگیز حەز ناکەم ببمە هۆی هیچ بێزاری و ناخۆشییەك. کاتێ هاتم پێت دەڵێم. هەر که به تەنیا بوو بێ ئەوەی کەس هەست پێ بکات دەمبەیتە ژوورەوە.

زۆر قسەم لەگەڵ کرد و بێزاری خۆم دەربڕی. زۆر به توندی بەرپەچم دایەوە، کەچی له کۆتاییدا هیسکلیف به ڕێکەوتنێك ناچاری کردم، بەوەی که نامەیەك بۆ خانمه خانەوادەکەم ببەم. ئەگەر بەخۆی ئارەزووی لەمه بێت. ئەویش به ئەنقەست لەو کاتەی، که لینتۆن بۆ ڕۆژی پاشتر له ماڵەوه نەدەبوو بۆ کاتی هاتنی ئاگاداری کردەوه و چاکترین شێوەی چوونه ژوورەوەی بۆ ئامادە کرد.

[illegible]

[illegible]

ئەو ئێوارەیە زانیم، وەکو بڵێی بینیبم، بەڕێز هیسکلیف بەدەوری غرانجدا هاتوچۆی دەکرد. لە چوونەدەرەوە خۆم پاراست، چونکە هێشتا نامەکەی لە گیرفانمدا بوو. نەمدەویست بیدەمە خانمەکە تەنیا دوای دەرچوونی مێردەکەی نەبێت، چونکە نەمدەتوانی پێشبینی ئەوە بکەم، کە کاردانەوەی خانمەکەم لەسەر ئەمە چ دەبێت، بۆیە نامەکەی بەدەست نەگەیشت تەنیا دوای سێ ڕۆژان نەبێت.

ڕۆژی چوارەم ڕۆژی یەك شەممە بوو، دوای ئەوەی خەڵکیماڵەکە بۆ کلیسا چوون ، یەکسەر چووم لە ژوورەکەی خۆی بینیم. کاسرین کراسێکی سپی فش و فۆڵی لەبەردابوو، وەکو جاران لە پێش پەنجەرەیەکی والآ دانیشتبوو، قژی درێژ و بۆر بوو، کە لە ماوەی نەخۆشبوونیدا بەشێکی لێ بڕیبوو، بەسەر نێوچەوان و ملیدا بە ساکاری چین چین شۆڕ ببووەوە. سیمای گۆڕابوو، بەڵام کاتێ هێمن و ئاسوودە دەبوو، گۆڕانکارییەکە جوانییەکی سەیری لێ بەدیار دەکەوت، نەرمییەکی خەواڵووش جێی چاوە گەش و زیندووەکانی گرتبوون، هەروەها ڕەنگ زەردییەکەیشی و هەڵسوکەوتە نامۆییەکانی پتر جێی گرنگی پێدان بوون، کە وای لێکردبوون زۆربەی ساتەکان بەئاگا بێت، بەڵام بە بیر و لێکدانەوەی خۆم ئەمانە بە گشتی هێمایەکی دڵنیاکەرەوە بوون، کە بەشی ئەم ئافرەتە لە ژیاندا ئەوەیە کە زوو دەمرێت.

زەنگەکانی کلیسای غیمرتۆن هێشتا لێی دەدا، هاژەی رووبارە بچکۆلانەکەش لە دۆڵەکە دەنگێکی خۆشی بە گوێدا دەچرپاند. وا پێدەچوو کاسرین هەستی خۆی دابووە دیمەنە جوانەکان، بەلاّم نیگایەکی دووری خەواڵووی هەبوو، وەکو پێشتر باسم کرد، گوتم :

- خانم لینتۆن، نامەیەکم بۆ تۆ هێناوە.

ئەمەم گوت و نامەکەم بە جوانی لەدەست نا.

- دەبێ یەکسەر بیخوێنیتەوە، چونکە پێویست بە وەلاّمدانەوەیە. دەکرێ بیکەمەوە؟

بێ ئەوەی نیگای چاوەکانی خۆی لابدات، گوتی:

- بەڵێ.

زەرفەکەم هەڵپاچی و نامەکەم لەدەست نا، تاکو بیخوێنێتەوە. دەستی خۆی کێشایەوە و نامەکە کەوتە سەر زەوی. هەڵمگرتەوە و لەسەر ئەژنۆم دانا و ڕاوەستام چاوەڕێم کرد. لە کۆتاییدا گوتم:

- دەکرێ من بیخوێنمەوە؟ ئەمە لە هیسکلیفەوەیە.

جوولانەوەیەکی لە ناکاوی لێ دەرکەوت و تێرامانێك لە یادوەری ، خۆی هێنا و برد، هەوڵیدا بیروهۆشی ڕێکبخاتەوە، نامەکەی هەڵگرت و دەستی بە خوێندنەوەی کرد. کاتێ لە کۆتاییدا گەیشتە ناوەکە، هەناسەیەکی خواردەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا دەمبینی لە ناوەرۆکەکە تێنەگەیشتبوو. هێمای بۆ نامەکە کرد، وەکو پرسیارکەرێکی بە پەرۆشی غەمگین، بە غەریبی و کەساسی لە من ڕاما. منیش گوتم:

- ئەم پیاوە حەز دەکات بتبینێت. ئێستا لەوانەیە لە باخچەدا بێت. زۆر بە

پەرۆشە دەیەوێت وەڵامت بزانێت.

لەو کاتەی من دەدوام، سەرنجم دایی سەگێکی بە قەڵافەت لە خوارەوە لەسەر قەسەڵ لێی ڕاکشاوە و جوولانەوەیەك بە کلکی خۆی دەکات. ئەوە نیشان دەدات، کە کەسێکی لاییدە نزیك بووەتەوە. خاتوو لینتۆن نەختێ خۆی بۆ پێشەوە چەماندەوە و هەستی خۆی ڕاگرت.

هێندەی نەبرد ترپەی پێیەکم لە هۆڵەکە بیست. بە چاوەڕێکردنێکی لە ڕادەبەدەر کاسرین لە قەمتەرەی بەر دەرگای ڕوانی، بەر لەوەی بگەمە دەرگا، هیسکلیف گەیشتێ و بە چەند هەنگاوێك خۆی گەیاندە خاتوو لینتۆن. ئیدی بە توندی ئامێزی خۆی تێوەرهێنا. هیچ قسەی نەکرد و بۆ چەند دەقیقەیەك ئامێزی خۆی لێ شل نەکردەوە. سەیرم کرد تەنیا لەبەر بێئومێدی نەیتوانی بەرگەی سەیرکردنی دەموچاوی بگرێت، چونکە هەر کە چاوی پێکەوت هەستی کرد چاکبوونەوەی جێی ئومێد نییە، چارەی نییە و چارەنووسی چاوەڕوانکراوە و بێگومان دەمرێت. یەکەمین ڕستە کە دەمی خۆی پێ کردەوە ئەوە بوو، کە گوتی:

– ئاخ کاسی! ئەی گیانەکەم! چۆن بتوانم بەرگەی ئەمە بگرم.

ئینجا بە ڕاستگۆییەکی تێروپڕ تێی ڕاما، بە ڕادەیەك وامزانی ئەمە فرمێسکی بۆ دەرێژێت، کەچی ئافرەتەکە لە ناخەوە هەستی بە ژانێك کرد، هیچی نەپرسی. کاسرینیش گوتی:

– ئێستا دەتەوێت چ بکەی؟

دووبارە دانیشتەوە و بە چاوێکی تووڕەیی لە ناکاو چاوی لە دورچاوی نا و هەمدیسان گوتی:

- هیسکلیف تۆ و ئەدگار دڵی منتان ڕەنجاند! ئێستاکەش هەردووکتان دێن و لەو کردەیەی کردتان دەست بە گریان دەکەن، وەکو ئەوەی خاوەن هەموو شتێك بن و پێویست بە سۆز بن! هەرگیز من ناتبەخشم. تۆ منت کوشت، وابزانم لەمە تۆ هەرە بەهێز بوویت. تۆ لەدوای مردنم وا تێدەگەیت چەند ساڵ دەژیت؟

هیسکلیف لەسەر یەك ئەژنۆ داهاتبووەوە، هەوڵی هەڵسانەوەی دا، کەچی خانم لە قژییەوە گرتی و بە کرنۆشی هێشتییەوە، ئینجا بە خەفەتەوە درێژەی بە قسەکەی خۆی دا و گوتی:

- خۆزگە بمتوانیایە بتگرم، تاکو ئەو کاتەی پێکەوە دەمرین! من لەو ئێش و ئازارانەی چێشتم چیدیم نەماوە گرنگی پێ بدەم. ئەی بۆ ئازار نەچێژین، من ئازار دەچێژم! ئایا لە یادم دەکەیت؟ ئایا کاتێ لە ژێر گڵدا دەبم، تۆ بەختەوەر دەبیت؟

سەری خۆی لە ژێر دەستی ڕزگار کرد و بە هاوار گوتی:

- بەس ئازارم بدە، منیش وەکو تۆ شێت نابم! چیتە ئەمە بەم شێوەیە دەدوێیت. ئایا نەگریس بەسەرتدا زاڵ بووە، ئەی نازانیت ئەم وشانە هەموو شتێك لە یادم دەسوتێنێت؟ دەزانیت من هەرگیز ستەمم لە تۆ نەکردووە و ڕاست نییە کە من تۆم کوشتبێت. کاسرین ئایا دەزانیت من بەرلەوەی خودی خۆم لە یاد بکەم هەرگیز ناتوانم تۆ لەیاد بکەم! ئەی خۆپەرستییە نەگریسییەکەی تۆ بەس نییە، کە کاتێ تۆ لە خۆشی و ئاسوودەییدا دەبیت من لە ئێش و ئازار و خەم و پەژارەدا دەبم؟

کاسرین منگەمنگێکی لێوە هات و دەیگوت:

– من لە خۆشی و ئاسوودەییدا نابم.

بە لێدانێکی توندی پچرپچری دڵی خۆی ، هەستی بە بێهێزی کرد، لەمە پتری نەگوت، تاکو لێدانی دڵی هێور بووەوە. بەسۆز و نیمچە پاڕانەوەیەکەوە درێژەی بە قسەکەی خۆی دا و گوتی:

– هیسکلیف ئومێدی ئەوە ناکەم پتر ئێش و ئەشکەنجە بچێژیت. بەسییەتی زۆر ئازارت بینی، هەموو ئەوەی هیوای بۆ دەخوازم ئەوەیە، کە هەرگیز لێکدانەبڕێین. ئەگەرچی یادی هەر وشەیەك لە منەوە بۆ تۆ لە دوارۆژدا دەبێتە مایەی ژان و کەسەر، دڵنیابە کە من لە ژێر گڵدا هەمان ژان و کەسەر دەچێژم. بمبەخشە بۆ ڕێزلێنانی ئەڤینی من! وەرە دووبارە کڕنۆش بەرە! تۆ لە ژیانی خۆتدا هەرگیز و هەرگیز ئازاری منت نەداوە.

# بەشی بیست و شەشەم

## مێوانێکی بانگەهێشت نەکراو

هیسکلیف چووە دواوەی کورسی خانمەکە و خۆی بەسەر کورسییەکەیدا چەماندەوە، بەڵام نەك بە دوورابیەك، کە خانم بتوانێت سیمایە زەردهەڵگەڕاوەییەکەی ببینێت، کە لە مردووی دەکرد. ڕووی خۆی وەرچەرخاند، تاکو تێی ڕامینێت، کەچی بەمە لێنەگەڕا، بەڵکو خێرا بۆلای ئاگردانەکە ڕۆیشت و لەوێ پشتی لە ئێمە کرد و بە بێدەنگی ڕاوەستا. کاسرین بە چاوی گومان تیی ڕوانی، ئینجا دوای ئەوەی لە تێڕامانی وەستا، بە دەنگێکی ناخۆش بە منی گوت:

– نیلی دەبینیت! بۆ ساتێکیش گوێم لێ ناگرێت و سەر دانانوێنێت. بەم شێوەیە منی خۆش دەوێت، باشە قەیناکە. ئەمە هیسکلیف نییە، کە من بۆی عەودالم، من هێشتا ئەو هیسیکلیفەم خۆش دەوێت، کە بەخۆم دەیناسم.

هێشتا لەبەرخۆی دوا و گوتی:

– سەیرە بۆچی لەمن نزیك نابێتەوە، وامزانی مەیلی من دەکات. هیسکلیف، خۆشەویستەکەم، وەرە بۆلام.

بە پەرۆشەوە هەڵسایەوە خۆی بە دەستەکی کورسییەکەوە گرت، بەرانبەر ئەم داواکارییە ڕشتبوونە ئاوڕی لێدایەوە و وا پێدەچوو لەو پەڕی بێزاری و نائومێدیدا بوو. ماوەی چەند ساتێك دووربەدووری مانەوە، ئینجا چۆن بە یەکگەیشتن،

هەرگیز بۆم ڕێك نەکەوتبوو دیمەنی لەم چەشنە ببینم. کاسرین وەکو بڵێی بازی دەدا، ئەویش بە جۆرێك ئامێزی لێ گرت، وەکو بڵێی جارێکی دی بەجێی ناهێڵێت، وامزانی خانم لە هۆش خۆی چوو، کەچی کاتێ لێی نزیك بوومەوە بۆ ئەوەی ببینم، ئاوڕی لە من دایەوە و وەکو شێتێکی برسی لە ئامێزی گرت بێ ئەوەی بزانم چ دەکەم چووم لە لایەك ڕاوەستام.

هەر لەو کاتە جوولانەوەیەکی کاسرین هەندێ دڵی خۆش کردم، دەستی خۆی لە ملی پیاوەکە گیر کرد، تاکو ڕوومەتی خۆی لە ڕوومەتی دوور بکاتەوە، ئەویش لە لایەن خۆیەوە بە تووڕەییەوە دەیگوت:

– من دەتناسم تۆ چەند دڵرەقیت، دڵرەق و بێ بەزەییت! لەبەرچی ڕسوات کردم؟ کاسی لەبەرچی درۆت لەگەڵ دڵی خۆتدا کرد! من هیچ قسەیەکی خۆشم نییە بە تۆ بڵێم. تۆ شایانی ئەمەیت! تۆ خۆت بە دەستی خۆت، خودی خۆت کوشت، دەتوانیت ماچم بکەیت و بگریت و هانم بدەیت هەمان شت بکەم، ئا ئەمەیە سزای تۆ. منت خۆش ویست، پێم بڵێ بە چ مافێك وازت لە من هێنا؟ ئێستا ئەو ژیانە چەرمەسەرییە و سووك و ڕسوابوونە و هەمیشە ئەو مردنەش هەرگیز ناتوانن لە یەك جیامان بکەنەوە، تۆ بە ویستی خۆت ئەمەت کرد و بەخۆت دڵی خۆت وێران کرد و بە وێرانکردنی دڵی منیشت دارماند. ئەگەرچی بەهێزترم، بەڵام ئەمە بۆ من مردنێکی هەمیشەییە... ئایا دەمەوێت بژیم، ئایا مرۆ ڕۆحەکەی لە ژێر گڵدا بێت ئارەزووی ژیان دەکات؟

کاسرین گریا:

– لێمگەڕێ، وازم لێبێنە. ئەگەر من هەڵەم کردووە، لە پێناو ئەمەدا

دەمرم. تۆش ڕۆیشتیت و منت بەجێهێشت، بەڵام من دەتبەخشم، تۆش بمبەخشە.

- ئەمە کارێکی زۆر دژوارە، بەڵام لەوەی تۆ بە منت کرد دەتبەخشم، من بکوژی خۆم خۆش دەوێت، بەڵام بکوژی تۆ، ئەمە چۆن دەتوانم... پێم بڵێ چۆن؟

بێدەنگ بوون، ڕوویان لەنێو ڕووی یەکدی شاردبووەوە، دەمێك هەستیان لەبەر برا. فرمێسکیان بەچاو و ڕوومەتی یەکدی شۆری، لەو ساتە خەریکبوو نیگەران بووم، ماوەی دوای نیوەڕۆ تێپەڕی، لەبەر ڕۆشنایی خۆر لەسەرووی دۆڵەکە کۆمەڵێك خەڵکم لە دەرەوەی کلیسا بینی، منیش گوتم:

- نوێژ تەواو بوو، بەرێز ماوەی نیو کاتژمێری دیکە دەگاتەوە ئێرە.

هیسکلیف بە سەرزەنشتکردنەوە منگەمنگێکی لێوە هات و کاسرینی پتر بۆ لای خۆی ڕاکێشا، هەرگیز خۆیشی نەجوولاندەوە. خێرا کۆمەڵە خزمەتکارەکانم بینی بە ڕێگاکەوە دەهاتن. لەدوای ئەمە ئەدگار دەرگای کردەوە، ئینجا هاتە ژوورەوە کەوا پێدەچوو گەرمی خۆرەکەی ئەو ڕۆژەی زۆر پێ خۆش بوو، هێمایەکم بۆ کرد و گوتم:

- ئەوەتا گەیشت.

هیسکلیفیش گوتی:

- کاسی دەبێ بڕۆم، بەڵام دڵنیام، وەکو ئەوەی کە دڵنیام لە ژیاندا ماوم، من جارێکی دیکەش بەر لەوەی بخەویت دەتبینمەوە. لەو نزیکانە لە نزیك پەنجەرەکەتەوە دەبم.

هەرچەند توانای هەبوو بە توندی گرتی و لە وەڵامدا گوتی:

- پێویست ناکات بڕۆیت.

لێی پارایەوە:

- بۆ یەک کاتژمێر.

خانم وەڵامی دایەوە:

- بۆ یەک ساتیش نارۆیت.

- دەبێ بڕۆم، هەر ئێستا لینتۆن دەگاتە ئێرە.

هەڵدەستایەوە، کەچی خانم خۆی پێوە هەڵواسی. دەموچاوی لە ڕشتبوونی شێتانی دەکرد.

- نا، ئۆی نا، مەڕۆ. ئەمە دوایینەمین جارە.

هیسکلیف بە منگەمنگ دەستی بە سەرزەنشتکردنی ئەدگار کرد، دووبارە لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشتەوە.

- خۆشەویستەکەم هێوربەوە! دەمینێمەوە. ئەگەر گوللەشم لێ بدات دەمرم و داوای بەختەوەریت بۆ دەکەم.

گوێم لە ترپەی پێی خانەوادەکەم بوو بەسەر پەیژە دەکەوت. منیش بەدەنگ گوتم:

- ئەمە نازانێت چ دەڵێت! ئایا دەتەوێت بیکوژیت، کە ئێستا ورەی بە بەرەوە نەماوە و ئەو هەستەی نەماوە کە بتوانێت بەرگری لە خودی خۆی بکات؟ هەڵسە بڕۆ! ئێمە هەموومان تووشبووین!

لینتۆن لە دەنگی گاڵەگاڵەکەی ئێمە هەنگاوی خێرای هەڵێنا، باسکی کاسرینم بینی شل دەبووەوە و سەری بۆ خوارەوە شۆڕ بووەوە. بیرم کردەوە و لە دڵی خۆمدا گوتم: یا ئەوەتا بووراوەتەوە یا مردووە. ئەدگار پەلاماری میوانە

بانگەهێشت ئەکراوەکەی خۆی دا و دەموچاوی لە تاو سەرسامی و سووکایەتییەکە تێکچوو، ئەمتوانی پێشبینی ئەوە بکەم، کە نیازی چییە، بەڵام ئەوەی دیکە نەجوولایەوە و خۆی نەشێواند و لاشەکەی لە ئامێز گرتبوو، کەوا پێدەچوو لەنێو باوەشیدا مردبوو. ئینجا گوتی:

– مەگەر ئەگریس نەبیت، پێشتر یارمەتیم بدە، ئینجا قسەم لەگەڵدا بکە. .

بۆ ژووری میوانان ڕۆیشت و بانگی ئەدگار لینتۆنی کرد. زۆر بە زەحمەت توانیمان کاسرین بەهۆش خۆی بێنینەوە، کەچی سەرەڕای ئەمەش کەسی نەدەناسییەوە، بەڵام ئەدگار لە تاو تێکچوونی خۆی هاوڕییە بەدکارەکەی خۆی لەبیر کرد، هەرکە بینیم خانم بەهۆش هاتەوە، یەکسەر چوومە لای هیسکلیف و پێم گوت خانم چاکبووەتەوە و دەبێ لەماڵەکە بچێتە دەرەوە، بەخۆم بەیانی هەواڵەکانی تێدەگەیێنم، کەچی لە وەڵامدا گوتی:

– لە باخچە دەمێنێمەوە. نیلی تۆ دەبێ خاوەن بەڵێنی خۆت بیت، ئەگەر لینتۆن لەوێ بێت یا نەبێت. دەبێ من جارێکی دیکەش بیبینمەوە.

# بەشی بیست و حەوتەم

کاسرین خودا حافیزا

لە نیوەشەوی ئەم شەویدا منداڵێکی لاوازی بنێس بە "حەوت مانگ"ی لە دایکبوو، کە کاسرینی دووەم بوو. هێندەی پێنەچوو لەدوای دوو کاتژمێر دایکەکە مرد، بێ ئەوەی تەواو بەهۆش خۆی بێتەوە، کە هەواڵی هیسکلیف بزانێت یا ئەدگار بناسێتەوە. خەم و پەژارەی مێردەکەی زۆر کاریگەر بوو. خەم و پەژارەکە لەمەش پتر بوو، بە بیروڕای خۆم لەبەر ئەوە بوو، کە بە بێ وارس هێشتییەوە. من لە لایەن خۆمەوە گوناحەکەم خستە ئەستۆی بەڕێز لینتۆنی گەورە، کە لەدوای مردنی ئەدگاردا ماڵ و سامانەکەی خۆی بۆ کچەکەی خۆی بەجێهێشت، نەك بۆ کچی کوڕەکەی خۆی.

دوای خۆر هەڵاتن زۆر حەزم دەکرد و لە هەمان کاتیشدا لەوە دەترسام هیسکلیف ببینم. هەنیشکی بە دارێك دابوو و شەبقەی لەسەر کردبووەوە و قژی بەهۆی تەمومژی بەیانی تەڕ ببوو، گوتی:

- مرد... وا نییە! چاوەڕێی تۆم نەدەکرد کە ئەمە بزانم، پۆشمینەکەی خۆت لادە، ئەم ئافرەتە پێویستی بە فرمێسکی تۆ نییە. چۆن....

لەگەڵ بەرپەچدانەوەی قسە و هەستی من پتر غەمگین بوو.

- چۆن ... مرد؟

لە دڵی خۆمدا گوتم:

– ئای لەبەر ئەو گیانە بەسەزمان و کەساسە. تۆ وەکو گشت پیاوەکان دڵ و هەستت هەیە...

ئینجا بە هاوار گوتم:

– لەسەر منداڵبوونێ چوو.

– ئەی بیری منی کردەوە؟

– بەهۆش خۆی نەهاتەوە، لەوەتەی بەجێتهێشت کەسی نەناسییەوە. بە ڕوویەکی خۆش و خەندەیەکی جوان ڕاکشاوە. دواترین بیر و هۆشی چەند قسەیەك بوون، کە باسی ڕۆژانی بەختەوەری منداڵێتی خۆی دەکرد.

بە شێوەیەکی ترسناك بە توندی لە قیژە و هاواری دا:

– با بەم ئازارە هەڵسێتەوە! ئەمە تاکو کۆتایی درۆ دەکات! بەلاَم نوێژ و نزایەکانی من یەکن، تاکو زمانم ڕەق هەڵدێت دووبارەی دەکەمەوە، کاسرین ئێرنشۆ با لە جەهەننەمدا ڕاکشێت، تاکو من لە ژیاندا مابم! گوتت من کوشتەنی تۆم، کەواتە بەدوام کەوە! هەمیشە لەگەڵ من بە.. بە چ شێوەیەکی خۆت دەتەوێت خۆت بنوێنە. هەوڵدە شێتم بکە، بەلاَم لێرە بەجێم مەهێڵە. ئاخ چ بکەم ناتوانم بتدۆزمەوە! ئای خودایە! بەبێ گیانم بۆم ناکرێت بژیم!

ئینجا سەری خۆی لە قەدی دارێك دا، نەك وەکو مرۆڤ، بەڵکو وەکو گیانەوەرێکی چۆلەوانی. کاتێ هێور بووەوە و هەستی بە بوونی من کرد، بە توندی فرمانی بە من دا کە بڕۆم، منیش بە گوێم کرد.

ڕۆژی هەینی دوای مردنی بۆ نێشتنی تەرمی کاسرین دیاری کرا، تاکو ئەو وەختە

دارتەرمەکەی بە کراوەیەیی لە گەورەترین ژووری نهۆمی زەوی مایەوە. ئەدگار شەو و ڕۆژەکانی خۆی لەویێ بە پاسەوانی ڕابووارد. پێلووی چاوەکانی لێك نەنا، کەچی هیسکلیف وەکو زانیم بیێ ئەوەی بنوویێت ئەویش لە دەرەوە مابووەوە.

ڕۆژی سیێ شەممە دوای تاریکداهاتن بە نەختێك، خانەوادەکەم ماوەی کاتژمێرێك یا دوو کاتژمێر دوای ئەوەی چاودێری ماندووی کردبوو، چوو پشوویەك بدات. چووم یەکێك لە پەنجەرەکانم کردەوە، تاکو هیسکلیف بتوانێت بچێتە ژوورەوە و ماڵئاوایی دوایی لە خانمە مردووەکە بکات.

زانیم ئەمەی بە هێدی کردبوو. کاتیێ سەرنجی شوێنەواری ئەمەم لەسەر زەوی بینی کەلێك لە مووی جوان لە قوتوویەکی زێڕینی بچووك دەرهێنرابوو، کە لە شێوە دڵ دروستکرابوو بە زەنجیرێك بە دەوری ملی کاسرین شۆڕ ببووەوە. کەلە موەکە هیێ مێردی بوو، هیسکلیف دوور فرێیدابوو لە شوێنەکەی کەلە مووێیکی ڕەشی خۆی دانابوو، هەردوو کەلە مووەکانم لوولدا و بە یەکەوە دامنان.

داوا لە بەڕێز هیندلی ئێرنشۆ کرا، کە خوشکەکەی خۆی بۆ گۆڕ دەبردرێت یاوەری تەرمەکەی بکات، بەڵام نەهات. لە ئیزابێلاش داوای ئەمەی نەکرد. بەوەی کە خەڵکی گوندی پێی سەرسام بوون. ئەوە بوو کە تەرمی کاسرین نێژرا، بەڵام نەك لە کلیسا لەگەڵ مردووەکانی خێزانەکەی خۆی وەکو لینتۆن و نە لە دەرەوەش لەگەڵ خزمەکانی خۆی، بەڵکو لە لێژاییەکی سەوز لە سووچێك لە حەوشەی کلیسا نێشتییان، کە دیوارێکی نزمی هەبوو و ڕووەکی دەشت و چۆلەوانیش دیوارەکەیان بە چڕی داپۆشیبوو.

# بەشی بیست و هەشتەم
## تـوڵە

ئەو ڕۆژەی هەینی دواترین ڕۆژە خۆشەکان بوو لە ماوەی مانگێك، کە تێیدا بۆ ئێواریێ کەشوهەوا گۆڕا و باوبڕی یەکەمین بارانی هێنا، ئینجا بەفر. وا پێدەچوو کە زستان گەڕایەوە. لە ڕۆژی پاشتر خانەوادەکەم لە ژووری خۆی مایەوە. منیش بەتەنیا لە ژووری میوانان دانیشتبووم و کچە کۆرپەلەکە لەسەر کۆشم بوو و دەگریا، لەو ساتە دەرگا لە ناکاو کرایەوە و یەکێك بە پێکەنین و هەناسەبڕکێ هاتە ژوورەوە. ئەویش ئیزابێللا هیسکلیف بوو. لە ئاگردان هاتە پێش و هەردوو دەستەکانی خۆی شۆڕ کردەوە. ئینجا گوتی:

- لە بەرزاییەکانی ویزرینگەوە بە ڕاکردن هاتووم؛ مەترسیێ هەر ئێستا ئەمەت بۆ ڕوون دەکەمەوە، بەڵام دەکریێ بچیتە دەرەوە و داوا لە پەیتوونەکە بکەیت بۆ غیمرتۆنم ببات و داواش لە خزمەتکارێك بکەیت، تاکو هەندیێ جلوبەرگم بۆ ئامادە بکات.

قژی بەسەر هەردوو شانەکانیدا پەرش و خاو ببووەوە، بە بەفر و ئاو تەڕ ببوو. هەر ئەو کراسە حەریرییەی لەبەردابوو کە هەمیشە پێش مێردکردنی لە ماڵەوە لەبەری دەکرد و ئەمەش پتر لە تەمەنی دەوەشایەوە، نەك لە خانەدانییەکەی، هەموو گیانی تەڕ و لیتاو بوو، ژێر گوێیەکی برینێکی قووڵی تێکەوتبوو. دەموچاویشی شوێنەواری لێدانی پێوە دیاربوو.

دوای ئەوەی برینەکەم بۆ تیمار کرد و لە گۆڕینی جلوبەرگەکانی یارمەتیم دا، لە نزیك ئاگر دانیشت و فینجانە قاوەیەکی لە پێش بوو، دەستی بە قسان کرد، بەلاّم پێشتر تکای لیّ کردم، کە کاسرینی کۆرپەڵە دوور بخەمەوە. گوتی:

– من حەز ناکەم ببینم! پێویست ناکات وا تێبگەیت، کە من هێندە گرنگی بە کاسرین نادەم. من بە ڕاستی بە شپرزەیی هاتمە ژوورەوە، زۆر گریام، بەلاّم هەرگیز هیسکلیفم خۆش ناوێت، ئەمەش دواترین شتی ئەم پیاوەیە لای من.

ئەنگوستیلە زێرینەکەی لە پەنجەی سێیەمینی خۆی داکەناند و بە تووڕەییەکی مندالاّنە هەڵیدایە نێو ئاگرەکەوە، ئینجا درێژەی بە قسەکەی خۆی دا و گوتی:

– ناچاری بوو کە هانیدام پەنا بۆ ئێرە بەرم، بەلاّم ناوێرم بمینێمەوە. دڵنیام کە هیسکلیف بۆ بێزارکردنی ئەدگار دێت بەدوامدا دەگەڕێت. ئینجا ئەدگاریش لەگەڵ مندا هێندە باش نەبوو... وا نییە؟ نەهاتووم بپاڕێمەوە و داوای یارمەتی بکەم، چی دیکە گیروگرفتی بۆ دروست ناکەم. هیسکلیف دیمەنی من دەبوغزێنێت، لەو باوەڕەشم ئەگەر بتوانم ڕا بکەم ئەو پیاوە پێویستی بەوە نییە بەدوای مندا هەموو ئینگەلتەرا بگەڕێت. بۆیە پێویستە لەسەر من بۆ شوێنێکی دوور بڕۆم.

لێم پرسی لەو بارودۆخەی ئێستا تێی دایە چ شتێك هانیداوە لە بەرزاییەکانی ویزرینگ ڕابکات. ئەویش لە وەلاّمدا گوتی:

– ناچار بووم ئەمە بکەم، چونکە توانیم تووڕەیی بورووژێنم بە ڕادەیەك بەرگری خودی خۆی لەدەست بدات. لە شەممەی ڕابردووەوە هیچ ژەمە خواردەمەنییەکی لەگەڵ ئێمەدا نەخواردووە. هەموو شەوێك دەردەچوو

و بەرەبەری بەیانی دەهاتەوە و دەرگای ژوورەکەی خۆی لەسەر خۆی دادەخست، سەرەڕای ئەوەی، کە من لەبەر کاسریندا زۆر دڵتەنگ و غەمگین بووم، کەچی مەحاڵ بوو بیر لە ڕۆژێکی وەکو پشووی هەفتە بکاتەوە، توانیم لەنێو ماڵدا بە سەربەستی بجوولێمەوە و بە هێمنی لە نزیك ئاگردان دابنیشم.

دوێنێ شەوێ تاکو درەنگی شەوەێ بە خوێندنەوە خەریك بووم، هیندلیش وەکو پێشەی بوو هەموو شەوێك مەی دەخواردەوە، بەڵام هێندە سەرخۆش نەبوو، لە بەرانبەرم دانیشتبوو و سەری خۆی شۆر کردبووەوە و لەسەر مێزەکەی پێش خۆی دەستی خۆی خستبووە ژێر سەرییەوە.

ئێستا لە جاران زۆر هێمن تر دیاربوو، ئەگەر کەسێك بێزاری نەکردایە. لە کۆتاییدا دەنگی هیسکلیف لە لای دەرگای چێشتخانەوە بێدەنگییەکەی دادڕی. وابزانم لەبەر ناخۆشی کەشوهەوا لە وەختێکی زوو هاتەوە. دەرگا داخرابوو. یاوەرەکەم ئاوڕێکی لە من دایەوە و لە من ڕاما. ئینجا گوتی:

- پێنج دەقیقە لە دەرەوە دەیهێڵمەوە، من و تۆ ڕۆژگارێکی ناخۆش و پڕ لە مەینەتیمان بەدەست ئەم پیاوەی لە دەرەوەیە چێشتووە، هەر ئێستا یەك لای دەکەینەوە. ئایا تۆ وەکو براکەت نەرمیت؟ ئایا دەتەوێت تاکو کۆتایی ژیانت هەر بەم شێوەیە لە ژێر باری خەم و پەژارەدا بمێنێتەوە و تۆڵەی خۆت نەکەیتەوە؟

وەڵامم دایەوە:

- من بەهۆی ئازار چێشتنەوە زۆر ماندووم، بە تۆڵەسەندنەوە بەختەوەرم ئەگەر زەرەروزیانی بۆ من تێدا نەبێت، بەڵام توندوتیژی و دەستدرێژیکردن دەستی بەکارهێنەرەکەی خۆی دەسووتێنێت.

ئەویش لە وەڵامدا گوتی:

- من هیچ شتێك لە تۆ داوا ناکەم، تەنیا ئەوە نەبێت کە بە هێمنی و بێدەنگی دابنیشیت. بەڵێنم پێ بدە، کە زمانی خۆت دەگریت. بەر لەوەی ئەم کاتژمێرە زەنگ لێبدات، کە بۆ کاتژمێرێك سێ دەقیقەی ماوە. تۆ دەبیتە ئافرەتێکی سەربەست!

ئیدی بە چەقۆیەکی دوولاتیژ، کە ئەو شەوەی گەیشتە لامان پێی نیشان دام، لەنێو پاڵتۆیەکەی خۆی دەمانچەیەکی بچووکی دەرهێنا. ئینجا دەستی بە وەرگەڕاندنی مۆمەکە کرد، منیش گرتم و باسکیم زەفت کرد، ئینجا گوتم:

- زمانی خۆم ناگرم، هێمن بە، دەبێ دەستی لێنەدەیت!

هاواری کرد و گوتی:

- من لەسەر ئەمە بڕیارم داوە، ئێستا کاتی ئەوەیە ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێ بێنم.

بەرگری من دادی بۆی نەبوو، چی دیکەم پێ نەکرا تەنیا ئەوە نەبێت، کە خێرا چووم و پەنجەرەم کردەوە، ئینجا بە دڵخۆشییەوە بانگم کرد:

- وا چاکە بۆ خۆت ڕابکەیت و خۆت لە شوێنێك حەشار بدەیت. بەڕێز ئێرنشۆ خەریکە دەتکوژێت.

هیسکلیف بە تووڕەییەوە فرمانی پێکردم، کە دەرگای بۆ بکەمەوە. پەنجەرەکەم داخستەوە و گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم کە لە نزیك ئاگردانەکە بوو. هیندلیش

جوێنی پێدام و گوتی من هێشتا نەگریسم خۆش دەوێت.

هیسکلیف بە لیدانی زەبرێك پەنجەرەکەی شکاند و دەموچاوە ترش و گرژەکەی خۆی بە تووڕەیی لێدەرهێنا. شیشەکانی پەنجەرەکە لێك نزیکبوون، بەڕادەیەك لەشی بە نێودا نەدەچوو. منیش زەردەخەنەیەکم کرد و بیرم لەوە دەکردەوە، کە من بێترسم. بە فرمان پێکردن گوتی:

– ئیزابێللا لێگەڕێ با بێمە ژوورەوە.

وەڵامم دایەوە:

– ناتوانم ببمە هۆی ئەنجامدانی تاوانێك. هیندلی بە چەقۆوە ڕاوەستاوە و دەمانچەشی پڕ گوللەیە و چاوەڕێت دەکات. هیسکلیف خۆشەویستی تۆ هێندە لاوازە بەرگەی کرێوەی بەفر ناگرێت. ئەگەر من لە شوێنی تۆدا دەبووم؛ دەچووم خۆم لەسەر گۆڕی درێژ دەکرد و وەکو سەگێکی دڵسۆز دەمردم.

هەموو گیانم لە ئەنجامی ئەو وشە سووکانە ڕەق هەڵات، زۆر ترسام کاتێ بینیم هیسکلیف خۆی لار کردەوە و هیندلی گرت و ڕایتەکاند. چەکەکەی لەدەست بەربووەوە و ڕووی چەقۆیەکەش بۆ دواوە چوو و لە مەچەکی هیندلی چەقی. هیسکلیف بە توندی چەقۆیەکەی گرت و لەنێو دەستی ڕایکێشا و گۆشتی لێکترازاند. ئینجا گاشە بەردێکی دەستدایێ و تەسکایی نێوەندی هەردوو پەردەی پەنجەرەکەی شکاند و بۆ ژوورەوە بازی دا.

# بەشی بیست و نۆیەم

## خەمێک وەسف ناکرێت

هیندلی بەربووەوە و لەناو ئازاری گیانی لە هۆش خۆی چوو. خوێن لە برینێکی گەورەی باسکی بەربوو. هیسکلیف لەقەیەکی لێدا و بە دەستێکیشی منی گرت، تاکو نەهێڵێت بچم بانگی جۆزێف بکەم. لە کۆتاییدا بە هەناسەبڕکێ، لاشەکەی ڕاکێشا، کە وا پێدەچوو گیانی لە دەستدابوو، گەیاندییە سەر کەروێتێك و ئیدی بە تووڕەییەوە دەستی بە تیمارکردنی کرد. لەو ساتە خۆم ڕزگار کرد و چووم بەدوای خزمەتکارە پیرەکە گەڕام. هیسکلیف بە ڕووی پیاوە پیرەکە هاواری کرد:

– خانەوادەکەت شێتە، ئەگەر یەك مانگی دیکە لە ژیاندا بمینێتەوە، لە دالدەی شێتان دایدەنێم. ئەم کەلوپەلانە بشۆرە.

ئینجا جۆزێفی بەنێو خوێندا بەسەر چۆکان پاڵ پێوەنا و ئاورێکی لە منیش دایەوە و بە ڕوویەکی زۆر تووڕەیی هەمدیسان هاواری کرد و گوتی:

– تۆش هاوکاری بکە... لە دژی من بەشداری دەکەیت... وا نییە؟

بە توندی ڕایهەژاندمەوە، هێندەی نەبرد هیندلی ئاکاری ژیانی لێ بەدیار کەوتەوە، هیسکلیف لەبەر ئەوەی سوور دەیزانی، کە لەبەر ئەوەی لە هۆش خۆی چووبوو، تیمارکردنەکەی بە بیر نەدەهاتەوە. ئیدی دەستی بە سەرزەنشتکردنی کرد، کە ڕووداوەکە بە هۆی سەرخۆش بوونییەوە بووە و ئامۆژگاری کرد کە بچێتە سەر قەرەوێلەکەی خۆی پاڵ بکەوێت.

ئەو بەیانییە کە هاتمە خوارەوە، هیندلی لە نزیک ئاگر دانیشتبوو و لە تاو نەخۆشی دەینالآند، کەچی دوژمندارەکەی کەوا پێدەچوو ئەویش وەکو ئەو نەخۆش بوو. شانی بە ئاگردانەکە دابوو، هیسکلیف بۆ لای من نەیڕوانی، بەڵکو هەردوو چاوەکانی لە شەوگاری و ماندووبوون و گریانی ئەو دوو شەوە ڕەش هەڵگەڕابوون. هەردوو لێوەکانیشی بەسەر یەکدا کەوتبوون، مانای خەمێکی دەنواند، کە هەرگیز وەسف نەکرێت. ئەگەر ئەمە کەسێکی دیکە بووایە لەبەر بەزەیی پیاهاتنەوە سەیرم نەدەکرد و ڕووی خۆم لێدادەپۆشی، بەڵام دەربارەی ئەو، هەستم بە خۆشییەك کرد و نەمویست ئەم هەلۆیستە لەدەست خۆم بدەم، بەڵکو حەزم کرد پتر بۆی ببمە مایەی ئێش و ئازار. هیندلی داوای نەختێ ئاوی کرد، کووپێك ئاوم دایێ، لێم پرسی حاڵی چۆنە؛ وەڵامی دامەوە و گوتی:

– نەخۆش نیمە وەکو دەمەوێت، بەڵام سەرەڕای باسکم، هەموو بەشێك لە گیانم ژان دەکات.

گوتم:

– دوژمندارەکەت شەوی ڕابردوو لەقەیەکی لێداویت و بەسەر زەویدا خستوویت.

بە دەنگی بڵند، دیسان گوتی:

– بەس بوو کە ئەمە یەکێکی لە ئێوە کوشت. هەموو کەسێك لە غرانجدا دەزانێت ئەگەر هیسکلیف نەبووایە، خوشکی تۆ، تاکو ئێستا لە ژیاندا دەما.

هیسکلیف هۆشیاربووەوە، گریا، پێکەنیم. ئەویش گوتی:

– بڕۆ، لەبەرچاوم گووم بە!

بەڵام من درێژەم بە قسەی خۆم دا و گوتم:

- ئەگەر کاسرینی بەسەرزمان لە تۆ دڵنیا بووایە و بە ناوی خاتوو هیسکلیفی ئابڕووبەر ڕازی بووایە، ئەوەیش وەکو ئەو حاڵەتەی براکەی نغرۆ دەبوو، بەڵام ئەم کچە نەیتوانی بەرگەی ئەو هەڵسوکەوتە و سووکایەتی پێکردنەی تۆ بگرێت!

هیسکلیف لە ناکاو هەڵسا و لەسەر مێزەکە چەقۆیەکی دەستداێی و بۆ سەری منی هاوێشت. بە بن گوێم کەوت و نەیهێشت ئەو وشانە تەواو بکەم، کە خەریکبووم هێشتا قسەی پێ بڵێم.

بەرەو دەرگا بازم دا. دوواترین دیمەن، کە بینیم تاودانێکی بە توند بوو، کە هیندلی ڕێگای پێگرت، هەردووکیان پێکەوە بەربوونەوە. بەنێو چێشتخانە غارم دا و ڕووبەڕوو بە هاریتۆن کەوتم. بەرێیە دوورە زۆروزەوەندەکان ڕامکرد، لەسەر قەراغەکانی ڕووبار غلۆر دەبوومەوە و بەنێو گۆمە ئاوەکاندا هاتم بەو ئومێدەی خۆم لە غرانجدا حەشار بدەم. حەز دەکەم ئەگەر ئەنجامم هەتاهەتایی لە ژیانی پڕ چەمەسەری بێت من هەرگیز نامەوێت ئەگەر بۆ یەك شەویش بێت لە ژێر ساپیتە بەرزاییەکانی ویزرینگدا بمینێمەوە.

ئیزابێللا چیرۆکەکەی خۆی کۆتایی پێ هێنا و هەندێك چای خواردەوە. ئینجا هەڵسایەوە و گوێی نەدایە ئارەزووی من، کە حەزم دەکرد سەعاتێکی دیکەش بمینێتەوە. بەسەر کورسییەك کەوت. هەردوو وێنەی ئەدگار و کاسرینی ماچ کرد، کە بەسەر دیوارەوە هەڵواسربوون، هەمان شتیشی لەگەڵ مندا کرد، ئینجا بۆ گوندی شۆڕ بووەوە.

دوور ڕۆیشت بێ ئەوەی جارێکی دی سەردانی ناوچەکە بکاتەوە، بەڵام کاتێ کەرووبار پتر هێور بووەوە، هاتوچوونێکی ڕێکوپێکی نامەکان لە نێوان ئەو و نێوان خانەوادەکەم بەردەوام بوو. وا تێبگەم ئەو ئافرەتە لە باشوور لە نزیك لەندەن نیشتەجێ بوو. لەدوای چەند مانگێك کوڕێکی ببوو. ناوی نابوو لینتۆن. ئەویش هەر لە سەرەتاوە منداڵێکی لاوازی زۆر بە بۆڵەبۆڵ بوو.

ڕۆژێکیان لە گوندی، کە لەگەڵ هیسکلیفدا یەکدیمان بینی، لێی پرسیم ئەو ئافرەتە لە کوێ دەژیت، لاریم کرد و پێم نەگوت، بەڵام ئەم پیاوە هێندەی پێنەچوو لە ڕێگەی هەندێ خزمەتکارەکان شوێنەکەی ئەو و شوێنی منداڵەکەی زانیبوو، کەچی سەرەڕای ئەوەی هەمیشە لە منداڵەکەی دەپرسی، بەڵام خۆی تێیان نەگەیاندبوو بە و وازی لێ هێنابوون. گوتی:

– ئەو کاتەی ویستم بۆ لای خۆمی دێنم.

بەڵام لە چاکبەختی بەر لەوەی ئەو کاتە دابێت دایکەکە مرد.

# بەشی سێیەم
## کۆتایی هیندلی

کەچی خانەوادەکەم، لەبەر ئەوەی غەمگین بوو و حەزی لە هاتنەدەرەوە نەدەکرد، نەوەکو لە شوێنێك چاوی بە هیسکلیف بکەوێت. ئەم خووە تووشی گۆشەگیری و خەمۆکی کردبوو. ئیدی لە هەموو بۆنەکاندا خۆی لە گوندی دەپاراست و لە چوارچێوەی سنووری زەوییەکانی خۆی مایەوە جگە لەوەی بەتەنیا لە چۆلەوانی پیاسەی دەکرد و سەردانی گۆڕی خێزانەکەی خۆی دەکرد، بەڵام زەمان هێندەی نەبرد برینەکانی وردەوردە سارێژ کردەوە. ئەمەش بە یارمەتی کچە بچکۆلانەکەی، کە هەر زووبەزوو بووە خاوەنی دڵ و دەروونی، ناوی نا کاسرین، بەڵام ناوی تەنیا بە کاسی دەبرد بۆ ئەوەی لە دایکی جیای بکاتەوە.
کۆتایی هیندلی وەکو ئەوە بوو، کە پێشبینی لێدەکرا. ئەمەش بە شەش مانگ لەدوای مردنی خوشکەکەی هاتە دی. زۆر زەحمەت بوو ئەمە بڕوا بکەم، چونکە ئەو کاتە تەمەنی هێشتا نەگەیشتبووە بیست و حەوت ساڵ. کاتێ داوای ڕێگە پێدانم کرد، کە بۆ بەرزاییەکانی ویزرینگ بچم و لە ئەرکە دواییەکانی بەرانبەر بە مردووەکە یارمەتییان بدەم، بەڕێز لینتۆن لەمەدا بەربەستی کردم، بەڵام من دەربارەی بارودۆخی گۆشەگیری و خۆپەرێزییەکەی لینتۆن قسەم بۆ کرد و گوتم، کە خانەوادەکەی پێشووم مافی خزمەتکردنی لەسەرم هەیە، وەکو ئەوەی کە ئەو لەسەر منی هەیە، سەرەڕای ئەمەش ئەویشم پێ گوت، کە هاریتۆنی منداڵ ئەویش کوڕی برای مێردەکەیەتی و پێویستە لەسەری ڕاسپاردی بێت. لە دواڕۆژدا

لە حاڵی موڵکەکان دەپرسێت و کاروباری برای مێردەکەی بۆ بەدیار دەکەوێت. داوای لە من کرد لەگەڵ پارێزەرەکەی خۆی بەڕێز غرین بدوێم، لە کۆتاییدا ڕێگای پێدام کە بچم.

بەڕێز غرین جگە لە ئیش و کاری خۆی پارێزەری هیندلیش بوو، هەڵسام سەردانی گوندیم کرد و داوام لێکرد و پێکەوە بچین. سەری خۆی لەقاندەوە و ئامۆژگاری کرد، کە واز لە هیسکلیف بهێندرێت بە تەنیا بمێنێتەوە. ئەوەی گوت ئەگەر بێ تۆ ڕاستی ئاشکرا بکرێت، بێگومان هاریتۆن لە سواڵکەرێك هەژارتر و برسی تر دەبێت. هەروەها گوتی:

- باوکی بە قەرزاری مرد. موڵکەکان بە گشتی بارمەتەکراون، تەنیا ئومێدی وارسی سروشتی ئەوەیە، کە هەلێکی بدرێتێ، تاکو لە لایەن خاوەن ڕەهنەکە هەندێ سۆز بورووژێنێت و بەزەیی پیابێتەوە. بەمەش هەست بە ئارەزووەك دەکات، کە هەڵسوکەوتی لەگەڵیدا نەرم بێت.

کاتێ گەیشتمە بەرزاییەکان، جۆزێف وا پێدەچوو بە بینینم دڵخۆش بوو، کەچی هیسکلیف بوونی منی پێویست نەزانی. گوتی:

- بەڵام لەبەر ئەوەی کە هاتوویت، دەکرێ بمینێمەوە و ئەگەر تۆ بتەوێت بۆ ڕێورەسمی ناشتنەکە خۆم ئامادە بکەم.

ئینجا دیسان گوتی:

- ئەو گەمژەیە دوێنێ دەرگاکانی ماڵەوەی لە ڕووی مندا بە توندی داخستبوو و بە درێژایی شەوێ، تاکو مردن مەی خواردەوە، من و جۆزێف ئەم بەیانییە دەرگاکانمان شکاند. مردبوو و لاشەکەی ساردبوو، ئیدی چیمان پێ نەکرا. ماوەیەکی زۆربوو کە گیانی دەرچووبوو.

دڵنیام کردەوە، کە پێویستە بۆ ناشتنی ڕێورەسمێکی ڕێکوپێك و شایستە بکرێت. هیسکلیف لێگەڕا کە وەکو بەخۆم دەمەوێت ڕێورەسمەکە جێبەجێ بکەم، بەڵام ئاگاداری کردمەوە، کە ئەوەم لەبیر بێت ئەو پارەی پێویستە بۆ ئەمە لە گیرفانی ئەو خەرج دەکرێت. هەڵسوکەوتی بە درێژایی ئەم کاتە دەتوانم بڵێم توندوتیژی و گوێ پێنەدانی پێوە دیاربوو. بێ ئەوەی هیچ هەستێکی خۆشی یا غەمگینی بنوێنێت، بەڵام ئەگەر ئەمە نیشانەی شتێك بێت، نیشانەی هەستێکی بەتین بوو، کە بەرانبەر ئەو ئەرکەی بە جوانی بە ئەنجامی گەیاندبوو ڕازی و بەختەوەر بوو، بەڕاستیش جارێکیان لە سیمای دەموچاویدا سەرنجم دایێ هەستێکی دەنواند، وەکو ئەوە بوو، کە دەستخۆشکەری لە خودی خۆی بکات.

ئەمەش ئەو کاتە بوو، کە بەدوای تەرمەکە لە ماڵەوە خەریکبوو بەڕێکەوین. هاریتۆنی کەساسی بۆ سەر مێز بڵند کرد و بە دڵخۆشییەکی تایبەتییەوە منگەمنگێکی لێوە هات و دەیگوت:

– خۆشەویستەکەم ئێستا تۆ بۆ منی! با ببینین ئەو دارەش، وەکو ئەوی دی بە لاری ناڕوێت کە تووشی هەمان با دەبێتەوە!

منداڵە بەسەزمانەکە دڵخۆش بوو و بە سۆزەوە دەستی لە ڕووی دا، بەڵام من مانای قسەکەی تێگەیشتم، گوتم:

– گەورەم پێویستە منداڵەکە لەگەڵ مندا بۆ سراشکرۆس بگەڕێتەوە.

ئەویش پرسی:

– بۆ، لینتۆن ئەمەی گوت؟

– بەڵێ، بەڵێ. فرمانی پێکردم لەگەڵ خۆمدا بیگەڕێنمەوە.

- باشە، دەتوانیت خانەوادەکەی خۆت ئاگادار بکەیتەوە، کە من حەز لە تاقیکردنەوەی شارەزایی خۆم لە منداڵی بچووکدا دەکەم، ئەگەر هەوڵبدات بیباتەوە من یەکێکی دیکە دەکەمە منداڵی خۆم.

ئەو هەڕەشەکردنە بۆ منداڵەکەی ئیزابێللا بەس بوو، کە ئێمە دەستمان بکەوێتە ژێر سەری، کەچی ئەدگار لینتۆن کە لە سەرەتادا زۆر گرنگی پێنەدا، هەمیشە لە ڕۆژەکانی دواییشدا نە پتر قسەی لێکرد و نە خۆیشی لە مەسەلەکە بە خاوەن کرد.

میوان ئێستا بووە پیاوی هەرەگەورە و ماقووڵی بەرزاییەکانی ویزرینگ. جڵەوی ئیش و کارەکانی بە شێوەیەکی توند بەدەستەوە گرت و بۆ پارێزەری سەلماند، کە هیندلی هەموو بستێکی لە زەوی کە هەیەتی بە گشتی ڕەهنی کردووە، لە ڕەهنەکەشدا پارەیەکی ئێجگار زۆری داوەتێ، کە لە یاری قوماردا ئارەزووە شێتانەییەکەی خۆی پێ تێر کردووە.

بەم ڕێگەیە، هاریتۆنی لە پەلوپۆ خست و هەموو شتێکی لە چەنگ دەرهێندرا، کە دەبووایە ئێستا لە ناوچەکە پیاوی هەرەگەورە و خانەدان بێت، کەچی کەوتە حاڵەتێك کە متمانەی تەواوی لەسەر دوژمنی باوکی بوو، لە خانووە تایبەتییەکەی خۆی، وەکو خزمەتکارێك بە بێ کرێ دەژیا. لەبەر گۆشەگیری خۆی و نەزانینی کە مافەکانی خوراوە نەیدەتوانی شتێك بکات، کە یارمەتی خودی خۆی بدات و خۆی لەم چەرمەسەرییە ڕزگار بکات.

# بەشی سی و یەکەم

## خاتوو کاسی

ئەو دوانزە ساڵەی پاش ئەمە لە ژیانمدا خۆشترین سەردەم بوون. زۆرترین ناخۆشییەکانم ئەو کاتانە بوون کە خانمە بچکۆڵەکەمان وەکو منداڵانی دی تووشی نەخۆشییە سووکەکان دەبووەوە، کەچی ئەوەی مابووەوە، لەدوای شەش مانگی یەکەم، خانمی بچکۆڵمان کەڵەگەت بوو و باڵای ڕاست هەڵکەوت، دەیتوانی بدوێت و بەر لە پشکۆتنی ڕووەکی خلنج، کە لە هاوینی پاشتر لەسەر گۆڕی دایکی ڕوا هەمیشە دەیتوانی بە شێوازی تایبەتی خۆی هاتوچۆ بکات.

ئەم کچە جوانترین و نەشمیلانەترین بوونەوەر بوو، کە وەکو خۆرەتاو تاڵی ڕووناکی بەسەر ماڵە غەمگینەکە بەخشی. لە سیمای دەموچاو، وەکو هەردوو چاوە توخەکانی ئێرنشۆ بەڕاستی جوان بوون، بەڵام بە ڕوخسارە جوانەکەی بنەماڵەی لینتۆن و بە دەموچاوە نەرم و نیان و قژە زەردە لوولدراوەکەی و ڕۆحە گەرمە هەڵچووەکەی، لە هەڵسوکەوتدا خوێنشیرین و ناسک بوو، نەك ڕەق و وشك، دڵ و دەرونیشی ساف و بێگەرد و ڕۆح پەرەبوو.

دەبێ دان بەوەدا بنرێت، کە هەندێ هەڵەی هەبوون، چونکە وەکو هەر منداڵێکی کە وەکو ئەو پەروەردە ببوو، بەناز بوو. بەرەها بڕوا ناکەم باوکی یەك وشەی توند و ناخۆشی ئاراستە کردبێت. کاری خوێندن و فێربوونی لە ئەستۆی خۆی گرت، ئیدی لە زەین ڕۆنی خۆی و زوو فێربوونییەوە وایلێهات، کە کچێکی قوتابی

سەرکەوتووی لێ دەربچێت. زوو فێری خوێندن بوو، بەڕادەیەك شایانی ڕێزلێنان بوو.

تەمەنی گەیشتە سیانزە ساڵان، هێشتا بەتەنیا سنووری باخ و باخچە و شینایییەکانی دەوروبەری نەبەزاندبوو. باوکی لە هەندێ بۆنە دەگمەنەکان لەگەڵ خۆیدا ماوەی میلێك یا دووان بۆ دەرەوە دەیبرد، بەڵام بستێك لە خۆی دوور نەدەکردەوە و متمانەی بە کەس نەدەکرد، هەرگیز بۆ گوندی نەچووبوو. جگە لە ماڵەکەی خۆی، کلیسا تەنیا بینا بوو، کە سەری پێدا گرتبوو، بەڵام بەرزاییەکانی ویزرینگ و بەڕێز هیسکلیف لە لای ئەودا بوونیان نەبوو. ئەگەرچی لەو ژیانە پەرژینکراوەیش کە هەموو ساتێك لە ژێر سێبەری فرمان و چاودێریدا بوو، هەستی بە خۆشی و بەختەوەریش دەکرد، بەڵام هەندێ جاریش لە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە لە دوور ڕادەما ودەیگوت:

- ئیلین دەبێ من چەند لێرە بمینێمەوە، تاکو بتوانم بۆسەر لووتکەی ئەم شاخانە بچم، ئەم شاخانە کە لە ژێریان دەوەستیت دەبێ چ دیمەنێکیان هەبێت؟

یەکێك لە کارەکەرەکان تێیگەیاندبوو، کە بەردەڵانەکان ئەشکەوتێکی جوانی تێدایە. خانمە بچکۆلەکەمان لە باوکی خۆی پاڕایەوە، کە ڕێگەی پێبدات بۆ ئەوێ بچێت، ئەویش بەڵێنی پێدا، کە کاتێ گەورە بوو گەشتێك بۆ ئەوێ دەکات، بەڵام خاتوو کاسی تەمەنی خۆی بە مانگ دەژمارد، نەك بە ساڵ و ئەم پرسیارەشی بە بەردەوام دووبارە دەکردەوە، کەچی ئەو ڕێگایەی بۆ بەردەڵانەکان دەچوو نەختێك لە بەرزاییەکانی ویزرینگی نزیك دەکردەوە، ئەدگاریش حەزی نەدەکرد بەو ناوچەیەدا هاتوچۆ بکات، بۆیە لە لاریکردن بەردەوام بوو.

ئەندامانی بنەماڵەی لینتۆن سروشتی خوورەوشتیان نەرم بوو، ئیزابێللا دوای دەستلێبەردانی لە مێردەکەی خۆی لە دوانزە ساڵ پتر نەژیا. ئەو نەخۆشییەی دوایی تووش بوو، بۆ برایەکەی خۆی نووسی تکای لێکرد، ئەگەر بکرێت ئامادە بێت، چونکە دەیەوێت ماڵئاوایی لێ بکات و کوڕەکەی خۆی تەسلیم بە دەستی ئەو بکات، چونکە ئومێدی ئەوە بوو مێردمنداڵەکەی خۆی لەژێر چاودێری خاڵیدا بمێنێتەوە ئەگەر نا "هیسکلیف"ی باوکی هیچ بایەخی پێ نادات. ئەگەرچی خانەوادەکەم زۆر حەزی نەدەکرد لە ماڵەوە بچێتە دەرەوە و سەردانی ئاسایی ماڵی دۆست و برادەران بکات، بەلأم ئێستا هەرگیز دوودڵ نەبووەوە، یەکسەر ڕۆیشت و کاسی لە ژێر چاودێری تایبەتی من بەجێهێشت و چەند جاریش لێی دووبارە کردمەوە، کە کاسی نابێت لە سنووری ماڵەوە دووربکەوێتەوە، تاکو ئەگەر منیش یاوەری بم.

سێ هەفتە لێمان دوور کەوتەوە. لە ڕۆژی یەکەم و ئەوەی دواتر خانمە بچکۆڵەمان لە سووچی پەرتووکخانە بە خەم و پەژارەوە دادەنیشت. ڕێگای پێنەدرا نە شتێك بخوێنێتەوە و نە یاریش بکات. بە بێدەنگی دادەنیشت، بێ ئەوەی هیچ گێچەڵێك بنێتەوە، یا دەورووبەری خۆی بێزار بکات. ئیدی لەدوای ئەمە ماوەی نارەحەتی و بزێوی دەستی پێکرد.

ئینجا لەبەر ئەوەی من بە ئیش و کاری خۆم خەریکبووم و ماوەی ئەوەم نەبوو هێندە بۆ نهۆمی سەرەوە بەسەر بکەوم و دابەزمە خوارەوە و یاری لەگەڵدا بکەم یا خەریکی بکەم، وازم لێ هێنا بۆ خۆی لەنێو ماڵدا بجوولێتەوە یا یاری بکات، هەروەها ڕێگاشم پێدا لە دەوروبەری ماڵەوە بە پێیان پیاسە بکات و هەندێ جاریش سواری ئەسپە بچکۆڵەکەی خۆی ببێت. لەو کاتەش کە دەگەڕایەوە بە

وردی گوێم لە قسە خۆشەکانی دەگرت، کە لە گەڕانەکانیدا چی کردبوو یا چی بینیبوو.

لە چوونە دەرەوەی نەدەترسام، چونکە دەرگاکان بە شێوەیەکی عادەتی کلیل دەدران، من ئەوەم لێکدایەوە، تاکو ئەگەر کلیلیش نەدرێن، ئەم کچە ناوێرێت بە تەنیا بچێتە دەرەوە، بەڵام من لەم بیر و لێکدانەوەیەی خۆم هەڵە بووم. کاسی بەیانییەکان لە کاتژمێری هەشت هات و گوتی ئەمە بازرگانێکی عەرەبە، ئیمڕۆ هاتووە و دەیەوێت بیابان ببڕێت، هەڵبەتە منیش دەبێت هێندەی پێویست خواردەمەنی پێ بدەم، کە بەشی خۆی و ئاژەڵەکانی "ئەسپ و هەر سێ سەگەکان" بکات، ئەو زەمیلەیەی پێمدا لە دەستم وەریگرت و غاریدا. کاتێ کە داوام لێ کرد زوو بگەڕێتەوە، پێکەنی. ئەو نەگبەت و بەدبەختە تاکو کاتژمێری چواری دوای نیوەڕۆ، هیچ بەدیار نەکەوت. یەکێك لە یاوەرەکانی کە لەگەڵیدا بوون گەڕایەوە، سەگە هەرەگەورەکە، کەچی شوێنەواری کاسی یا ئەسپەکەی سۆراغیان نەبوو. چەند کەسانێکم بەدوایدا نارد، تاکو ناوچەکان بە گشتی بگەڕێن، ئینجا لە کۆتاییدا بە ناچاری بەخۆیشم چووم.

پیاوێك لە نزیك پەرژینی لای ناوچەی ماڵەکەی خۆمان ئیشی دەکرد، لێم پرسی کە ئەگەر چاوی بە خانمە بچکۆڵەکەمان کەوتبێت. لە وەڵامدا گوتی:

- ئەم بەیانییە بینیم. بە ئەسپەکەیەوە لە لای ئەم شوێنە نزمەی پەرژینەکەوە بازیدا و زۆر دوور کەوتەوە، تاکو لەبەر چاوان گومبوو.

# بەشی سی و دووەم

هاریتۆن

یەکسەر وا بەخەیاڵمدا هات، کە خاتوو کاسی بەرەو بەردەلانەکان ڕۆیشتووە. بەنێو کونێکی پەرژینەکە، کە پیاوەکە چاکی دەکردەوە، دەرچووم. ئیدی میل لەدوای میل ڕۆیشتم، تاکو وایلێهات لە بەرزاییەکان بەدیارکەوتم، بەڵام نەمتوانی چ جێ شوێن پێیەکی ببینمەوە. بەردەلانەکان تاکو پشت بەرزاییەکان بە ماوەی میل و نیوێك درێژ دەبووەوە، لەوەش ترسام، کە بەرلەوەی بگەمە ئەوێ دنیا تاریك دابێت.

لە دڵی خۆمدا گوتم "تۆ بڵێی لە کاتی سەرکەوتندا قاچی نەخلیسکابێت یا ئێسك و پەراسووەکانی تێك نەشکابێت؟" لێکدانەوە و نیگەرانییەکی ئازاردەر مێشك و هۆشی وێکهێنامەوە. کاتێ بەنێو کێڵگەکە بە پەلە دەڕۆیشتم، سەرەتا بەڕاستی دڵخۆش بووم، کە درترین سەگەکانی خۆمانم بینی لەژێر پەنجەرەیەك وەرکەوتووە و خوێن لە گوێی دەچۆڕێت. دەرگام کردەوە و بە توندی دەنگم لە دەرگاوە هێنا، ئافرەتێك وەڵامی دایەوە، ناسیم کە لە بەرزاییەکان لەو کاتەوە کە بەڕێز هیندلی ماڵئاوایی کرد ببووە کارەکەر و گوتی:

- ئۆی! هاتوویت لە خانەوادە بچکۆڵەکەت دەگەڕێیت؟ مەترسە، دڵنیابە لێرەیە، زۆریشم پێخۆش بوو، کە تۆ خانەوادەی بەڕێز نیت.

منیش پرسیم:

- کەواتە ئەو پیاوە لە ماڵەوە نییە؟

لە وەڵامدا گوتی:

– نا، نا، تاکو کاتژمێرێك یا پتر ناگەڕێتەوە. فەرموو وەرە ژوورەوە با ماندووت بحەسێتەوە.

چوومە ژوورەوە و مەرە گەڕۆکەکەی خۆم بینی لە نزیك ئاگر لەسەر ئەو کورسییە دانیشتبوو، کە هی دایکی بوو لە کاتی منداڵێتیدا... شەبقەکەی بەسەر دیوارەوە هەڵواسرابوو. وا پێدەچوو وەکو ئەوەی بڵێی بە تەواوی لە ماڵی خۆی بێت وابوو. پێدەکەنی و بە جوانترین شێواز دەدوا، کە هاریتۆن هەرگیز خەندە و پێکەنینی جوان و گفتی وا شیرینی بە خەیاڵدا نەهاتبووەوە. ئێستا بووەتە گەنجێکی بەهێز و لە تەمەنی هەژدە ساڵیدایە و بە چاوێکی زۆر مەست و سەرسوڕمانەوە لە کچەکە ڕادەما.

دەنگم دا و دڵخۆشی خۆم لە پەنا سەیرکردنێکی تووڕە شاردەوە:

– خانم زۆر باشە ئەمە تاکو باوکت دەگەڕێتەوە دەبێ دواترین کەرەت بێت، کە سواری ئەسپ دەبیت. جارێکی دی متمانەت پێ ناکەم لە ماڵەوە بچیتە دەرەوە. ئەی کچی بێبەخت و کەساس، شەبقەکەی خۆت لەبەر بکە و هەر ئێستا بۆ ماڵەوە وەرەوە.

– چیم کردووە؟

گریا و پەشۆکاوییەکەی یەکسەر لێ ڕەوییەوە. درێژەی بە قسەی خۆی دا و گوتی:

– باوکم سەرزەنشتم ناکاتەوە، ئێلین ئەو، وەکو تۆ بەدکار نییە.

کارەکەرەکە گوتی:

– نەخێر، خانم دین، لەگەڵ ئەم کچە جوانە هێندە توند مەبە. ئێمە

ڕێگەمان پێنەدا و وامان لێکرد لە لای ئێمە بمێنێتەوە، بە خۆی حەزیشی دەکرد بگەڕێتەوە، لەوە دەترسا کە تۆ دڵت پێیەوە بێت، بەڵام هاریتۆن پێشنیاری کرد، کە لەگەڵیدا بچێت، وابزانم ئەمەش ئەرکی خۆی بوو، چونکە ڕێگاکە سەخت و ڕەقانە.

قسەکەم بە هەند هەڵنەگرت و گوتم:

- چەندی دی چاوەڕێت بکەم؟ دە دەقیقەی دی تاریك دادێت.

شەبقەکەی خۆی دەستدایێ و هاتە پێش تاکو لەبەری بکەم، بەڵام کاتێ بە چاکی بینی ئەوەی لە ماڵەکەدا بوون پشتگیرییان لێ دەکرد، لەنێو ژوورەکە دەستی بە سەما و سووڕان کرد. کاتێ منیش بەدوای کەوتم ویستم بیگرم، ئەم کچە لەناو ژوورەکە بە نێو کەلوپەلەکان، وەکو مشك دەستی بە غاردان کرد. هاریتۆن و ئافرەتەکەش پێکەنین، خۆی لەنێو هەردووکیان پەستا و گاڵتەی بە من کرد، تاکو بە بێزارییەکی زۆر هاوارم کرد:

- باشە کاسی، ئەگەر بزانیت ئەمە ماڵی کێیە، لە لێچوونە دەرەوەی دڵخۆش دەبیت.

ئەویش ئاوڕی لە هاریتۆن دایەوە و گوتی:

- ئەمە هی باوکتە.. وا نییە؟

بە ڕوویەکی گرژ سەیری خوارەوەی کرد و لە وەڵامدا گوتی:

- نەخێر.

- ئەی کەواتە خانووی کێیە، خانەوادەکەت؟

ڕووی پتر گرژ و ترش هەڵگەڕا، ئینجا ڕووی لە لایەك کرد، کچە بەسەزمان و بەدبەختەکەش لە درێژەی قسەی خۆیدا گوتی:

- وابزانم ئەوە کوڕی خاوەن ماڵە. باسی خانووەکەمانی کرد و بە خانم ناوی نەهێنام، هەڵبەتە ئەگەر خزمەتکار بووایە، دەبوایە وا بکات.. ئەی وا نییە؟

دەموچاوی لە تاوان، وەکو هەورەتریشقە مۆڕ بووەوە. کچەکەش گوتی:

- ئێستا ئەسپەکەم بۆ ئامادە بکە و دەتوانیت لەگەڵمدا بێیت. خێراکە دەی، بۆ نابزویت؟

گەنجەکە بە نەفرەت لێکردنەوە پێی گوت، کە خزمەتکاری ئەو نییە. کاسی لەوەی بیستی نەیتوانی بڕوا بکات. هەمیشە بەخۆی لە ماڵەوە "شازادە" و "خۆشەویست" بووە، ئێستا چۆن دەبێت نەفرەتی لێبکرێت و قسەی سووکی پێ بگوترێتەوە! بە هاوار گوتی:

- بەڵام ئیلین، چۆن لە ڕووی مندا دەوێرێت ئەم قسانە بکات؟ ئەی نەگریس ئەوەی گوتت بۆ باوکم دەگێڕمەوە!

وا پێنەچوو کە هاریتۆن ئەم هەڕەشەیە کاری تێبکات، کچەکە هەردوو چاوەکانی پڕ فرمێسك بوون، ئاوڕی لە ئافرەتەکە دایەوە و گوتی:

- تۆ ئەسپەکەم بۆ ئامادە بکە.

ئەویش لە وەڵامدا گوتی:

- خانم لەسەرەخۆبە، چ زیانت لێناکەوێت ئەگەر ئاقل و هێمن بیت. بەڕێز هاریتۆن کوڕی خاڵتە، ئینجا منیش خانمە فەرمانبەر نیم، تاکو خزمەتت بکەم.

کاسی لە قاقای پێکەنینێکی سووکایەتی پێکردنی دا و گوتی:

- ئەوە کوڕی خاڵمە! چۆن، باوکم چووە لە لەندەن ئەم کوڕە خاڵەم بۆ

بێنێت...

ڕاوەستا و دەمێك بە بیرکردنەوەوە گریا. لەوەی ئەو و کارەکەرەکە قسەیان بۆ یەکدی کرد لە هەردووکیان زۆر بێزار بووم. گومانم نەما، کە هەواڵی گەیشتنی کوڕی ئیزابێللای چاوەڕوانکراو دەگاتە بەڕێز هیسکلیف و من لەوەش دڵنیا بووم هەر لە یەکەمین بیرۆکەی کاسی کاتێ کە باوکی دەگەڕێتەوە قسەکەی هاریتۆن، کە دەڵێت خزمیانە، ڕوون دەبێتەوە. کەچی هاریتۆن، کە لە زەبری کاریگەری شتەکان بە هۆش خۆی هاتەوە بەوەی کە بە هەڵە تێگەیشتن خزمەتکار بێت، لە تاو خەم و پەژارەی خۆی وا پێدەچوو زۆر بێزار بوو. دوای ئەوەی ئەسپەکەی بۆ هێنایە لای دەرگا، سەگێکی جوانی لە تەویلەکە دەستدایێ و لەنێو دەستی کچەکەی نا، تاکو ئاشتی بکاتەوە و داوای لێکرد نەگرێیت، چونکە نیازی ئازاردانی نەبووە. لە گریان وەستا و بە شێوەیەك، وەکو بڵێی لێی بترسێت تێی ڕاما. ئینجا سەرلەنوێ دەستی بە گریان کردەوە.

سەرەڕای ئەوەی جلوبەرگێکی لەبەردابوو شایانی کاری ڕۆژانەی بوو لە کێڵگە، کەچی زەردەخەنەیەك بواری نەدام لە گەنجە بەسەزمان و چالاك و هەندام ڕێکوپێکەکە، کە چوستی و تەندروستی پێوە دیاربوو دووری بکەمەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هەستم کرد، کە من لە سیمایدا سەرنجی خاسیەتمەندی چاکم لێکرد لەوەی کە لە باوکیدا هەبوو، بۆم بەدیار کەوت، کە بەڕێز هیسکلیف لەبەر خووڕەوشتە بوێرییەکەی هیچ ئازاری جەستەیی نەدابوو، بەڵکو هەموو توانای خۆی ئاراستەی ئەو کردبوو، کە ئەم لاوە بە نەفامی و نەزانی بهێڵێتەوە، هەرگیز و هەرگیز فێری نووسین یا خوێندنەوە نەبوو، لە هیچ خووڕەوشتێکی خراپ نەیپاراست. هەمیشە یەك هەنگاویش بەرەو ڕەوشتی چاك ئاراستەی نەکرد.

خاتوو کاسی بە خەڵاتی سەگە بچکۆلانەکە ڕازی نەبوو و گەڕانییەوە، دەرچووین بۆ ماڵەوە گەڕاینەوە.

نەمتوانی لە خانمە بچکۆلەکەی خۆم بزانم، کە ڕۆژەکەی خۆی چۆن بەسەر بردووە، جگە لەوەی کە بەرەو ناوچە بەردەڵانەکە چووە و بە بەردەرگای کێڵگەکە تێپەڕیوە و لەو کاتەش هاریتۆن هاتووەتە دەرەوە و سەگەکانی پەلاماری سەگەکەیان داوە. بەر لەوەی بلاوە بە سەگەکان بکەن و لێکیان بکەنەوە شەڕێکی دژوار لە نێوان سەگەکان ڕوویداوە. هەر ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی بە یەك ئاشنابوونیان، ئینجا کاسی ڕێگای ناوچە بەردەلانەکانی لە هاریتۆن پرسیوە. ئیدی شتەکە بەوە کۆتایی هاتووە، کە هاریتۆن بۆ ئەشکەوتەکە یاوەری کردووە.

سەرنجم دایێ هاریتۆن دەلاوێنرایەوە، تاکو ئەو کاتەی هەستی بریندار کرد، هەوڵێکی زۆرم لەگەڵ دا بەر لەوەی بتوانم ڕازی بکەم، کە هیچ شتێك لەمەر ئەم مەسەلەیە بۆ باوکی خۆی نەگێڕێتەوە. ئەویشم بۆ ڕوون کردەوە، کە باوکی ڕقی لە هەموو دانیشتوانی بەرزاییەکانی ویزرینگ دەبێتەوە و دژایەتییان دەکات و کاتی کە بزانیت ئەویش بۆ ئەوێ چووە سووی دەبێتەوە و زۆر پێی ناخۆش دەبێت ئەگەر باسی ئەمەشی بۆ بکات، کە گوێڕایەڵی فرمانەکانیم نەکردووە، لەوانەیە تەواو تووڕەبێت و ناچارم بکات ئێرە بەجێ بهێڵم. کاسی بەرگەی ئەم گریمانەی دووایی نەگرت، بەڵێنی دا بێدەنگ بمێنێتەوە و لە پێناو من بەڵێنەکەی خۆی پاراست، بە هەرحاڵ کاسی کچێکی بچکۆلانەی چاك بوو.

# بەشی سی و سێیەم
## منداڵە بنێسەکە

نامەیەکی چواردەور ڕەشمان بۆ هات، کاتی دیاریکراوی گەڕانەوەی بەڕێزەکەمیان دیاری دەکرد. ئیزابێللا ماڵئاوایی کرد، نووسیبووی داوای لە من دەکرد ژوورێك بۆ کوڕە گچکەکەی خوشکی ئامادە بکەم. کاسی بۆ گەڕانەوەی باوکی، بینینی کوڕە پوورە بەڕاستییەکەی خۆی زۆر بە پەرۆش و دڵخۆش بوو.

ڕۆژی دیاریکراو داهات، خانمە بچکۆلانەکەم بە تەواوی ئۆقرەی لێ بڕابوو، بە ڕادەیەك وای لێکردم بۆ بە یەکگەیشتنیان تەواوی کێڵگەکە بە پێیان بڕۆین. خاتوو کاسی کاتێ دەموچاوی باوکی خۆی لە پەنجەرەوە بینی سەیری دەکرد، هاواری کرد و هەردوو باسکەکانی خۆی بۆ بەرز کردەوە.

دابەزییە خوارەوە ئەویش وەکو کچەکەی خۆی بە پەرۆش بوو. لەو کاتەی هەردووکیان خەریکی هەواڵپرسینی یەکتر بوون، لە لینتۆن ڕامام، لە سووچێك نووستبوو، وەکو بڵێی لە کژی زستاندا بووبێت بە فەروەیەك پێچرابوو. ڕەنگ زەرد و لاواز بوو، لە کچانی دەکرد. لەوانە بوو بینەری بە هەڵە وابیزانیایە، کە برای بچووکی بەڕێزەکەم بێت. زۆر وێکدەچوون، بەڵام ئەو ئێسکگرانییەی ئەو هەیبوو، هەرگیز لە ئەدگار لینتۆندا نەبوو.

کاتێ نووستووەکە لەبەر دەرگای ماڵەکە لەخەو بەئاگا هات، خاڵی بۆ دابەزینە سەر زەوی لە ئامێزی کرد. گوتی:

– "کاك لینتۆن ئەمە کاسی کچی خاڵتە"

لەگەڵ قسەکردندا دەستە بچکۆلانەکانی هەردووکیانی لەنێو یەکدی نا. "تۆی خۆش دەوێت، خولیای تۆیە، هەولدە ئێستا دڵی خۆت خۆش کە، گەشتەکە کۆتایی پێهات". منداڵەکە لە پێشوازی لێکردنەکەی کاسی کشایەوە، پەنجەکانی خۆی خستە سەر چاوەکانییەوە، ئینجا هەر سێکیان لە ماڵەکە چوونە ژوورەوە و بۆ پەرتووکخانە بەسەرکەوتن، کە لەوێ چا ئامادەبوو. جلەکانی چوونەدەرەوەی لینتۆنم دەستدایێ و لەسەر کورسییەك دامنیشاند، بەلام گریا و بە ناقایلی گوتی:

– ناتوانم لەسەر کورسی دانیشم.

خاڵی بە شێنەیی گوتی:

– کەواتە برۆ سەر کەروێتەکەوە، ئیلین چات بۆ دێنێتە ئەوێ.

کاسی کورسییەکی بچووك و فینجانەکەی خۆی هەڵگرت و چووە تەنیشتی. سەرەتا بێدەنگ بوو، بەلام ئەمە هێندە درێژەی نەکێشا. کچەکە ڕشت بوو لەسەر ئەوەی، کە کوڕە پوورەکەی خۆی وەکو ئاژەڵێکی ماڵیی مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئیدی دەستی بە جوانی لە قژی دا، ڕوومەتی ماچ کرد و لە سێنییەکەی خۆی، وەکو بڵێی منداڵ بێت، چای پێشکەش کرد. ئەمە دڵی خۆش کرد، ئیدی منداڵەکە چاوی خۆی وشك کردەوە و کەمێك کرژییەوە.

خانەوادەکەم دوای دەقیقەیەك چاودێریکردنیان بە منی گوت:

– ئیلین ئەگەر توانیمان لە لای خۆمان گیری بکەینەوە، هەڵبەتە هەڵسوکەوتی چاك دەبێت، بەخێوکردنی منداڵ لەم تەمەنەی ئەم منداڵە ژیانێکی نوێی بە بەرەوە دێنێت.

"بەڵێ، تەنیا ئەگەر توانیمان گیری بکەین" ئەمەم لە دڵی خۆمدا گوت، بەلام هەستم کرد ئومێد لەمە زۆر لاوازە. لە خۆم پرسی منداڵێکی لاواز و بنێس چۆن

دەتوانێت لە بەرزاییەکانی ویزرینگ لە نێوان باوکی خۆی و هاریتۆندا بژیت. گومانەکانمان یەکسەر هاتنە دی. هەر لەو کاتەی هەردوو منداڵەکانم بۆ نهۆمی سەرەوە دەبرد، لینتۆنم بینی نووستبوو، کارەکەرێك لە چێشتخانە دەرچوو و پێی گوتم، کە جۆزێفی خزمەتکاری بەڕێز هیسکلیف لەبەر دەرگایە و دەیەوێت قسە لەگەڵ بەڕێزدا بکات.

بە ناچاری بۆ پەرتووکخانە بەسەرکەوتم و هاتنی سەرلێدەرە ئێسکگرانەکەم پێ ڕاگەیاند. جۆزێف بەدوام کەوت و بێ ئەوەی پێی بڵێم وەرە ژوورەوە بە پێشم کەوت و گوتی:

– هیسکلیف ناردوومیەتی کوڕەکەی بۆ ببەمەوە، دەبێ بە بێ کوڕەکەی نەگەڕێمەوە.

ئەدگار لینتۆن دەمێك بێدەنگ بوو، سیمای دەموچاوی هێمای خەم و دڵتەنگییەکی گەورەی نواند، دەربارەی بیرۆکەی وازلێهێنان لە منداڵەکە هەستی بە ئازارێکی زۆر کرد. بە شێنەیی وەڵامی دایەوە:

– بە بەڕێز هیسکلیف بڵێ، کوڕەکەی سبەی بەیانی بۆ بەرزاییەکانی ویزرینگ دێت. لەنێو پێخەفی خۆیدا نووستووە و ماندووە. ئێستا ناتوانێت ماوەی ئەم ڕێگایە ببڕێت.

جۆزێف زۆر بە زەحمەت ڕازی بوو، کە بە دەستبەتاڵی بگەڕێتەوە، بەڵام هەڕەشەی کرد و گوتی، کە هیسکلیف بۆ ڕۆژی پاشتر بەخۆی دێت.

# بەشی سی و چوارەم
## لێرە نامینمەوە...

بەڕێز لینتۆن فرمانی پێکردم، کە بەیانی زوو بە ئێسترەکەی کاسی منداڵەکە بۆ ماڵی خۆی ببەمەوە، تاکو لە مەترسی جێبەجێکردنی ئەو هەڕەشەیە ڕزگار ببێت. گوتیشی:

– دەربارەی شوێنی چوونەکەشی دەبێ هیچ شتێك بە کچەکەم نەڵێیت، چونکە لە ئایندەشدا ناتوانێت بیبینیت، تەنیا هێندەی پێ بڵێ، کە باوکی لە ناکاو بەدوایدا نارد و ئەویش دەبووایە بڕۆا و بەجێمان بهێڵێت.

لینتۆنی بچکۆڵ حەزی نەدەکرد لە پێنجی بەیانی لەخەو هەڵسێت، کاتێ زانی کە دەبێ خۆی بۆ گەشتی پتر ئامادە بکات، سەرسام بوو. مەسەلەکەم بەخۆشی تێگەیاند بەو قسەیەی، کە ماوەیەك لەگەڵ باوکیدا دەبێت کە بۆ بینینی زۆر بە پەرۆشە. منداڵەکە بە نیمچە هاوارێك گوتی:

– باوکم! دایکم هەرگیز پێی نەگوتووم، کە من هیچ باوکێکم هەبێت. ئەی بۆچی دایکم، وەکو هەموو خەڵکی دی لەگەڵیدا نیشتەجێ نەبوو؟

وەڵامم دایەوە:

– کارێکی بەدەستەوەیە لە باکوور هێشتییەوە، تەندروستی دایکیشت وای لێکرد لە باشووردا بژیت.

منداڵەکە دڵنیا نەبوو، دووبارە گوتی:

- دایکم باسی بۆ نەکردووم، هەموو دەمێك دەربارەی خاڵم دەدوا. فێربووم، کە خۆشم بوویت، ئەی چۆن ئێستا بتوانم باوکم خۆش بوێت؟

گوتم:

- منداڵان بە گشتی دایك و باوکی خۆیان خۆش دەوێت. با خێرا کەین، سەفەرکردن لە بەیانییەکی خۆش و جوان لە دووبارە نووستنەوەی کاتژمێرێکی دیکە چاکترە.
- ئەی ئەو کیژۆلە بچکۆلانەی دوێنێ بینیم، لەگەڵ ئێمە دێت؟
- ئێستا نا.
- ئەی خاڵم دێت؟
- نەخێر، تاکو ئەوێ من یاوەرتم.

لینتۆن دووبارە لەسەر بالیفەکەی خۆی لێی ڕاکشایەوە و گوتی:

- بە بێ خاڵم ناچم.

ناچاربووم بۆ هێنانە دەرەوەی لە قەرویلە داوای یارمەتی لە خانەوادەکەی خۆم بکەم، لە کۆتاییدا دوای چەندین ڕوونکردنەوە، کە سەردانەکەی کورت دەبێت و خاڵی و کاسی سەردانی دەکەن، جگە لە بەڵێنی دیکەی ناڕاست، کە ناوەناوە بۆم هەڵدەبەست، ئیدی بە هەوای ساف و تیشکی خۆر لە ڕێگا ڕووی گەشایەوە و دەربارەی ماڵە نوێیەکەی دەستی بە پرسیاران کرد. ئایا باوکی وەکو خاڵی جوان و ڕێك و ڕووگەشە؟ پێم گوت:

- خانووەکە گەورە نییە، بەڵام لە ناوچەکە دووەمینە. باوکت جحێڵە، وەکو تەمەنی خاڵتە، بەڵام قژ و چاوەکانی ڕەشن. توندوتیژی پتر پێوە دیارە، سەرەتا هێندە نەرمی و ڕووخۆشی لێ بەدی ناکەیت، لەوانەیە

ئەمە لە خودی سروشتی خوورەوشتی نەبێت، بەلام گومانی تێدا نییە، کە لە خالت پتر بۆ تۆ بە پەرۆشترە و تۆش کوری ئەویت.

مندالەکە لەو هێندە ریگایەی مابووەوە بەتەواوی بە بیرو لێکدانەوە تایبەتییەکانی خۆی خەریکبوو. کاتێ گەیشتینە ئەوێ کاتژمێر شەش و نیو بوو. خەلکی مالەکە لە نانخواردنی بەیانی ببوونەوە. کارەکەرەکە قاپوقاچاخەکانی دەگوێزایەوە و سەر مێزەکەی دەسرییەوە. بەرێز هیسکلیف کاتێ منی بینی بەدەنگ گوتی:

– خاتوو نیلی مەرحەبا، ئەوەی هی من بوو هێنات، وا نییە؟ لێمگەری ببینم.

هەلسا و بۆ دەرگا هات، ئینجا هاریتۆن و جۆزێف، کە بۆ خۆ تێهەلهەقولتان بەجۆش بوون بەدوای کەوتن. لینتۆنی بەسەزمان تێرامانێکی بە ترسی خێرا لە هەرسێکیان راما. دوای ئەوەی جۆزێف بە چاکی لێی ورد بووەوە، گوتی:

– گەورەم، بە تاکید گۆرپویەتییەوە کچەکەی خۆی بۆ تۆ ناردووە.

هیسکلیف پێکەنینێکی قۆری بێ مانا پێکەنی. ئینجا وەکو سووکایەتی پێکردن گوتی:

– ئای لەم جوانییە! ئای چ بوونەوەرێکی رێکوپێکە. زۆر لەوە ناشیرینتر بوو، کە پێشبینیم دەکرد!

داوام لە مندالە راچلەکیوەکە کرد دابەزێت و بچێتە ژوورەوە. بە چاکی قسەی باوکی تێنەگەیشت، هێشتا دلنیا نەبوو، کە ئەم نەدیوە دلرەق و ناپیاوە باوکییەتی. کەچی بە ترسێکی زۆرەوە خۆی بە منەوە نووساند، کاتێ هیسکلیف کورسییەکی بۆ دانا و داوای لێکرد بێتە لای، خۆی بە شانمەوە نووساندو

دەموچاوی خۆی شاردەوە و گریا. هیسکلیف لەگەڵ دەستدرێژکردن و ڕاکێشانی بەتوندی بۆ ئەژنۆی خۆی گوتی: "وەرە! ئەم شتە هیچ و پووچانە بەسە، ئازارت نادەین. لینتۆن، ئەی ئەمە ناوی تۆ نییە؟ تۆ بە تەواوی لە دایکت دەچیت. ئەی کوا بەشی من لە تۆ؟"

شەبقەی منداڵەکەی داکەند. قژە درێژ و جوانەکانی لادا، لە باسکی باریك و پەنجە بچووکەکانی ورد بووەوە. لینتۆن لە گریان وەستا و چاوە گەورە و شینەکانی خۆی بڵند کرد، تاکو لە وردبینەر ڕامینێت. هیسکلیف لێی پرسی:

- ئایا دەمناسیت؟

لینتۆن بە دیدی ترسەوە گوتی: "نا"

- نا؟ ئای لەم ڕسواپێکردنەی دایکت، کە نەیهێشتووە هەست بە من بکەیت! تۆ کوڕی منیت. کوڕێکی چاك بە، چاودێریت دەکەم. نیلی، ئەگەر تۆ ماندوویت، دانیشە. ئەگەر نا بگەڕێوە ماڵەوە. شتەکەمان بۆ مەیسەر نابێت تۆ لێرە بیت.

وەڵامم دایەوە:

- باشە، بەڕێز هیسکلیف ئومیدەوارم لەگەڵ ئەم منداڵە بەسۆز بیت، ئەگەر نا زۆر ناژیت.

بە پێکەنینەوە گوتی:

- مەترسە، لەگەڵیدا زۆر بەسۆز دەبم، بۆ ئەوەی دەست بە سۆزی خۆم بکەم، جۆزێف نانی بەیانی بۆ منداڵەکە ئامادە بکە. هاریتۆن، بۆسەر ئیش و کاری خۆت برۆ.

- بەڵێ.

کاتێ دەرچوون درێژەی بە قسەی خۆی دا و گوتی:

– کوڕی من لە ئایندە خاوەنی ماڵ و موڵکەکەتە، حەز ناکەم بمرێت، تاکو دڵنیا دەبمەوە کە من بوومەتە وارسی، سەرەڕای ئەمەش کوڕی خۆمە، دەمەوێت ئەو خۆشییە بچێژم، کە کوڕی خۆم ببینم خاوەنی تەواوی گشت زەوی و زار و موڵك و کۆشکەکانیان بێت، منداڵەکەم منداڵەکانیان بۆ کێڵانی زەوی باوکەکانیان بە پارە بەکرێ دەگرێت. ئەم بیرۆکە تاك و تەنیایەیە، کە وا لە من دەکات بتوانم بەرگەی ئەم کارە کەساسە بگرم، لە لای مندا هیچ بایەخێکی نییە، من ڕك و قینەم لێیەتی و هەمیشە بۆ یادگار دەیبوغزێنم، کە ڕۆژگار بە بیرمی دێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ من دڵنیابە، ژوورێکی چاکم لە نهۆمی سەرەوە هەیە، مامۆستایەکم بەکرێ گرتووە سێ کەڕەت لە هەفتەیەکدا دێت و فرمانیشم بە هاریتۆن داوە گوێڕایەڵی بێت. لە ڕاستیدا، هەموو شتێکم بۆ دابین کردووە، کە بیکەمە پیاوێکی خاوەن بڕیار، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، سووم دەبێتەوە ئەوە شایانی ئەو هەموو ڕێزلێنانە نییە. ئەگەر خۆشییەك لە ژیاندا هەبێت من ئارەزووی بکەم، ئەوەیە کە ببینم جێی سەرفرازی بێت ئەوەیە، کە من لەم منداڵە تووشی نائومێدییەکی بە ئازار بوومەتەوە.

لەو کاتەی هیسکلیف قسەی دەکرد، جۆزێف بە قاپێك لە تێکوشە گەڕایەوە و لە پێش لینتۆنی دانا. بە دیدێکی بێزاربوون خواردەمەنییە ساکارەکەی ڕەتاندەوە و ئەوەی درکاند، کە ئەو خواردنەی پێ ناخورێت.

جۆزێف تووڕەبوو، بەڵام هیسکلیف فرمانی بە خزمەتکارەکە کرد، کە هەرچی منداڵەکە دەیەوێت بیخوات بۆی ئامادە بکات. ئیدی کە بۆ مانەوەی پتر چ پاساو

ئەما، خزیمە دەرەوە لینتۆنیش سەیری سەگێکی ژیکەلەی بەر مێگەڵی دەکرد، بەڵام کاتێ دەرگام داخستەوە، گریان و دووبارەکردنەوەیەکی بێ ئومێدی ئەم وشانەم بیست:

– بەجێم مەهێڵە! لێرە نامینێمەوە! لێرە نامینێمەوە!

## بەشی سی و پێنجەم

# باڵندە بچووکەکان

لەو ڕۆژە ئیش و کارمان لەگەڵ کاسی بچکۆڵ بە غەمگینی بەڕێوەچوو. زۆر بە چوستی لەخەو هەڵسا بەو ئومێدەی کە ئێستا دەچێتە لای کوڕە پوورەکەی خۆی، بەڵام کە هەواڵی ڕۆیشتنەکەی بیست، فرمێسکێکی زۆری ڕشت. من هەموو جارێك کە بەرێکەوت ناوەناوە خزمەتکارەکەی بەرزاییەکانی ویزرینگم لە گوندی دەبینی، هەواڵی بەڕێزە بچکۆڵەکەم لێ دەپرسی کە ژیانی ڕۆژانەی چۆن بەڕێوە دەچێت. ژیانێکی تەنیایی نزیکەی وەکو ژیانی کاسی دەژیا. بەدیار نەدەکەوت. زانیم کە هێشتا لە ڕو لاوازە و تەندروستی باش نییە، بەڕاستیش وەکو ئەو جۆرە کەسانەی لێهاتووە، کە چاودێریکردنیان زەحمەت بێت. وا پێدەچوو کە بەڕێز هیسکلیف وای لێهاتبوو ڕك و قینەی پتری لێ هەڵدەگرت. سەرەڕای ئەوەی کە زۆر هەوڵی دەدا ئەمە بشارێتەوە و بەرگەی ئەوەشی نەدەگرت، کە لەگەڵیدا بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەمان ژووردا بمێنێتەوە. لینتۆنیش خوێندنی خۆی دەکرد و ئێوارانیشی لە ژوورێکی بچووکی خۆی بەسەر دەبرد، یا ڕۆژەکەی هەموو لەسەر قەرەویلە پاڵی دەدایەوە، چونکە لەبەر ئازاری کۆخە و هەڵامەت و ئازارە جیاجیاکانی دی بەردەوام دەینالاند.

خانمە سەرکاری ماڵەکە لەدوای هاتنی بە دوو ساڵ دەستی لە ئیش و کارەکەی خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت. خانمێکی دی شوێنەکەی گرتەوە، کە نایناسم. ئیدی ڕۆژگار لە غرانج بەو شێوازە دڵخۆشکەرەی پێشوو بەسەر دەچوو، تاکو خاتوو

کاسی گەیشتە تەمەنی شانزە ساڵی، بەڵام لە جەژنی لە دایکبوونی هەستمان بە ڕووکاری دڵخۆشی نەکرد، چونکە لەگەڵ ڕۆژی مردنی دایکی ڕێکدەکەوت. باوکی بەتەنیا هێشتبوویەوە و بە خۆی بۆ سەر گۆڕەکەی ڕۆیشت. بەم شێوەیە کاسی مایەوە، تاکو بەخۆی خۆی خەریك بکات. ڕۆژێك لە ڕۆژە جوانەکانی بەهار، خانمە خانەوادە بچکۆڵەکەم بەیانی زوو دابەزییە خوارەوە و جلوبەرگی دەرەوەی لەبەر کردبوو، تاکو بچێتە دەرەوە. گوتی باوکی ڕێگەی پێداوە، کە بە یاوەری من بۆ دەوروبەری دەشت و چۆڵەوانییەکە بڕوات، بە مەرجێك تەنیا ماوەیەکی کورت بڕۆین و لە گوندی دوور نەکەوینەوە. گوتی:

- کەواتە ئیلین خێراکە! لەوێ هەندێ باڵندەی بچکۆڵە هەیە، دەمەوێت بیانبینم کە ئەگەر ئێستا هێلانەیان کردبێت.
- دەبێ ئەوە لە شوێنێکی دوور بێت. چونکە ئەو باڵندانە لە دەوروبەری نزیك ئاوەدانی هێلانە ناکەن.

ئەویش گوتی:

- نا دوور نییە. پێشتر لەم زووانە لەگەڵ بابە چووم.

بە بێ بیرکردنەوەی پتر لە مەسەلەکە، خۆم ئامادە کرد و دەرچووین. لە ڕێرەوەکە بۆ پێشەوە و دواوە غاری دەدا، لە سەرەتا خۆشییەکی زۆرم بینی گوێ لە باڵندەکان بگرم، کە لە دوور و نزیکەوە دەخوێنن، هەمیشە خۆشی تیشکی گەرمی خۆریش و چاودێری خۆشەویستە بچکۆڵەکەشم، کە قژە زێرینەکەی بەدوایەوە شۆڕ ببووەوە و بەبا دەفری، سیمایە گەشاوەکەی نەرم و ناسك، وەکو گوڵ و چاوەکانی لە خۆشییان دەتریسکانەوە. لەم ڕۆژانە مرۆڤێکی بەختیار بوو، ناخۆشی لەوەدابوو، کە بە هیچ شتێك قایل نەدەبوو. گوتم:

- باشە، خاتوو کاسی باڵندەکانت لە کوێیە؟ ماوەیەکی دوورودرێژمان بڕیوە.

وەڵامی بەردەوامی ئەمە بوو:

- تەنیا کەمێك ماوە، تەنیا کەمێك ماوە.

لە کۆتاییدا ماندوویەتی پەکی خستم. داوام لێ کرد بگەڕێتەوە، خۆی وا نیشان دا، یا ئەوەتا گوێی لە من نەبوو، یا ئەوەتا ئەمەی نەویست. دەبوایە بیگەمێ، ئینجا لە کەلێنێك لە پێشم بزر بوو و کاتێ دووبارە چاوم پێکەوتەوە، بە دوورایی دوو میل لە بەرزاییەکانی ویزرینگ نزیك لە ماڵەکەی خۆی دوور بوو، دوو کەسم بینی دەیانگرت. یەکێکیان بەڕێز هیسکلیف بوو.

کاسی لە کاتی دزین دستگیر کرا، یا بە لایەنی کەمەوە باڵندەی لە بەرزاییەکان دەگرت. ئەمانە زەوییەکانی بەڕێز هیسکلیف بوون. ئاگاداری دەکردەوە هەردوو دەستە بەتاڵەکانی بۆ درێژ کردنەوە و گوتی:

- نەمبردووە یا هیچ شتێکم تێدا نەدۆزیوەتەوە، بابە پێی گوتم لێرە زۆر هەنە، حەزم کرد هیلکەکانیان ببینم.

هیسکلیف بە زەردەخەنەیەکی نەگریسانە پرسی: "بابە کێیە؟"

وەڵامی دایەوە:

- بەڕێز لینتۆن خاوەنی سراشکرۆس غرانج. من وامزانی تۆ من ناناسیت، ئەگەرنا بەم شێوازە لەگەڵ من نەدەدوایت.

بە دەنگێکی گاڵتە پێکردن گوتی:

- کەواتە تۆ وادەزانیت بابە زۆر بەڕێز بێت؟

کاسی پرسی:

- ئەی تۆ کێیت؟ ئایا ئەم پیاوە کوڕی تۆیە؟

هێمای بۆ هاریتۆن کرد، کەوا دیاربوو لە جاران گەورەتر و بەهێزتر ببوو، بەڵام بە پان و پۆڕ و کەڵەگەتییەکی سەیر مابووەوە. قسەم پێ بڕی و گوتم:

– خاتو کاسی، ئێستا دەبێ بۆ ماڵەوە بگەڕێینەوە.

هیسکلیف لەگەڵ پاڵ پێوەنانم بۆ لایەك وەڵامی دایەوە:

– نا، ئەم پیاوە کوڕی من نییە، بەڵام من کوڕێکم هەیە پێشتر بینیوتە. وابزانم چاکتر وایە خۆت و پەروەردیارەکەت هەندێ بحەسێنەوە. فەرموو وەرە ماڵم، بەخێرهاتنێکی گەرم دەکرێن.

بە ئەسپایی بە خاتوو کاسیم گوت هەرچۆنێك بێت بە داوەتەکەی قایل نەبێت، بەڵام پەلەی کرد، هیسکلیف قۆڵی گرتم. منیش گوتم:

– کاك هیسکلیف ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، تۆ دەزانیت نیازی چاکت نییە، من هەرکە دەگەڕێینەوە سەرزەنشت دەکرێم.

وەڵامی دایەوە:

– دەمەوێت لینتۆن ببینێت. لەو ڕۆژە کەمانەی دوایی چاکتر هەڵکەوتووە. دەیانهەوێت بکەونە ئەڤینی و ببنە هاوسەری یەکدی، ئەمە پیاوەتییەکە لە منەوەیە، کچەکەش کاتێ باوکی دەمرێت هیچ میراتی نابێت.

گوتم:

– ژینی لینتۆن جێی ئومێد نییە، ئەگەر بمرێت، کاسی دەبێتە وارسی.

وەڵامی دایەوە و گوتی:

– نەخێر، نابێتە وارسی. لە وەسییەتنامە نموونەی ئەم کارپێکردنەی تێدا نییە، ماڵ و موڵکەکان بۆ من دەبن، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێگە لە هەموو گفتوگۆیەك بگیرێت، حەز دەکەم بیانکەمە هاوسەری یەکدی.

ئینجا تا بەردەرگا بە تەکمەوە بوو، کە لەوێ خاتوو کاسی لەچاوەڕوانیماندا بوو.

## بەشی سی و شەشەم

### ئەمە نەخوێندەوارە

کاسی بە چەند تێڕمانێك سەیری بەڕێز هیسکلیفی کرد، وەکو بڵێیت ناتوانێت بە تەواوی بڕیار بدات، کە چۆن بیری لێ بکاتەوە، بەڵام پیاوەکە زەردەخەنەیەکی کرد و خەریکەبوو بە دەنگێکی نەرم قسەی پێ دەکرد. من گەمژەییم دەکرد ئەگەر وام لێکبدایەوە، کە بیرەوەری دایکی وای لێبکات کە ئازار بە کچەکە نەگەیێنێت.

لینتۆن لە بەردەم ئاگردان ڕاوەستا. بە پێیان لەنێو کێڵگە ڕۆییبوو، ئیدی بانگی جۆزێفی کرد پێڵاوێکی وشکی بۆ ئامادە بکات. باڵای بەرز بوو، سیمای هێشتا جوان بوو، وەکو بە بیرم بێت چاو و ڕوخساری گەشاوەتر بوو.

"ئێستا، ئەمە کێیە؟" هیسکلیف پرسی و لەگەڵیدا ئاوڕی لە کاسی دەدایەوە. کاسی بە گومانەوە لە یەك یەکیان ڕاما، ئینجا گوتی:

- کوڕی تۆیە؟

وەلامی دایەوە:

- بەڵێ، زەینێکی تیژت هەیە. لینتۆن، ئەی کچی خاڵی خۆت بەبیر نایێتەوە، کە چەند لە مێژە حەزت دەکرد بیبینیت؟

کاسی بە خۆشییەکی پڕ لە سەرسامی بەدەنگ گوتی:

- کێ، لینتۆن! ئای ئەمە ڕاستە لینتۆنی بچکۆلە؟ ئەمە لە من بە باڵاترە!

بۆ پێشەوە بازی دا و ماچی کرد. ئینجا بە سەرسامی لەو گۆڕانە ڕامان، کە ڕۆژگار کاری لە سیمایان کردبوو. کاسی گەیشتبووە تەواوی بالأی خۆی، ئا ئەوەتا تەندروستی و دڵخۆشی پێوە دیارە. کەچی نیگا و هەڵسوکەوتی لینتۆن توند و تۆڵی لێ بەدی ناکرێت، بەلأم کاسی ئاوڕی لە هیسکلیف دایەوە و بەدەنگ گوتی: "کەواتە تۆ مامی!" لەگەڵیدا هەنگاوی بۆ لای مامی نا، کە ئەویش ماچ بکات. "هەستم کرد خۆشتم دەوێت، ئەگەرچی لە سەرەتا پیاوێکی ڕەزاگران و نەویستراو بوویت. بۆچی لەگەڵ لینتۆن سەردانێکی غرانج ناکەیت؟ "ئیلینی نەکبەت!" ئاوڕی بۆ لای من دایەوە دیسان دەیگوت: "ئیلینی نەگریس هەوڵدەدات نەهێڵێت بێمە ژوورەوە!"

مێردی پووری گوتی: "ماچەکانی خۆت لە من سەرف مەکە"، لەگەڵیدا نەختێ بێزاری خۆی دەشاردەوە. "وا تێبگەم چاکترە کە پێت بڵێم بەڕێز لینتۆن حەز لە دیدەنی من ناکات و لە من ڕادەکات. جارێك پێشتر بەشەڕ هاتووین. ئەگەر دەربارەی سەردانت بۆ ئێرە باس بکەیت، ناهێڵێت جارێکی دی بێیتەوە".

کاسی بەوپەڕی نائومێدی و واقی وڕمانەوە پرسی:

– بۆچی بەشەڕ هاتن؟

هیسکلیف وەلأمی دایەوە:

– وایدەزانی من هەژارم و شایانی ئەوە نیم، کە خوشکی بخوازم. کاتێ خواستم تووڕە و بێزار بوو.

خانمە بچکۆڵەکە گوتی:

– ئەمە هەڵەیە! لە کاتێکی دی ئەمەت بۆ ڕوون دەکەمەوە، بەلأم نە من و نە لینتۆن هیچ بەشمان لە ناکۆکی ئێوەدا نییە، من بۆ ئێرە نایێم، بەلأم

ئەو بۆ غرانج دێت.

کوڕی پووری منگەمنگێکی کرد:

- ئەمە زۆر دوورە. لەوانەیە ڕۆیشتنی چوار میل بمکوژێت.

باوك بە سووکایەتییەکی زۆر لە کوڕەکەی خۆی ڕاما و گوتی:

- ئەی چیت نییە بە کوڕی پوورت نیشان بدەیت؟ بەر لەوەی پێڵاوەکەت بگۆڕیت ببیە بۆ نێو باخچە.

بەڵام لینتۆن بە لاریکردنەوە لە کاسی پرسی:

- ئەی نافەرموویت لێرە دانیشیت؟

وەڵامی دایەوە:

- نازانم.

لەگەڵیدا سەیری دەرگای دەکرد. لەسەر کورسییەکەی خۆی مایەوە و خۆی لە ئاگردانەکە نزیك کردەوە. هیسکلیف هەڵسا و بانگی هاریتۆنی کرد. ئەویش وەڵامی دایەوە و خێرا هات. لە هەردوو ڕوومەتە گەشاوە و قژە تەڕەکەی دیاربوو، کە دەموچاوی خۆی دەشۆری. کاسی پرسی:

- ئەمە کوڕی پوورم نییە، ئەی مامە وا نییە؟

وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، ئەمە کوڕی برای دایکتە. ئەی خۆشت ناوێت؟

کاسی دوودڵ بووەوە، ئینجا چووە پێشەوە و قسەیەکی بە گوێی هیسکلیفدا چرپاند. هیسکلیف پێکەنی و دەموچاوی هاریتۆن گرژومۆن هەڵگەڕا، بەڵام بەرێزەکەی یا خانەوادەکەی بێزارییەکەی نەهێشت، کە گوتی:

- هاریتۆن لە نێوماندا باشترین کەس دەبێت؟ لەسەر تۆ شتێکی زۆر خۆشی گوت. لەنێو کێڵگەدا پیاسەی لەگەڵدا بکە، وەکو بەڕێزێکی ماقووڵ هەڵسوکەوت بکە. وشەی قۆڕ و ناشیرین بەکار مەهێنە و زۆر تێی ڕانەمینێی، بەڵکو بە شێنەیی بدوێ و دەستەکانت لە دەرەوەی گیرفانەکانت بهێڵەوە."

ئیدی چاودێری هەردووکیانی دەکرد لەبەر پەنجەرە دەڕۆیشتن، هاریتۆنیش سەیری خانمە یاوەرەکەی خۆی نەدەکرد. هیسکلیف بە دڵخۆشی هێمای کرد:

- زمانم بەستەوە، ناوێرێت هیچ قسەیەکی لەگەڵدا بکات. نیلی، ئایا منت بەبیر دێتەوە کە لە تەمەنی ئەودا بووم. نەخێر من بچووکتر بووم بە چەند ساڵێکی کەم، ئایا من وێدەچووم، وەکو ئەمە گەمژە بم؟

وەڵامم دایەوە:

- بەڵکو خراپتر، چونکە تۆ شەری پتر لە نێوچەوانت نووسراوە.

درێژەی بە قسەی خۆیدا و گوتی:

- شتێکم بەدەستەوەیە، کە دڵم پێیەوە خۆش دەکات، ئەگەر بە گێلی و گەمژەیی لە دایکبووایە نیوەی ئەو خۆشییەم نەدەبینی کە هەستی پێدەکەم. دەتوانم یاری بە هەموو هەست و ویستەکانی بکەم، چونکە من بەخۆم هەستم پێکرد. ناتوانێت خودی خۆی لە نەزانین و ئێسکگرانییەکەی خۆی ڕزگار بکات. من توانیم لە باوکی خۆی خراپتر کاری تێبکەم. لەمەش چاکتر ئەوەیە، کە هاریتۆن خووی خۆی زۆر بە منەوە گرتووە، ئەگەر باوکی بتوانێت لە گۆڕەکەی خۆی هەڵسێتەوە و بە کردەوەی بەد دەرهەق بە کوڕەکەی تاوانبارم بکاتەوە، ئەم کوڕە بۆ

بەرگری لە من، وەکو ئەوەی لە دنیا هاوڕێی بم بە ڕوویدا هەڵدەشاخێت!

پێکەنینێکی نەگریسانە پێکەنی، لەو کاتەش لینتۆن خەریکبوو نیگەران دەبووەوە لەوانەبوو لە دۆڕانی یاوەری کاسی بوو. هەڵسایەوە و بۆ دەرەوە ڕۆیشت. کاسی لە وشەکانی سەر دەرگا لە هاریتۆنی پرسی، هاریتۆن سەیری کرد و سەری خۆی خوراند، ئینجا وەڵامی دایەوە:

– هەندێ نووسین، ناتوانم بیخوێنمەوە.

لینتۆن پێکەنینێکی بچووکی گەوجانە پێکەنی، ئینجا بە کاسی گوت:

– ئەمە تاکو پیتەکانیش نازانێت. ئایا کەسێکت بەم شێوە نەزانییە بینیوە؟ شتەکە هیچی تێدا نییە، تەنیا تەوەزەلی نەبێت، ئەی هاریتۆن وا نییە؟ سەرنجت لە شێوە زاری پیسی داوە، وەکو بەخۆی دەڵێت، فێربوونی لە کتێب سووک و ڕسوا دەکاتەوە.

هاریتۆن گوتی:

– لەبەرچی، چ سوودی تیایە؟

لینتۆن و کاسی لە قاقای پێکەنینێکی بەدەنگیان دا، کەچی گەنجە تووڕەکە لە تاو ڕق و شەرمەزاری سیمای دەموچاوی تێکچوو و ڕای کرد. بەڕێز هیسکلیف کاتێ بینی دەرۆیشت، زەردەخەنەیەکی کرد، بەڵام لەدوای ئەمە بینیم بە چاوی ڕق و بوغزەوە سەیری هەردوو کوڕە دڵڕەقەکانی دەکرد، کە بە زانایی و سەربەرزی خۆیان سەرمەست بوون.

ئیدی لەو ساتەوە دەستم بە نەفرەت لێکردنی لینتۆن کرد، پتر لەوەی بەزەیی پێبکەم و تا ڕادەیەکیشی پاساوم بۆ بیرۆکە خراپەکارییەکانی باوکی هەبێت، کە بەرانبەر ئەم کوڕە دەیکات.

# بەشی سی و حەوتەم

## بەڵێنی ڕاستگۆ

تاکو دوای نیوەڕۆ مایەوە. کەچی ئەو ڕۆژە نەمتوانی پێش ئەو وەختە خاتوو کاسی بێنمە دەرەوە، لە بەختچاکیش، خانەوادەکەم بە درێژایی ئەو ڕۆژە هەر لە ژوورەکەی خۆی بوو و لەمەڕ بزربوونە دووروودرێژەکەمان هیچ شتێکی نەزانی، بەڵام ڕاستی لە ڕۆژی پاشتر بەدیار کەوت. بەرانبەر ئەمەش زۆر پەشیمان نابمەوە، بەوەی کە بەرپرسییەتی ئاراستە و ئاگادارکردنەوەی خانمە خانەوادە بچکۆڵەکەم وا چاکترە لە ئەستۆی باوکیدا بێت، نەوەکو لەسەر خودی من. بەڵام بۆ پاساوی دوورخستنەوەی لە خەڵکی بەرزاییەکان پتر لە پێویست هۆشیار بوو، مەگەر کاسیش تەنیا بەو هۆیە دڵنیاکەرەوانە ڕازی دەبوو، کە لەگەڵ ڕێبازە تایبەتییەکەی خۆی پێچەوانەبوو.

لە کۆتایی ئەو مەسەلەیەدا بەڕێز لینتۆن بە کورتی تێیگەیاند، کە هیسکلیف چ جۆرە هەڵسوکەتێکی لەگەڵ ئیزابێللا کرد. دەربارەی ئەو لایە نوێیەی سروشتی مرۆڤایەتی مەست و بێزاری لێی بەدیارکەوت، بە ڕادەیەك لینتۆن هەستی کرد، کە پێویست ناکات قسەی پتری لەسەر بکرێت.

باوکی خۆی ماچ کرد و بە هێمنی دانیشت بۆ ئەوەی کاتژمێرێك یا دووان وانەکانی خۆی تەواو بکات. ئینجا چووە دەرەوە لەو دەوروبەرە لەگەڵ باوکی خۆی پیاسەی کرد. ڕۆژەکە هەمووی ئاسایی بەسەرچوو، بەڵام لە ئێوارێ، کاتێ

بەسەرکەوتم لە جلوبەرگ گۆڕینیێ یارمەتی بدەم، بینیم لەسەر ئەژنۆیان لە نزیك قەرەوێلە دانیشتووە و دەگرییێت، بە هاوار گوتم:

- ئەی مندالّی بیێ عەقلّ! ئەگەر خەم و پەژارەی ڕاستیت دەبوو، شەرمەزار دەبوویتەوە، کە بۆ یەك دەقیقەش کاتی خۆت بۆ مەسەلەیەکی پڕوپووچی، وەکو ئەمە بەفیڕ بدەیت.

وەلآمی دایەوە:

- ئیلێن، بۆ خودی خۆم ناگریم، بەلّکو بۆ لینتۆن دەگریم، ئەگەر جارێکی دی نەمبینیتەوە تووشی نائومێدی دەبێتەوە.

گوتم:

- ئەمە قسەی قۆڕە. دەزانێت چ ڕووی داوە، خۆی بۆ تۆ لەمە پتر ماندوو ناکات.

- بەلآم ئایا دەکریێ چەند وشەیەکی بۆ بنووسم. ئاگاداری بکەمەوە لەبەرچی ناتوانم بچم؟ هەروەها ئەم کتێبەشی بۆ ڕەوانە بکەم، کە بەلّێنم پێدابوو بۆ خوێندوە بیدەمیێ؟

بە توندی وەلآمم دایەوە:

- نا، دلّنیابە نابیێ. ئینجا ئەویش بۆتۆ دەنووسێت، مەسەلەکە کۆتایی نایێت.

- بەلآم یەك نامەی بچووك چۆن دەتوانێت....

قسەم پیێ بڕی و گوتم:

- بێدەنگ بە! بە نامە بچووکەکانت دەست پیێ ناکەین، بڕۆ نێو قەرەوێلەکەی خۆت.

بە نیگایەکی زۆر نەگریسانە تێم ڕاما، نەگریسانەیەك خەریکبوو ماچی نووستنێی ماچ نەکەم. دامپۆشی و دەرچووم. دەرگام گاڵەدا، بەڵام هێندەی پێنەچوو هەستم بە پەشیمانی کرد، بە هێدی گەڕامەوە و هیچم نەدی جگە لە خاتوو کاسی نەبێت، کە لە پێش مێزێك ڕاوەستابوو و کاغەزێکی سپی و قەڵەمێکی بەدەستەوە بوو. کاتێ لێی چوومە پێشەوە شاردنییەوە و هەستی بە شەرمەزاری کرد. گوتم:

– ئەگەر بینووسیت کەسێك نادۆزیتەوە بۆت بیبات.

هێشتا بە قسەکردنەوە بووم مۆمەکەی خۆی کوژاندەوە. لە دەستم لێدانێکی سووکم پێکەوت و "شتە خراپەکە" پێی هەڵگوتم. چەند هەفتە تێپەڕی، کاسی هاتەوە سەر مێزاجی ئاسایی جاران، سەرەڕای ئەوەی، کە زۆر حەزی لەوە بوو لە سووچەکان بە تەنیا بمینێتەوە و کتێب بخوێنێتەوە، کاتێ لێی نزیك دەبوومەوە کتێبەکەی دادەخستەوە و دەیشاردەوە. وا پێدەچوو هەندێ کاغەز لە نێو لاپەڕەکاندا بوون. خووشی بەوە گرتبوو بەیانیان زوو بۆ چێشتخانە دادەبەزییە خوارەوە، وەکو ئەوەی پێشبینی یا چاوەڕێی شتێك بکات.

چەکمەجەیەکی بچووکی لە دۆلابی پەرتووکخانەکەی خۆی هەبوو، هەموو دەمێك چەند سەعات دەیپشکنییەوە، بەتایبەتی ئاگاداری ئەوە بوو، کە دەچووە دەرەوە نێو چەکمەجەکەی چۆڵ دەکرد. ڕۆژێکیان، لەو کاتەی چەکمەجەکەی خۆی دەپشکنییەوە، سەرنجم دایێ لە یستۆکە بچووکەکانی دیکەی، کە لەوێ پێشتر هەڵیگرتبوون بە شێوەیەکی سەیر ببوونە پارچەیەك لە کاغەزی لوولدراو. ئەمە هەوەس و گومانی وروووژاندم، بۆیە لە شەوێ لەنێو کلیلەکانی خۆم گەڕام یەکێکیانم دۆزییەوە، کە بۆ قفلەکە بشێت، ئیدی دەستم بە پشکنینەوەی گەنجینەکەی کرد.

چەکمەجەکە کۆمەڵێك لە نامەی ڕۆژانەی تێدابوو، کە لە لینتۆن هیسکلیفەوە هاتبوون. وەڵامی نامەکان خانمە بچکۆڵ نووسیبووی. نامەکان و وەڵامەکانم بە گشتی بە دەسترۆکێك بەستا و چەکمەجە بەتاڵەکەم، وەکو جاران کلیل دایەوە.

لە بەیانی پاشتر، چاودێری کاسیم کرد، سەیرم کرد بۆ چێشتخانە دێتە خوارەوە و لەو کاتەی مێردمنداڵێکی بچووك، کە هەموو ڕۆژێك شیری دەهێنا گەیشتە ئەوێ. ئەویش بۆ بەر دەرگا بەتاو دەڕوا، لە کاتێکدا کارەکەرەکە بە پڕکردنی دۆڵکەکەی خۆی خەریکبوو، خاتوو کاسی شتێکی لە گیرفانی مێردمنداڵە بچووکەکە نا و شتێکی دیکەشی لێ وەرگرت. تاکو نێو باخچە بەدوای مێردمنداڵەکە کەوتم، سەرەڕای ئەوەی بەرگرییەکی ئازایانەی لە ئەمانەتەکەی خۆی کرد، بەڵام توانیم نامەکەی لێی بستێنم و لەنێو بینەوبەردەکەماندا شیرەکەمان ڕژاند. لە ژێر دیوار مامەوە و خوێندمەوە. لە نامەکانی پوورزاکەی خۆی پتر ساکارتر و دڵسۆزتر بوو. زۆر جوان و گەمژەییەکی ڕاست و دروست بوو.

ڕۆژەکە تەڕو تووش بوو، بۆیە کاتێ لەوانە بەیانییەکانی بووەوە، کاسی یەکسەر بۆ لای چەکمەجەکەی خۆی چوو، تاکو خۆی خەریك بکات. باوکی لە پێش مێزێك دانیشتبوو خوێندنەوەی دەکرد. منیش بە بێ نیاز هەڵسام لە نزیك پەنجەرەوە دەستم بە چاککردنەوەی لایەکی پەردەکە کرد و چاودێری هەموو شتێکم کرد کە ڕوویدات. من پێشتر هیچ باڵندەیەکم نەبینیبوو، کە گەڕابێتەوە هێلانەکەی خۆی و بێچووەکانی لێ دزرابێت، تاکو بە فرمێسکی خۆی هەستی نائومێدییەکی تەواو دەربڕێ، وەکو ئەوەی کاسی هەستی خۆی بە وشەی "ئاه" دەربڕی. بەڕێز لینتۆن سەری خۆی هەڵبڕی و گوتی:

- خۆشەویستەکەم چ بووە؟ ئایا ئازاری خۆت داوە؟

بە ئەستەم وەڵامی دایەوە:

- نا بابە. ئیلین! ئیلین! بۆ سەرەوە وەرە، من نەخۆشم!

بە گوێی داواکارییەکەم کرد، یەکسەر دەستی پێکرد و گوتی:

- ئۆی ئیلین تۆ بردووتە، ئۆی بمدەرێ و بە بابەی نەڵێی! من زۆر ملهوڕ بووم، بەڵام هەرگیز ئەمە دووبارە ناکەمەوە.

وەڵامم دایەوە:

- من وا بۆ پەرتووکخانە دەچم، دەبینین باوکت دەربارەی ئەم فرێدراوانە چ دەڵێت.

هەوڵی دا لێم بسێنێت، بەڵام من کاغەزەکەم لە مست خۆم نا و دەستی خۆم لەسەر سەری خۆم ڕاگرت. لە من ناورایەوە، تاکو بیسووتێنم، یا هەر شتێکی دیکەی لێ بکەم، تەنیا ئاشکرای نەکەم. لە کۆتاییدا، کاتێ لە جیاتی ئەوەی سەرزەنشتی بکەمەوە خەریکبوو پێبکەنم، گوتم:

- ئایا بەڕاستی پەیمان دەدەی، کە لەمەو دوا هیچ نامەیەك نانووسیت و هیچ نامەیەکیش وەرناگریت؟ نە هیچ کتێبێك یا کەڵە موویەك یا ئەنگوستیلەیەك یا لە لەیستۆکێك وەرناگریت؟

کاسی بە هاوار گوتی:

- ئێمە لەیستۆك نانێرین.

ناز و فیزەکەی لە هەستی شەرمەزاری زاڵتر بوو. گوتم:

- کەواتە خانمەکەم هەرگیز هیچ شتێك!

کراسی گرتم و هاواری کرد:

- ئیلین بەڵێنت پێدەدەم.

کەچی کاتێ دەستم پێکرد بۆ نێو ئاگر هەڵم دا، قوربانییەکە زۆر بەئازار بوو.

- یەك یا دووان بۆ خاتری لینتۆن!

لە هەڵدانیان بۆ نێو ئاگرەکە بەردەوام بووم. هاواری لێ هەڵسا:

- ئەی دڵرەق یەکێکیان دەبەم!

دەستی خستە نێو ئاگرەکە و پارچەیەکی نیوە سووتاوی ڕاکێشا. پەنجەکانی هەندێ ئازاریان پێگەیشت.

- باشە، کەواتە هەندێکی ترم بەدەستەوەیە بە بابەیان نیشان بدەم.

بەرانبەر بەمە، پارچە ڕەشەکانی هەڵدایە سەر بڵێسەکە و بێ ئەوەی وشەیەك بڵێت بۆ ژوورەکەی خۆی دەرچوو. دابەزیم، تاکو بە خانەوادەکەم بڵێم، کە ئازاری نەخۆشی خانمە بچکۆڵەکەم نەما، بەڵام من وا بەچاکم زانی، کە بۆ ماوەیەك بۆ خۆی پاڵبداتەوە. کاتی چاخواردنەوە دابەزییە خوارەوە ڕەنگی تێکچووبوو، دەوری چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوو و تەواو هێمن بوو. لە بەیانی پاشتر لەسەر نامەیەکی لینتۆن لەسەر پارچەیەك لە کاغەز وەڵامم دایەوە، لەسەری نووسرابوو "داوا لە بەڕێز هیسکلیف دەکرێت چیتر نامە بۆ خاتوو لینتۆن ڕەوانە نەکات، چونکە وەری ناگرێت".

ئیتر لەو کاتەوە، مێردمنداڵە بچکۆڵەکە بە گیرفانی بەتاڵ دەهاتو و دەچوو.

# بەشی سی و شەشەم
## پیاوە خراپەکە

هاوین بەسەرچوو، لەو ساڵیدا بەروبووم درەنگ پێگەیشت. زۆر جار بەڕێز لینتۆن لەگەڵ کچەکەی خۆی لە کێڵگەدا بە نێو کرێکارەکان پیاسەی دەکرد، لە دواترین ڕۆژ لە کۆکردنەوەی بەروبوومدا، تاکو شەو داهات لەوێ مانەوە. لە ئەنجامی ئەمە، خانەوادەکەم تووشی هەڵامەتێکی توند بوو، سییەکانی گرتەوە و بە درێژایی زستان لە ماڵەوە هێشتییەوە.

کەچی کاسی بەسەزمان، کە بە هۆی پێوەندییە بەسۆزە کورت مەوداکەیەوە هەموو بیروهۆشی پەرێشانبوو. هەر لەو کاتەوە بێ ئومێد بوو، وێدەچوو پتر خەمبار و فەوتابوو. باوکی داوای لێکرد، کە واز لە خوێندنەوە بێنێت و مەشقی پتر بکات. لەدوای ئەمە یاوەری باوکی نەکرد، سەرەڕای ئەوەی کە من هەوڵم دا ئەم بۆشاییە پڕ بکەمە، بەڵام من نەمتوانی پتر لە دوو کاتژمێر یا سێ کاتژمێر لە ئەرکە ڕۆژانەییە زۆرەکانی خۆمی بۆ تەرخان بکەم.

لەدوای نیوەڕۆی ڕۆژێکیان، لە سەرەتای تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر کاتێ ئاسمان هێمای بارانی دەکرد، داوام لە خانەوادە بچکۆلانەکەی خۆم کرد، کە واز لە چوونە گەڕانەکەی خۆی بێنێت، ڕازی نەبوو و ڕەتی دامەوە. ئیتر بە ناچاری جلوبەرگی چوونە دەرەوەم پۆشی، تاکو بۆ کۆتایی نزارەکە یاوەری بکەم. پێشتر هەموو جارێك کە هەستی بە دڵکوشین دەکرد، ئەم جۆرە پیاسەیەی هەڵدەبژارد، وەکو حاڵی ئێستاکەی، کە حاڵی بەڕێزەکەم لە ئاسایی پتر بەرەو

خراپتر دەچوو. کاتێ لە دەرگایەك نزیك کەوتینەوە، کە بۆ ڕێگا دەچوو، خانمەکەم پتر دڵخۆش بوو، لەسەر تەپۆلکەی دیوارێك دانیشت و هەندێ دانکەی سووری لە دارگوڵێکی کێوی لێدەکردەوە. کاتێ هەوڵیدا پتر لێبکاتەوە، شەبقەکەی کەوتە ئەودیوی دیوارەکەوە. لەبەر ئەوەی دەرگاکە کلیل درابوو، پێشنیاری کرد دابەزێت، بەڵکو بیهێنێتەوە، داوام لێکرد ئاگاداری بەربوونەوە بێت، لەبەر چاوان گووم بوو، بەڵام گەڕانەوە ناسایی نەبوو، بەردە دەرەوەییەکانی دیوارەکە لووس بوون. یەك بە یەکدییەوە تەواو نووسابوون. ئەمەم لەبیر نەما تەنیا ئەو کاتە نەبێ، کە گوێم لە پێکەنین و بانگکردنی کچەکە بوو، دەیگوت:

– ئیلین، دەبێ کلیلەکان بێنیت، ئەگەرنا دەبێ بۆ دەرگایە سەرەکییەکە بڕۆم.

وەڵامم دایەوە:

– لە شوێن خۆت بمێنەوە، کۆمەڵە کلیلەکانی خۆم لە گیرفاندایە، بەڵکو بتوانم بیکەمەوە.

کاتێ هەموو کلیلەکانم تاقی کردەوە و چارەی نەبوو دەنگی ئەسپێکم بیست، کاسی لەودیو دەرگاوە بە نیگەرانییەوە چرپاندی:

– ئیلین، خۆزگە بتوانیت زوو دەرگاکە بکەیتەوە.

دەنگێکی ئەستوور دەنگی دا:

– خاتوو لینتۆن، مەرحەبا! بە پێگەیشتنت خۆشحاڵم. ڕوونکردنەوەیەکم هەیە دەمەوێت پێت ڕابگەیێنم.

کاسی وەڵامی دایەوە:

- بەڕێز هیسکلیف، لەگەڵ تۆ نادوێم. بابەش دەڵێت تۆ پیاوێکی خراپیت، تۆ هەموومان دەبوغزێنیت، من و ئەو و ئیلینیش هەمان شت دەڵێت.

هیسکلیف گوتی:

- مەبەستت ئەمە نییە. بڕوا ناکەم من کوڕی خۆم ببوغزێنم، لە پێناو ئەو داوات لێ دەکەم ئاگادار بیت. بەڵێ! تۆ پاساوت بەدەستەوەیە، کە بۆ خۆت بەڕێز و ڕەوشت بیت. ماوەی دوو مانگ یا سێ مانگە ڕاهاتبوویت نامە بۆ لینتۆن بنووسیت، نامەکانت بە چنگم کەوتن، ئەگەر گوێ لە من نەگریت، بە باوکت نیشان دەدەم. وابزانم تۆ لەم یارییە بێزار بوویت؟ لە ڕاستیدا لینتۆن ڕاستگۆ بوو، دڵی بۆ تۆ لێدەدات، بە دڵڕەقی خۆت دڵیت ڕەنجاندووە. حاڵی پەرێشانە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر دەبێت، ئەگەر شتێك نەکەیت یارمەتی بدەیت، پێش هاوینی داهاتوو چاو دەنێتە ژێر گڵەوە.

بە هاوار گوتم:

- چۆن ئەم درۆیە زلانە بۆ ئەم کچە بەسەرمانە دەکەیت! خاتوو کاسی یەك دەقیقە ئارام بگرە قفلەکە بە بەردێك دەشکێنم. بڕوا بەم قسە بێمانایانە نەکەیت.

هیسکلیف منگەمنگێکی لێوە هات:

- نەمزانی یەکێك لەوێ هەیە گوێ دەگرێت، خاتوو دین چۆن دەبێت بەم شێوەیە درۆ بکەیت! خاتوو لینتۆن من بە درێژایی ئەم هەفتەیە لە ماڵەوە دوور دەکەومەوە، فەرموو بڕۆ سەیرکە ئەگەر من ڕاستگۆ نەبوویم.

قفلەکە شکا و لە دەرگاکە دەرچووم، گوتم:

- وەرە ژوورەوە

لەگەڵیدا باسکی کاسیم گرت و پاڵم پێوەنا، تاکو بێتە ژوورەوە. ئەویش بە دووچاوی نیگەرانەوە سەیری پیاوەکەی دەکرد. دەرگام داخستەوە، باران دەستی بە بارین کرد. بە هێمنی بۆ ماڵەوە پەلەمان کرد. ئەو ئێوارەیە، لەو کاتەی هەردووکمان لە نزیک ئاگردانەکەوە دانیشتبووین. ئەم کچە بە تەنیا دەگریا، بە بێ هوودە قسەم لەگەڵدا کرد، بەڵام هیسکلیف زۆر زیرەکانە ئیشی خۆی کرد. گوتی:

- ئیلین لەوانەیە تۆ ڕاست بکەیت، بەڵام من دڵنیا نابم مەگەر ئەو کاتە نەبێ، کە بزانم چی بووە.

بەرانبەر رشتبوونە گەمژەییەکەی تووڕەبوون و گفتوگۆ سوودی چییە. لە ڕۆژی پاشتر بۆ بەرزاییەکانی ویزرینگ لە تەنیشت ئەسپی خانەوادە بچکۆڵە کەساسەکەم بەڕێوە بووم. کەچی نەمتوانی بەرگەی پەژارە و سیمای دەموچاوە زەردهەڵگەڕاوەکە و چاوە ماندووەکانی بگرم، ملکەچ بووم و ترووسکاییەک لە ئومێدم هەبوو بەوەی، کە لینتۆن بە شێوە پێشوازییەک درۆی وشەکانی باوکی خۆی بسەلمێنێت.

# بەشی سی و نۆیەم

## مێردمنداڵێکی جاڕسکەر

دوابەدوای شەوە بە باراناوییەکە بەیانییەکی پڕ تەمومژ داهات. سیلاوی ئاوی زوورگەکان بەنێو ڕێڕەوەکەماندا ڕێچکەی بەست، قاچەکانم تەواو تەڕبوون و هەستم کرد حاڵم پەرێشانە. لە ڕێگای چێشتخانەکە چووینە نێو کێڵگەکەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بین، کە هیسکلیف بەڕاستی لە ماڵەوە نییە.

جۆزێف بەتەنیا لە بەردەم ئاگرێکی هەڵایساو دانیشتبوو و قەننەکەی خۆی بە دەمییەوە بوو. بە ناچاری وەڵامی پرسیارەکەی ئێمەی دایەوە. دەنگێکی منداڵانە لە ژوورەکەی ناوەوە دەنگی دا:

– جۆزێف! دەبێ من چەند جار بانگت بکەم؟ جگە لە نەختێ خۆڵەمێشی سوور چیتر نەماوە.

جۆزێف خۆی لە گووره نەبرد، نە کارەکەر و نە هاریتۆن لەبەرچاو نەبوون. لەوانەیە لە شوێنێکی دیکە لە ئیش و کاری خۆیان بووبن. دەنگی لینتۆنمان ناسییەوە. چووینە ژوورەوە، کچە خاڵی خێرا هات و چووە تەنیشتی. گوتی:

– ئای خاتوو لینتۆن ئەمە تۆی؟

لەگەڵیدا سەری خۆی لەسەر باسکی کەرەوێتێکی گەورە ڕاست کردەوە، کە لە سەریدا پاڵی دابووەوە.

- دەکرێ بە یارمەتی خۆت دەرگاکە دابخەیتەوە؟ بە والآیی بەجێت هێشت، ئەو خەڵکە ناپەسندانە خەڵووز بۆ ئاگر ئامادە ناکەن، کەشوهەوا زۆر ساردە!

بە ئاگرەکەوە خەریك بووم و بە خۆم هەندێ خەڵووزم ئامادە کرد. مێردمنداڵە نەخۆشەکە دڵی کوشرا، چونکە ئاگردانەکە پڕ خۆڵەمێش ببوو، بەڵام تووشی کۆخەیەکی توند ببوو، وێدەچوو تای لێبوو و نەخۆش بوو، بەڵام ئازاری نەبوو. کاسی گوتی:

- باشە لینتۆن، بە بینینی من دڵخۆش دەبیت؟

وەڵامەکەی ئەمە بوو:

- لەبەرچی پێشتر نەهاتی؟ دەبوایە لە جیاتی نامەنووسین بێیت. نووسینەوەی ئەم نامە درێژانە زۆر ماندووی کردووم، ئێستا توانای قسەکردن و هیچ شتێکی دیکەم نەماوە. سەیرە دەبێ زیللا لە کوێ بێت! ئا...

سەیری منی کرد و گوتی:

- هاتوویتە چێشتخانە و بینیت؟

بەرانبەر دووەمین خزمەتکردنم ستایش نەکرام. لە شوێنی خۆم مامەوە و گوتم:

- جگە لە جۆزێف کەس لەوێ نییە.

ئاوڕی دووری دایەوە و دەنگی خۆی هەڵبڕی:

- دەمەوێت ئاو بخۆمەوە، لەوەتەی بابا ڕۆیشتووە، زیللا بە بەردەوامی بۆ غمیرتۆن دەچێت. من ناچارم بۆ ئێرە دابەزمە خوارەوە، چونکە خۆیان وا نیشان دەدەن، کە لە سەرەوە دەبم گوێیان لە من نابێت.

کاسی دەستی پێکرد بەدوای هەندێ ئاودا گەڕا. کووپێکی پڕ کرد و هێنای. داوای لێکرد کەوچێك لە خۆراوی نێو شووشەیەك، کە لەسەر مێزەکە بوو تێ بکات. کاتێ کەمێکی لێ خواردەوە، حاڵی خۆشتر بوو، گوتی ئەمە شتی زۆر چاکە. کاسی دووبارەی کردەوە:

– ئایا تۆ بە دیدەنم دڵخۆشیت؟

سەیری پێهات، کە نەرم دەگرژییەوە. وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، بەڵام دڵتەنگ بووم، کە پێشتر نەهاتوویت. بابە سوێندی خوارد، کە ئەمە هەڵەی منە. منی وا دەستنیشان کرد، کە هیچ سەنگم نییە، گوتی ئەگەر لە شوێنی مندا دەبوو، لە ئێستای باوکت پتر گەورەی هەموو غرانج دەبوو.

کاسی گوتی:

– کاتێ باوکت لێرە دەبێت ناوێرم بۆ ئێرە بێم. ئەگەر بمتوانیایە باوکم قایل بکەم نیوەی کاتی خۆم لەگەڵ تۆ بەسەر دەبرد، خۆزگە تۆ برام دەبوویت!

گوتی:

– ئەو کاتە وەکو باوکت منت خۆش دەویست.

بە شێوە ڕووخۆشییەکی پتر دیسان گوتی:

– بەڵام بابە دەڵێت ئەگەر تۆ خێزانم دەبوویت لە هەموو کەس پتر منت خۆش دەویست.

کاسی گوتی:

- خەڵك هەندێ جار ڕقیان لە خێزانەکانی خۆیان دەبێتەوە، بەڵام نەك خوشك و برایەکانی خۆیان.

لینتۆن بۆی ڕوون کردەوە، کە خەڵك هەرگیز خێزانەکانی خۆیان نابوغزێنن، کەچی کاسی دووبارەی کردەوە، کەوا دەکەن و نموونەی بوغزاندنی باوکی بۆ پووری هێنایەوە، ویستم قسە سەرکێشەکەی پێ ڕابگرم، بەڵام ئەو هەموو ئەوەی دەیزانی پێی گوت. لینتۆنیش گوتی، کە قسەکەی ڕاست نییە، وەڵامی دایەوە:

- بابە ئەمەی پێ گوتم و بابەش درۆی لەدەم دەرناچێت.

لینتۆن دەنگی هەڵبڕی:

- بابە سووکایەتی بە باوکت دەکات.

کاسی وەڵامی دایەوە:

- باوکت پیاوێکی خراپە.

لینتۆن گوتی:

- باشە، شتێکت پێ دەڵێم، دایکت ڕقی لە باوکت دەبووەوە، ئەی ئێستا!

کاسی لەو پەڕی تووڕەبووندا، دەنگی هەڵبڕی: ئۆی!

درێژەی پێدا و گوتی:

- حەزی لە باوکم کرد!

ئەویش بە هاوار گوتی:

- ئەمە ڕاست نییە! من ئێستا ڕقم لە تۆ دەبێتەوە.

لینتۆنیش کە کاسی لەدواوە وەستابوو، خۆی لەنێو کورسییەکەی خۆی نقوم دەکرد و خۆشی لە دانیشتنە بێزارییەکەی خۆی دەردەبڕی و لەگەڵیدا دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، دەیگوت: حەزی لێکرد! حەزی لێکرد!، بەڵام کاسی، کە چی

دی نەیتوانی بەرگە بگریێ، پاڵدانێکی توندی بە کورسییەکەوە نا و بووە هۆی ئەوەی بەسەر باسکێکیدا بەر ببێتەوە، یەکسەر تووشی کۆکەکۆك بوو، خۆی گرتەوە و ساتە سەرکەوتنەکەی خێرا لەدەست دا، ئەم حاڵەتە درێژەی کێشا، بە ڕادەیەك ترساندمی.

کەچی دەربارەی کچە خاڵەکەی، ئەویش سەرەڕای ئەوەی کە هیچ شتێکی نەگوت، بە گریانێکی بەکوڵ دەگریا. کوڕەکەم گرت، تاکو کۆکەکە بەری دا. پاڵێکی بە منەوە نا، دووری خستمەوە و بە هێمنی سەری خۆی دانواند. کاسیش لەسەر کورسییەکی بەرانبەر دانیشت و خۆی بە تێڕامانی ئاگر خەریك کرد.

دوای دەوروبەری دە دەقیقە لێی پرسی:

– بەڕێز هیسکلیف ئێستا چۆن هەست دەکەیت؟

وەڵامی دایەوە:

– خۆزگە تۆش هەست بکەیت، وەکو من هەستی پێ دەکەم! ئەو دڵڕەقە بێ بەزەییە!

چارێکە سەعاتێك مایەوە، پشووی بە بەرەوە هاتەوە. ئینجا لە کۆتاییدا کچە خاڵەکەی گوتی:

– لینتۆن پەشیمانم، چونکە من ئازارم پێ گەیاندوویت، بەڵام من بەم پاڵدانە بچووکە مەبەستم ئازار پێگەیاندن نەبوو، لەو باوەڕەشدا نەبووم، کە تۆ ئازاری پێوە دەبینیت، بەتوندی پاڵم پێوە نەنایت، ئەی وا نییە؟

منگەمنگی لێوە هات و گوتی:

– ناتوانم لەگەڵ تۆدا بدوێم، زۆر ئازارت پێگەیاندم بە ڕادەیەك من بەم کۆکەکۆکە بە درێژایی شەو بێدار دەمێنمەوە.

ئینجا دەستی بە گریان کرد.

- کەواتە ئایا پێویستە کە بڕۆم؟
- وازم لێبێنە با بەتنیا بم.

ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی کرد، بەڵام ئەو سەیری نەکرد و نقەی نەکرد. لە کۆتاییدا بەرەو دەرگا خزی و منیش بەدوای کەوتم، هاواریٚ گەڕاندمانییەوە، کەچی سەیرمان کرد، لینتۆن لەسەر کورسییەکەی خۆی خزیوەتە سەر زەوی، ڕاکشاوە و خۆی لوول دەدا بەو نیازەی تا لە توانایدا بێت دەوروبەر بێزار بکات. کاسی چۆکی دا و لەپرمەی گریانی دا، منیش گوتم:

- بەرزی دەکەمەوە سەر کورسی، با بە ئارەزووی خۆی، خۆی لوول بدات، ناتوانین بۆ چاودێریکردنی بمینینەوە، خاتوو کاسی ئومێدەوارم دڵنیابیت و بڕوا بکەیت، کە تۆ ئەو کەسێتییە نیت تەندروستییەکەی چاک بکەیتەوە.

سەرینێکم خستە ژێر سەرییەوە، هەندێ ئاوم بۆ هێنا. قایل نەبوو بخواتەوە و گلەیی کرد، کە سەرینەکەی زۆر بڵندە، نەیدەویست وازی لێبێنێت، چەند گۆرانییەکی بۆ گوت، بەم شێوەیە بەردەوام بوون، تاکو زەنگی کاتژمێری دوانزە زرینگەی لێوە هات. کاتێ هەڵسا بڕوات، لینتۆن کراسی گرت و پرسی:

- کاسی، ئایا بەیانی دێیت؟

بە گوێیدا چرپاندی، لە کۆتاییدا ئەوێمان بەجێهێشت. هەرکە لە ماڵەوە چووینە دەرەوە گوتم:

- خانم بەیانی ناچیت.

بزەیەکی لێوە هات. دیسان گوتم:

- باش ئاگادار دەبم، هەوڵ دەدەم قفلەکە چاك بکەمەوە.

بە پێکەنینەوە گوتی:

- دەتوانم لە دیوار ئاودیو ببم، غرانجیش بەندیخانەیەك نییە. ئینجا من نزیکەی حەڤدە ساڵانم. دڵنیام کە لینتۆن زۆر زوو چاك دەبێتەوە، ئەگەر من بەخۆم چاودێری بکەم و خزمەتی بکەم.

پێش وەختی نیوەڕۆ گەیشتینەوە ماڵەوە. ڕێزدارەکەم لە پاساوی بزربوونمانی نەپرسی، چونکە لەو باوەڕەدابوو، کە ئێمە لە باخچە پیاسەمان کردووە. هەرکە چوومە ژوورەوە، خێرا پێڵاو و گۆرەوییە تەڕەکانی خۆم گۆڕین، بەڵام مانەوەی کاتێکی دوورودرێژ لە بەرزاییەکان کاری لە من کرد، بۆ بەیانی پاشتر نەخۆش کەوتم. سێ هەفتە لەنێو پێخەفدا مامەوە، نەمتوانی ئەرکەکانی خۆم ڕاپەڕێنم.

خاتوونەکەم بە هاتوچوونی بۆ چاودێری من و دڵدانەوەم لە تەنیایی، وەکو فریشتە هەڵسوکەوتی دەکرد. هەرکە ژووری باوکی بەجێدەهێشت، لە تەنیشت قەرەوێڵەی من ئامادە دەبوو، ڕۆژەکەی خۆی لە نێوانماندا دابەش کردبوو، خواردن و خوێندن و یارییەکانی خۆی پشتگوێ خستبوو.

ڕاستە کە بەڕێزەکەم زوو بۆ نووستن دەچوو، دوای کاتژمێری شەش پێویستیم بە هیچ شتێك نەدەبوو، هەرگیز بیرم لە خانمەکەشم نەدەکردەوە، کە لەدوای چاخواردنەوە چی دەکات. سەرەڕای ئەوەی، کە من هەندێ جار سەرنجم دەدایێ کاتێ بۆ سڵاوی ئێواران بەدیار دەکەوت، چاویلکەیەکی لە ڕەنگی کوڵمەکانی خۆی لەچاو دەکرد، لە جیاتی ئەوەی کە من لێکبدەمەوە، کە ئەمە لە ئەنجامی سواربوونی وڵاغە لە چۆڵەوانی سارد، وا لێکم دەدایەوە، کە ئەمە هۆی هەڵایسانی ئاگردانەکەی پەرتووکخانەیە.

# بەشی چلەم
## ئەڤینداریيەكی بەڕاستی

لە كۆتاییدا توانیم لە ژوورەكەی خۆم بچمە دەرەوە و بەنێوماڵەكە هاتوچۆ بكەم. یەكەمین جار كە لە ئێواریێ دانیشتم، داوام لە كاسی كرد هەندێ شتم بۆ بخوێنێتەوە، چونكە هەردوو چاوەكانم بێهێز ببوون. بە ناچاری بە گوێی كردم، لەدوای نیو كاتژمێر دەستی پێكرد لێی پرسیم:

– ئیلین تۆ ماندوو نیت؟ باشتر نییە ئێستا لەنێو پێخەفەكەی خۆت پاڵبدەیتەوە؟

چەند جار وەڵام دایەوە:

– نا، نا خۆشەویستەكەم، ماندوو نیم.

لەدوای ئەمە دەمی خۆی كردوەوە و خۆی خەواڵو كرد، ئیدی خەریكبوو خۆی رادەكشاند و چاوەكانی خوی دەگلۆفت و سەیری كاتژمێرەكەی دەستی خۆی دەكرد، لە كۆتاییدا بۆ ژوورەكەی خۆی رۆیشت. لە شەوی پاشتر وێدەچوو پتر بێزار بوو، لە شەوی سێیەمیش بەدەست سەرئێشەوە نووزانەوەی پێوە دیاربوو و بەجێیهێشتم وا هەستم كرد، كە هەڵسوكەوتەكەی سەیر و نائاساییە، دوای ئەوەی ماوەیەك بەتەنیا مامەوە، بەسەركەوتم، تاكو بزانم ئەگەر چاكبوویێتەوە. كاسیم نەدۆزییەوە نە لەسەرەوە و نە لە خوارەوە. كەسێك لە خزمەتكارەكان نەیبینیبوو، بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەكەی بەڕێز ئەدگاردا كێشابوو. منیش بۆ

ژووری خانمە بچکۆلانەکەم گەڕامەوە و مۆمەکەی خۆم کوژاندەوە، ئینجا لەبەردەم پەنجەرە دانیشتم.

مانگ درەوشەدار بوو، لە دڵی خۆمدا پرسیم لەوانەیە ئەم کچە حەزی لە پیاسەی نێو باخچە کردبێت. کەسێکم بینی لە لای پەرژینی ناوەوەی نێو باخچە دەخشێت، بەڵام مێردمنداڵەکەی تەویلە بوو. ماوەیەك ڕاوەستا چاودێری ڕێگای هاتوچووی گالیسکەکانی ناوچەکەی دەکرد. ئینجا لە ناکاو بزربوو و دوبارە بەدیارکەوتەوە جڵەوی ئەسپەکەی خاتوو کاسی بەدەستەوە بوو. ئا ئەوەتا کچەکە لە تەنیشتییە بەڕێوە دەڕوات. لە پەنجەرە درێژەکەوە لە ژووری میوانان چووە ژوورەوە، بە بێدەنگی بۆ ژوورەکەی خۆی بەسەرکەوت. دەرگای بە چاکی داخست و پێڵاوە سارد و بەستووەکەی خۆی داکەند. ئینجا شەبقەکەی لەسەری خۆی کردەوە و کچەکە خەریکبوو جلوبەرگە دەرەوەییەکانی خۆی دابکەنێت، کە من یەکسەر هەڵسامەوە سەر پێیان و خۆم بەدیارخست. ئەویش بە سەرسامی ڕەق ڕاوەستا. دەستم کرد بە گوتنی:

– خاتوو کاسی ئازیزەکەم، لەم وەختە درەنگەی شەو بۆ کوێ بەسواری چووبوویت؟ بۆچی هەوڵ دەدەیت بە گێڕانەوەی چیرۆکێك ساختەم لەگەڵدا بکەیت؟

بە نیگەرانییەوە گوتی:

– تا ئەوسەری باخچە چووم.

– بە مانای بۆ هیچ شوێنی تر؟

بە دەنگی نزم لە وەڵامدا گوتی:

– نەخێر.

بە خەفەتەوە دەنگم هەڵبڕی:

- ئۆی کاسی، دەزانی تۆ هەڵسوکەوتی بەد و نابەجێ دەکەیت. حەز دەکەم من سێ مانگان نەخۆش بکەوم، نەوەکو لە تۆ ببیستم دەمت بەدرۆ بکەیتەوە!

بۆ پێشەوە بازێکی دا و هەردوو باسکەکانی لە ملم کرد و لە پرمەی گریانی دا، ئینجا گوتی:

- ئیلین، من لە تووڕەبوونت زۆر دەترسم، بەڵێنم پێ بدە کە تووڕە نەبیت و ئەوسا ڕاستی دەزانیت. پێم ناخۆشە ئەمە بشارمەوە. من بۆ بەرزاییەکانی ویزرینگ چووم، دەبوایە من پەیمانی خۆم بۆ لینتۆن بەجێ بگەیێنم. ئەو کاتەی دەرگا لە باخچە دادەخرا کلیلم چنگ کەوت. لەوەتەی نەخۆش بوویت، هیچ ڕۆژێکم لە کیس خۆم نەدا. من بۆ پیاسە و ڕابواردن نەدەچووم، بەڵکو بە درێژایی وەخت دڵتەنگ و کەساس بووم. جارناجار لەوانەبوو هەفتەی جارێك دڵخۆش دەبووم، لە سەردانی دووەمم لینتۆن وێدەچوو هەڵسابووەوە. ماوەی سەعاتێك بە خۆشی پێکەنین و گفتوگۆمان کرد. ئینجا لە دانیشتن بێزار بووم، پێشنیارم کرد، کەوا وازی بکەین. پێی خۆش بوو و ڕازی بوو لەگەڵ من یاری بکات. هەموو جارێك یارییەکەم لێ دەبردەوە، ئینجا سەرلەنوێ دڵی کوشرا و کۆخە لێی توند کرد، گەڕایەوە سەر کورسییەکەی خۆی، کاتێ هەندێ گۆرانی جوانم بۆ گوت، میزاجە خۆشەکەی بە بەرەوە هاتەوە. هەر لەو شەوی، وەکو با بەسووکی بەرەو ماڵەوە سوار بووم. لە شەوی دواتر، هاریتۆن تووشم بوو و ئەسپەکەمی بردە ژوورەوە، منیش داوام لێکرد ئەسپەکەم بەربدات و وازی لێبێنێت. خۆی

جوولاندەوە و سەیری پیتەکانی سەر بەردەکانی سەرەوەی دەرگاکەی پێش خۆم کرد، بە تێکەلاوییەکی پڕ لە بلّحی و لەخۆباییبوونەوە گوتی:

– خاتوو کاسی ئێستا دەتوانم ئەمە بخوێنمەوە.

هەلّمدایێ و گوتم:

– سەیرە. دەی با گوێم لێتبێت، تۆ بەڕاستی زیرەك دەبیت!

بە هێدی ناوەکەی حینجە کردەوە "هاریتۆن ئێرنشۆ"

منیش بە هاندانەوە دەنگم بەرز کردەوە:

– ئەی ژمارەکان؟

وەلامی دایەوە:

– هێشتا ناتوانم بیانخوێنمەوە.

بەدەنگ پێکەنیم و داوام لێکرد بڕوات، چونکە من هاتبووم تاکو لینتۆن ببینم، نەك ئەو ببینم. ڕووی گرژ هەلّگەڕا و بە دلگرانی ڕۆیشت. وا تێبگەم ئەو وا لەخۆی گەیشت، کە وەکو لینتۆن خوێندەوار بووە!

قسەم پێ بڕی:

– خاتوو کاسی ئازیزەکەم، تۆ دەبێت ئەمەت لەبیر بێت، کە هاریتۆن کوڕی خالّتە و هەروەکو بەڕێز لینتۆن کوڕی پوورتە. بە لایەنی کەمەوە، ئارەزوومەندە لەوەی حەز لە فێربوون دەکات شایستەی سوپاس و پیاهەلّدانە. تۆ وات لێکرد شەرم لە نەزانینی پێشووی خۆی بکاتەوە. بۆ بەختەوەری تۆ هەولّیداوە ئەمە ڕاست بکاتەوە. ئەگەر تۆ، وەکو ئەو پەروەردە دەکرایت، ئایا لە ئەو چاکتر دەبوویت؟ ئەویش پێشتر، وەکو تۆ منداڵێکی زیرەك و بەزەین و نیگادار بوو.

- بەلام ئیلین پەلە مەکە و گوێ لەوەی ماوە بگرە. چوومە ژوورەوە و سەیرم کرد لینتۆن لە چێشتخانە لەسەر کورسییەکی پشت بەرز لەسەر گازی پشتدا کەوتووە. گوتی کەوا نەخۆشە. داوای لە من کرد، کە هەندێکی بۆ بخوێنمەوە. من خەریکی دەستپێکردن بووم، کاتێ هاریتۆن دەرگای کردەوە و قۆڵی لینتۆنی گرت و لەسەر کورسییەکە فڕێی دا.

بە تووڕەییەوە گوتی:

- بڕۆ ژوورەکەی خۆت. ئەم کچە ئەگەر بۆ دیداری تۆ هاتووە، بۆ ئەوێی بەرە، دیار نیازت وایە لە دەرەوە بمهێڵیتەوە!

دەستی بە جوێندان کرد و خەریکبوو لینتۆن دەربکاتە دەرەوە. بەدوای کەوتم و کتێبەکەم بەربووەوە. لەدواوەم لەقەیەکی لێدا و دەریکردینە دەرەوە. لینتۆن لەوێ ڕاوەستا ڕووی زەردهەڵگەڕا. هەموو گیانی دەلەرزی، ئیلین ئەم کوڕە ئەو کاتە جوان نەبوو. نیگاکانی تووڕەبوونێکی توندیان دەنواند، کە هێمای بێهێزییەکی تەواوبوو. دەستەکی دەرگای هەژاندەوە، دەرگاکە داخرابوو. ئیدی بە ناشیرینترین هەڕەشە دەیقیژاند و هاواری دەکرد. هەردوو دەستم گرت و هەوڵم دا دووری بخەمەوە. لە کۆتاییدا کۆخەیەکی توندی هاتێ و قیژە و هاوارەکەی وەستاند، خوێن لە دەمی وەستا و بەسەر زەویدا کەوتە خوارەوە، بەغار چوومە حەوشەی دەرەوە، تاکو بانگی زیللا بکەم. لەو کاتە هاریتۆن لینتۆنی بۆ نهۆمی سەرەوە هەڵگرتبوو. جۆزێفیش دەرگای داخست و هەر سێکیان گوتیان کە دەبێ من بۆ ماڵەوە بچمەوە.

لە شوێنێکی نزیک ڕێگاکە، هاریتۆن دووبارە بەدیارکەوتەوە، دەستی پێکرد دەیگوت:

- خاتوو کاسی، بەداخەوە، من خەفەتبارم.

بە قامچییەکەی خۆم لێمدا و بە سواری پشتی ئەسپ بۆی دەرچووم. لە ئێوارەی پاشتر بۆ بەرزاییەکان نەچووم. من لەوە دەترسام، کە لینتۆن مردبێت. لە ڕۆژی سێیەم هانمدا خۆم و بۆ ئەوێ چووم. بینیمەوە، زۆر دڵخۆش بووم، لەسەر قەنەفەیەك لە ژوورێکی بچووکی ڕێکوپێککراو لە نهۆمی سەرەوە ڕاکشابوو. یەکێك لە کتێبەکانی منی دەخوێندەوە.

ئیلین، ماوەی سەعاتێك نە قسەی کرد نە سەیری منیشی کرد. کاتێ دەمی کردەوە، لەوەی پێشتر ڕوویدابوو سەرزەنشتی منی کرد، نەك هاریتۆن! هەڵسامە سەر پێیان و لە ژوورەکە چوومە دەرەوە بڕیارێشم دا لەدوای ئێمڕۆ چی دی سەردانی نەکەمەوە. شتەکە زۆر ناخۆش و کەمی بوو بۆ من، کە بچمە لای قەرەوێلەکەی دانیشم و ئینجا هەڵسم بێ ئەوەی هیچ شتێکی لێ ببیستم. کاتێ بڕیارەکەم کاریگەری نەما، لەدوای دوو ڕۆژان چوومەوە لای پێم گوت، کەوا من —لە کاتێکدا ئەو وا تێدەگەیشت، کە من هاتووم ئازاری پێ بگەیێنم— ئێستا هاتووم، تاکو پێی بڵێم خواحافیز، ئەمەش پێویستە لەسەری باوکی خۆی بەمە ئاگادار بکاتەوە. پێی گوتم:

- کاسی تۆ لە من زۆر بەختەوەرتری، بۆیە پێویستە کە دەبێ چاکتر بیت. هەندێ جار هەڵسوکەوتم بەد و خراپ دەبێ، بەڵام بڕوام پێ بکە، ئەگەر بۆم بکرێ وەکو تۆ ڕووخۆش و نەرم و ساکار بم، وا دەبووم. چاکی تۆ وای لێکردم زۆر بە قووڵی خۆشم بوێیت لەوەی کە من شایان بە

خۆشەویستنی تۆ بم، سەرەڕای ئەوەی چی ترم لەدەست نایێ تەنیا بەدیارخستنی خوورەوشتی خۆم بۆ تۆ، بەرانبەر بەمەش هەتا دەمرم پەشیمانم!

هەستم کرد ڕاستی دەڵێت و من دەبێت لێی ببوورم. ئیتر لەو کاتەوە سێ کەڕەت ئێمە پێکەوە گاڵتەمان دەکرد، ڕاماندەبووارد و دڵ و دەروونمان پڕ ئومێد دەبووەوە.

کەچی سەردانەکانی دیکەم پڕ لە کەساسی و خەفەتباری و کوێرەوەری بوو. هۆی ئەمەش تا ڕادەیەك تەنیا خۆپەرستی و ڕەوشتە بەدەکەی نەبوو، لە لایەکی دیکەوەش ئازارەکانی لەشی هۆیەکی تر بوون. فێربووم بەرگەی ئەم هەمووە بگرم. بەڕێز هیسکلیفیش بە ئەنقەست هەوڵی دەدا لێی دوورم بکاتەوە. ئیدی زۆر بەکەمی دەمبینی. ئێستا، ئیلێن هەموو شتێکت بیست، بە باوکم ناڵێیت، وا نییە؟

زۆر بە وردی بیرم لە مەسەلەکە کردەوە، ئینجا یەکسەر بۆ ژووری ڕێزدارەکەم چووم چیرۆکەکەم سەرتاسەر بۆ گێڕایەوە. بەڕێز لینتۆن بێزاربوو و لەمە قارس بوو، کاسی زانی کە سەردانەکانی دەبێت ڕابووەستێت. بە بێهوودە گریا و ئەو هەمووەی، کە بۆ دڵدانەوەی بە چنگی کەوت بەڵێنێك لە باوکییەوە بوو، کە بۆ کوڕە پوورەکەی نامەیەك بنووسێت، تێیدا داوای لێ بکات هەرکاتێك ئەو ویستی و ڕێی پێدا بۆ غرانج بچێت، ئەو سەری لێبدات. لەوانەبوو ئەگەر ڕاستی خوورەوشتی و باری تەندروستی خوشکەزاکەی خۆی دەزانی –درێژەی ئەم مەسەلەیەش من لێم شاردەوە و پێم نەگوت– هەر ڕێی بەمەش نەدەدا.

# بەشی چل و یەکەم
## تەنیا هەڵ

کاسی گوێڕایەڵی فرمانەکانی باوکی خۆی بوو، کەچی هێشتا خۆشەویستییەکەی یەکەمین پایە لە دڵی دەگرێتەوە. بە بێ تووڕەبوون قسەی بۆ کرد. بە سۆزێکی قووڵ، وەکو ئەوەی خەریکبێت گەنجینەیەکی خۆی لە نێوان مەترسی و دوژمناندا بەجێ بهێڵێت. دوای چەند ڕۆژێکی کەم بە منی گوت:

– ئیلین خۆزگە خوارزاکەم نامەیەکی بۆ دەنووسین یا سەردانی دەکردین. بە ڕاستی پێم بڵێ، ڕای تۆ لەم کوڕە چییە؟ ئایا چاکتر بووتەوە، یا ئومێدی بەوەیە کاتێ گەورە ببێت چاك ببێتەوە؟

وەڵامم دایەوە:

– ئەم کوڕە ئێجگار بنێسە و هێز و توانای نییە بگاتە قۆناغی پیاوەتی، بەڵام دەتوانم ئەمە بڵێم، کە وەکو باوکی خۆی نییە، ئەگەر خاتوو کاسی شانسی نەیهێنا و مێردی پێکرد، ئەم کوڕە ناگاتە سنووری کونترۆلکردنی خێزانەکەی خۆی.

ئەدگار هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەرەو پەنجەرە پێی هەڵێنا. بەرانبەر کلیسای غیمرتۆن سەیری دەرەوەی کرد، ئینجا گوتی:

– من هەمیشە لەخوا دەپاڕامەوە، کە ئەم ساتەدابێت لە تەنیشت خێزانەکەی خۆم لەوێ کڕنۆش بەرم، بەڵام من ئێستا خەریکە لەمە دەترسم، لە پێناو کاسی چ پێویستە لەسەر من، تاکو بیکەم؟ چۆن

> دەتوانم وازی لێ بهێنم؟ من بۆ ساتێکیش بە تەنگ ئەوەوە نیم، کە لینتۆن کوڕی هیسکلیفیشە، بە دۆڕانی من ئەو بەختەوەر بێت، بەڵام ئەگەر شایانی ئەمە نەبێت –تەنیا بەندەیەکی بێ دەسەڵاتی باوکی خۆی بێت– مەحاڵە ئەم کچەی خۆمی بدەمێ.

بەهار نزیك بووەوە، کەچی ڕێزدارەکەم توانایەکی تەواوی بە بەرەوە نەهاتەوە. سەرلەنوێ لە دەوروبەری ماڵەوە بە یاوەری کچە خاڵەکەی خۆی دەستی بە پیاسەکردن کردەوە. ئەویش وا هاتە بەر نیگا ساکارەکەی، کە ڕەنگی کوڵمەکانی و گەشی چاوەکانی هێمای ئەوەن، کە تەندروستی بە بەر خۆیەوە هێنابێتەوە.

دووبارە بۆ کوڕە خوشکەکەی خۆی نووسییەوە تێیدا ئارەزووی بینینی دەربڕی، ئەگەر کوڕە مێردمنداڵە نەخۆشەکە بەڕاستی لە توانایدا بووایە ماوەیەکی دوور، وەکو ئەمە بچێتە دەرەوە، هیچ گومانم نەدەکردەوە، کە باوکی بۆ ئەمە ڕێگەی پێ بدات، هەروەکو ڕوویدا. لینتۆن وەڵامێکی ناردەوە تێیدا دەیگوت، کە ڕێزدار هیسکلیف ڕازی نییە سەردانی غرانج بکەم، بەڵام ئەمێدەوارە لە کاتی گەڕان و پیاسەکردندا چاوی بە خاڵی خۆی و هەمیشە کچەکەیشی بکەوێت.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەدگار لەگەڵ مێردمنداڵەکە بە بەزەیی بوو، بەڵام نەیتوانی لەو سات و وەختەی ساڵدا بە تەنگ داواکارییەکە بچێت، چونکە نەیدەتوانی یاوەری کچەکەی خۆی بکات. ئیدی کاتێ هاوین هات، مانگی حوزەیران/ یۆنیۆ زاری دەکردەوە. سەرلەنوێ تەندروستییەکەی ڕووی لە خراپی دەکردەوە. لە کۆتاییدا بەوە قایل بوو، کە لێگەڕێت منداڵەکانی پوور و خاڵی نزیکەی لە هەفتەی یەك کەڕەت لە ژێر چاودێری من سواری وڵاغ بن، یا پێکەوە بۆ خۆیان پیاسە بکەن. سەرەڕای ئەوەی ساڵانە بەشێك لە دەرامەتی خۆی بۆ کاسی

تەرخان کرد، تاکو لەدوای مردنی خۆی پارە و پوولێکی چاکی چنگ بکەوێت، هەروەها ئارەزوویەکی سروشتی هەبوو، کە ئەم کچە ماڵ و سامانەی بپارێزێت، یا بە لایەنی کەمەوە لەدوای ماوەیەکی کورت بۆ ماڵی بنەماڵە کۆنەکەی خۆی بگەڕێتەوە. ئەمەشی وا لێکدایەوە، کە تەنیا هەڵ بۆ جێبەجێکردنی ئەمە ئەوەیە، کە مێرد بە وارسەکەی خۆی بکات.

هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهاتەوە، کە تەندروستی خوشکەزای خۆی وەکو حاڵی خۆی بەم خێراییە بشێوێت و ڕوو لە خراپی بکات، برواش ناکەم کەس ئەمەی بزانیایە، چونکە هیچ پزیشکێك سەردانی بەرزاییەکانی نەکرد. کەسیش لەنێو ئێمەدا هەواڵێکی سوودمەندی دەربارەی تەندروستی ڕێزدار هیسکلیف لە خودی خۆیەوە نەبیستبوو، تاکو خودی خۆم وام لێکدایەوە، کە مەترسییەکانم هەڵەن و وای بۆ دەچووم، کە کاتێ پێشنیاری سواربوونی ولاغ دەکات و لە چۆلەوانی پیاسە دەکات، دەبێ پتر هێز و توانای بە بەرەوە بێتەوە. ئیتر کە باوکی بینی پیلانە دەروون ڕەشییەکەی بە مردنی خۆی هەرەس دێنی بەرانبەر کچەکەی خۆی هەڵسوکەوتێکی توندوتیژی گرتەبەر، کەچی من هەرگیز هەستم پێ نەکرد.

ناوەندی هاوین بوو کاتێ من و کاسی لە یەکەمین گەڕانمان دەرچووین، تاکو بە کوڕە پوورەکەی بگەین. ڕۆژێکی تەماوی بوو، تیشکی خۆر تێیدا بەدیار نەدەکەوت. بە یەککەیشتنەوەی هەردوو ڕێگاکانمان بۆ شوێنی ژووان دەستنیشان کرد، بەلاّم ئێمە کاتێ گەیشتینە ئەوێ، مێردمنداڵێکی بچووك نێردرابوو، تاکو ئاگادارمان بکاتەوە کەوا بەڕێز هیسکلیف لە لای ئەم دیوەیە لە بەرزاییەکان، سوپاسگوزار دەبێت، ئەگەر نەختێکی دیکە بۆ پێشەوە بە پێیان

برۆین. بەدوورایی کەمتر لە چارێکە میلێك لە ماڵی خۆی بینیمان. لەسەر گازی پشت لەسەر زەوی ڕاکشابوو چاوەڕێی دەکرد ئێمە نزیك بکەوینەوە.

هەڵنەستایەوە، تاکو ئێمە چەند هەنگاوێکی کەم مابوو بیگەینێ، زۆر بە زەحمەت کەوتە سەر پێیان و ڕەنگ تێکچوونێکی تەواوی پێوە دیاربوو. کاسی بە غەمگینی و سەرسامییەوە تێی ڕاما. پرسی ئەگەر لە جاران پەشۆکاوتر بێ، لەرزی و وەکو بڵێی پێویست بە خۆ بە شتێکەوە گرتن بێت، بە هەناسەبڕکێ وەڵامی دایەوە:

– نەخێر، بەڵکو چاکترم، چاکتر.

کچە خاڵەکەی دووبارەی کردەوە:

– بەڵام تۆ وێدەچێت خراپتر بیت، تۆ بنێستر و....

خێرا قسەکەی بڕی:

– من ماندووم، کەشوهەوا گەرمە ناتوانین بگەڕێین. با لێرە پشوو بدەین. زۆر جار کە هەست بە نەخۆشی دەکەم بابە دەڵێت من گەورە بووم و لە جاران خێراترم.

کاسی دانیشت و لە تەنیشتی ڕاکشا. ئیتر دەدوا و کوڕەش گوێی دەدایێ. پێیەوە دیاربوو، کەوا زۆر بە زەحمەت دەیتوانی درێژە بە وتوێژەکان بدات. بەم قسانەی بۆی دەکرا، کەمتر بایەخی پێدەدا، بە هیچ شێوازێك تواناى لاواندنەوەی کچەی نەبوو، ئاشکراش دیاربوو، کە کچەکە نەیتوانی بێ ئومێدی خۆی بشارێتەوە. گۆڕانێك لە تەواوی کەسێتی و هەڵسوکەوتی دەستی پێکرد، هەست بە لاوازی و بێ دەسەڵاتییەکی گۆشەگیر شوێنی دیمەنی قێز لێهاتنەوەی گرتەوە. هەڵسوکەوتی منداڵانەیی وردەوردە لاچوو، وەکو مرۆڤێکی هەمیشە نەخۆش، ورە

ڕووخان تەوژمی بۆ هێنابێت، تەواو دەستی لە خۆی بەردابوو.

کاسی هەستی پێکرد، وەکو خودی خۆیشم سەرنجم دایێ ئەم کوڕە هەستی دەکرد کە ئێش و ئازاری لە کاتی سەردانی ئێمە سزایەکی پترە لەوەی، کە خۆشی تیابێت، بۆیە لەدوای وەختێکی کەم دوودڵ نەبووەوە، تا پێشنیار بکات، تاکو وازی لێ بهێنین.

ئەم پێشنیارە نا ڕەچاوکراوەی لینتۆن حاڵەتێکی وورووژاند، کە لە شێوەیەکی سەیری پڕ مەترسی بەجێ بهێڵدرێت. بە نیگەرانییەوە سەیری بەرزاییەکانی کرد، تکای کرد کە بەلایەنی کەمەوە نیو کاتژمێری دیکە بمینێینەوە، گوتی:

– بمینێوە تا دڵی خۆت خۆش بکەیتەوە، کاسی بیر لەمە مەکەوە، یا مەڵێ کە من زۆر چاك نەبوویمەتەوە. ئەمە کەشوهەوای هەور و گەرمییە، کە وای لە من کردووە بێزار ببمەوە، بەر لەوەی تۆ بێیت زۆر پیاسەم کردووە. بە خاڵم بڵێ، کە من تەندروستیم زۆر باشە. توخوا ئەمەی پێ ڕادەگەنیت؟

خانمە بچکۆلانەکەم بە سەرسامییەوە وەلامی دایەوە:

– پێی ڕادەگەیێنم کە تۆ ئەمە دەڵێیت.

– تو ئەو خوایە ئەگەر بکرێ ڕۆژی پێنج شەممەی داهاتووش دیسان بێیتەوە.

بێ ئەوەی سەرنج لە نیگایە مەدهۆشییەکەی کچە بدات، درێژەی پێدا:

– ئەگەر باوکمت بینی نەهێڵێت وا تێبگات، کە من بێدەنگ و گەمژە بووم. خۆت بە غەمگینی نیشان مەدە، ئەگەرنا تووڕە دەبێت.

لێم پرسی:

- ئایا بەڕێز هیسکلیف ئێستا لەگەڵ تۆ توندوتیژە؟

لینتۆن لە من ڕاما، بەڵام وەڵامی نەدایەوە، لەدوای دە دەقیقەی تر، لەو ماوەیە سەری بەسەر سنگی خۆی بە خەواڵوویی شۆڕ بووەوە هیچی نەکرد لەتاو ئازار و ماندوویی تەنیا نووزانەوە نەبێ، کاسیش بۆ خۆ خافلاندن و خۆ خەریککردن دەستی بە لێکردنەوەی هەندێ بەری دەرخت کرد. بە دەنگی نزم پرسی:

- بۆچی ئارەزووی بینینم دەکات؟ وا دیارە، کە ئەمە پێویستە بیکەم لە ترسی ئەوەی، نەوەکو باوکی سەرکۆنەی بکاتەوە، بەڵام من کەم دێم، تاکو بەڕێز هیسکلیف دڵخۆش بکەمەوە.

لینتۆن لە ناکاو هەڵسا و هاواری کرد:

- وابزانم من گوێم لە باوکم بوو.

ئینجا باسکی کاسی گرت و هێشتا گوتی:

- بێدەنگ بە، خۆیەتی وا هات.

کاسی خۆی دەرباز کرد و بانگی ئەسپەکەی خۆی کرد. لەگەڵ خۆهەڵدانە سەر زین، بە دەنگ گوتی:

- پێنج شەممەی داهاتوو لێرە دەبم... خواحافیز.. ئێلین خێرا کە.

کاتێ گەیشتینەوە ماڵەوە، ڕێزدارەکەم دەربارەی بە یەکگەیشتنمان داوای ڕاپۆرتێکی کرد، من و کاسی هیچمان نەگوت جگە لە هەندێ شتی کەم نەبێت، چونکە کاسی گومانی لەوە دەکردەوە، کە کوڕە پوورەکەی وەکو خوورەوشتی بێت خۆی وا نیشان دەدا، کە ئێش و ئازارەکانی لەوە پترە کە هەیەتی، هەروەها لەبەر ئەوەی منیش نەمدەزانی چ بشارمەوە و چ بڵێم.

# بەشی چل و دووەم
## فێلکردنەکە

حەوت ڕۆژ تێپەڕی، لەم ماوەیەدا هەستمان بە پەشۆکاوییەکی خێرای باری تەندروستی ئەدگار لینتۆن کرد، ئێمە دەمانویست ڕاستی لە کاسی بشارینەوە، بەلام بە زەین ڕۆنییەکەی خۆی درکی پێکرد، کەچی بەدوایەوەیە. ئیدی کاتێ ڕۆژی پێنج شەممە هات، بەرگەی باسکردنی پیاسەی نەگرت. من ئەمەم کرد، مۆڵەتی چوونە دەرەوەم بۆ وەرگرت، چونکە ژوورەکەی نەخۆشی باوکی بۆی ببووە سەرتاپای دنیا و هەموو کاتەکانی خۆی بە گشتی بە تەنیشتییەوە بەسەر دەبرد. لە خەم و چاودێرییەوە سیمای بزرکابوو. ڕێزدارەکەم پێی خۆشبوو، کە کچەکەی خۆی بنێرێت بەو بیروبۆچوونەی، کە بارودۆخەکە یەکسەر گۆڕانکارییەکی دڵخۆشکەری تێدەکەوێت.

بیرۆکەیەك لە مێشکیدا چەسپیبوو ئەویش ئەوە بوو، کە کوڕە خوشکەکەی خۆی لە سیمادا وێدەچێت، هەڵبەتە دەبێ. لە بیرکردنەوەش وێی بچێت، چونکە نامەکانی لینتۆن کە گومانی تێدا نەبوو لەبەرچاوی باوکییەوە دەنووسران، هەندێ هێما لە کەسێتییە ڕاستییەکەیان بەدیار دەخست. ئیدی لەبەر ناسکی بارودۆخەکە لێی دەبوورم، بیروبۆچوونەکەم ڕاست نەکردەوە، بەڵکو لە خودی خۆم پرسی سوود لە بێزارکردنی ڕۆژەکانی دوایی ڕێزدارەکەم چییە، کە زانیارییەکانی پێڕابگەیێنم و ئەویش توانای بەکارهێنانیانی نەبێت.

کاتێ دوای نێوەڕۆ بۆی دەرچووین، دڵی کاسی بچکۆڵی بەسەزمان خەمباربوو. لینتۆن لە شوێنی جاران، وەکو پێشوو چاوەڕێی دەکرد. ئەم جارە کە ئێمەی گەیشتینێ توند و چوست دیاربوو، بەڵام نە چوستی ڕۆحە هەڵچووەکە بوو، نە هی دڵخۆشبوونەکەبوو، بەڵکو بۆ من وا بەدیارکەوت لە شێوە ترسێك بێت. بە نیمچە توند و زەحمەتییەوە گوتی:

– درەنگ هاتوویت، ئایا باوکت زۆر نەخۆشە؟ وامزانی تۆ نایێیت.

کاسی لێوەکانی وشك بوو و نەیتوانی سلاوەکەی خۆی دەربڕێ... ئینجا گوتی:

– باوکم بەڕاستی زۆر نەخۆشە. لەبەرچی کەسێکت نەنارد تاکو لە هاتنم ببوریت، ئەگەر ئارەزووی تۆ لەوەدا بووبێت، کە من لە هاتنم ڕاستگۆ نەبووبم؟ وەرە! دەمەوێت ئەمە ڕوون بکەیتەوە. یاریکردن و قسەی بەتالیش ئێستا لە مێشکی مندا شوێنیان نەماوە، من کاتی خۆپیشاندانم بەدەستەوە نییە.

لینتۆن لەرزی و بە شێوە شەرمێکەوە تێی ڕاما. بە دەنگی نیمچە نزم گوتی:

– خۆپیشاندانی چی، کاسی تکات لێدەکەم بەم شێوەیە تووڕە مەبە. ڕسوامکەوە هەرچۆنت حەزلێیە. من بێ دەسەلاتم و هیچ بەهام نییە، بەڵام من بەسەزمانم بەرگەی تووڕەبوونت ناگرم، باوکم ببوغزێنە و وازم لێبێنە!

کاسی بە تووڕەیی دەنگی هەڵبڕی "قسەی قۆڕ" ئەمە هەموو گیانی دەلەرزێ وادەزانێت دەستی دەگرم: "دوور کەوە!"، " جلوبەرگم بەردە!"

لینتۆن فرمێسك بە دەموچاویدا باری و خۆی بە زەوی دادا، ترسی بێ ئومێدی لێنیشت، بە گریانەوە گوتی:

– نۆی، کاسی ناتوانم بەرگەی ئەمە بگرم! من لەگەڵ تۆدا هەمیشە بە فێڵ و ساختەکاری دەجوولێمەوە، ناتوانم ئێستا ئەمەت بۆ ئاشکرا بکەم، بەڵام ئەگەر بەجێم بهێڵیت، من دەکوژرێم! خۆشەویستەکەم کاسی، ژیانی من لەبەر دەستەکانی تۆیە! گوتت کە تۆ منت خۆش دەوێت، بەڵکو قایل دەبیت– وازم لێدێنی لەگەڵ تۆدا بمرم!

خانمە بچکۆلانەکەم زۆر بێزار بوو و ترسێکی گەورەی هاتەبەر. داهاتەوە تاکو بەرزی بکاتەوە، پرسی:

– لەسەر چ قایل بم؟ تاکو بمێنێمەوە؟ پێم بڵێ مانای ئەم قسەیە چییە؟ هەر ئێستا بە بارگرانی سەر دڵت دایمەنێ، ئاشکرای بکە. تۆ ئازارم نادەیت، ئەی وا نییە؟ ئەگەر بتوانیت لێناگەرێیت کەسێك باشترین هاورێت ئازار بدات.

مێردمنداڵەکە بە زەحمەت دەنگی هەڵبڕی:

– بەڵام باوکم هەرەشەم لێدەکات، ناوێرم قسان بکەم.

کاسی بە سۆز و سووکایەتی پێکردنەوە گوتی:

– کەواتە نەهێنییەکەت لە دڵی خۆت بهێڵەوە. خۆت ڕزگار کە. منیش ناترسێم.

جوولانەوەیەکم بیست، ئینجا هیسکلیفم بینی بەرەو ئێمە هات و لە من ڕاما، بەڵکو بە شێوەیەکی دۆستانە دەنگی بۆ من هەڵبڕی، گوتی:

– نیلی شتێکی گرنگە، کە لە نزیك ماڵی خۆم بتبینم. دەبێ خەڵکی غرانج حاڵیان چۆن بێت؟

بە دەنگێکی هێورتر درێژەی بە قسەکەی خۆی دا و گوتی:

- دەڵێن ئەدگار لەنێو جێگەی مردنە، لەوانەیە ئەمە ڕاست نەبێت؟

وەڵامم دایەوە:

- نەخێر، ڕێزدارەکەم دەمرێت. ئەمە تەواو ڕاستە.

پرسی:

- بە ڕای تۆ چەند دەمینێتەوە؟
- نازانم.

لە کوڕ و کچەکە ڕاما و لە قسەی خۆی بەردەوام بوو:

- چونکە ئەم کوڕە وادیارە لەسەر بەزاندنی من ڕشتە. سوپاسمەندی خاڵی دەبووم ئەگەر پێش ئەمە خێرا سەر بنێتەوە.

گوتم:

- من وای دەبینم، کە بۆ ئەو پێویستە لەجیاتی ئەوەی لەنێو شاخان بگەڕێت و بسووڕێتەوە، لەسەر جێگەی خۆی لە ژێر چاودێری پزیشکدا بێت.

هاواری کرد:

- لینتۆن هەڵسە ڕاستبەوە! خۆت لەوێ لەسەر زەوی لوول مەدە، دەی هەڵسەوە زووکە!

لینتۆن کاتی باوکی دووبارە سەیری کردەوە، لە ترسێکی بێشومار نقووم بووەوە. چەند کەڕەت هەوڵیدا داواکارییەکەی باوکی خۆی بەجێ بگەیەنێت، کەچی هێز و تواناکەی شەرمەزاری کردەوە. بە هەناسەیەکی بڕاو گوتی:

- بەڵێ بابە، لێمگەڕێ وازم لێبێنە وا هەڵدەستم، بێگومان وەکو ئەوەی دەتویست کردم. ئاخ، کاسی بەتەکمەوە بمێنەوە، دەستی خۆتم بدەرێ.

باوکی گوتی:

- دەستم بگرە، دەی، لەسەر پێیەکانت ڕاوەستە. خاتوو کاسی لەوانەیە وا تێبگەیت، کەوا من لەگەڵیدا توندوتیژ بووبم، نموونەی وەکو ئەم ترسەم لە دڵیدا نواندووە. دەی فەرموو ئەم چاکەیە بکە و لەگەڵیدا بۆماڵەوە وەرنەوە، ئەمە ئەگەر دەستی بگەینیتێ هەموو گیانی لە ترسان دەلەرزێ.

کاسی گوتی:

- ناتوانم بۆ بەرزاییەکانی ویزرینگ بچم، باوکم بەمە ڕێم پێ نادات. لینتۆن خۆشەویستەکەم، باوکت ئازارت پێ ناگەیێنێت، لەبەرچی وا دەترسێیت؟

هیسکلیف وەڵامی دایەوە:

- باشە، ڕێز لە بڕیارەکەی کاسی دەگرین. کەواتە ئەی کوڕە بوێرەکەم وەرە! ئایا حەز دەکەیت بە یاوەری من بگەڕێیتەوە؟

جووڵانەوەیەکی کرد، تاکو بیگرێت، بەڵام لینتۆن کشایەوە دواوە و خۆی بە کچە خاڵەکەیەوە نووساند. بە نووزانەوە تکای لێکرد، کە لەگەڵیدا بچێت، ئەویش ڕەتکردنەوەی پێ نەکرا. هەرگیز نەمانتوانی بیر لەو کەسە بکەینەوە، کە بەم شێوەیە ترساندبووی، گەیشتینە دەرگا، کاسیش چووە ژوورەوە، چاوەڕێم کرد تاکوکوڕە نەخۆشەکەی گەیاندە کورسییەك، منیش وا لێی تێگەییم هەر ئێستا دووبارە دێتە دەرەوە، کەچی بەڕێز هیسکلیف بۆ پێشەوە پاڵی پێوەنام و ناچاری کردم دانیشم. ئینجا رووی لە پاش کرد و دەرگای داخست.

# بەشی چل و سێیەم
## دەرگایە داخراوەکان

بە ئێمەی گوت:

- من بەتەنیام، حەز لە یاوەری کچێکی بچکۆلانە دەکەم، چایەکتان دەدەمێ. هاریتۆن لەگەڵ خۆیدا مێگەلێك بزنی بۆ کێڵگەکان بردووە، زیللا و جۆزێفیش بۆ پیاسە چوونەتە دەرەوە. خاتوو لینتۆن، من ئەوەی هەمە پێشکەش بە تۆی دەکەم، ئەگەرچی خەڵاتەکەش شایانی ئەوە نیە پێی قایل بیت، مەبەستم لینتۆنە، بۆ خۆت لەسەر کورسییەك لە تەنیشتی دانیشە.

کاسی هەردوو چاوە ڕەشەکانی دەتریسکانەوە، لە هیسکلیف نزیکبووەوە. ئینجا گوتی:

- من لە تۆ ناترسێم، ئەم کلیلەم بدەرێ! لێرە هیچ شتێك ناخۆم و ناخۆمەوە، تاکو ئەگەر لە برسانیش بمرم!

هیسکلیف بە شێوە سەیر پێهاتنێك هەستی خۆی لە ئازایەتی کچەکە ڕاگرت، یا لەوانەبوو لە دەنگ و شێوازی هەڵسوکەوتی، ئەو کەسەی بە بیرهاتەوە کە ئەوانی لێ سەندبووەوە "مەبەست کاسرینی دایکییەتی" و خەریکبوو کلیلەکە لەنێو پەنجە شل و خاوەکانی دەربهێنێ، بەڵام دووبارە کلیلەکەی لەنێو مستی خۆی توند گرتەوە و گوتی:

- ئێستا کاسرین لینتۆن، دوورکەوە ئەگەرنا بە زەویت دادەدەم.

بە بێ گوێدانە هۆشیارکردنەوەکەی، پەلاماری دەستە داخستراوەکەی دا، ئیتر کاتێ بینی نینۆکەکانی هیچ دادی بۆ نادات، ددانەکانی خۆی بە توندی لێگیر کرد. هیسکلیف بە شێوەیەك لە من ڕاما، کە بۆ ماوەیەك نەیهێشت خۆم لێی بەخاوەن بکەم، ئینجا لە ناکاو پەنجەکانی خۆی کردەوە، تاکو بیگرێت و چەند لێدانێك لە هەردوو لاسەری بدات. بە تووڕەیی تاوم دایێ و دەستم بە قسان کرد و گوتم:

– ئەی نەگریس!

پاڵدانێك لە سنگم بێدەنگی کردمەوە، لەبەر لێدان و تووڕەبوونم بۆ دواوە بەلاداچووم. هەستم کرد سییەکانم خەریکبوو بتەقێتەوە. ئەم دیمەنە دوای ئەوەی کاسی خۆی لەبەر دەستی ڕزگار کرد و هەردوو دەستەکانی بەسەری خۆیەوە گرت، هێندەی پێنەچوو لەدوای دوو دەقیقە تەواو بوو، ئیتر بەسەزمانەکە هەموو گیانی دەلەرزی و بەو پەڕی پەشۆکاوییەوە خۆی بەسەر مێزەکەی بەردەمی چەماندەوە.

پیاوە دڵڕەقەکە گوتی:

– دەزانم چۆن منداڵان سزا دەدەم، ئەمە دەبینیت ئێستا هەروەکو پێم گوتی برۆ لای لینتۆن و بە ئارەزووی خۆت بگریێ. بەیانی من دەبمە باوکت، تەنیا باوکێك. دوای چەند ڕۆژێکی کەمیش لەمە پتر ئازار دەچێژیت، دەتوانیت زۆر بەرگە بگریت.

کاسی لەجیاتی ئەوەی بۆلای لینتۆن بچێت، بۆ لای من غاری دا. چەمایەوە و کوڵمە ئاگر تێبڕاوەکەی لەسەر ئەژنۆم دانا و لە پرمەی گریانی دا. کوڕە پوورەکەی کشایەوە سووچێکی کورسییەکەی خۆی، وەکو مشك هێمن بوو.

دەوێرم ئەمە بڵێم کە دڵخۆشبوو، چونکە سزاکە بەشی ئەو نەبوو، بەڵکو بەشی کەسێکی دی بوو. هیسکلیف هەڵسا و چای هێنا، تێی کرد و پیاڵەیەکی بە من دا و گوتی:

- تووڕەیی خۆت بڕەوێنەوە و چا بەرە بۆ بچکۆڵە لاسارەکەی خۆت و بچکۆڵەکەی من، منیش دەچم ئەسپەکانتان دەبینمەوە.

یەکەمین بیرۆکەمان کاتێ ڕۆیشت ئەوە بوو، کە بۆ دەرەوە ڕێگای خۆمان بکەینەوە، بەڵام دەرگای چێشتخانە لە دەرەوە داخرابوو و پەنجەرەکانیش لەوە تەسکتر بوون، کە لەشی کاسی بچکۆڵی پێوە بچێت. کاتێ بینیم ئێمە هەردووکمان زیندانین، دەنگم توند هەڵبڕی:

- بەڕێز لینتۆن تۆ دەزانیت باوکە دەروون ڕەشەکەی خۆت نیازی وایە چ بکات، پێویستە تۆ ئەمەمان پێ بڵێیت.

کاسی گوتی:

- لینتۆن ئەمە ڕوون و ئاشکرایە، من لە پێناو تۆدا هاتم. ئەگەر ڕەت بکەیتەوە دەبیتە سپڵە.

وەلامی دایەوە:

- هەندێ چام بدێ، من تێنووم. لەدوای ئەمە پێت دەڵێم. خاتوو دین دوورکەوە، حەز ناکەم لەسەر سەرم بوەستیت، ئێستا کاسی تۆ وادەکەیت فرمێسکت بڕژێتە نێو پیاڵەکەی من! ئەمە ناخۆمەوە، پیاڵەیەکی دیکەم بدێ.

کاسی پیاڵەیەکی دیکەی بۆ پاڵپێوەنا و چاوەکانی خۆیشی سڕییەوە. بەرانبەر خۆکڕکردنی مێردمنداڵە کلۆڵەکە هەستی بە دلگرانی کرد، چونکە شلەژاو نەبوو،

هەرکە هاتینە نێو بەرزاییەکان پەشێوی ڕەویبووەوە. من وامزانی کە سزایەکی گەورە هەڕەشەی لێدەکات، ئەگەر ئەو لە هەڵخەڵەتاندنمان بۆ هاتنی ئێرە سەرنەکەوێت. دوای ئەوەی نەختێکی لە شلەکە خواردەوە، گوتی:

- بابە لە ئێمەی دەوێت هاوسەری بکەین. دەترسێت ئەگەر چاوەڕێ بکەین من بمرم، بۆیە دەبێت لە بەیانی هاوسەری بکەین، تۆش دەبێت ئەم شەوە لێرە بمینێیتەوە.

هاوارم کرد:

- تۆ ژن دێنیت؟ لەبەرچی؟ تۆ وا تێدەگەیت کە ئەم خاتووە بچکۆلانە جوانە، ئەم کچە توندوتۆڵ و خاوەن تەندروستە، خودی خۆی بە مەیموونێکی هیچوپووچی وەکو تۆ دەبەستێتەوە؟

کاسی بە هێدی لە دەوروبەری خۆی ڕاما و گوتی:

- بە درێژایی شەو دەمێنمەوە! ئیلین دەرگاکە دەسووتێنم، تاکو دەیکەمەوە و دەردەچم.

لینتۆن دووبارە ترسەکانی لەسەر خودە ئازیزەکەی خۆی ورووژاند:

- ئەی قایل نابیت مێرد بەمن بکەیت و ڕزگارم بکەیتەوە؟ ئای کاسی کچی باش، پێویستە نەڕۆیت و بەجێم نەهێڵیت! دەبێت بە گوێی باوکم بکەیت، هەر دەبێت!

وەڵامی دایەوە:

- من دەبێت بە گوێی باوکی خۆم بکەم، لەم نیگەرانییە ناخۆشە دڵی خۆش بکەم. تۆ بڵێی بە درێژایی ئەو ڕۆژە بیر لە چی دەکاتەوە! هێمن بە، لە مەترسیدا نیت!

هیسکلیف دووباره هاته ژوورەوه و گوتی:

– ئەسپەکانتان دوور ڕۆیشتوون، ئێستا لینتۆن تۆ برۆ بۆ ژوورەکەی خۆت. زیللا ئەمشەو لێره نییه، بۆیه پێویسته بەخۆت جلوبەرگی خۆت دابکەنیت.

دەرگای بە والآیی بەجێهێشت، کوڕەکەی خۆی وەکو سەگێکی بچووکی تۆقیو پالّ دا. ئینجا دووباره دەرگاکەی داخستەوه. هیسکلیف له ئاگرەکه نزیکبووەوه، که من و خاتوونەکەم لەویّ بە بێدەنگی ڕاوەستابووین. کاسی تێی ڕاما و دەستی بۆ ڕوومەتی خۆی بەرز کردەوه، هەر کەسێك بیدیایه مەحالبوو بتوانێت به دلّرەقی لەم هەلّسوکەوته مندالآنەییه ڕامینێت. کەچی پیاوەکه به ڕووگرژی و دلّرەقییەوه سەیری کرد و گوتی:

– ئۆی، لەمن ناترسێیت؟ ئازایەتی تۆ زۆرچاك شاردراوەتەوه!

وەلآمی دایەوه:

– ئێستا من بەڕاستی ترساوم، چونکه ئەگەر من بمینێمەوه بابه کەساس و مەلوول دەبێت. بەلّێنت پێدەدەم کەوا مێرد به لینتۆن دەکەم، بابه حەز دەکات ئەمه بکەم، منیش خۆشم دەوێت. لەبەرچی ناچارم دەکەیت کارێك بکەم، که من له خودی خۆمەوه حەز دەکەم بیکەم؟

دەنگم هەلّبڕی و گوتم:

– با بوێرێت ناچارت بکاتەوه! سوپاس بۆ خوا، ئەگەرچی ئێمه له ناوچەیەکی دووریشدا دەژین، بەلآم لێره یاسا له ولآتدا هەیه.

پیاوه شەڕفرۆشەکه گوتی:

- بێدەنگ بە، نامەوێت تۆ دەمت لێك بکەیتەوە. خاتوو لینتۆن، زۆر پێم خۆشە کە بیر لە باوکت دەکەمەوە بێکەس و مەلوول دەبێتەوە، بەڵام دەربارەی بەڵێنەکەت بە مێردکردنت بە لینتۆن، لێرە، لەم شوێنە ناچیتە دەرەوە، تاکو ئەمە تەواو جێبەجێ نەکرێت.

کاسی دەگریا و هاواری کرد:

- کەواتە ئیلین بنێرەوە بابە ئاگادار بکاتەوە، تاکو لەمن دڵنیا ببێتەوە! ئیلین چ دەکەین؟ ئێستا وادەزانێت کە ئێمە گوم بووینەتەوە.

هیسکلیف وەڵامی دایەوە:

- نەخێر ئەو لەوەدا نییە ئەمە بکات! وادەزانێت ئێوە لە چاوەڕوانی ئەودا ماندووبوونەتەوە و چوونەتە گەڕان و سووڕان. دەبێ دان پیابنێیت، کە بە پێچەوانەی ئارەزووی باوکت و بە ویستی خۆت هاتوویتە نێو ماڵم، بگری، ئەمە دەربارەی من هیچ شتێك نییە!

- بەڕێز هیسکلیف، ئەگەر باوکم وا تێبگات من بە ئەنقەست بەجێمهێشتووەو، بەر لەوەی بگەڕێمەوە بمرێت، چۆن بۆ من دەکرێ بەرگەی ژیان بگرم؟ لەبەر دەمت کرنۆش دەبەم. ئیدی ناتوانیت بەزەییت بە من نەیێتەوە!

من لەو کاتەی ئەوەی بەبیرم دەهاتەوە دەربارەی خوورەوشی پێم دەگوت، هیسکلیف بە چاوێکی قێزلێکردنەوەوە پاڵێکی دووری بە کاسییەوە نا، کەچی من لە نیوەی ڕستەکی پڕ لە هەڕەشە بێدەنگ بووم، کە ئەگەر دەمم بە یەك وشەی دی بگێڕم بەتەنیا لە ژوورێکم بئاخنیت.

دنیا دەستی پێکرد تاریك دابێت. لەبەر دەرگا گوێمان لە دەنگان بوو،

خانەخۆیەکەمان خێرا چووە دەرەوە، دوو یا سێ دەقیقە چەند قسەکیان کرد. ئینجا بەتەنیا گەڕایەوە، منیش بە کاسیم گوت:

- وا تێبگەم ئەوە هاریتۆنی کوڕە خاڵتە، کێ دەزانێت، لەوانەیە یارمەتیت بدات؟

هیسکلیف گوتی:

- ئەوانە سێ لە خزمەتکارەکان بوون، لە غرانجەوە نێردرابوون بەدوای ئێوەدا بگەڕێن. دەبوایە ئێوە پەنجەرە بکەنەوە و بقیژێنن.

کاتێ بەو هەڵەمان زانی، کە لەدەستمان چوو، بە ئاشکرا غەمگینی خۆمان دەربڕی. لێگەڕا ئێمە تاکو کاتژمێری نۆ، ئەو کاتەی فرمانی پێداین بۆ ژوورەکەی زیللا بەسەر بکەوین بنووزێینەوە و بگرێین. کەس لە ئێمە نەنووست، کاسی لە تەنیشت پەنجەرە تەسکەکە شوێنێکی گرت چاوەڕوانی بەیانی دەکرد، منیش لەسەر کورسییەك دانیشتم گلەییم لە خودی خۆم دەکرد، کە نەمتوانی ئەرکی خۆم راپەڕێنم.

لە حەوتی بەیانی، هیسکلیف لە ژوورەکە بانگی کاسی کرد. منیش هەڵسام تاکو بەدوای بکەوم، بەڵام بەخۆی دووبارە کلیلەکەی بادا و گوتی:

- خانم ئارامت بێ، بەرچاییت بۆ دەنێرم.

ئینجا لە داد و فیغانی بێهوودەم دا، کەچی هەر بەجێی هێشتم. لەدوای دوو یا سێ سەعات، گوێم لە ترپەی هەنگاوێك بوو، ئینجا هاریتۆن هاتە ژوورەوە، خۆراکێکی هەڵگرتبوو بەشی هەموو ڕۆژەکەی دەکرد. دەستم بە قسە کرد:

- یەك دەقیقە چاوەڕێ بکە!

بە دەنگی بەرز گوتی:

- نەخێر.

دوورکەوتەوە. لەوێ بە درێژایی ڕۆژ و شەوی پاشتر و دواتر و دواتر بە زیندانی مامەوە. هەر لەوێ شەش شەو و پێنج ڕۆژان مامەوە بێ ئەوەی کەس ببینم جگە لە هاریتۆن، کە هەموو بە یانییەك یەك جار دەمبینی. ئەویش دەنگی لەخۆی بڕیبوو و گوێی نەدەدایە هەوڵەکانم تاکو سۆز و بەزەییەکەی بوروژێنم.

# بەشی چل و چوارەم

## کۆچی دوایی ئەدگار

لە پێنجەمین بەیانی، یا ڕاستتر دوای نیوەڕۆ، دەنگی ترپەی پێیەکی جیاواز هات، دەنگەکە نەرم وکورتتر بوو، ئینجا زیللا لە ژوورەکە بەژوورکەوت. دەنگی هەڵبڕی:

– ئۆی، خۆشەویستەکەم خاتوو دین، باشە، لەویٚ لە غمیرتۆن قسە و باست لەسەر دەکرێت. وامزانی تۆ و خاتوونەکەم لە گۆماوێك خنکاون، تاکو ڕێزدار ئاگاداری کردمەوە، کەوا تۆ دۆزراویتەوە و لێرە پەنای پێداویت. لەنێو ئاودا چەند ماویتەوە؟ چۆن هەست دەکەیت؟ خاتوو دین ئایا ڕێزدار ڕزگاری کردوویت؟

وەلاٚمم دایەوە:

– ڕێزدارەکەت شەیتانێکی بەڕاستییە!

زیللا پرسی:

– مەبەستت چییە؟ ئەمە قسەی ئەو نییە، بەڵکو لە گوندی باس دەکرێت، کاتیٚ ڕێزداریش ئەمەی بیست، تەنیا زەردەخەنەی کرد و گوتی ئاوی گۆماوەکە چووتە کەللەی سەری و تەنیا نەختیٚ شێتی کردوویت. بۆیە بۆ دڵنیابوون تۆی پاراست، تاکو چاك دەبیتەوە. داوای لە من کرد دەرگاکە بکەمەوە و پێت ڕابگەیێنم هەر ئێستا یەکسەر بۆ غرانج بچیت، نامەیەك

لە ئەوەوە بۆ ئەویَ بەریت، دەڵێت، کەوا خاتووە بچکۆلانەکەت لە کاتێکی گونجاودا دەتگاتیَ، تاکو لە ناشتنی ڕێزدارەکەت ئامادە بێت.

هاوارم کرد:

– ئایا ڕێزدار ئەدگار مرد؟ ئۆی زیللا!

– نا، نا. نەختێك دانیشە، ئەی بەسەزمان تۆ هێشتا بە هۆی ئاوی گۆماوەکەوە نەخۆشیت! ئەو نەمردووە، لە ڕێگا دکتۆرەکەم بینی و لێم پرسی، گوتی لەوانەیە یەك ڕۆژی دیکە لە ژیاندا بمینێت.

کەلوپەلەکانی خۆم دەستدایێ و بە پەلە چوومە خوارەوە. کەس لەویَ نەبوو، تاکو پێم بلێ، بەلکو کاسی لە کویَ بیت، شوێنەکە پڕ تیشکی خۆر بوو، هەردوو تاکی دەرگاکە لەسەر پشت کرابوونەوە. کاتیَ کۆخەیەکی نەرم هەستی ڕاکێشام دوودڵ ببوومەوە، لینتۆنم بینی لەسەر کورسییەك لەسەر پشت ڕاکشابوو، شوولێکی شەکری دەمژی. لێم پرسی:

– خاتوو کاسی لە کوێیە؟

مایەوە وەکو منداڵ مژی لێدا. دیسان لێم پرسی:

– ئایا ڕۆیشت؟

وەلامی دایەوە:

– نەخێر، ئەوە لە نهۆمی سەرەوەیە، ناڕوات. لێناگەڕێین بڕوات.

هاوارم کرد:

– لێناگەڕێیت بڕوات! هەر ئێستا ژوورەکەیم پیَ نیشان بدە.

وەلامی دایەوە:

– بابە دەڵێت پێویست ناکات لەگەڵ کاسیدا نەرم بم. ئەمە خێزانی منە. بۆ

ئەو شوورەییە ئەگەر ئومێدی ئەوە بکات بەجێم بهێڵێت. باوکم دەڵێت ئەوە دەیەوێت بمرم بۆ ئەوەی دەست بەسەر هەموو سامانەکانمدا بگرێت، بەڵام بە چنگی ناکەوێت. ناچێتەوە ماڵەوەش، با بۆ خۆی چۆن پێی خۆشە بگری و نەخۆش کەوێت.

چاوەکانی خۆی نووقاند و دووبارە بە شەکرەکەی خۆی خەریکبوو. درێژەم بە قسەکەی خۆم دا و گوتم:

– بەڕێز هیسکلیف، ئایا ئەم هەموو بەزەییەی کاسیت لەبیر کرد، کە لە زستانی ڕابردوو کاتێ تۆ گوتت خۆشم دەوێیت، کتێبی بۆ تۆ هاورد و چەندین گۆرانی بۆ تۆ گوت و سەرەڕای کەشوهەوای ناخۆش بۆ بینینت هات؟ ئێستا ئەوەی باوکت دەڵێت بڕوا دەکەیت و لە دژی ئەودا لایەنگیری باوکت دەکەیت!

لالێوی لینتۆن شل بووەوە، شیرینەمەنییەکەی لەنێو لێوەکانی خۆی ڕاکێشا. ئینجا بە قێزهاتنەوە گوتی:

– ناتوانم لەگەڵیدا بمینێمەوە. زۆر دەگریت، ئەم توانایەم نییە، ئەمەم بۆ هەموار ناکرێت. بە درێژایی شەو نرکە و ناڵەی دێت و من ناتوانم بخەوم.

لێم پرسی:

– ئایا ڕێزدار هیسکلیف لە دەرەوەیە؟

وەڵامی دایەوە:

– لە حەوشەیە، بۆ پزیشك دەدوێت، کە دەڵێت خاڵم وا خەریکە لە کۆتاییدا گیان دەدات. من دڵخۆشم کە لەدوای ئەودا دەبمە ڕێزداری غرانج. لە کاتێکدا هەموو جارێك کاسی باسی ئەوێی دەکرد کە ماڵی

خۆیەتی! ئەوە بووە هی من. بابە دەڵێت هەموو شتێکی، کە هەیەتی بووە موڵکی من. ئەو بەخۆی بە منی گوت ئەگەر کلیلی ژوورەکە بێنم و لێگەڕێم بچێتە دەرەوە، هەموو کتێبە جوانەکان و باڵندە کەشخەکان و ئەسپەکەی خۆی پێشکەش بە من دەکات، بەلام من پێم گوت خاوەنی هیچ شتێك نییە تاکو بیدات، چونکە هەموو شتێك هی منە. لەدوای ئەمە گریا و دەستی لە وێنەیەکی بچووك دا، کە لە گەردنیدا بوو. دوو وێنەش لە جزدانێکی زێریندا بوو و لایەکیان وێنەی دایکی خۆی بوو و لایەکەی دیکەش وێنەی خاڵم بوو، هەوڵمدا لێی وەرگرم، ئەو سووك و چرووکە توند پاڵی پێوەنام و ئازاری پێگەیاندم، بەلام کاتێ گوێی لە هاتنی باوکم بوو، ترسا و جزدانەکەی بەشکرد و وێنەی دایکی خۆی بە من دا، هەوڵیدا ئەوی دیکە بشارێتەوە، کەچی باوکم لە منی وەرگرت و ئەوی دیکەی لە ژێر پای خۆی هاڕی، لە کاسیشی دا.

لێم پرسی:

– ئایا تۆ دڵخۆش بوویت؟

گوتی:

– سەیرم نەکرد. من هەر کاتێ باوکم لە شتێك دەدات چاوی خۆم دەنووقێنم. زۆر بە خراپی لێدەدات. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم کچە شایانی سزادان بوو، چونکە پاڵی پێوەنام، بەلام کاتێ باوکم ڕۆیشت، ڕوومەتی خۆی نیشاندام لە ژوورەوە تەقیبوو، ئینجا پارچە وێنەکانی کۆکردەوە. هێشتا لەو کاتەوە لەگەڵ من نادوێت. لەوانەیە لەبەر ئازاری نێو دەمی نەتوانێت بدوێت. حەز ناکەم بیر لەمە بکەمەوە.

لێم پرسی:

- ئایا دەتوانیت کلیلەکە بهێنیت؟
- بەڵێ، کاتی لە نهۆمی سەرەوە دەبم، بەڵام ئێستا ناتوانم بۆ ئەوێ بچم.
- کچەکە لە کامە ژوورە؟
- ئۆی، ئەمەت پێ ناڵێم! ئەمە نهێنیمانە.

رووی خۆی بۆلای قۆڵی سووڕاند و دووبارە هەردوو چاوی خۆی نووقاندەوە. سەیرم کرد چاکترە کەوا برۆم بێ ئەوەی بەڕێز هیسکلیف ببینم. لە غرانج فریای خاتووە بچکۆڵەکەم بکەوم و یارمەتیدەری بۆ ئامادە بکەم. ئیدی کە گەیشتمەوە ماڵەوە، خزمەتکارە یاوەرەکانم بە بینینم سەرسام بوون، هەرکە بیستییان خاتووە بچکۆلانەکەیان سەلامەتە زۆر دڵخۆش بوون.

بۆ ژووری لینتۆن غارم دا، ئای کە لە ماوەی ئەو چەند رۆژانە چەند گۆڕابوو! بیری لە کاسی دەکردەوە و بە منگەمنگ ناوی دێنا، چرپاندم و گوتم:

- رێزدارەکەم، کاسی وا دێت. ماوە و سەلامەتە، ئومێدەوارم ئەمشەو لێرە بێت.

ئەختێك هەڵسایەوە سەر پێیان و بە پەرۆشەوە سەیری گشت لایەکانی ژوورەکەی کرد. هێندەی ئەبرد پشتاوپشت بەربووەوە لە هۆش خۆی چوو. کاتێ بەئاگا هاتەوە مەسەلەی زیندانی کردنمان و هۆی ئەمەشم پێ گوت، جگە لە بەرژەوەندی لینتۆن زۆر قسەم نەکرد. باسی هەموو هەڵسوکەوتە بەدەکانی باوکیشم نەکرد.

ئەم پیاوە وا لێکیدایەوە، کە ئامانجەکانی دوژمنی ئەوەیە بۆ بەرژەوەندی کوڕەکەی خۆی، دەست بەسەر سامان و زەوی و ماڵەکەیدا بگرێت، یا لەوانەیە بۆ

خودی خۆی بێت، بەڵام ڕێزدارەکەم نەیتوانی تێبگات، کە لەبەرچی چاوەڕوانی مردنی ناکات، چونکە هیچ بیرۆکەیەکی لە مەودای ڕاستیی نەخۆشی کوڕە خوشکەکەی خۆی نەبوو، بەڵام ئەو هەستی کرد، کەوا چاکترە وەسییەتنامەکەی خۆی بگۆڕێت.

لەجیاتی ئەوەی ماڵەکەی کاسی لەبەردەستی بهێڵێتەوە، ڕشت بوو کە ماڵەکە بخاتە ژێر چاودێری هەندێ لێپرسراوان، تاکو لە ماوەی ژیانی خۆیدا بەکاری بهێنێت، دوای مردنیشی بۆ منداڵەکانی بێت. ئەگەر منداڵی بوو.

ئیتر بەم شێوازە کە لینتۆن کۆچی دوایی دەکات، سامانەکانی بۆ هیسکلیف نابێت. پیاوێکم نارد پارێزەر بێنێت و چواری دیکەی چەکداری لێوەشاویشیشم بۆ بەرزاییەکان نارد، تاکو کاسی بگەڕێننەوە. تیپەکان زۆریان پێچوو، یەکەمین پیاو گەڕایەوە و گوتی، کە بەڕێز غرین لە نووسینگەی خۆی نەبوو، کاتێ دەگەڕێتەوەش کەمێك ئیشوکاری گرنگی هەیە و لە گوندی جێبەجێی دەکات، بەڵام پێش بەیانی بۆ غرانج دێت. هەروەها چوار پیاوەکانیش بە بێ خاتووەکەم گەڕانەوە. هەواڵێکیان هێنابوو ئەویش ئەوە بوو، کە کاسی نەخۆشە و ناتوانێت ژوورەکەی خۆی بەجێ بهێڵێت.

بە ڕووی ئەو گەمژانە هەڵشاخام، کە بە نمونەی وەکو ئەم قسەیەیان بڕوا کردبوو. ئیدی نیازم هێنا لە کاتی ڕۆژبوونەوە بەخۆم لەگەڵ کۆمەڵێکی تەواو لە پیاوان بچم، تاکو کچەکە بگەڕێنمەوە. زۆر پێم خۆش بوو کە چاو لە گەشتەکە پۆشرا بەوەی کە لە کاتژمێری سێی بەیانی لێدانێك لە دەرگام بیست. وامزانی ئەمە پارێزەرەکەیە و بەخۆم بۆ پێشوازیلێکردنی دابەزیمە خوارەوە، کەچی سەیرم کرد خاتووە بچکۆڵە نازدارەکەم بوو، دەکەوێتە سەر ملم و دەگرێیت و

داد و فیغان دەکات.

– ئیلین! ئیلین! ئایا بابە ماوە؟

لە توانامدا نەبوو، کە گەیشتنە یەکدی بەدیاریانەوە بمینێمەوە. لەدوای چارێکە سەعاتێك چوومە ژوورەوە بینیم کاسی لە بەدبەختی و بێ ئومێدی خۆی، وەکو باوکی خۆی بێدەنگە، چونکە باوکەکەی ڕوومەتی ماچ دەکرد و گیانی دەرچووبوو.

کاسی بەرانبەر جێگەی مردن مایەوە، تاکو بۆ هێنانە دەرەوەی زۆریم لێکرد بۆ ئەوەی کەمێك بحەسێتەوە. پارێزەرەکە لە کاتی ژەمی نیوەڕۆ هات، وەختەکە زۆر درەنگ بوو، هەڵبەتە دوای ئەوەی کە سەردانی بەرزاییەکانی ویزرینگی کردبوو و خۆی فرۆشتبووە هیسکلیف. ئەمەش هۆی درەنگ هاتنی بوو.

خۆی بە داواکردنی هەموو شتێك خەریك کرد و ئەوانەی لەوێ بوون بانگی هەموویانی کرد. ئیشکەرەکان بە گشتی بەرێکران تەنیا من نەبێت. پەلە لە ڕێورەسمی ناشتنەکە کرا، ڕێگە بە کاسی درا، کە ئێستا نازناوی خانم لینتۆن هیسکلیفی هەڵگرتووە، لە غرانج بمێنێتەوە، تاکو باوکی لە تەنیشت دایکی لە لایەکی دەشتەکە بەخاك دەسپێردرێت.

# بەشی چل و پێنجەم
## لەمڕۆ بەدواوە هەڵاتن نییە

لە ئێوارەی دوای ناشتنی تەرمەکە، من و خاتووە بچکۆلانەکەم لە پەرتووکخانە دانیشتبووین. کاسی بۆی باس کردم، کە چۆن لە کۆتاییدا توانیویتی لینتۆن قایل بکات، تاکو بۆ هەڵاتن یارمەتی بدات. ئێمەش وا ڕێککەوتین، کە باشترین شت ئەگەر بکرێ ئەوەیە، کە ڕێگە بە کچەکە بدرێت لە غرانجدا بژیت. بە لایەنی کەمەوە لە ماوەی ژیانی لینتۆن، ئەگەر ڕێگە بە کوڕەکە بدرێت لەوێ لە ماڵی کچەکەدا بژیت.

منیش کاروباری ماڵەکە بەڕێوە ببەم. کاتێك یەکێك لە خزمەتکارە لادراوەکان هاتە ژوورەوە، تاکو بڵێت کە هیسکلیف بە حەوشەکەدا هات، خۆی بە لێدانی دەرگا یا ناوهێنانی خۆی ماندوو نەکرد. ڕێزدار خودی خۆی بوو، بێ ئەوەی دەمی خۆی بە یەك وشە بکاتەوە، یەکسەر هاتە ژوورەوە. ئەمە هەمان ژوور بوو، کە پێش هەژدە ساڵ بە میوانی لێی هاتە ژوورەوە. ڕۆژگار سیمای هێندە نەگۆڕیبوو، پیاوەکە وەکو خۆی بوو، کەچی ڕوخسارە ڕەش باوەکەی هێمن تر و لەسەرخۆتر بوو. لەوانەبوو لەشی هەندێك قەڵەوتر ببوو.

کاتێ کاسی چاوی پێکەوت هەڵسایەوە سەرپێیان بیری لەوە دەکردەوە بۆ دەرەوە غار بدات. هەردوو باسکی گرت و گوتی:

– بووەستە! لەمڕۆ بەدواوە هەڵاتن نییە! هاتووم تاکو بۆ ماڵەوە بتبەمەوە. ئومێدەوارم کچێکی عاقل و گوێڕایەڵ بیت، چی دی کوڕەکەی

من هان نەدەیت کە پتر رکە بگرێت، دڵنیات دەکەمەوە، کە بە هۆی ئەمە زۆر ئازاری بینیوە.

تکام لێکرد گوتم:

– بۆ لێناگەرێیت کاسی لێرە بمێنێتەوە و بەرێز لینتۆنی بۆ بنێریت؟

وەلآمی دایەوە:

– من بەدوای کرێگرتەیەك دەگەرێم تاکو غرانج بەکرێ بدەم، دەمەوێت کورەکانم لەگەڵ خۆمدا بن، ئینجا ئەم کچە قەرزاری منە، بەرانبەر بەوەی کە ناندەدرێت و دەحەوێندرێتە دەبێ خزمەتمان بکات. لە وەزعی تەوەزەلی و ژیانی خۆشگوزەرانی نایهێڵمەوە. دەی خێرا خۆت ئامادە بکە.

کاسرین گوتی:

– وا دەکەم. تەنیا لینتۆنم بەدەستەوە ماوە، کە لە دنیا خۆشم بوێت، سەرەرای ئەوەی هەموو توانای خۆت بەکار هێنا، تاکو هانمان بدەیت یەکدی ببوغزێنین. لەمەش سەرکەوتوو نابیت!

– من نیم کە وای لێدەکات لە لای تۆ بێزار بێت، بەڵکو رۆحەکەیەتی، کە ئەمە دەکات بە هۆی رۆیشتنت هەست بە خەفەت دەکات. گوێم لێیبوو ئومێدی کامەرانی بۆ تۆ دەخواست ئەگەر بیتوانیبایە بۆ بیهێنێتە دی.

کاسی گوتی:

– دەزانم کە خوورەوشتێکی بەدی هەیە، ئەویش کوری تۆیە، بەلآم من بەختەوەرم، چونکە بەرانبەر بەمە رەوشتی من باشترە و لێبووردنی هەیە. هەمیشە دەزانم ئەو منی خۆش دەوێت، بۆیە منیش خۆشم

دەوێت. بەڕێز هیسکلیف کەسێکت بەدەستەوە نەماوە خۆشی بووێت.
تۆ بەڕاستی بێبەختیت، ئەی وا نییە؟

خەزووری گوتی:

– ئەگەر دەقیقەیەکی دی لێرە بمێنیتەوە هەر زوو بەزەییت بەخۆت دێتەوە، برۆ شتومەکی خۆت ئامادە بکە.

بە بێزارییەوە ڕۆیشت. لەو کاتەی کچەکە لەوێ نەبوو دەستم پێکرد پاڕامەوە بۆ ئەوەی لە بەرزاییەکان شوێنی زیللا بگرمەوە، بەڵام ئەو قایل نەبوو، بەڵکو داوای لە من کرد کە بێدەنگ بم، ئیدی بۆ یەکەمین جار چاوی بەنێو ژوورەکە و وێنەکاندا گێڕا، دوای ئەوەی بە چاکی لە تابلۆیە جوانەکەی خانم لینتۆن ڕاما، گوتی:

– ئەمە بۆ ماڵی خۆمی دەگوێزمەوە، نەك لەبەر ئەوەی پێویستم پێیەتی، بەڵکو...

خێرا ئاوڕی لە ئاگرەکە دایەوە، بە زەردەخەنەیەکی سەیر درێژەی پێدا دەیگوت:

– پێت دەڵێم دوێنی چیم کرد. وام لە پیاوەکە کرد، کە گۆڕی ئەدگار لینتۆنی هەڵدەکەنی ئاخی سەر گوڵبێنەی سنووقی خانم لینتۆن لابدات ئینجا کردمەوە. ڕوخساری هێشتا وەکو خۆی بوو، بەڵام گۆڕهەڵکەنەکە گوتی دەگۆڕێت ئەگەر با لێی بدات. هەوڵیدا دوورم بخاتەوە، بەڵام من لایەك لە سنووقەکەم لێککردەوە، ئینجا دامپۆشییەوە. نەدەبوایە لە تەنیشت مێردی بێت، نەفرەتی لێ بێت! ئینجا پیاوەکەم بەرتیلخواردی کرد، تاکو لایدات بۆ ئەوەی کاتێ من لەوێ خاکم بەسەردا دەکرێت. تەنیشتی سنووقەکەم بۆ نزیکی ئەو ڕاکێشێت.

دەنگم لێی بەرز کردەوە و گوتم:

- بەڕێز هیسکلیف تۆ پیاوێکی ئێجگار خراپیت، لە بێزارکردنی مردووان شەرم ناکەیت؟
- کەسم بێزار نەکردووە، بەڵکو هەندێ سرەوتنم بە خودی خۆم دا، بێزارم کرد؟ نەخێر! بەڵکو ئەو بوو، کە منی بێزار و بەدبەخت کرد، شەو و ڕۆژ بە درێژایی هەژدە ساڵ، بێ وەستان و بێ بەزەیی، تاکو شەوی ڕابردوو، لە شەوی ڕابردوو هەستم بە ئاسوودەیی کرد. خەونم بینی کەوا من لە تەنیشت ئەم نووستووە نووستنی دوایی دەنووم، دڵم وەستا و ڕوومەتم بە ڕوومەتییەوە نووسا.

درێژەی پێدا و دەیگوت:

- ئەم هەستە نامۆیە بە شێوەیەکی سەیر دەستی پێکرد، دەزانی من دوای مردنی ئەم ئافرەتە تووشی هەژین و شێتگیری بوومەتەوە. هەرگیز من ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەپاڕامەوە، تاکو ڕۆحەکەی بۆ من بگەڕێتەوە. من بڕوایەکی قووڵم بە تارماییەکان هەیە. ئەم ئافرەتە دەتوانێت، بەڵکو لە نێوانماندا خودی خۆی هەیە! لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی، بەفر باری. لە ئێوارێ بۆ حەوشەی کلیسا چووم، ساردییەکە زۆر سەخت بوو، لەبەر ئەوەی من بەتەنیابووم، بە خودی خۆم گوت: جارێکی دیکەش بە ئامێزم هەڵیدەگرم! پێمەڕەیەکم هێنا و دەستم بە هەڵکەندن کرد، تاکو گەیشتمە سنووقەکە، کاتێ خەریکبوو بیکەمەوە شتی وا هاتە خەیاڵم، کەوا من لەسەر سەرمەوە هەناسەی کەسێك دەبیستم. لە نزیك تەنیشتی گۆڕەکە، بۆ خوارەوە دادەهاتەوە. بیرم کردەوە: ئەگەر بتوانم تەنیا

ئەمە هەڵگرم، خۆزگە پێکەوە بە خۆڵ دایاندەپۆشتین.

لە نزیك گوێم هەناسەیەکی دیکەم بیست. بۆم وا بەدیارکەوت، کە من هەست بە هەناسە گەرمەکەی دەکەم، زانیم کە بوونەوەرێکی زیندوو لە خوێن و گۆشت لە نزیکی مندا نەبووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەستم کرد، کە کاسی بوو لەوێ بوو. لە ژێرەوەم نا، بەڵکو لەسەر ڕووی زەوی.

هەستێکی لە ناکاوی هێمنی و خۆشی لە دڵ و گشت ئەندامانی لەشم بزووت و هەستم بە دڵفراوانییەك کرد. زەحمەتە بە زار باس بکرێت. بوونی لەگەڵ من مایەوە، تاکو دووبارە گۆڕەکەم پڕ کردەوە. ئەگەر ویستت، بەڵام من دڵنیابووم کە من لەوێ دەیبینم. دەرگاکە داخرابوو، ئەو هیندلییە دەبەنگە و خێزانەکەم نەیانهێشت بچمە ژوورەوە. ئەمە دەڵێم کەوا من ڕاوەستام لەقەیەکی لێبدەم، ئینجا بە پەلە چوومە نهۆمی سەرەوە. چووم بەو پەڕی پەرۆشەوە لە دەوروبەری خۆم دەڕوانی، بەڵام من نەمتوانی! ئیدی لەو کاتەوە، هەندێ جار زۆر و هەندێ جاریش کەم، ئەم ئازارە دەچێژم، کە کەس خۆی لەبەر ناگرێ.

کاتێ لە ماڵەوە دادەنیشم، وا دیتە خەیاڵم، کە من لە کاتی چوونە دەرەوەم دەیبینم، کاتێ لە چەمدا دەبم، هەست دەکەم ئەوە دێت و پێی دەگەم. من دڵنیابووم، کە دەبێ لە بەرزاییەکان لە شوێنێکدا بێت. کاتێ لە ژوورەکەیدا نووستم، هەرکە پێلووی چاوەکانم دەخەمە سەر یەکدی، ئەم ئافرەتە یا لە دەرەوەی پەنجەرەکەیە یا لەنێو ژوورەکەیە، یا تاکو سەرە ئازیزەکەی خۆی لەسەر هەمان سەرین دادەنێت وەکو ئەوەی جاران کە منداڵ بوو دەیکرد تاکو بحەسێتەوە. ئەو شەوی سەد

کەرەت چاوی خۆم کردەوە، بەڵام مخابن، چ بکەم! چیم لەدەست دێ.
ئەو بیر و لێکدانەوانەم هەمیشە تریسکایی ئومێدی تێدابوو و دڵیان سارد
دەکردمەوە! ئێستاکەش، دوای ئەوەی ئەم ئافرەتەم بینی، کەمێك
هەست بە دڵنیایی دەکەم. ئەمە شێوازێکی سەیرە بۆ خود کوشتنی
لەسەرخۆ، کە ماوەی هەژدە ساڵە یاوەری تارمایی ئومێد بکەیت.

بەڕێز هیسکلیف وەستا و ناوچەوانی خۆی سڕییەوە، چاوەکانی وەکو ئاگر سوور هەڵگەڕابوو. شێوە ڕاڕاییەکی سەیری پێوە دیاربوو، کەم قسەی بۆ کردم. منیش بە بێدەنگی مامەوە. دوای ماوەیەکی کورت، دووبارە سەیری وێنەکەی کردەوە، ئینجا هێنایە خوارەوە و خستیە پاڵ قەنەفەکەوە. ئیدی کە ئەو ئەمەی کرد، کاسی هاتە ژوورەوە و ئامادەیی خۆی نیشان دا، کاتێ ئەسپەکەی زین دەکرێت. هیسکلیفیش بە منی گوت:

- سبەی وێنەکە بنێرە.

ئینجا ئاوڕی لە کچەکە دایەوە و دووبارە گوتی:

- وەرە، قەیناکە قاچەکانت باشن، دەتوانیت واز لە ئەسپەکەت بێنیت.

خاتوو بچکۆلانەکەم بە ئەسپایی گوتی:

- ئیلین خواحافیز، بۆ بینینم وەرە.

باوکە نوێیەکەشی گوتی:

- ئاگاداربە وا نەکەیت.

دوای ئەوەی قۆڵی خۆی لە قۆڵی توند قایم کرد، خێرا دووری خستەوە.

# بەشی چل و شەشەم

## وەسییەتنامەی لینتۆن

کاسی مێردی نەکرد، تەنیا لە هاوینی ڕابردوو نەبێت. لەم دواییە هەڵسام سەردانێکم بۆ بەرزاییەکان کرد، بەڵام من لەو کاتەی ڕۆیشتبوو نەمبینیبوو. جۆزێف نەیهێشت لە دەرگاکە ئاودیو ببم، گوتی کەوا کچەکە باش نییە، ڕێزداریش لە ماڵەوە نییە. کەچی زیللا دەربارەی شێوازی ژیانیان شتێکی بۆ باس کردم. گوتی گوایە بەخۆی وا تێدەگات، کە کاسی لەخۆباییە، ئەویش خۆشی ناوێت. زیللا گوتی:

– کاتێ گەیشتە ئێرە، ئەکەمین شت کە کردی ئەوەبوو، کە یەکسەر بۆ نهۆمی سەرەوە بەسەرکەوت. بە ڕادەیەك ئێوارەباشی لە من و لە جۆزێف نەکرد. لە ژووری لینتۆن دەرگای لەسەر خۆی داخست، تاکو بەیانی لەوێ مایەوە. لە کاتێکدا ڕێزدار و هاریتۆن بەرچاییان دەخوارد، هاتە ژووری و پرسی، ئەگەر بتوانن دکتۆرێك ئامادە بکەن، چونکە کوڕە پوورەکەی زۆر نەخۆشە. هیسکلیف وەڵامی دایەوە:

– ئەمە دەزانین، بەڵام ژیانی فلسێك ناهێنێت و هیچ پارە و پوولێکی لێنادەم.

گوتیشی:

– بەڵام من نازانم چ بکەم، ئەگەر کەس یارمەتیم نەدات، دەمرێت!

ڕێزدار هاواری کرد:

- لە ژوورەکە برۆ دەرەوە، کەس لێرە نییە بایەخی پێبدات کەچی بەسەر دێت. ئەگەر تۆ گرنگی پێدەدەیت، باری نەخۆشییەکەی لە ئەستۆی خۆت بگرە، ئەگەرنا دەرگاکەی لەسەر داخە و وازی لێبهێنە.

ئینجا دەستی پێکرد نیگەرانی دەکردمەوە، گوتم کەوا من لەگەڵ ئەو گەنجە زۆر ماندوو بوومەتەوە. هەر یەکێك لە ئێمە ئیش و کارێکی بەدەستەوەیە جێبەجێی دەکات، ئیش و ئەرکی ئەویش گرنگی پێدان بوو بە لینتۆن. چۆن کاری خۆیان دەسازاند، من نازانم.

وا پێدەچوو، وەکو بڵێی شەو و ڕۆژ دەینالآند. کچەکە بواری پشوودانی نەبوو، تەنیا ماوەیەکی کەم نەبێت. بە سیمایە ڕەنگ بزرکاوەکە و چاوە ماندوو و گرانەکانی هەندێ جار بۆ چێشتخانەکە دەهات، وەکو بڵێی بۆ یارمەتی دەپاڕێتەوە، بەلآم خاتوو دین من هەرگیز نەوێرام بە پێچەوانەی ویستی بەڕێزم بکەم، هەڵبەتە ئەمەش لە ئیش و کارە تایبەتمەندییەکانی خۆم نەبوو. بێگومان بە ڕاستی من بەزەییم پیادەهاتەوە، بەلآم وەکو بەخۆت دەزانیت، من نەمویست کارەکەی خۆم لەدەست بدەم. شەوێکیان بە ئازایەتی بۆ ژوورەکەی من هات بۆ ئەوەی بڵێت، بەڕێز هیسکلیف ئاگادار بکەوە، کە کوڕەکەی دەمرێت. هەڵسە زووکە پێی بڵێ!

لەبەرچاوم ونبوو، منیش چارێکە کاتژمێرێك چوومە دەرێ، بەلآم هیچ شتێکم نەبیست.

لە دڵی خۆمدا گوتم: "ئەم کچە هەڵەکارە". دووبارە بە لێدانێکی توندی زەنگی لینتۆن بەئاگا هاتمەوە. ڕێزدار بانگی منی کرد، تاکو بزانێت مەسەلە چییە، قسەکەی کاسیم پێگوت. دوای چەند ساتێك دەرچوو، مۆمێکی داگیرساوی

هەڵگرتبوو و لە ژوورەکەیان چووە ژوورەوە. خانم هیسکلیف لە تەنیشت قەرەویلەکە دانیشتبوو، خەزووری بەسەرکەوت، رووناکییەکەی لە رووی لینتۆنە مردووەکە راگرتبوو، دەستی دایێ. لەدوای ئەمە ئاورێ لە کاسی دایەوە و گوتی:

– ئێستا خانم، چۆن هەست دەکەیت؟

– ئەوە سەلامەتە و منیش سەربەستم، بەلاّم ماوەیەکی زۆر وازت لە من هێنا، تاکو بە تەنیا لە دژی مردن تێبکۆشم، تاکو واملێهات جگە لە مردن هەست بە هیچ شتێ نەکەم و هیچ شتێکیش نەبینم.

هەندێ خواردنەوەم دایێ. ئینجا هاریتۆن و جۆزێف دوای ئەوەی بەهۆی ژاوەژاوەکە هەڵسابوون هاتنە ژوورەوە، وەکو بزانم جۆزێف بە لەنێوبردنی لاوەکە دڵخۆش بوو، هاریتۆنیش سەرەرای ئەوەی کە پتر بە تێرامانی کاسییەوە خەریکبوو، بەلاّم پێدەچوو هەندێ مەست و بێزاربوو.

بۆ بەیانی خانم گوتی بەخۆی نەخۆشە و بە درێژایی دوو هەفتە لە نهۆمی سەرەوە مایەوە. زیللا لە رۆژێکدا دوو کەرەت سەردانی دەکرد. لەوانەبوو رووخۆشتر بوو، بەلاّم کە هەوڵی دەدا بەزەیی پتر بشارێتەوە بە لووتی بەرز وەلاّم دەدرایەوە.

جارێکیان هیسکلیف بەسەرکەوت، تاکو وەسییەتنامەی لینتۆنی نیشان بدات هەموو ئەوەی بەخۆی هەیبوو ئەوەی کچەکە لە ماڵ و سامان هەیبوو، بۆ باوکی خۆی بەجێهێشتبوو. جوانەمەرگە بەسەزمانەکە قایل کراوە، یا لەوانەیە هەرەشەی لێکراوە، کە لە ماوەی ئەو هەفتەیەی کچەکە لە ماڵەوە نەبوو، کاتێ خاڵی کۆچی دوایی کرد ئەمەی ئەنجام داوە. کورەکە لە توانایدا نەبوو دەست لە کاروباری زەوییەکان وەربدات، چونکە پێنەگەیبو بوو، بەلاّم رێزدار هیسکلیف

داوای کرد و ژنەکەی لە لای خۆی هێشتەوە، چونکە خێزانی کوڕەکەش مافی هەبوو و هەمیشە خەزوورەکەش مافی هەبوو.

وابزانم ئەمە بە پێی یاسا، کاسی لە هەموو حاڵەتەکاندا نەیدەتوانی دەست لە ماڵ و سامانی مێردە مردووەکەی خۆی بدات. ئیتر نە ماڵ و سامانی بەدەستەوە ما و نە دۆست و هاوڕێ. ئینجا زیللا درێژەی پێدا:

– لەم بۆنەیە جگە لە من کەس سەردانی نەکرد. یەکەمین جار، کە لە ژوورەکەی خۆی هاتە خوارەوە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە بوو، گوتی کەوا لەمەودوا چی دی ناتوانێت لە نهۆمی سەرەوە بەرگەی ساردی بگرێت. هیسکلیفیش بۆ سراشکرۆس غرانج چووبوو، جۆزێفیش لە کلیسا بوو. بە هاریتۆنم گوت، کە کچە پوورەکەی بەنیازە لەگەڵ ئێمە دانیشێت. دەموچاوی سوور هەڵگەڕا، لە دەست و جلوبەرگەکانی خۆی ڕاما. بینیم، کە ئەو دەیەوێت بە ڕێکوپێکی بەدیار کەوێت.

بە پێکەنین چوومە پێشەوە، تاکو یارمەتی بدەم، لە سەرەتا قایل نەبوو، بەڵام نەرمم کرد تا بە یارمەتییەکەم قایل بێت. خانم بە ساردییەکی چەشنی بەفر هاتە ژوورەوە، وەکو شازادە نازوفیزی دەکرد. هەڵسامەوە و شوێنی خۆم لە قەنەفەکە دایێ، بەڵام ئەو بەرانبەر ڕێزلێنانەکەی من لووتی خۆی پتر بەرز کردەوە، هەروەها هاریتۆنیش هەڵسایەوە، داوای لێکرد لە نزیك ئاگرەکە دانیشێت. بۆخۆی کورسییەکی گرت و لە دووری ئێمە دانیشت.

دوای ئەوەی دانیشت و خەریکبوو هەستی بە گەرمی دەکرد، دەستی بە چاوگێڕانی خۆی کرد. لەسەر ڕەفێکیان ژمارەیەك لە کتێبی دۆزییەوە. ڕەفەکە بەرزبوو، بە ڕادەیەك نەیدەتوانی بیگاتێ. ئەوەی کوڕە پوورەکەشی دوای ماوەیەك لە چاودێری دەبوایە بیکات، تەنیا ئەوەبوو، کە زانی خۆی

کۆبکاتەوە و دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات.

سوپاسی نەکرد، بەلاّم بە یارمەتییەکەی قایل بوو.بە ڕاستی ئازایەتی دەویست، کە خانمەکە لاپەڕەکانی کتێبەکە هەڵبداتەوە و ئەویش لەدواوەی ڕابووەستێت. بە ڕادەیەك لە هەندێ وێنە کۆنەکاندا هێمای بۆ ئەوانە دەکرد، کە خودی خۆی پتر پێی سەرمەست بوو. ئیدی کاتێ کچەکە لاپەڕەکانی بە شێوەیەکی توند لەبەر پەنجەی دوور خستەوە، ئازایەتییەکەی جێی خۆی نەگرت.

ئیدی دڵی خۆی بەوە خۆش دەکرد لەجیاتی کتێبەکە سەیری خودی ئەم بکەن، ئینجا بە شێنەیی هەستی خۆی لە قژە حەریرییە لێشاوەکەی ڕاگرت و لێی ورد بووەوە. نەیتوانی سیمای دەموچاوی ببینێ، کچەکەش کە نەیدەتوانی بیبینێت، وەکو مندالاّن لە چاوتێبڕین هاتە سەر دەستلێدان. دەستی درێژکرد و بە نەرمی، وەکو بڵێی بالّندە بێت دەستی لە چەپکە موویێکی سەری دا. کچەکە وەکو بڵێی کوڕەکە کێردێك لە ملی دەدات، زۆر بە تووڕەیی ئاوڕێ لێدایەوە.

– دوورکەوە، زووکە! چۆن دەوێریت دەست لە من بدەیت! من ئێسکگرانی وەکو تۆم پێ هەموار ناکرێ!

هاریتۆن، وەکو گەمژەیەك دوورکەوتەوە، زۆر بە هێمنی دانیشت. ئەویش لە هەڵگێڕو وەرگێڕکردنی کتێبەکان بەردەوام بوو. ئینجا لە کۆتاییدا کوڕەکە بۆ لای من هات و بە ئەسپایی گوتی:

– توخوا زیللا ئەگەر داوای لێبکەیت، تاکو بۆمان بخوێنێتەوە، حەزدەکەم گوێی لێبگرم.

– بەڕێز هاریتۆن حەزدەکات، کە بۆمان بخوێنیتەوە. زۆر سوپاسمەند دەبێت.

وادیاربوو توورە بوو و وەڵامی دایەوە:

- پێویستە ئێوە هەمووتان تێبگەن، کە من بە هیچ شێوە بە بەزەیی ئێوە قایل نابم! کاتێ من دڵی خۆم بۆ ئێرە کردەوە، کە ژیانی خۆم بەرانبەر یەك وشەی خۆش و نەرم بەخت بکەم، ئێوە خۆتان لە من بەدوور گرت. من بە هۆی ساردییەوە بۆ ئێرە خزیوم، نەك بۆ ئەوەی کاتتان بەسەر بەرم، یا بە یاوەری من دڵتان خۆش بێت.

هاریتۆنیش گوتی:

- بەڵام من هاتم و چەند جار داوام کرد، داوام لە ڕێزدار هیسکلیف کرد کاتێ کە لینتۆن نەخۆش بوو ڕێگام پێبدات، تاکو چاودێری تۆ بکەم.

خاتووەکەم گوتی:

- وس بە! دەرچوونی خۆم لێرە پێخۆشە، نەوەکو بە گوێی خۆم دەنگەقۆڕەکەت ببیستم!

کەشوهەوایە سەهۆڵبەندەکە درێژەی کێشا. ئەم کچە پێویست بوو لەسەری، کەوا پتر و پتریش لەسەر یاوەریکردنی ئێمە بمینێتەوە، بەڵام هەر لەو کاتەوە، من وەکو ئەو ڕووخۆش نەبووم. لەوێ کەس لە نیوانماندا نەبوو خۆشی بووێت، ئەویش شایانی کەسێك نەبوو. ئیتر کە لە زیللا گوێم لەم قسانە بوو، بڕیارمدا دەست لە کارەکەم هەڵگرم. خانووچکەیەك بۆ خۆم بگرم و کاسی بێنم، تاکو لەگەڵ مندا بژیت، چارەسەری ئەم مەسەلەیەش بە من قورس و گران بوو، تەنیا مەگەر بیتوانیایە دووبارە مێرد بکاتەوە.

ئیدی بەڕێز لوکوود ئەمەیە بارودۆخی ئێستاکە لە بەرزاییەکانی ویزرینگ.

# بەشی چل و حەوتەم

## بەشۆچکەیەک ڕێزدار لوکوود دەیگێڕێتەوە

دوای چاکبوونەوەم لە نەخۆشی لە ساڵی ڕابردوو، سراشکرۆس غرانجم بەجێهێشت و بۆ لەندەن گەڕامەوە، چونکە گۆشەگیری و چۆڵەوانی ناوچەکە هەرگیز بە دڵم نەبوو، نزیکەی مانەوەی خۆم لەوێ، خێرا لەبیر کرد، کەچی لە مانگی ئەیلوول/ سپتەمبەر، بۆ باکوور بانگەهێشت کرام، تاکو لەوێ کڕی ڕاووشکار بەسەر بەرم و لە کاتی گەشتەکەم بۆ زەوی و زارەکانی هاوڕێم لە ناکاو لە ناوچەیەکدا بووم ماوەی پانزە میل لە غیمیرتۆنەوە دوور بوو. ئارەزوویەکی کتوپڕ لە ناخمدا بزووت، تاکو سەرلەنوێ سەردانێکی سراشکرۆس بکەمەوە.

دیسان وا بە خەیاڵمدا هات، کە ئەم شەو لە ژێر سایپیتەکەمدا بەسەر بەرم، وەکو ئەوەی من لێی دابەزیبم. دەشتوانم بە ئاسانی ڕۆژێك تەرخان بکەم، تاکو لەگەڵ خاوەنی ماڵەکە کاروباری خۆم ڕێکبخەم. بۆ ئەوەی پێی ڕابگەیێنم، کە ساڵی بەکرێگرتنم کە لەسەری ڕێککەوتووین لە مانگی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەر کۆتایی پێدێت و من چی دی نامەوێت خانووەکە بهێڵمەوە مەبەستم خانووەکە بە کرێ ناگرمەوە.

چوومە نێو حەوشەکەی غرانج، پیرەژنێکم بینی لەسەر پەیژەکان دانیشتبوو، لێم پرسی:

- ئایا خاتوو دین لە ژوورەوەیە؟

- خاتوو دین؟ نەخێر! ئەمە لێرە نیشتەجێ نییە، بەڵکو ئێستا لە بەرزاییەکان نیشتەجێیە.

دوای ئەوەی ڕێنماییەکانم پێدا، تاکو بۆ ئەم شەوە حەوانەوەم ڕێکبخرێت، کاتی خۆرئاوابوون سەیرانگاکەم بەجێهێشت و لەو ڕێگایەی بۆ ماڵی بەڕێز هیسکلیف دەچوو، سەرەوژوور بوومەوە.

لەم جارە، لەسەر من نەبوو دەرگا بکەمەوە، یا لێی بدەم. بۆن و بەرامی گوڵە قەشەنگەکانی باخچەکە لە هەوادا بوون، دەرگا و پەنجەرەکان لەسەر پشت کرابوونەوە. دوو کەس لە خەڵکی ماڵەکە لە ژوورەوە دانیشتبوون و دەتوانرا ببیندرێن و دەنگیان ببیسرێت، منیش ڕاوەستام.

دەنگێکی خۆشم بیست، فرمانی بە کەسێك دەکرد، تاکو بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان هەندێ ڕستە بخوێنێتەوە. دەنگێکی قووڵی نێرینەیەك دەستی بە خوێندنەوە کرد، قسەکەرەکە گەنجێکی سیما ڕێك و جوان بوو، لەبەر مێزێك دانیشتبوو و کتێبێکی لەبەر دەمدابوو. ڕووە گەشاوەکەی خۆشی و شادی پێوە دیاربوو، چاوەکانی بە ئارام لێبڕاوی لە لاپەڕەکەوە بۆ دەستێکی بچکۆلانەی سپی سەرشانی خۆی دەهێنا و دەبرد. خانمە خاوەنەکەی لەدواوە وەستابوو، چەپکە قژە نەرم و نیانە تریسکدارەکانی کاتی دەچەمایەوە، تاکو لە خوێندنەکەی ورد بێتەوە، ناوەناوە لە قژە قاوەییەکەی دەخشا. لە بەختچاکی خۆی نەیتوانی دەموچاوە جوانەکەی ببینێت، ئەگەرنا بەم شێوەیە لە شوێنی خۆی گیر نەدەبوو.

وانەی یەکەم تەواوبوو، بێ ئەوە هەڵەی تێدابێت، بەڵام قوتابییەکە داوای پاداشتی کرد، ماچی وەرگرت و کچەش بە نەرمی لێی وەرگرتەوە. ئینجا کاسی و

هاریتۆن هاتنە نێو دەرگاکە، لەبەر ئەوەی لە قسەکانیانەوە من چاودێری ئەم دووانەم دەکرد، زانیم هەردووکیان خەریکن پیاسەیەك بۆ نێو دەشت و کێوەکە بکەن. ئیدی بە ئاشکرا دیاربوو هەرچوونێکم یاخۆ بە دەرخستنێکم جێی ڕێزلێنان نابێت.

سووڕامەوە لە چێشتخانە گەڕام. هەمیشە لەوێش دەرگاکە لەسەر پشت کرابووەوە، لە پێش دەرگاکەش نیلی دینی خانمە هاوڕێی پێشووم دانیشتبوو درومانی دەکرد و گۆرانییەکی دەگوت. زۆر جار دەنگی پیرە جۆزەێفی جارسکەر گۆرانییەکەی پێ دەبڕی.

خاتوو دین لەسەر هەردوو پێیان بازی دا. بە دەنگی بەرز دەیگوت:

– ئەمە بەڕێز لوکوودە! چۆن بۆت کرا بەم شێوەیە بیر لە گەڕانەوە بکەیتەوە؟ هەمووشتێك لە غرانج کلیل دراوە؟

وەلامم دایەوە:

– سبەی دیسان دەڕۆمەوە، ئەی تۆ چۆن بۆ ئێرە هاتوویت؟

– زیللا وازیهێنا، گەورەم دوای ئەوەی تۆ بۆ لەندەن ڕۆیشتوویت، بەڕێز هیسکلیف پیاوەتی لەسەرم هەبوو، کە بێم. ئایا لە غمیرتۆنەوە بە پێیان هاتوویت؟

– لە غرانج هەتاکو نیشتەجێبووم لەوێ ئامادە دەکەن، حەزدەکەم ئیش و کارم لەگەڵ ڕێزدارەکەت کۆتایی پێبینم.

– گەورەم، چ کارێك؟ ئەو ئێستا چووە دەرەوە

– دەربارەی کرێیەکە.

- ئۆی، کەواتە تۆ دەبێت ئەمە لەگەڵ خانم هیسکلیفدا ڕێکبکەویت، یا چاکتر لەگەڵ من، چونکە ئەو هێشتا بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی فێر نەبووە، من لەجیاتی ئەوم. جگە لە ئێمەش کەس لێرە نییە.

سەرەتا سەرسام بووم، بەدوا قسەکەی خۆیدا چوو و گوتی:

- دەبینم تۆ کۆچی دوایی هیسکلیفت نەبیستووە.
- هیسکلیف کۆچی دوایی کرد؟ ئەمە لە کەیەوە؟
- ماوەی سێ مانگە مردووە. دانیشە درێژەی ئەمەت بۆ باس دەکەم، بەڵام بوەستە! چ شتێکت نەخواردووە، وا نییە؟
- هیچ شتێکم ناوێت. ژەمی ئێوارەم لەماڵی خۆم داوا کردووە، فەرموو تۆش دانیشە، هەرگیز بیرم لە مردنی نەکردەوە، ئایا بە تەمایت دوو گەنجەکان لە ماوەیەکی کورت بگەڕێنەوە؟
- نەخێر، بەڵکو لەسەر منە هەموو شەوێك لەبەر گەڕان و پیاسەکردنی درەنگەوەختیان سەرزەنیشتیان بکەمەوە، بەڵام هەردووکیان گوێ لە من ناگرن.

لەدوای ئەمە کۆتاییە سەیر و سەمەرەکەی هیسکلیفیشی بۆ باس کردم.

# بەشی چل و هەشتەم

## خاتوو دین هێشتا بەدوا رۆمانەکەدا دەچێت

بەڕێز لوکوود، کاتێ بۆ بەرزاییەکانی غرانج داواکرام دوو هەفتە بوو، کە لە غرانج ڕۆیشتبوویت. لە پێناو کاسی بە دڵخۆشییەوە پەیڕەوی داواکارییەکەم کرد. لە یەکەمین پێگەیشتنم کچەکە بێزاری کردم و دڵم پڕ خەم و خەفەت بوو، کە لەو کاتەوە لێکدابڕابووین زۆر گۆڕابوو. تەنیا گوتی، کەوا لە بینینی کاسی ماندوو بووە. دەبوایە منیش ژووره بچووکەکەی، کە لە نهۆمی سەرەوەدا بوو، کە تایبەت بە لینتۆن بوو، بیگۆڕم و بیکەمە ژووری دانیشتنی خۆم و کاسیش لەگەڵ خۆمدا بهێڵمەوە. دیاربوو بەم ڕێکخستنە دڵخۆش بوو، ئیدی وردەوردە بە نهێنی چووم ژمارەیەك لە کتێب و کەلوپەلەکانی دیکەم لە غرانجەوە هێنا.

کاسی لە سەرەتا بە ژیانەکەی خۆی قایل بوو، بەلاَم هێندە نەمایەوە کە بووە بێزارکەر و جارسکەر و رازیکەرێکی دژوار. ئەم ئافرەتە لە لایەك چوونە دەرەوەی باخچەکەی لێ قەدەغە کرا و لە لایەکی دیکەشەوە من کاتێ بە ئیش و کاری ماڵەوە خەریك دەبووم، ناچار بووم چەند جار بەجێی بهێڵم، ئیدی لە تەنیایی بۆڵەبۆڵی دەکرد و بێزاری خۆی دەردەبڕی، لە چێشتخانە لەگەڵ جۆزێفدا شەڕ و ئاژاوەی پێ خۆشتربوو، نەوەکو بە هێمنی بەتەنیا دابنیشێت. بەرهەڵستی ئەمەم نەدەکرد، بەلاَم هاریتۆنیش دەبوایە بێتە نێو چێشتخانە و بوونی لەوێدا بێت.

سەرەڕای ئەوەی ئەم ئافرەتە لە سەرەتادا، لە کاتی هاتنە ژوورەوەی کوڕەکە دەچووە دەرەوە، یا کە من ئیشم دەکرد بە هێدی دەهاتە لای من و بێ ئەوەی هیچ گوێ بە کوڕەکە بدات، بەلاَم کچەکە دوای ماوەیەك هەڵسوکەوتی خۆی گۆڕی

و بۆی نەكرا وازی لیٚ بێنێت و گوێی نەداتیٚ. قسەی لەسەر دەكات و ڕەخنە لە دەبەنگی و گەمژەییەكەی دەگرێت، سەیری پێدێت، كە چۆن دەتوانێت بەرگەی ئەم ژیانە بگرێت، كە ڕۆژانە تێیدا دەژیت. جارێكیان هێمای كرد، گوتی:

- ئیلین ئەم پیاوە وەكو سەگە، ئەی وا نییە؟ یا وەكو ولاّغی گالیسكەیە؟ ئەمە تەنیا كاری خۆی دەكات و خواردەمەنی خۆی دەخوات و دەنوێت. هاریتۆن ئەی خەون نابینیت؟ ئەی ناتوانیت لەگەڵ من بئاخفیت؟

كچەكە تێی ڕاما، بەلاّم ئەو پیاوە دەمی خۆی لێكنەكردەوە، یا دووبارە سەیری نەكرد. لە بۆنەیەكی دیكەدا كچەكە دەنگی خۆی لیٚ هەڵبڕی:

- ئیلین، من دەزانم كاتیٚ لە چێشتخانە دەبم، هاریتۆن بۆچی قسە ناكات، ئەوە دەترسێت كە پێی پێبكەنم، تۆ دەڵێی چی؟ جارێكیان دەستی پێكرد خۆی فێری خوێندنەوە دەكرد، كاتیٚ پێكەنیم، كتێبەكانی خۆی سووتاند و وازی لێهێنا. ئەی گەمژە نەبوو؟

منیش گوتم:

- ئەی بەدبەخت وانابیت؟

بەدوا قسەی خۆیدا چوو و گوتی:

- لەوانەیە وا بوویم، بەلاّم من لەم باوەڕەدا نەبووم كە ئەوها نەزان و گەلحۆ بێت. هاریتۆن، ئایا ئێستا وەردەگریت ئەگەر كتێبێكت پێبدەم؟

كتێبێكی لە دەستی نا، دوور تێیهەڵدا و هەڕەشەی لە كچەكە كرد. ئەویش گوتی:

- باشە، لە چەكمەجەی مێزەكە دایدەنێم، دەچم دەنووم.

بۆ من چرپاندی، تاكو چاودێری بكەم، كە ئەو كاتەی دەچێتە دەرەوە ئەو دەستی لێدەدا. لەبەر ئەو بیٚ ئومێدییە مەزنەی خۆی نەیویست لێی نزیك بێتەوە. ئیدی بەرانبەر دووركەوتنەوەی بەردەوامی لە دۆستایەتییەكەی و ئازاردانی ویژدانی خۆی، كە لە پێشخستنی خودی خۆی دەیترساند هەستم پێكرد تەواو

سووی دەبووەوە.

بێهوودە هەوڵمدا ئەو ئێش و ئازارە لەسەر کچەکە سووک بکەمەوە. کچەکە لە کاتی خەریکبوونم لە چێشتخانە کتێبێکی خۆشی ئامادە دەکرد، بە دەنگی بەرز بۆ منی دەخوێندەوە، ئینجا کاتی هاریتۆن لەوێ دەبوو، لە خاڵێکی خۆش و دڵگیر ڕاوەدەستا و لەم لاپەڕە کتێبەکەی بە والایی بەجێدەهێشت. ئیدی چەند جار ئەمەی دەکرد، بەڵام کوڕەکە لەسەر بەرهەڵستکاری ڕشت بوو. لە کژی باراناوی لەگەڵ جۆزێفدا خووی بە جگەرەکێشان گرت و لە ئێوارە جوانەکانیش بۆ ڕاوکردن دەرچوون.

لەم کاتەدا، کاسی هەناسەی هەڵدەکێشا و بێزاری دەردەبڕی و زۆری لە من دەکرد، کە لەگەڵیدا بدوێم، دەیگوت ژیانەکەم بێکەڵکە.

# بەشی چل و نۆیەم
## دیارییە پەسندکراوەکە

لە کاتێکدا ڕازیبوونی بەڕێز هیسکلیف بە تێکەڵبوونی خەڵك وردەوردە کەم دەبووەوە، بڕیاریدا، کەوا هاریتۆن سەر بە ژوورەکەیدا نەگرێت. ئەمەش بە هۆی ڕووداوێك، کە لە سەرەتای مانگی ئادار/ مارس لەم کوڕە ڕوویدا و ناچاری کرد چەند ڕۆژ لە ماڵەوە لە چێشتخانە بمێنێتەوە. لەو کاتەی لە دەرەوە لە لای شاخەکان بەتەنیا دەبێت تفەنگەکەی لەدەست دەتەقێت. باسکی بریندار ببوو، خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆییبوو. ئەمەش بۆ کچەکە باش بوو، کە کوڕەکە لە نزیك ئاگردا دەمینێتەوە، یا بە هەرحاڵ ئەمە وای لێکرد، کە حەز نەکات لە ژوورەکەی خۆی لە نهۆمی سەرەوە بمێنێتەوە.

لە دووشەممەی جەژنی هەڵسانەوە، جۆزێف لەگەڵ هەندێ مەڕومالآت بۆ بازاری غیمرتۆن دەرچوو. لەدوای نیوەڕۆ لە چێشتخانە بە شۆرینی جلوبەرگ خەریکبووم. هاریتۆن، وەکو جاران لە گۆشەیەکی ئاگردانەکە بە بێدەنگی دانیشت. خاتووە بچکۆلانەکەشم لەسەر پەنجەرەکان هەندێ نیگاری ڕەسم دەکرد و خۆی بە هەندێ بڕگەی کورتی گۆرانی خەریك دەکرد و بە ئەسپایی هەندێ تێبینییەکانی دەردەبڕی و تێڕامانە خێراکانیشی بەرانبەر بە کوڕە خاڵەکەی خۆی هیمای بێزاری و جاڕسی دەنواند، کە لە جگەرەکێشان و تێڕامانی ئاگرەکە بەردەوام بوو.

هێندە زۆر ئاگادار نەبووم، کە کچەکە چی دەکرد، بەڵام هێندەی نەبرد گوێم لێیبوو دەیگوت:

– هاریتۆن دۆزیمەوە، من دەمەوێت –من دڵخۆشم– ئەگەر لەگەڵ مندا بەم شێوەیە خراپ و دڵڕەق نەبێت، من حەزدەکەم ئێستا ببێتە کوڕی خاڵم.

هاریتۆن نقەی نەکرد.

– هاریتۆن! هاریتۆن! هاریتۆن! ئایا گوێت لێیە؟

بە توندی گوتی:

– لەبەر چاوم ون بە!

ئەویش بە هۆشیاری دەستی بۆ دەمی کوڕەکە برد و گوتی:

– لێمگەڕێ ئەم دارجگەرەیە ببەم.

بەرلەوەی بتوانێت لەدەستی بسێنێتەوە، کچەکە شکاندی و هاوێشتییە نێو ئاگرەکەوە. جوێنی پێدا و دارجگارەیەکی دیکەی دەرهێنا. هاواری کرد:

– بوەستە! تۆ دەبێت یەکەمین جار گوێ لە من بگریت، من ناتوانم بدوێم و ئەم هەورە پاك و خاوێنەش لەبەر دەمم بێت.

کوڕەکەش بە هاوار گوتی:

– دەی ناکەی بڕۆیت و وازم لێ بێنیت!

وەڵامی دایەوە:

– نەخێر، بەڵکو هەڵسوکەوتەکانت شەرمەزارم دەکەنەوە، تۆ کوڕی خاڵی منی، دەبێ کەوا لە من بگەیت. کاتێ بە دەبەنگ ناوت دێنم، مەبەستم ئەوە نییە سووك و ڕسوات بکەمەوە.

وەڵامی دایەوە:

- هیچ پێوەندییەکم بە تۆوە ناوێت و ئەم گاڵتە پێکردنە نەگریسەی بە منیشم ناوێت، جارێکی دی سەیرت ناکەمەوە، ئێستا وازم لێ بێنە، دوورکەوە !

کاسی بۆ کورسییەکە چوو، لە پێش پەنجەرە لێوەکانی خۆی دەکرۆشت و چاوی پڕ گریان ببوو. منیش گوتم:

- بەڕێز هاریتۆن تۆ دەبێت ببیتە هاوڕێی کچی پووری خۆت، پاش ئەوەی لەسەر هەڵسوکەوتی پێشینەی خۆی پەشیمان بووەوە، ئەگەر هاوڕێت بێت زۆر بە کەڵکت دێت.

ئەویش هاواری کرد:

- هاوڕێ، کاتێ ڕقی لێم دەبێتەوە و ڕەچاوی من ناکات، تاکو بۆ سڕینەوەی پێڵاوەکانی بشێم.

کاسی بە ئاشکرا دەگریا و دەیگوت:

- من نیم کە رکی لێت دەبێتەوە، بەڵکو تۆی کەوا رکت لە من دەبێتەوە ! تۆ پتر ڕقت لە من دەبێتەوە لەوەی، کە بەڕێز هیسکلیف ڕقی لە من دەبێتەوە.

هاریتۆن گوتی:

- ئەمە ڕاست نییە، لەبەرچی وام لێکرد تووڕە بێت بەوەی کە سەدجار پشتگیریم لە تۆ کرد، ئەمەش ئەو کاتانەی، کە تۆ گاڵتەت بە من دەکرد و سووك و کەمت دەکردمەوە !

ئەویش فرمێسکی خۆی دەسڕییەوە و وەڵامی دەدایەوە:

- نەمزانی تۆ پشتگیری منت کردووە. ئینجا من بەرامبەر هەمووان توورە و بێزار بووم، بەڵام ئێستا من سوپاست دەکەم و تکام وایە لێم ببوریت.

لە ئاگرەکە نزیکبووەوە و دەستی خۆی بۆ درێژ کرد، ئەویش رووی گرژ هەڵگەڕا، وەکو ئەوەی بە پەلە هەورێکی تریشقەدار بچێت و نەیویست کە سەیری بکات، یا کە خۆی بەدەستییەوە بدات. چارە نییە دەبێ کاسی وایزانیبێت، کە بێ ئارەزووی لە ڕەتدانەوە یا قسەکردن و ئەو رق و کینە و خۆش نەویستنە نییە، کە وای لێکردووە خۆی بگرێت، چونکە هێندەی نەخایاند پاش ساتێك لە چاودێریکردن، کچەکە خۆی چەماندەوە و ماچێکی خۆشی لە ڕوومەتی کرد.

بەسەزمانە وایزانی کەوا من نەمبینی، کشایەوە و لە نزیك پەنجەرەکە لەسەر کورسییە پێشووەکەی خۆی دانیشت. سەری خۆم بە بێزاری لەقاندەوە، کچەکەش دەموچاوی خۆی شاردەوە، کاتێ بەرزی کردەوە، لە سەرسامییەکی غەمگیندا بوو کە رووی خۆی لە کوێ بکات.

لەم کاتە کاسی خۆی بە بەرگکردنی کتێبێکی جوان بە کاغەزی سپی خەریك کرد. دوای ئەوەی بە شریتێك بەستای و بۆ "بەڕێز هاریتۆن ئێرنشۆ"ی ئاراستە کرد، داوای لە من کرد، کە پەیامنێری بم و دیارییەکە هەڵگرم و بۆ کوڕەکەی ببەم. گوتیشی:

- کاتێ وەریدەگرێت پێی بڵێ، کەوا من ئامادە دەبم و خوێندنەوەی تیا فێر دەکەم، ئەگەر ئەمەی ڕەتدایەوە بۆ نهۆمی سەرەوە بەسەردەکەوم و جارێکی دیکە بێزاری ناکەمەوە.

وەرمگرت و ئەنجامی نامەیەکیم بۆ گەڕاندەوە. هاریتۆن نەیویست پەنجەکانی خۆی لێك بکاتەوە، منیش کتێبەکەم لەسەر ئەژنۆی دانا و بۆسەر ئیش و کاری

خۆم گەڕامەوە. کاسی سەری و هەردوو قۆڵی خۆی بۆ سەر مێزەکە چەماندەوە، تاکو دەنگێکی بە هێدیی بیست، کە لە لابردنی سەرقاپەکەوە هات. ئینجا دوور بە دووری هاتە ژوورەوە و بە هێواشی لە تەنیشت کوڕە خاڵەکەی خۆی دانیشت. کوڕەکە لەرزی و دەموچاوی گەش بووەوە.

هەموو چەقاوە سووییەکەی لێڕەوییەوە. لە سەرەتا هیچ ئازایەتییەکی لێ نەبینی، تاکو بە وشەیەك دەمی خۆی بکاتەوە، وەڵامی ئەو نیگایە پرسیارکەرانە بداتەوە.

– هاریتۆن، دەی وا بکە، دە بڵێ کەوا لێم دەبووریت!

قسەیەکی بە منگەمنگ کرد نەکرا ببیسترێت.

– تۆ دەبیتە هاورێم؟

کوڕەکە وەڵامی دایەوە:

– بەڵام تۆ هەموو ڕۆژێك لە ژیانی خۆتدا شەرم لە من دەکەیتەوە، ئەمەم پێ هەموار ناکرێت.

کچەکە زەردەخەنەیەکی ناسکی وەکو شەکر دەکرد و بۆ تەنیشتی دەخشی و گوتی:

– کەواتە نابیتە هاورێم؟

نەمتوانی پتر گوێم لە قسەکان ببێت، بەڵام کاتێ دووبارە ئاوڕم دایەوە، دوو سیمای بەختەوەری گەشاوەم بینی و هەردووکیان بەسەر لاپەڕەکانی کتێبە پەسەندکراوەکە چەمابوونەوە. ئیدی بەم شێوەیە دۆستایەتییەکە دەستی پێکرد و سەرەڕای ئەوەی جارجار هەندێ پچڕانی تێکەوت، بەڵام بە خێرایی گەشەی سەند. هاریتۆن لەوەدا نەبوو، تاکو تەنیا بە ئومێد فێر بێت و فێری ڕەوشتچاکی

بێت، هەروەها خاتووە بچکۆلانەکەشم لەوەدا نەبوو، کە نمونەی ئارام بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردووکیان هەمان خاڵیان کردە ئامانج، یەکیان هەستی خۆشەویستی و ئارەزووکردن بە ڕای چاك و باش هەڵسوکەوتکردن، ئەوی دیکەیان هەستی خۆشەویستی و ئارەزووکردن بە پیاهەڵدان و سوپاسکردن. ئیدی لە کۆتاییدا هەردووکیان توانیان بە ئامانج بگەن.

# بەشی پەنجایەم
## تووڕەییم نەورووژێنێت ئاگادار بە

لەو ڕۆژەی دوای ئەو دوو شەممەیە هات، لە کاتێکدا کە هاریتۆن توانای ئەوەی نەبوو ئیش و کارەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت، کاسی پێشی من لە پەیژەکە دابەزییە خوارەوە و بۆ باخچەکە دەرچوو لەبەر ئەوەی کوڕە خاڵەکەی خۆی بینی هەندێ ئیش و کاری سووکی دەکرد، لە کاتێکدا من کچەکەم بۆ بەرچایی بانگ کرد، کچەکەم بینی کوڕەکەی بە خاوێنکردنەوەی گۆڕەپانێکی گەورەی زەوی قایل کردبوو، کە هەندێ دەوەنە بەبەرەکانی تێدابوو. هەردووکیان بە پلاندانان خەریکبوون، تاکو هەندێ ڕووەکەکان لە غرانجەوە بهێنن.

بەرانبەر گۆڕانکارییەکە سەرم سوڕما، کە لە ماوەی تەنیا نیو کاتژمێر ڕوویدا. دەوەنە بەبەرەکانیش گەنجینەی جۆزێف بوون، تێکراوگەی گوڵە هەڵبژاردەکانیشی لە نێوەندیان دامەزراندبوو. منیش بە هاوار گوتم:

- ڕێزدار ئەمە دەبینێت! تووشی کێشەیەکی گەورە دەبینەوە، دەبوایە لەمە ئاگادار بوونایە!

هاریتۆن بە سەرسامی وەڵامی دایەوە:

- لەبیرم چوو ئەمە تایبەت بە جۆزێفە، بەڵام پێی دەڵێم کەوا من ئەمەم کردووە.

ئێمە بەردەوام لەگەڵ بەرێز هیسکلیفدا چێشتمان دەخوارد. منیش لە چالێنان و پێشکەشکردنی گوشت شوێنی خاتووەکەی خۆم گرتەوە، کاسیش هەموو جارێك لە تەنیشت من دادەنیشت، بەلاّم ئیمرۆکە خۆی لە نزیك هاریتۆن نا.

– ئێستا ئاگاداربە زۆر قسە نەکەیت و چاودێری کوڕی خاڵت نەکەیتەوە.

ئەمە ئەم ئامۆژگارییە بوو، کە لە کاتی هاتنەژوورەوەمان لە ژوورەکە بە گوێی کچەکەمدا چرپاند... دیسان گوتم:

– بەدڵنیاییەوە هیسکلیف بێزار دەبێت و لە هەردووکتان پێکەوە تووڕە دەبێت.

کچەکە وەلاّمی دایەوە:

– ئەمە ناکەم.

لە دەقیقەی پاشتر شوێنی خۆی بۆ تەنیشت کوڕەکە گواستەوە و گوڵەکانی لە قاپی تێگوشراوی تایبەت بە کوڕەکە قایم دەکرد. کوڕەکە نەوێرا قسە بکات، نەشوێرا تێی ڕابمینێت، کەچی کچەکە لەوەی دەیکرد بەردەوامبوو، تاکو گەیشتە ئەوەی نەتوانێت زەردەخەنەیەك بشارێتەوە، بە ناڕەزایی سەیرم کرد، بە لاتیوی چاوم سەیری لای ڕێزدارم کرد، کە لە سیمایدا وا دیاربوو مێشکی بە کاروباری دیکەوە خەریکبوو. ئینجا کچەکە کردییە ڕاستی، بەلاّم هەر خێرا سەرلەنوێ مەسەلە قۆڕەکانی خۆی دووبارە کردەوە. ئیدی لە کۆتاییدا هاریتۆن بە پێکەنینێکی نەرم پێکەنی.

ڕێزدار هیسکلیف ئاوڕی دایەوە و سەیری دەموچاومانی کرد. کاسی نیگایە ڕاهاتووە تێکەلاّوبووەکەی بە ترس و ڕسواکردن قۆستەوە و چاوی لە دوڕ چاوی نا. ئەویش هاواری کرد:

- باشە، کە تۆ لەبەر دەستم دووریت، چی وا لە تۆ دەکات کە بەم دوو چاوانەت سەیرم بکەیت؟ نزمیانکەوە!

هاریتۆن منگەمنگی کرد:

- من بووم ئەوەم کرد.

ڕێزدار هیسکلیف کەمێك تێی ڕاما، ئینجا بەهێمنی دەستی بە بەرچاییەکەی خۆی کردەوە. ئێمە نزیکەی تەواو ببووین کاتێ جۆزێف لە لای دەرگاکە بەدیارکەوت، لە لەرزینی لێوەکەی و تێڕامانە قین لە دڵەکەی ئاشکرا پێیەوە دیاربوو، کەوا دەستدرێژیکردنەکەی سەر دەوەنە بە بەهاکانی دۆزیبووەوە، شەویلکەکانی وەکو هەردوو شەویلکی مانگا دەجوولانەوە، تێگەیشتنی قسەکانی بە زەحمەت کەوتبوون. هیسکلیف بە بێزارییەوە گوێی لە زەنجیرە سکاڵایە دووروودرێژەکانی گرت، ئینجا لە کۆتاییدا گوتی:

- ئایا ملهوڕەکە سەرخۆشە؟ ئایا تۆیت کەوا هەڵەکاریت؟

گەنجەکە وەڵامی دایەوە:

- دوو دەوەن یا سێیانم هەڵکێشاوە.

- لەبەرچی هەڵتکێشاون؟

کاسی خۆی تێهەڵقوڵتاند دەیگوت:

- ویستمان هەندێ گوڵ لەوێ بڕوێنین،من بەتەنیا ئەوەم، کە شایانی گلەیی بم.

- کێ ڕێگای پێدایت، کە لەم شوێنە دەست لە شت بدەیت؟

ئینجا ئاوڕی لە هاریتۆن دایەوە و زیاتر گوتی:

- کێ داوای لێکردیت کە بە گوێی بکەیت؟

کوڕە لاوەکە نقەی نەکرد و لێوی خۆی لێکنەدا. کچە پووڕەکەی وەڵامی دایەوە:

– حەقت نییە ئەگەر چەند یاردەیەکی کەم لە زەوی دەستنیشان بکەم، تاکو جوانی بکەم. لە کاتێکدا تۆ دەستت بەسەر گشت زەوی و زارەکانی من داگرت!

– زەوی و زار! هەرگیز تۆ زەوی و زارت نەبووە!

لە کاتێکدا دواترین پارووی لە بەرچاییەکەی خۆی قووت دەدا، بە چاوێکی پڕ لە تووڕەییەوە دووبارە تێی ڕاما و زیاتر گوتی:

– ئەی ماڵ و سامانم؟

ئەویش هاواری کرد:

– بێدەنگ بە! تەواوبە و بڕۆ.

کچەکە زیاتر گوتی:

– ئەی زەوی هاریتۆن و سامانی، ئێستا من و هاریتۆن هاوڕێین. دەربارەی تۆ هەموو شتێکی تێدەگەیینم.

دیاربوو ڕێزدار ماوەیەك توانای وەڵامدانەوەی نەبوو، ڕەنگی تێکچوو، ئینجا هەڵسایە سەرپێیان و بە چاوێکی پڕ لە ڕق و کینەی کوشندە لە کچەکە ڕاما. کچەکەش پێی گوت:

– ئەگەر لێمبدەیت، هاریتۆنیش لێتدەداتەوە، بۆیە بۆ تۆ وا باشە کە دانیشیت!

هاریتۆن بە سرپەسرپ هەوڵیدا، کە بۆ ڕۆیشتن ڕازی بکاتەوە، بەڵام کچەکە گوتی:

– ئەی پیاوی شەڕفرۆش لە ئێستا بەملاوە چی دی بە گوێی تۆ ناکات،

هەر زوو بە زوو، وەکو ئەوەی من دەتبوغزێنم، ئەویش دەتبوغزێنێت.

گەنجەکە منگەمنگی لێوە هات:

- لەسەرەخۆ بە، نامەوێت بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ بکەیت.

- بەڵام تۆ لێناگەڕێیت لێمبدات؟

بە ئەسپایی گوتی:

- کەواتە وەرە.

بەڵام ئەمە زۆر درەنگ بوو، چونکە هیسکلیف پڕیدایە کچەکە و لە قژییەوە گرتی. هاریتۆنیش لە هیسکلیف پاڕایەوە، کە ئەم جارە ئازاری نەدات و هەوڵیدەدا چەمکەقژەکانی لەدەست دەربهێنێت. ویدەچوو هەندێکی مابوو کاسی پارچەپارچە بکات. کاتێ لە ناکاو پەنجەکانی شلبوونەوە و قۆڵی گرت، من بۆ ڕزگارکردنی هاتم. ئیدی رەق راوەستا و چەند ساتێك بە وردی لە دەموچاوی کچەکە راما.

ئینجا دەستی لەسەر هەردوو چاوەکانی خۆی دانا، ساتێکی دیکە وەستا، تاکو بەربەستی خودی خۆی ببێتەوە. ئیدی ئاوڕی لە کاسی دایەوە و بە هێواشییەکی بە درۆ گوتی:

- ئاگاداربە، دەبێ تۆ ئەمە بزانیت، کە تووڕەم نەکەیتەوە، ئەگەرنا ڕۆژێك بەڕاستی دەتکوژم. بڕۆ لای خاتوو دین، لەگەڵ ئەوەدا بمینێوە، بەڵام دەربارەی هاریتۆن ئێرنشۆ، ئەگەر بینیم گوێڕایەڵی تۆ دەبێت، ئەویش دەنێرم تاکو پاروە نانێك بۆ خۆی دابین بکات، چونکە ئەمەی پێدەکرێت، خۆشەویستی تۆ دەیکاتە بێ داڵدە و هەوار. هەمووتان وازم لێبێنن!

خاتووە بچکۆلانەکەی خۆم بۆ دەرەوە برد. کەچی ئەم کچە بەرخودانی پێ چاکتربوو، نەوەکو ڕابکات. لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ ئامۆژگاری کچەکەم کرد، کە چێشتی خۆی لە نهۆمی سەرەوە بخوات، بەڵام هەر کە هیسکلیف کورسییە بەتاڵەکەی بینی، منی نارد تاکو کچەکە بانگ بکەم.

لەگەڵ هیچ یەکێکمان قسەی نەکرد، بەڵکو کەمێکی خوارد، ئینجا لەدوای ئەمە یەکسەر چووە دەرەوە و گوتیشی کەوا تاکو پێش ئێواریێ ناگەڕێتەوە.

## بەشی پەنجا و یەکەم

### دڵە ڕەنجاوەکە

لە ماوەی ئەو ڕۆژەی هیسکلیف لە ماڵەوە نەبوو، هەردوو هاوڕێیەکان لە ماڵەوە مانەوە، گوێم لە هاریتۆن بوو بە چوستی بۆ کچە پوورەکەی خۆی دەدوا. کاتێ پێی گوت، کە باسی هەڵسوکەوتی خەزوورەکەی بەرامبەر بە باوکی خۆی بۆ بکات، گوتی کەوا بە یەك وشە ڕێی پێنادات لە دژی هیسکلیفدا قسە بکرێت.

هیسکلیف هەرچۆنێکیش بێت لە تەکیەوە دەوستێت، کوڕەکە حەزدەکات قسەی خراپ بە خودی ئەو بگوترێت، نەوەکو کچەکە قسەی نابەجێ بە هیسکلیف بڵێت. کچەکە بەرانبەر بەمە بێزاربوو، کەچی کوڕەکە لێی پرسی، کە ئایا قایل دەبێت قسەی خراپ لەسەر باوکی ئەو بکرێت. کچەکەش زانی کە لە نێوان هاریتۆن و ڕێزداری بەرزاییەکانی ویزرینگدا پێوەندییەکان بەهێزترن لەوەی، کە قسەی ژیریانەوە ڕاست و دروست بیروخێنێت و زنجیرەیەك کە دابونەریتی بەدکاری دایمەزراندبێت مەحاڵە ستەمەکە بەرەو هەڵوەشانەوە ببردرێتەوە.

ئیدی لەو کاتەوە بە دڵێکی باشی سۆزدار خۆی بەدەرخست. خۆی لە سکاڵاکان یا دەربڕینی رك و کینە بەرانبەر بە هیسکلیف دوور خستەوە بۆ من دانی بە خەم و پەژارەی خۆی هێنا، کەوا هەوڵیدا بوغز و کینە لە نێوان ئەو و نێوان هاریتۆندا بوروژێنێت. بڕوا ناکەم ئەم کچە لەم کاتەوە بە یەك وشە بەرانبەر دوژمنەکەی خۆی بۆ کوڕە پوورەکەی خۆی دەمی خۆی بە ڕاستی کردبێتەوە. کاتێ ئەم ناکۆکییە سووك و ساکارە کۆتایی پێهات، دووبارە بوونەوە دۆستی یەکدی. بە

پێی توانا، وەکو قوتابییەك و خانمە مامۆستایەك خەریکی کارەکانی خۆیان بوون. منیش لە دانیشتن لەگەڵیاندا ئامادە دەبووم.

کە چاودێرییانم دەکرد، هەستم بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکرد. بە ڕادەیەك من هەستم بە تێپەڕبوونی وەخت نەدەکرد، واملێهات وەکو بە خۆت دەزانیت، تا ڕادەیەك وەکو منداڵەکانی خۆم سەیرم دەکردن. من ماوەیەکی دووورودرێژ بوو بە یەکێکیانەوە مەست بووم، بەڵام ئێستا دڵنیام کە ئەوی دیکە، وەکو ئەم دەبێتە مایەی دڵخۆشی. ئەمە لەبەر ئەوەی، کە خووڕەوشتی ڕاستگۆیی و گەرمی و زیرەکی تێدایە هەر زووبەزوو هەوری نەزانین و کەمی و ڕسواییەی، کە لە ژێر سێبەریدا پەروەردە ببوو لەسەری لاچوو. هەروەها ئەو پیاهەڵگوتنە دلسۆزانەییەی کاسی هانیدا کە پێشکەوێت و هەنگاوی چەسپاو هەڵێنێت.

زەینی ڕوون و گەشاوەکەی لە سیمای چوست و چالاکی ڕەنگی دەدایەوە. بڕوام نەکرد ئەمە هەمان کەس بێت، کە ئەو ڕۆژەی بینینم کە زانیم خاتووە بچکۆلانەکەم بە سواری ئەسپ بۆ شاخەکان چووە و خۆی گەیاندووەتە بەرزاییەکانی ویزرینگ. لە کاتێکدا من بە مەستی سەیریان دەکرد و ئەوانیش بە کارەکانی خۆیانەوە خەریکبوون، ئێوارە داهات و لەگەڵیدا ڕێزدار گەڕایەوە. لە ڕێگاکەی پێشەوە بە شێوەیەکی لە ناکاو لێمان هاتە ژوورەوە، ئەویش بەرلەوەی، کە بتوانین سەرمان بەرز بکەینەوە هەر سێکمانی بینی. من هەرگیز لەم دیمەنە جوانتر، یا بێ وەی تر بە خەیاڵمدا نەدەهاتەوە و جێی خەم و داخە، کە تووڕەیان بکەیتەوە.

دەموچاویانیش بەدیارکەوت، وەکو پەرۆشی منداڵان دەگەشایەوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە کوڕەکە لە تەمەن بیست و سێدا بوو، کچەکەش لە هەژدە،

بەلام هەر یەکیان زۆر مەسەلەی نویی بەدەستەوەبوو، تاکو فێری ببێت و هستی پیّ بکات. لەوانەیە تۆ سەرنجی ئەوەت نەکردبێت، کە چاوەکانیان تەواو وێکدەچوون و ئەم دووانەش چاوەکانی کاسرین ئێرنشۆ بوون.
کاسرینی ئێستاش وێی ناچێت تەنیا لە فراوانی ناوچەوانی نەبێت، بەلام وێچوون لە هاریتۆندا بە شێوەیەکی نائاسایی زەینی ڕوون بوو. وابزانم ئەم وێکچوونە ئەمە بوو، کە بەڕێز هیسکلیفی هەراسان کردبوو. بە بێزارییەك، کە ئاشکرا پێیەوە دیاربوو بۆ لای ئاگردانەکە ڕۆیشت. سەیری گەنجەکەی کرد، ئینجا کتێبەکەی لەدەست وەرگرت چاوێکی خێرای بە لاپەڕەکەدا گێڕا و بیّ ئەوەی هیچ قسەیەك بکات، کتێبەکەی بۆ گەڕاندەوە. هێمای بۆ کاسی کرد، کە بڕوات. هاوڕێیەکەی بە پەلە پێی گەیشت، هەروەها منیش خەریکبوو دەربچم، بەلام ئەو فرمانی پێکردم، کە بە بیّ جوولە دانیشم. ئینجا دوای چرکەیەك بێدەنگی، گوتی:

- ئەمە کۆتاییەکی خەمناکە، ئەی وا نییە؟ کۆتاییەکی ناڕازییە بە هەولّ و کۆششم. هەموو توانای خۆم بۆ پلاندانان بەکار دەهێنم، تاکو ئەم دوو بنەماڵەیە لەنێو ببەم. کاتیّ هەمووشتێك ئامادە دەبێت، سەیر دەکەم ویستی جێبەجێکردن توانای نەماوە و زەمانی بەسەرچووە. دوژمنە کۆنەکانم منیان نەبەزاند، ئا ئەمە کاتی خۆیەتی کە تۆڵەی خۆم لە منداڵەکانیان بکەمەوە.

لە توانامدا هەیە ئەمە جێبەیّ بکەم، کەس نییە بتوانێت لە ڕوومدا بوەستێت، بەلام سوودی چییە؟ مەسەلەکە ئەوە نییە، کە من شتێك لە چاکە و پیاوەتیم لەدەست دیّ، بەڵکو ئەم تواناییەم لەدەست چووە، کە

چێژ لە ڕووخان و دارمانیان وەرگرم. هەمیشە هێز و توانای تێکدانیشم نەماوە، کە لەپێناو شتێك کە هیچ نەبێت هەوڵ و کۆششی بۆ بدەم.

نیلی گۆرانکارییەکی سەیر لە من نزیك دەبێتەوە، ئێستا من کەوتوومەتە ژێر سێبەرییەوە. زۆر گرنگی بە ژیانی ڕۆژانەی خۆم نادەم، تاکو بەکەمی بیر لە خواردن و خواردنەوە دەکەم. ئەمانە، ئەم دووانەی کە ژوورەکەیان بەجێهێشت، هەردووکیان دوو شتی بە تەنیان، کە بۆ من بە ئاشکرا دیارن. ئەم بەدیارکەوتنەش بۆ من بووەتە مایەی هەست بە ئازارکردن، بەڵام دەربارەی ئەم کچە، نامەوێت قسەی لەسەردا بکەم و حەزیش ناکەم بیری لێ بکەمەوە. بوونی ئەم کچە شێتایەتیم دەورووژێنێت، کەچی کوڕەکە بە شێوەیەکی جیاواز کارم تێدەکات.

ماوەی پێنج دەقیقەیە، هاریتۆنم بە وێنەیەکی زیندووی جحێڵی خۆم دێتە بەرچاو. بە چەندین ڕێگای جیاواز هەستی خۆم بەرانبەر بەم کوڕە دەربڕیوە، لە خانەی یەکەمدا، ئەم لێکچوونە زۆرەی بە شێوەیەکی ترسناك بە مێشکی منی بەستووەتەوە، نەك لەبەر ئەوەی ئەمە کاریگەری بەهێزی لەسەر زەین و هۆشی مندا هەیە، بەڵکو بە گوێرەی من چییە ئەوەی بەم ئافرەتەی نابەستێتەوە؟

منیش ناتوانم سەیری ئەم زەوییە بکەم بێ ئەوەی سیمای ئەم ئافرەتە نەبینم، کەوا لەسەر بەردەکان نەخش کرابێت؟ من لە هەموو هەورێك و لە هەموو درەختێکدا دەیبینم! سیمایە ئاساییەکانی زۆربەی پیاوان و ژنان بە تێکچوونی ئەم ئافرەتە لە خشتەم دەبەنەوە، جیهان بە گشتی کۆمەڵێك لە مەسەلە و شتومەکی ترسناکن. ئەم ئافرەتەم بەبیر

دینێتەوە، کە لە ڕۆژگارێکدا هەبووە و منیش لەدەستم چووە!

باشە، کەوا ڕواڵەتی هاریتۆن تارماییەکەی ئەڤینی منە، کە هەرگیز نامرێت. تارمایی هەوڵە توندوتیژەکانمە، تاکو دەست بە مافی خۆمەوە بگرم، تارمایی زەبوون بوونم و سەربەرزی و بەختەوەری و ئێش و ئازار و ڕەنجدانم..

بەلام شێتییەکی بەڕاستییە، کە ئەم بیرۆکانە بۆ تۆ دووبارە دەکرێتەوە.

گوتم:

– بەڕێز هیسکلیف، مەبەستت لە گۆڕانکارییەك چییە؟

لە شێوەی قسەکردنی تەواو ترسام، سەرەڕای ئەوەی کە نە لە مەترسی لە هۆش خۆی چوون و نە لە مەترسی مردندا بوو، بەڵکو بە گوێرەی ئەو دیتنەم، ئەم پیاوە لەو پەڕی تەندروست باشیدا بوو، بەلام بە گوێرەی خەیاڵ و لێکدانەوەکانی، هێشتا لەوەتەی منداڵییەوە خووی بە خەیاڵ و لێکدانەوە گرتبوو. لەوانەبوو دەربارەی ئەڤیندارییە بەباداچووەکەی بیرۆکە و لێکدانەوەی سەیری جێگیری هەبوو، بەلام وەکو من لە هەموو کاروبارەکانی دیکە بیرتیژ بوو.

گوتی:

– نایزانم، تاکو ڕوودەدات.

– هیچ هەست بە نەخۆشی ناکەیتەوە، وا نییە؟

– نەخێر، نیلی.

– کەواتە لە من نەترساویت؟

وەلامی دایەوە و گوتی:

– ترساو! نەخێر! بەرانبەر مردن نە هەست بە ترس و نە بە ئومێد دەکەم. بۆچی ئەمە لەسەر من بێت؟ بەم هێز و تواناییەی، کە هەموو بە شێوازی ژیانی تەندروستیم، تاکو کەڵە موویەکی ڕەش لە سەرم مابێت،

هەر دەبێت لەسەر ڕووی زەویدا بمینێم. لەگەڵ ئەمەشدا من ناتوانم لەسەر ئەم بارودۆخە بەردەوام بم، کە بە هەناسەدان بە بیر خۆمی بهێنمەوە، یا بە ترپەترپ بە بیر دڵی خۆمی بهێنمەوە. یەك ئارەزووم هەیە، هەموو دڵ و دەروونم پەرۆشی جێبەجێکردنییەتی! دڵنیام هەر ئێستا جێبەجێ دەبێت، چونکە بوونی منی لەناو برد. ئای خودایە! ئەمە ململانێیەکی دوورودرێژە. زۆر باشە ئەگەر کۆتایی بێت.

دەستی بە هاتوچوونێکی شێواو کرد، لەبەرخۆیەوە شتی ترسناکی بۆ خۆی دەگوت، تاکو وەکو ئەوەی جۆزێف گوتی دەستم پێکرد بڕوا بکەم، کە ویژدانی ئەم پیاوە دڵەکەی کردووتە شوێنی ئازار و مەینەتی دنیایی. زۆر سەیریشم پێهات، کەوا ئەمە چۆن کۆتایی دێت.

# بەشی پەنجا و دووەم
## ڕۆخی ئێش و ئەشکەنجەکە

دوای ئەو ئێوارەیە بە چەند ڕۆژان، بەڕێز هیسکلیف کاتی ژەمەکان خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە و دیدارمان دوورە پەرێز دەگرت. لەگەڵ ئەمەدا بە ڕێگەدانیش ڕازی نەبوو، تاکو هاریتۆن و کاسی لە شوێنێکی دیکە نان بخۆن. ڕقی دەبووەوە، کە بە تەواوی خۆی بەدەست ئارەزووی خۆیەوە بدات، حەزی دەکرد خودی خۆی بزر بکات و نزیکەی هەر بیست و چوار سەعات یەك جار نان بخوات.

شەوێکیان، دوای ئەوەی هەموویان بۆ نووستن چوون، گوێم لێبوو لە پەیژەکە دادەبەزییە خوارەوە و لە دەرگاکەی پێشەوە دەچێتە دەرەوە. کاتێ بەیانی داهات، ئەو هێشتا لە دەرەوە بوو. وەختەکەش ئەو کاتە لە مانگی نیسان/ئەپریلدا بوو. کەشوهەوا خۆش و گەرم و لەوەڕ سەوز بوو، هەردوو دارسێوەکەی سەر دیواری ژێری گوڵیان دابوو.

کاسی زۆری لێکردم، کە کورسییەك بێنم و لە دەرەوە ئیش و کاری خۆم بکەم. هاریتۆنی بە هەڵکەنین و ڕێکخستنی باخچە بچکۆلانەکە ڕازی کرد، کە ئێستا بۆ ڕەزامەندی ویستی جۆزێف بۆ ئەو گۆشەیە گوێزرایەوە. کاتێ خاتووە بچکۆلانەکەم گەڕایەوە، کە چووبووە نزیك دەرگا سەرەکییەکە، تاکو هەندێك تۆی گوڵەکان بێنێت و پەرژینێك هەڵبەستێت. من ئەو کاتە بۆ خۆشی خۆم لە ئاسمانە شینەکەم دەڕوانی و خۆم دابووە بەر تیشکی خۆرە گەرمەکە، گەڕایەوە تاکو هۆشیارمان بکاتەوە، کە بەڕێز هیسکلیف هاتەوە. بە ڕوویەکی واقی وڕماویش گوتی:

- قسەی بۆ من کرد و داوای لە من کرد هەرچەند دەکریّ خێرا دوور بکەومەوە، بەڵام وێدەچوو زۆر جیاوازبوو، تاکو من ساتێکیش ڕاوەستام بۆ ئەوەی تێی ڕامینێم.

هاریتۆن پرسی:

- چۆن؟
- لە خۆشییا ڕووی گەشبووەوە، نەخێر، بەڵکو لەمەش پتر لەوپەڕی هەوەس و جۆش و خۆشیدا بوو! بۆ چوونە ژوورەوە پاساوێکم هەڵبەست. هیسکلیف لە پێش دەرگایە والآیەکە ڕاوەستابوو، دەلەرزی و تێکچووبوو. لەگەڵ ئەمەشدا تیشکی سەیر لە چاوەکانی هەڵدەقولاّ.

منیش گوتم:

- ئەی شتێك لە بەرچایی دەخۆیت؟ دەبیّ تۆ برسی بوویت.

بە قێزەوە وەڵامی دایەوە:

- نەخێر، برسیم نییە.
- بڕوا ناکەم گەڕانی شەویّ لە دەرەوە ڕاست بێت و کردنی ئەمە لە ژیری و دانایی نییە، بە هەرحاڵ، لەم کژە تەڕ و شێدارە تووشی هەڵامەتی توند دەبیتەوە.
- هیچ شتێك نییە من نەتوانم ڕووبەڕووی ببمەوە.

سەرنجم دایی، وەکو پشیلەی میّ بە خێرا هەناسە دەدات. نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بۆ چێشتخواردن لەگەڵ ئێمە دانیشت. قاپێکی پڕی لەدەست من وەرگرت، هێندەی نەمابوو کە دەست پێبکات. کاتیّ لە ناکاو لەسەر مێزەکە داینایەوە، بە پەرۆشەوە سەیری لای پەنجەرەکەی کرد، ئینجا هەڵسایەوە سەرپێیان و

دەرچوو. بینیمان لە باخچەکە دەڕۆیشت، هاریتۆنیش زووبەزوو گوتی، کەوا دەچێت لێی بپرسێت لەبەرچی نان ناخوات، چونکە وا تێگەیی ئێمە بە شێوەیەك لە شێوان بێزار و ناڕەحەتمان کردووە. کاسی کاتێ کوڕە خاڵەکەی گەڕایەوە پرسی:

– باشە، دێتەوە؟

– نەخێر، بەڵام توورە نییە. داوای لێکردم بگەڕێمەوە لای تۆ، سەیری پێهات چۆن یاوەڕی کەسێکی جگە لە تۆ پەسند دەکەم.

قاپێکم نزیك ئاگرەکە دانا، تاکو گەرم بمینێتەوە. دوای کاتژمێرێك یا دوو کاتژمێر دووبارە هاتەوە ژوورەوە، سیمای خۆشییەکی سەیر لەژێر ناوچەوانە ڕەش باوەکەی بەدیارکەوت. بە هەمان ڕەنگە پەشۆکاوییەکەیەوە، دانەکانی دەم بە زەردەخەنەیەکی تایبەت بەدیار دەکەوت و هەموو گیانی دەلەرزی، وەکو ئەوەی نا، کە لەبەر ساردی و بنێسی دەلەرزێت، بەڵکو بە تەواوی وەکو لەرزینی شریتێکی بەستراو، کاتێ دەستی لێدەدەیت. دەنگم هەڵبڕی و گوتم:

– ئەی بەڕێز هیسکلیف، بەم دواییە چ هەواڵی خۆشت بیستووە؟ تۆ سەیر دیاریت، وەکو جاران ئاسایی نیت.

– نیلی، لە کوێ هەواڵی چاکم بۆ دێت. بۆ دواترین جار تکات لێدەکەم، کە هاریتۆن و ئەوی دیکە هۆشیار بکەیتەوە، کەوا لە من دوور بکەونەوە. حەزدەکەم ئەم شوێنە بۆ من پەنا بێت.

– بەڕێز هیسکلیف، پێم بڵێ لەبەرچی تۆ زۆر ناباویت!

– پێت دەڵێم. لە شەوی ڕابردوو، من لەسەر ڕۆخی ئێش و ئازارەکە بووم، ئیمڕۆکە من بۆ بەهەشتی خۆم هەمووی لەسەر دوو هەنگاو ماوم. چاوم

بڕیوەتەوە ئەویّ، کەمتر لە سیّ پێیان لەم ئافرەتە جیامدەکاتەوە!

ئێستا وا باشە، کەوا بڕۆیت.

ئەو خواردەمەنییەی کە نەیخوارد و هەڵمگرت. من لە جاران پتر سەرسام ببووم، چی دی ماڵەکەی بەجیّ نەهێشت. کاتیّ بووە سەعات هەشت، وا هاتە خەیاڵم کە چاکترە ئەگەر مۆمێك و هەندیّ ژەمی ئێوارەی بۆ ببەم. هەردوو ئانیشکی لەسەر لایەکی پەنجەرەکراوەکە دانابوو، نەختیّ بۆ پێشەوە لاربببووەوە. ئاگرەکە خۆڵەمێش جێگاکەی گرتبووەوە. لەبەر ئەوە ژوورەکە پڕ هەوای فێنك و شێدار ببووەوە.

دڵی هێندە نەرم و بە بەزەیی ببوو، تا توانیبووی خوڕەی ئاوی کانیاوی لە غیمرتۆنەوە ببیستێت. دەستم بە پێوەدانی یەك لەدوای یەکی پەنجەرەکان کرد تا هاتمە لای، تاکو سەرنجی ڕاکێشم. لێم پرسی:

– ئەمە داخەم؟

کاتیّ قسەم کرد ڕووی گەش بووەوە، ئای کە چ کارەساتێکی ترسناك تووشم بوو. ئەم دوو چاوە ڕەشە تیژ لێبڕاوەکان، ئەم زەردەخەنەیە، ئەو ڕەنگپەڕینە بە مردن چوونە، وەکو بەڕێز هیسکلیفم نەهاتە بەرچاو، بەڵکو وەکو ڕۆحێکی نەرگیسانە لە تەنگەتاوی ترسی خۆم، وازم لە مۆمەکە هێنا بەلای دیوارەکە لار بێتەوە و منیش کەوتمە نێو تاریکییەوە. بە دەنگە ئاساییەکەی گوتی:

– بەڵیّ دایخە. ئەوە شێتبوونە خۆیەتی، خێراکە و مۆمێکی دیکە ئامادەکە.

بە حاڵەتی ترسێکی گەوجاو بۆ دەرەوە پەلەم کرد. داوام لە جۆزێف کرد، کە ڕووناکییەك بێنێت. ئەویش دەرچوو و خێرا گەڕایەوە چێشتی ئێوارێی بەدەست

هەڵگرتبوو. ئەویشی تێگەیاندین، کە ڕێزدار بۆ پێخەفەکەی خۆی دەچێت، تاکو بەیانی هیچ ناخوات. گوێمان لێبوو یەکسەر بەسەر پەیژەکە دەکەوت. لە ژووره ئاساییەکەی خۆی نەچووە ژوورەوە، بەڵکو بۆ ئەو ژوورەی، کە قەرەوێلە دارینە پێچراوەکەی تێدابوو پێچی دایەوە، کە هەموو جارێك کاسرین ئێرنشۆ لەوێ دەنووست.

ئەو شەوە بۆ من شەوێکی ناخۆش و بارگران بوو. لە مێشکی خۆمدا بیرم لە ژیانی هیسکلیف و خووڕەوشتە سەیرەکەی دەکردەوە. بە بیرم دێتەوە، کە منداڵ بوو چۆن خزمەتم کرد و ڕەنجم لەگەڵ دەکێشا. دەمبینی چۆن گەشەی دەکرد. لە خۆم پرسی:

- بەڵام ئەم ڕەشە بچووکە لە کوێ هات، کە پیاوێکی چاك وەکو فریشتە ئامێزی بۆ کردەوە و حەواندییەوە، تاکو بنەماڵەکەی تێکبشکێنێتەوە؟

دەستم پێکرد، وەکو ئەوەی بە خەون بچێت. بۆ ئەم بێ ئەمەك و سپڵەیە دایك و باوکێکی گونجاوم هێنایە بەرچاوی خۆم.

# بەشی پەنجا و سێیەم

## خۆشی و ئێش و ئازار

لە بەیانییەکەی پاشتر بۆ خەڵکیماڵەکە، وەکو جاران بەرچاییم ئامادە کرد. لەبەر ئەوەی، کە هاریتۆن و کاسی حەزیان دەکرد بەرچاییەکەیان لە دەرەوە بخۆن، بۆیە مێزێکی بچووکم بۆیان ئامادە کرد. کاتێ گەڕامەوە، سەیرم کرد هیسکلیف لە نهۆمی سەرەوەیە، لەگەڵ جۆزێفدا دەربارەی هەندێ کاروبارە کشتوکاڵییەکان دەدوێت. دەربارەی ئەوەی باسی دەکرا زانیاری بە ئاشکرای پێدەدا، بەڵام زووزوو دەدوا و بەردەوام سەری خۆی بۆ لایەك وەردەگێڕا، وەکو ڕۆژی پێشتر هەمان قسە و بیر و خەیاڵە هەڵچووەکانی خۆی دەردەبڕی.

کاتێ جۆزێف ژوورەکەی بەجێهێشت، لەسەر کورسییەکەی جارانی خۆی دانیشت. قاوەکەم لە پێش دانا. لە خۆی نزیك کردەوە، ئینجا هەردوو باسکەکانی خۆی لەسەر مێزەکە درێژ کرد. ئیدی لە دیوارەکەی بەرانبەر خۆی ڕادەما. وەکو بزانم، هەردوو چاوە ڕەش هەڵگەڕاوەکانی خۆی بە پەرۆشییەکی بایەخدار لەسەر یەك شوێن جەخت دەکرد، بە ڕادەیەك ئەم پیاوە نیو دەقیقە لە هەناسەدان ڕاوەستا.

هەندێ نانم بۆ دەستی پاڵدا و لەگەڵیدا گوتم :

— دەی، تاکو گەرمە ئەمە بخۆ و قاوەکەت بخۆرەوە.

هەستی بە من نەکرد. سەرەڕای ئەمە زەردەخەنەیەکی کرد، منیش دەنگم هەڵبڕی:

- بەڕێز هیسکلیف، گەورەم! تکات لێدەکەم وا لەشت ڕامەمینێ و تۆ هەر دەڵێیت تارماییەکت بینیوە.

وەڵامی دایەوە:

- دەستم دامێنت، ئەوها دەنگت هەڵمەبڕە، بۆ لای من ئاوربدەوە و پێم بڵێ، ئایا ئێمە بەتەنیاین؟
- بەڵێ بەتەنیاین.

بە جوولاندنێکی دەستی، ژەمە بەرچاییەکەی لە پێش خۆی لادا و بۆ پێشەوە چەمایەوە، تاکو بە ئاسانییەکی پتر تێڕامینێت. ئەو کاتە سەرنجم دایێ ئەم پیاوە سەیری دیوارەکەی بەردەمی خۆی نەدەکرد، بەڵکو دەستی پێکرد، کە دیداری خۆی لەسەر شتێك جەخت بکاتەوە، کە دوو گرێ دووربوو. ئیدی ئەم شتە هەرچی بێت، وەکو پێدەچوو لەگەڵیدا لە خۆشی و ئێش و ئازارێکی فرە گەورە دەدوا.

بە لای کەمییەوە هێمای سیمای سەر دەموچاوی ئەمەی دەنواند. هەمیشە ئەوەی بیر و خەیاڵی بۆ دەچوو جێگیر نەبوو. هەردوو چاوەکانی بێ ماندووبوون تێیان دەڕوانی. بە ڕادەیەك لە کاتی قسە کردنیشیدا لەگەڵ من، چاویانی لێ لانەدەدا. خواردەمەنییەکەیم بەبیر هێنایەوە، بەڵام بێ سوود بوو.

بە ئارامگرتوویی دانیشتم. هەوڵم دەدا سەرنجی ڕاکێشم، تاکو جاڕس بوو و هەڵسایەوەماڵەکەی بەجێهێشت. بە هێواشی بە نێو ڕێڕەوی باخچەکە دەڕۆیشت، ئینجا بە دەرگایە گەورەکەدا چوو، ون بوو. کاتژمێرەکان یەك بەدوای یەکدا تێپەڕین و ئێوارەیەکی دی داهات. هەوڵی حەسانەوەم نەدا، تەنیا لە وەختێکی درەنگ نەبێت. کاتێ ئەمەم کرد، نەمتوانی بخەوم.

هیسکلیف دوای نیوەشەوێ گەڕایەوە، تاکو لە ژوورەکەی دانیشتن دەرگا لەسەر خۆی دابخات. چووم گوێم لێگرت، دوای ماوەیەك جلوبەرگی خۆم لەبەر کرد و دابەزیمە خوارەوە. توانیم هەنگاوە نارێکەکانی هاتوچوونی هیسکلیف لە ژوورەکە ببیستم. لە کاتێکدا نرکە و ناڵە لە زۆربەی جارەکان کپی و بێدەنگی دەبڕی، ئیدی بە وشەی تاك تاك بۆڵەبۆڵی دەکرد، تەنیا وشەش کە توانیم لێی تێبگەم، ناوی کاسرین بوو، کە دەربارەی خۆشەویستی یا خەم و مەینەت، کەساس و ڕاستگۆ و لە ناخی ڕۆحێکی ماندووی لەت لەت کرا و ناوی بە وشەی جودا یا پێکەوە دەردەبڕی.

نەوێرام بچمە ژوورەوە. لە چێشتخانە ئاگرەکەم ئامادە دەکرد و دەنگەدەنگێکم بە ئەنقەست نایەوە، ئەویش یەکسەر دەرگاکەی کردەوە و گوتی:

– نیلی وەرە، ئایا بەیانی داهات.

وەلاّمم دایەوە:

– ئەمە سەعات چوارە.

– وەرە ئاگرم بۆ داگیرسێنە.

هەناسەی بە خێرا دەدا و چوو دەستی بە هاتوچۆ کرد. ئینجا گوتی:

– کاتێ خۆر گزنگ دەدات، بەدوای غریندا دەنێرم. دەمەوێت لە هەندێ مەسەلەی یاسایی ڕاوێژی پێبکەم، لەبەر ئەوەی من دەتوانم بە هێمنی دەستکاری بکەم، چونکە هێشتا وەسییەتنامەی خۆم دانەناوە، ناتوانم کە بڕیار بدەم، چۆن ماڵ و سامانی خۆم بەجێ دەهێڵم. خۆزیا بمتوانیایە ئەم زەوی و زارانە لەسەر ڕووی زەوی هەڵگرم!

گوتم:

- بەڕێز هیسکلیف، من ئەگەر لەجێی تۆ دەبووم، بەم شێوەیە نەدەدوام. وەسییەتنامەکەت بۆ کاتێکی دی لێگەڕێ. دەژیت بۆ ئەوەی لەسەر زۆر لە کردەوە ستەمکارەکانت پەشیمان بیتەوە. تۆ لە حاڵەتی هەڵچوونیت، ئەم شێوازەی کە ئەم سێ ڕۆژە تێیدا ڕاتبوارد، بەس بوو بۆ ئەوەی هەر مرۆڤێك لە هێز و توانای خۆی داماڵێنێت. هەندێ خواردەمەنی بخۆ و نەختێ بحەسێوە.
- دەتوانیت هانی مرۆڤێك بدەیت، لە نێو ئاودا ململانێی بێت. پێی بڵێیت پشوو بدە و ئەویش لە قەراغەکە ماوەی باسکێك دووربێت. یەکەمین جار پێویستە لەسەرم بگەمە قەراغەکە، ئینجا پشوو دەدەم. باشە، بەڕێز غرینی بەلاوە نێ، بەڵام دەربارەی کردەوە ستەمکارەکانم، من هیچ شتێکم لەم بابەتانەوە نەکردووە و لەسەر هیچ شتێکیش پەشیمان نیم. من زۆر بەختیارم، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەندەی ئەوە بەختیار نیم. دڵخۆشی ڕۆح و گیانم لەنێو دەبات، بەڵام دڵخۆشییەك خودی خۆی بەختەوەر ناکاتەوە.

هاوارم کرد:

- بەختەوەری گەورەم؟ خۆزیا ئەگەر بێ ئەوەی کە تووڕە بیت، گوێ لە من بگریتەوە، ئامۆژگارییەکت دەکەم.
- بۆ من، بیکە!
- بەڕێز هیسکلیف، پێویستە کە بزانیت تۆ لەو کاتەوە کە گەیشتوویتە سیانزە ساڵان، ژیانێکی خۆپەرستی ژیاویت، کەوا دژ بە ڕێنماییەکانی ئایین بوو. ئایا ئێستا چ زەرەرت لێدەکەوێت ئەگەر بەدوای قەشەیەك

بنێرین، بۆ ئەوەی بتهێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست و لەسەر گۆڕینی بیر و لێکدانەوەت یارمەتیت بدات؟

- نیلی من پتر سوپاسمەندی تۆم، لەوەی کە من تووڕەم، چونکە ئەو شێوازەمت بەبیر هێنایەوە، کە حەزدەکەم بە چ جۆرێك بە خاك بسپێردرێم. دەبێت لە ئێواریْ بۆ حەوشەی کلیسا بمگوێزنەوە. لە تەنیشتییەوە بمنێژن و دامپۆشن. بۆ تۆ و هاریتۆن دەکریْ بەدوای تەرمەکەمدا برۆن و دەبێت بە شێوەیەکی تایبەتی هۆشیار بیت، کەوا دڵنیا بیتەوە کە گۆڕهەڵکەنەکان دەربارەی هەردوو سەندووقەکان ڕێنماییەکانم جێبەجیْ بکەن. ئیدی نە پێویست بە ئامادەبوونی قەشە دەکات و نە پێویست بە هیچ نوێژ دەکات و نە پێویست بە هیچ نزا و پاڕانەوە دەکرێت لەسەر گۆڕمدا بکرێت.

من پێت دەڵێم کە من لەم زووانە گەیشتمە بەهەشتی خۆم.

ئینجا کاتیْ بیستی کەسەکانی دیکەی ماڵەکە هەڵدەستن، ئەویش هەڵسا و بۆ ژووری خۆی ڕۆیشت.

# بەشی پەنجا و چواردەمین

## کۆتایی هیسکلیف

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، لە کاتێکدا جۆزێف و هاریتۆن کاریان دەکرد، بۆ چێشتخانە هات. بە تێڕوانینێکی هەڵچووانە، داوای لە من کرد بێم و لەگەڵیدا دابنیشم، چونکە دەیویست کەسێکی لەگەڵدا بێت، ئەوەم ڕەتدایەوە و بە ڕاشکاوی پێم گوت، کە قسە و هەڵسوکەوتە سەیرەکەی ترسیان لە دڵم ناوە. ئەویش گوتی:

– دەبینم تۆ وا تێدەگەیت کە من ڕۆحێکی نەگریسانە بم، یا شتێکی بە ڕاستی ترسناکبم بۆ ئەوە لە ژێر ساپیتەکەی بەرێزدا بژیت!

ئینجا لە کاتی نزیکبوونەوەی ئاوری لە کاسی دایەوە، کە ئەویش لە دواوەم خۆی نزیک کردەوە، بە شێوەیەك کە بە گاڵتە دەچوو، پتر گوتی:

– ئەی کچ ئەوە هاتوویت؟ ئازارت پێ ناگەیێنم. من لە لای تۆ خۆم خراپ و نەویستراو لێکرد. باشە، لەوێ هەیە لە یاوەریم ناکشێتەوە. ئەی خودایە! ئەم کچە چەند بێ میهرەبانە! ئەمە گۆشت یا خوێن ناتوانێت هەمواری ببێتەوە، تاکو خوێن و گۆشتی منیش.

جگە لە هەردووکمان داوای لە کەس نەکرد لەگەڵیدا بمینێتەوە. لە کاتی خۆرئاوابوون، بۆ ژووری خۆی ڕۆیشت. ئێمەش بە درێژایی شەو ماینەوە، گوێمان لێبوو دەینرکاند و دەنووزایەوە و منگەمنگ و بۆڵەبۆڵی بۆ خودی خۆی دەکرد.

هاریتۆن بۆ چوونە ژوورەوە زۆر بە پەرۆش بوو، بەڵام من داوام لێکرد نوژدارەکە دەرگاکە بکاتەوە، گوتی کەوا باش بووەتەوە و دەیەوێت بەتەنیایی بمینێتەوە و وازی لێ بهێنن. دکتۆر کینیسیش ڕۆیشت. ئێوارەکەی پاشتر زۆر بە باران بوو. لە ڕاستیشدا، تاکو گزنگی بەیانی باران هەر باری و لێی نەکردەوە. لە کاتێکدا من لەنێو ماڵەکە لە هاتوچوونی بەیانیدا بووم، سەرنجم کرد کە پەنجەرەکەی ڕێزدار کراوەتەوە و ئاوی باران یەکسەر لە ژوورەوە دەکات.

چار نییە ئەم پیاوە دەبێ هەڵسابێت. بڕوا ناکرێت هێشتا لەنێو پێخەفدا بێت، چونکە باران دەیخاتە ژێر ئاوەوە. ئیدی بڕیارم دا کە بچم و ببینم. دوای ئەوەی کە توانیم بە کلیلێکی دی بچمە ژوورەوە. خێرا چووم تا تەنیشت قەرەوێلە کۆنەکە دابخەم، چونکە ژوورەکە بەتاڵ بوو. زوو پاڵمدایە لایەك و سەیرم کرد. بەڕێز هیسکلیف لەوێ لەسەر گازی پشت ڕاکشابوو، چاوەکانی بە چاوم کەوتن. چاوەکان ڕەق هەڵاتبوون بە تیژی دەیانڕوانی، تا جووڵانەوەیەکی بەترسم کرد. پێدەچوو وەکو ئەوەی زەردەخەنەی گرتبێت. نەمتوانی بە مردوویی بیهێنمە بەرچاوم یا بە مردوویی بیبینم، بەڵام دەموچاو و ملی بە باران تەڕ ببوون، چەرچەف و سەرجێگەی قەرەوێلەکەش زۆر تەڕ ببوون. تەواو جووڵەی لەبەر برابوو، پەنجەکانی خۆم لەسەر یەکێك لە دەستەکانی دانا، چی دی هەوڵم پێنەدرا کە پتر لەمە گومان بکەمەوە.

بانگی جۆزێفم کرد، ئەو هات و کەوتە سەر ئەژنۆیان و دەستی خۆی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە سوپاسی خودای میهرەبانی کرد، کە ڕێزداری ڕاستی و بنەماڵە کۆنەکە مافی خۆیان بەدەستهێنایەوە. بە هۆی ڕووداوە تۆقینەرەکە هەستم بە بێزاری و شلەژاوییەك کرد و بیرەوەری بۆ ڕۆژانی ڕابردوو گەڕاندمیەوە، لەگەڵیدا

جۆرێك لە خەم و مەرگەسات، کە هەرگیز کەس نەتوانێت خۆی لەبەر ڕاگرێت، بەڵام هاریتۆنی بەسەزمان، کە پتر تووشی هەڵسوکەوتی خراپکاری هاتبوو، تەنیا کەس بوو، کە بە ڕاستی ئێش و ئازارێکی زۆری چێژتبوو. ئەویش ڕووە توندوتیژەکەی ماچ کرد، کە هەموویان خۆیان لە سەیرکردنی بەدوورخست و بە درێژایی شەویش بەدیار لاشەکەیەوە دانیشت. خەم و مەرگەساتێکی چێژت، کە لە سروشتدا لە دڵێکی گەورە و میهرەبانەوە هەڵدەقوڵێت.

نوژدارەکە لە ناونانی ئەو نەخۆشییەی، کە ڕێزدار بە هۆییەوە مرد، سەری لێ تێکچوو، وەکو ویستی نێشتمان، هاریتۆن کە فرمێسك هەموو ڕووی داپۆشیبوو، دواترین کەس بوو، کە خۆڵ و گژوگیای لەسەر گۆڕەکە دانا. خۆزگە بە بێ جوولە ئاشتیانە لێ ڕادەکشێت، بەڵام دانیشتوانی دێیەکە، کاتێ پرسیاریان لێدەکەیت، سوێند دەخۆن کە ئەم پیاوە هێشتا ڕێ دەکات. لێرەدا ئەوەی دەگێڕێتەوە، کەوا لە نزیك کلیساکە یا لە دەشت و چۆلەوانی بینیویەتی، یا تاکو لەنێو ئەم ماڵە. لەوانەیە چیرۆکی گێژو وێژ و دەماخسزان بێت. لەگەڵ ئەمەشدا پیرە جۆزێف، کە لەوێ لە چێشتخانەیە دەڵێت، لەوەتەی مردووە هەموو شەوێکی باراناوی هەردووکیان دەبینێت دانیشتوون سەیری دەرەوەی ژوورەکەی نووستن دەکەن، هەروەها نزیکەی مانگێك دەبێت شتێکی سەیر لە منیش ڕووی دا.

من شەوێکیان، شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاو ئاسمان هەڕەشەی گرمەی هەوری لێدەکرا، بە تەواوی لە لای پێچی بەرزاییەکان بۆ غرانج دەچووم، تووشی مێردمنداڵێکی بچکۆلانە بووم، مەڕێك و دوو بەرخانی لە پێشدا بوو. مێردمنداڵەکە زۆر بەداخ دەگریا، منیش لێم پرسی:

– لاوە خۆشەویستەکەم، ئەمە چیتە؟

گریا و گوتی:

– هیسکلیف لەگەڵ ئافرەتێك لەوێیە، ناوێرم بڕۆم.

منیش شتێکم نەبینی، بەڵام ئەو نەیویست لەگەڵ مەڕەکاندا بە ڕێگاکەی خۆی بڕوات. پێم گوت، کە ملی ڕێگاکەی خوارەوە بگرێت، لەوانەیە لە کاتی بەتەنیا بە چۆڵەوانییەکەدا ڕۆیشتووە، تارمایی هێنابێتە خەیاڵی خۆی و ئەمەش بەهۆی قسەی دووبارەکردنەوەی باوکی و یاوەرەکانی خۆی بووە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئێستا من حەز لە چوونە دەرەوەی شەوان ناکەم، هەروەها حەزیش ناکەم لەم خانووە بەتەنیا بەجێ بهێڵدرێم. بۆم ناکرێت بەرەنگاری ئەمە بکەم. زۆر پێم خۆشە لێرە بڕۆم و بۆ غرانج بچم.

# بەشی پەنجا و پێنجەمین

## ماڵئاوا، بەرزاییەکانی ویزرینگ

خاتوو دین لەگەڵ تەواوبوونی چیرۆکی خۆی، بێدەنگ بوو. منیش پرسیم:

– کەواتە، بۆ غرانج دەچن؟

– بەڵێ. ئەو کاتە جووت دەبن، ئەمەش ڕۆژی سەری ساڵ دەبێت.

– ئەی کێ لەوێ دەژیت؟

– جۆزێف چاودێری ماڵەکە لە ئەستۆ دەگرێت. لەگەڵ مێردمنداڵێك، کە بۆ یاوەری ئەو دەمینێتەوە. هەردووکیان لە چێشتخانەکە نیشتەجێی دەبن، ئەوەی لە ماڵەکەش دەمینێتەوە دادەخرێت.

هێمایەکیشم بۆ کرد:

– ئەوەی نیشتەجێی ئەوێ هەڵدەبژێرێ با لە ژێر ڕەفتاری تارماییاندا بێت.

نیلی سەری خۆی هەژاندەوە و گوتی:

– نا، نا، بەڕێز لوکوود. وابزانم مردووەکان بە هێمنی ڕادەکشێن.

لەم ساتە، دەرگای گەورەی باخچەکە کرایەوە. ئا ئەوەتا گەڕیدەکان گەڕانەوە، منیش گوتم:

– ئەمانە لە هیچ شتێك ناترسێن.

لە کاتێکدا هەردووکیان هەنگاویان بۆ دەرگاکە هەڵدێنا، ڕاوەدەستان، تاکو دواترین دیدار مانگ ببینن، یا بە ڕاستی لە ژێر ڕۆشناییەکەیدا یەکتر ببینن. حەزم

کرد خۆمیان تێنەگەیێنم. منیش ڕووبەڕوو بە خاتوو دینم گوت، ماڵئاوا و بەنێو چێشتخانەکەدا ڕۆیشتم و شوێنەکەم بەجێهێشت.

ئەم ڕۆیشتنەم بۆ ماڵەکە، منی گەیاندە ئەوەی کە بە لای حەوشەی کەلیساکە لابدەم. چووم گەڕام و هەر یەکسەر لە پیشەوەی گۆڕەکان لەسەر لێژاییەکی بەرانبەر بە جەنگەڵەکە هەر سێ بەردەکانم دۆزییەوە. ئەوەی ناوەڕاست خۆڵەمێشی بوو، بە گژوگیایە دەشتەکییەکان نیمچە داپۆشرابوو. گۆڕی ئەدگار لینتۆنیش تەنیا ڕۆخەکانی بە گیا داپۆشرابوو، کەچی گۆڕی هیسکلیف هێشتا ڕووت و قووت بوو.

لە ژێر ئاسمانی جواندا، نەختێ لە نزیکیان مامەوە. ئیدی لە نێوان بەیبوون و گوڵە دەشتەکییەکان چاودێری مێروو و جانەوەرەکانم دەکرد. گوێم بۆ بایە نەرمەکە هەڵخست، کە بەسەر گیایەکاندا دەهات و ویزەویزی بوو. سەیرم پێهات، کە چۆن یەکێك پێی دەکرێت خەیاڵی ئەمە بکاتەوە، کە لە نمونەیەکی وەکو ئەم زەوییە جوانە ئەم نووستووانە چ جۆرە ڕاکشانێکی خراپ ڕاکشاون.

تەواو

٢٠٠٦/١١/٢٠ دووشەممە

هەولێر